# ژوانی یەسنا

# ژوانی یەســـنا

## بەشی دووەم

هەنگاوێك بەرەو دەرخستنی بەشە شاراوەکانی مێژوو

نووسین و توێژینەوە
جەلیل عەباسی (ج.قەقنەس

**ژوانی یەسنا ـ بەشی دووەم**

**نووسین و توێژینەوە: جەلیل عەباسی**

---

- بابەت:
- پیتچنین: ئەدهەم عەباسی
- نەخشەسازی ناوەوە: نزار نوری
- نەخشەسازی بەرگ:
- نۆبەتی چاپ: چاپی دووەم
- چاپخانە:
- تیراژ:
- نرخ:
- ژمارەی سپاردن:

## پێش پەیڤ:....



**ئەئو وینتایو ئەشائە....**

**رێگا لە جیهاندا هەر یەکە، ئەویش (راستی)یە.**

ئەشا، یاسای بنەڕەتیی و هەرگیز نەگۆڕی خیلقەتە، لە دین و فەلسەفەی مەزدیەسنادا، ئەشا، واتە ڕاستیی و دادپەروەریی.. ئەشەڤەنیش، بەو کەسە دەڵێین کە بۆتە پەیڕەوێکی ڕاستەقینەی ڕاستیی و دروستیی و یەکڕەنگیی و دادپەروەریی.. ئەشا، ئەشەی، ئەشەڤەن و ئەشوویی لە دین و فەلسەفەی مەزدیەسنادا، یەك ڕەگ و یەك چاوگیان هەیە و بۆ یەك مەبەست بەکارهاتوون و یەك پەیام دەگەیەنن: ژیان بە دروستیی و ڕاستگۆیی.. بیرکردنەوەی ڕاست و دروست.. زمان و گوفتاری ڕاست و دروست.. جووڵانەوەو هەڵسوکەوتی ڕاست و دروست لەپێناو ئاوەدانکردنەوەی ژینگە و گەشەبەخشین بە گێتی و خۆ تەیارکردن بە لۆژیکی ئەشوویی، بەمەبەستی بەربەرەکانێ و بەرەنگاربوونەوەی دێوی درۆ، چەواشەیی، وێرانکاریی و تێکدەرانە، ناکۆکیی و ناتەبایی.

درۆ، هەمیشە دوژمنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و ئاسایشی گیانیی و ڕۆحیی و ماددیی مرۆڤە و هەمیشە لە هەوڵی تێکدانی ئارامیی و سەقامگیریی گێتیدایە، کەواتە پێویستە ئەشەڤەنەکان بەرەنگاری ببنەوە و دژی بوەستن و بە چەك و هێزی ئەشوویی بە چۆکیدا بهێنن و گێتی و مرۆڤایەتیی لە هەڕەشە و مەترسییەکانی ڕزگار بکەن. ئەمەیە پەیامی ئەشوو زەردەشتی بیرمەند، بیرمەندێك، کە بووە مامۆستای مرۆڤایەتیی و گێتیی بە پەیڤی جوان و بیری ڕۆشن، ڕاهێنانە مرۆڤایەتییەکانی ڕازاندەوەو خستییە سەر شاڕێی بەختیاریی، بە جۆرێك هەموو بیرمەند و فەیلەسوف و مامۆستایانی بیرو ئەندێشەی گەشەسەندووی ئینسانیی لە سەرتاسەری مێژوو و سەرتاسەری جیهاندا کەوتنە ژێر کاریگەرییەوە و شانازییان پێوەکرد و شانازییش بەوە دەکەن کە لانیکەم قسەیەکی لێ بگێڕنەوە و کورتەباسێکی لەبارەوە بنووسن.. ئەم بیرمەندە هێژایە پەیامبەری دێرینی گەلانی ئارییە و گەلێ یادگاریی دەگمەن و بەنرخی بۆ بەجێهێشتووە، ئەم یادگارە بەرز و پیرۆز و بەنرخانەش، بە درێژایی مێژووی پڕ هەوراز ونشێوی گەلانی ئاریی، زۆرجار کەوتوونەتە ژێر تۆز و خۆڵی

فەرامۆشـــیی و زۆرجـــار ڕووبەڕووی دزیـــن و تـــاڵان بـــوونەتەوەو زۆرجـــار بە دەسکاریی و شێواندن و چەواشەکراوییەوە و بە زیانی خاوەنە ڕاستەقینەکانیان، دەرخواردمان دراونەتەوە و دژی خۆمان بەکارهێنراون.

ئەم هەوڵەی من تەنیا هەنگاوێکی سەرەتاییە بۆ سڕینەوەی تۆزو گەردی فەرامۆشـــیی و دۆزیـــنەوە و دەرخســـتنی بەشـــێك لەو یادگـــارە شـــاردراوانەی مێژوومان. گەرچی لەوانەیە لە هەندێ شوێن و هەندێ حاڵەتدا، هەندێ بڕگە و پەیڤ و ڕستە دووبارە بووبنەوە، بەڵام ئەمە نەك دووپاتکردنەوەیەکی بێسوود، بەڵکو لەو دۆخەدا پێویستییەك بووە بۆ گەیاندنی قووڵیی پەیامەکە بە خوێنەر. هیـــوادارم ئەم هەنگـــاوە، هەنگـــاوی زۆرتـــر و بەردەوامتـــری بەدوادا بێـــت و سـەرەنجام بتـوانێ نـەوەی ئەمڕۆمـان بخـاتە سـەر شـاڕێی بەخۆداچـوونەوە و خۆناسین، تا لەوە دڵنیابین کە لە سایەی ئەم خۆدۆزینەوەو خۆناسینەدا، دەبینە خاوەنی هێـزای ئاینـدە و دواڕۆژێکـی ڕۆشـن و درەوشـاوە بـۆ خۆیـان و نەوەکـانی دواتریشیان بنیات دەنێن.

ئەم کورتەباسەم وەك پێشەکیی بە ڕستەی جوانی (ئەئو وینتایو ئەشائە) دەستپێکرد، تا زۆرتر داکۆکی بکەمە سەر ئەو ڕاستییە جاویدانییەی کە: "ڕێگا لە جیهاندا تاکە یەك ڕێگایە و ئەویش ڕاستییە" تا وەك گەنجانی وڵاتەکەم لەگەڵ ئاشـــتیی و ڕاســـتگۆیی و یەکڕەنگیـــدا ئاشـــتبکەمەوە و بەنیازیشـــم بە ڕســـتەی جوانتر و بەرزتر و ئینسانیی دیکەی (مەزدە یەسنو ئەهی) کۆتایی پێبهێنم، تا لەگەڵ شـــادمانیی و میهرەبـــانیی و ئاشـــتیخوازییدا نزیکتـــر و زیاترتێکەڵیـــان بـکەمەوە، کە بـڕوا بەوە بهێـنن: تەنهـا بە ڕاسـتگۆیی و میهرەبـانیی و دڵاوایـی و ئاشـتیخوازیی دەتـوانین جیهـان و ژیـان و ژیارمـان بەرەو پێش بەریـن و ببیـنەوە خـاوەنی ڕاسـتەقینەی یادگارییە پیرۆزەکانی ئەشوو زەردەشتی ڤەخشـوەرمان. کەواتە بـا هەموومـان داوا لە یەزدانـی دۆسـت و هاوکـار و سـەروەری زانـا و بە ئاگامان بکەین کە: ئەی یەزدانی مەزن، بۆ ئەوەی گوڕوتین و توانام هەبێت بۆ گۆڕینی جیهان و بنەبڕکردنی ناتەبایی و تاریکیی.. بۆ ئەوەی بتوانم دێوی درۆ

شکسـت پـێ بهێـنم و بـبمە ئەشـەڤەنێکی بیرچـاك و زمانچـاك و کردارچـاك و ڕێبـوارێکی بەوەفـا و چـاوکراوەی ڕێبـازی پیـرۆزی ئەشـا، بـۆ ئەوەی بتـوانم کەرامەتی مرۆڤانەی خۆم و نەتەوەکەم بپارێزم و شانازیی زۆرتری پێ ببەخشم: "بیرم دەوڵەمەند بکە بە میهرەبانیی و ئاشتیخوازیی".

پێویستە ئاماژەیەکیش بەوە بکەم کە هەروەک چۆن بناغەی بەشی پێشوو (ژوانی یەسنا/ بەشی یەکەم) کە لە هەفتەنامەی (گوڵان) دامەزرا، ئەمیش لە دانانی ستوونێک بە ناونیشانی (شارۆ) لە ژمارە (٦٣٤ی ڕێکەوتی ٢٠٠٩/١٠/٨) لە هەفتەنامەی (هەولێر) دەستی پێکرد، کە تا ژمارە (٧٥٨ی ڕێکەوتی ٢٠١٠/٤/١٣) درێژەی کێشا و دواتر من لە نووسینی ئەو ستوونە لەو هەفتەنامەیەدا پاشگەز بوومەوە و سەرەڕای هەوڵی زۆری سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی ئەوکاتی هەفتەنامەکە بۆ درێژەپێدانی، من کۆتاییم پێهێنا. بەهەرحاڵ، ئەنجام و بەرهەمی ئەو ستوونە لەو ماوەیەدا ئەم کتێبەی بەردەستتە کە دەبێتە بەشی دووەمی ژوانی یەسنا.

جەلیل عەباسی ٢٠١٤/١٠/١٠

## (دوازده فەرمان)ی ئاڤێستا:...



پەیامبەری ڕاستیی و دروستیی و پاکیی کوردستانی دێرین، (زەردەشت) نەك وەك پێغەمبەرێك، بەڵکو وەك مامۆستا و ڕێبەر و فەیلەسوفێك، گەلێ خزمەتی پڕ بایەخی بەمرۆڤایەتیی کرد، کە تاهەتایە دەبێ ستایش بکرێت و پیرۆز ڕابگیردرێت... مەزنترین و پیرۆزترین پێوەری مرۆڤانەی لەژیاندا دانا، کە ئەویش چەمکی (بیری چاك .. کردەی چاك.. گوتەی چاك)ە، پێوەرێك، کە دەکرێ ئاسوودەترین و بەختەوەرترین کۆمەڵگەی مرۆیی بە هۆیەوە بنیات بنرێت و مرۆڤ شانازیی بکات کە مرۆڤانە دەژی. زەردەشت ئەندازیاری تەبایی و ئاشتیی و ئاوەدانیی بوو، هەموو تەمەنی خۆی ت بۆ بەختەوەریی

مـرۆڤ و ئـاوەدانیی و ئاسـوودەیی و گەشـەی کـۆمەڵگەی مرۆیـی تەرخـانکرد ، ڕێبەرایەتیـی مرۆڤـی لەپێنـاو گەیشـتن بەپیرۆزتـرین ئامـانج گـرتە ئەسـتۆ، کە هەمـان میهرەبـانیی و دڵاوایـی و خۆشەویسـتیی و لێبـوردەییە. ئەگەر بەوردی سەرنجی هەموو بەشەکانی ئاڤێستا (هەر شەش نەسك)ەکەی بدەین، تاقە یەك دێـڕ و یەك ڕسـتەش نـادۆزینەوە، کـە پەیامێـك یـا مەبەسـتێکی پـێچەوانەی ئاشـتیی و بەزەیـی و لێبـوردەیی و بەرەوپێشـبردنی مـرۆڤ و کـۆمەڵگەی مرۆیـی تێـدابێت، بە تـایبەتی (گاتا)کـان کە ئـاوێنەیەکی بـاڵانوێنیی هەسـتی مرۆیـی و شـەرافەت و کەرامەت و سـەروەریی مـرۆڤن. لای زەردەشـت پیرۆزتـرین و هێژاترینـی سـەرجەم خـیلقەت (مـرۆڤ)ە، مـرۆڤ ڕەسـەنترین و پیرۆزتـرین گەوهەری (بوون)ە و هەر ئەمەشە وای لە زەردەشت کردووە بۆ هەمان ئامانج و لەپێنـاو هەمـان ئامانجـدا خەبـاتێکی هەتـایی و بێبـڕانەوە دەسـتپێبکات. گەر لە هەموو ئاڤێسـتاش چاو بپۆشین، (دوانزە فەرمان)ی زەردەشت کە لە ڕاسـتیدا دەبـێ نـاوی (گەوهەری ئاڤێسـتا)یان لـێ بنێـین، دەوری (مانیفیسـت)ێکی بـێ کەموکووڕی و پیرۆزیـی ئینسـانیی دەگێـڕن لەبنیاتنـانی مرۆڤـی شـەرافەتمەند و کۆمەڵگەیەکی مرۆیی سەروەر و بەختیاردا. دوازدە فەرمان، پەیڕەو و پرۆگرام و یاسایەکی گشـتگیرن، کە ئاراسـتەی ژیـانی مـرۆڤ و گەشـەی کۆمەڵگەمـان بـۆ دیـاریی دەکەن و پێمـان دەڵـێن: بـۆ پاراسـتنی قودسـییەتی مـرۆڤ و بـۆ ئـاوەدانکردنەوەی ژیـنگە و گەشـەپێدانی جیهـان و بـۆ دابینکردنـی ژیـانێکی پڕسەروەریی و شایستە و جوامێرانە و سەربەست و سەربەرزانە، دەبێ خۆمان تەرخـان بکەیـن و بیروبڕوایەکـی پیـرۆزی یەزدانیـی و ئینسـانیی بکەیـنە چـرای ڕووناکیبەخشـی ڕێگاکەمـان تـا دەگەیـنە لـووتکەی سـەرکەوتن و ڕۆژی ڕوونـاکی بەختەوەریی.

بـا پـێکەوە (دوازدە فەرمـان)ی ئاڤێسـتا بخـوێنینەوە و پـێکەوە بیـر لە پتەوتـرین بنـاغەی بیـر و هـزری ئینسـانیی بکەیـن و پـێکەوە ببیـنە ڕێبـواری ماندوونەناسی ئەو ڕێبازە پیرۆزە، تا بگەینە ئاستی سەربڵندیی مرۆڤی هێژا و بەختەوەر:

١ـ بڕوا بە تاقانەیی .. میهرەبانیی .. دانایی .. دەسەڵات .. پاکیی و چاکیی ئاهوورامەزدای ژیانبەخش.

٢ـ بڕوا بە خراپەکاریی ئەهریمەنی بەدئەندێش و ناپاکیی و شەڕاشۆیی هەمیشەیی ئەو لەگەڵ ئەهوورەمەزدا لە ڕێگەی مرۆڤەوەو بڕوا بە خەباتی هەتایی و نوێخوازانە دژی کۆنەپەرستی و جەهل و درۆ و دەمهەراشیی و فڕوفێڵ.

٣ـ بڕوا بە پەیامبەرانی ئاوەز و عەشق و بەئاگایی و ڕووناکیی و ژیانی پاك و خۆشەویستیی و چارەسازیی، هەرلە میترا و زەردەشتەوە تا سوشیانت و ڕزگاریدەر و تا بوودا و مانیی و مەزدەك.

٤ـ بڕوا بە گەڕانەوە (ژیانەوە)یەکی دیکە بۆ پاداشت یا سزادانی ڕۆحە کۆچکردووەکان.

٥ـ بڕوا بە ڕاستیی و دروستیی و یەکڕەنگیی لەگەڵ دۆست و هەڤاڵان و چاکیی و پاکیی لە بیرکردنەوە و زمان و کردەوەدا بۆ هەموو جیهان.

٦ـ بڕوا بەو جوامێرانەی کە خاوەن بەزەیین و بەزەیی و بەخشندەیی پەرە پێدەدەن... بڕوا بە ـ ئەشیش ـ و بە ئەمشاسپەندان.

٧ـ بڕوا بە پاکیی و چاکیی و خاوێنیی گەوهەری مرۆڤ و بەوەی کە مرۆڤ لە هەر تیرە و هۆز و نەژاد و ڕەنگ و ڕەگەز و نیشتمانێك بێت، وەك مرۆڤ، پاکترین و پیرۆزترین گەوهەری (بوون)ە و هیچ پیرۆزیی و مەزنێتییەك ناگاتە ئاستی ئەو.

٨ـ بڕوا بە خێرخوازیی و چاکەکاریی و دەسگیرۆیی فەقیر و هەژار و نەخۆش و بێنەنوایان و هەوڵدانی هەتایی بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئاشتی و ژیانی باش و ڕاستیی و دروستیی و تەندروستیی و مرۆڤسالاریی و بەرابەریی و یەکسانیی و سەربەستیی و دادگەریی و دلۆڤانیی و ئەقڵمەندیی لە سەرتاسەری جیهاندا.

٩ـ بڕوا بە پاراستنی پاکیی و خاوێنیی ئاو، هەوا، خاك، ئاگر و ژینگە.

١٠ـ بڕوا بە بیرکردنەوەی چاك و ڕوانگەی چاك... بەنوێخوازیی و نوێگەرایەتیی

بەهـۆی ڕێزگـرتن لە بیـروڕا و توانـا و داهێنـانی مێرمنـداڵان و گەنجەکـان بـۆ بنیاتنـانی کـۆمەڵگەیەکی ئەقڵـگەرا و سـالاریی و سـەروەریی مـرۆڤ لەسـەر زەوییدا.

١١ـ بـڕوا بە بەرابەریـی و یەکسـانیی ژن و پیـاو و دابینکردنـی مـافی هەڵبژاردنـی هاوسـەری ژیـان، بەسەربەسـتیی بـۆ هەردوو ڕەگەز و ڕێزگـرتن لە گەوهەری مرۆییان.

١٢ـ بڕوا بە بیرکردنەوە لە پێناو ئارامیی و جوانیی و ئاسوودەیی و بەرژەوەندیی خەڵکی... سـڕینەوەی ڕق و کینە و بەرژەوەنـدیخوازیی تاك و پاوانخوازیی... ڕێزگـرتن لە سـەرجەم بـڕواداران و بیروبـڕوا جیاوازەکـان و لە سـەرجەم پەرسـتگەکان و بـڕوا بە هاوپەیمـانیی و یەکبـوون و هـاوبیریی هەمەلایەنەی یەکدی بە بیرکردنەوەی ڕاست و دروست بۆ دابینکردنی دیسپلین و گەشـەی جیهـانیی و دوورخسـتنەوەی سـەرجەم بیروبـڕوا دینیەکـان لەکاروبـاری ڕامیاریی و دەسەڵاتداریی و سیاسەتی بەڕێوەبردنی جیهاندا.

## ئامۆژگارییەکانی زەردەشتی پێغەمبەر:...



- ❖ بە چاکە بیر بکەرەوە، بە چاکە قسە بکە، بە چاکە بجوولێرەوە (بیری چاك، زمانی چاك، کرداری چاك)
- ❖ ئەشا و ئەشوویی بەرانبەرە بە ڕاستیی، دروستیی، پاکیی، چاکە، ئارامیی بۆ جیهان و بۆ بوون، دادپەروەریی، پارێزکاریی، پەیمانداریی، دڵنەرمیی، لێبووردەیی، دڵاوایی و...، دروستکار ئەو کەسەیە کە ئەگەر تەنانەت ڕاستیی و ئەشوویی بە زیانیشی بشکێتەوە دەستی لێ هەڵنەگرێت و لێی دانەبڕێت، بەختەوەرەکان هەمیشە ڕاست و دروستن.
- ❖ کەس فریو مەدە تا دواتر تووشی دەرد و حەسرەت نەبیت.
- ❖ ئەوەی ڕابورد لە بیری بکە و بۆ ئەوەش کە هێشتا نەهاتووە خەم مەخۆ.
- ❖ ڕاستیی مەزنێتییە، شادکامییە، شادکامیی بەشی ئەو کەسەیە هەمیشە ڕاستگۆ و دروستکار بێت.

- عاشقی بە.. خۆشویستنت خۆش بویێ.. ڕقت لە ڕق ببێتەوە و یاوەری میهرەبانی بە.. لەگەڵ ئاشتیدا ئاشتبەرەوەو لە جیایی و ناتەباییش جیا و دوور بە.
- ئەی خواوەندی ئەقڵ و ئاوەز، کاتێ لە ڕۆژی ئەزەلدا جەستە و ڕۆحت ئەفراند و لە گەوهەری وجوودیی خۆت توانای ئەندێشە و ئاوەز و بیرکردنەوەت پێبەخشین، ئەو کاتەی گیانت خستە نێو ئەم جەستە خاکییە و هێزی کارکردن و ئاخاوتن و ژیانت بە مرۆڤ بەخشی، ئیرادەت لەسەر ئەوەبوو کە هەرکەس بەوپەڕی ئازادیی و سەربەستییەوە ڕێگا و ڕێباز و بیروبڕوای خۆی هەڵببژێرێت.
- گەلۆ، باشترین قسەکان بە گوێی ئەقڵ ببیستن و بە ئاوەز و بیرکردنەوەیەکی قووڵ و وردبینەوە تاوتوێیان بکەن، با هەر ژن و پیاوێك، خۆیان ڕێگای چاك و خراپ بدۆزنەوە و هەڵیبژێرن.
- ئەم قسەیەم بۆ تازە بووك و زاواکانە، هیوادارم ئامۆژگارییەکەم بەگوێی ئاوەز ببیستن و بە دڵێکی ڕۆشن بیری لێ بکەنەوەو لێی تێبگەن: هەمیشە و هەردەم بە پاکیی و میهرەبانیی و دۆستایەتیی بژین و بۆ ڕاستیی و پاکیی و خۆشەویستیی  لە پێشبڕکێدا بن.. چونکە گەر وا بکەن، ئەوا دەبنە خاوەنی ژیانێکی تەژی لە خۆشیی و بەختەوەریی.
- مرۆڤی ئاوەزمەند، بە ئاگاداریی لەوەی کە ئەشق و پەیمان و بڕوا بە خواوەند سەرچاوەی هەموو ڕاستییەکانە، هەردەم هەوڵ دەدات گومڕا و خراپەکارەکان هانبدات بەرەو سرشتی پاك و کاری چاك و خۆشەویستیی خەڵکانی  دیکە، خواوەند، سەرەنجام گیان و ئەندێشەی هەموو خراپەکارانیش بە وشیاربوونەوەو ناسینی هەقیقەت، بەرەو نوور و ڕەحمەتی خۆی دەگەڕێنێتەوە.
- پێویستە ئەهوورامەزدا بە ئیمان و بڕوایەکی پتەو و لە ڕووی ڕاستییەوە ستایش بکرێت، چونکە ئەو مژدەی ئەوەی پێداوین کە لەبەر تیشکی

خۆناسین و ڕاستیی و پاکسرشتیدا دەگەینە کەماڵ و نەمریی و ژیانی تاهەتایی.

❖ نە بە ڕاست و نە بە درۆ، هەرگیز سوێند مەخۆن.
❖ سەخیی و جوامێر بن، تا ببنە بوونەوەرێکی پیرۆزی ئاسمانیی.
❖ ژنی خەڵکانی دیکە فریو مەدەن، تا گیانتان تووشی تاوان نەبێت.
❖ لەگەڵ ئافرەتی وشیار و زانادا ژیانی هاوبەش پێکبهێنن و هاوسەرەکەشتان خۆشبوێت.
❖ هەمیشە پێش وەڵامدانەوە بیر بکەنەوە.
❖ فیزن و دەماراوی و لووتبەرز مەبن، چونکە مرۆڤ وەك مەشکەیەکە پڕبێت لە (هەوا)، هەرکاتێ (هەوا)کەی بەتاڵ بووەوە ئیدی هیچی لێ نامێنێتەوە.
❖ لە ژیانی مرۆڤدا هیچ خێر و چاکەیەك لە پاکیی و خاوێنیی بەرزتر نیە، ئەم پاکیی و خاوێنییەش هەر ئەوەیە کە لە یاسای جاویدانیی ئەهوورامەزدادا دەرکەوتووە.. پاکیی و خاوێنیی یاسای نەگۆڕی دینە.
❖ خواوەندی زەردەشت بەخشندەیە، کانگا و سەرچاوەی جۆش وخرۆشە، دیارە نابێ لە کەسێك بترسین کە دەبەخشێت، تاقە شتێك کە دەبێت لێی بترسین، هەمان خودی (ترس)ە.
❖ ئەو کەسەی کە پەیڕەوی لە دروستکار دەکات، جێگایەك لەنێو ڕووناکیدا بۆ خۆی دەستەبەر دەکات، ئەوەش پەیڕەویی درۆ و درۆخوازان بێت، تەمەنێکی دوورودرێژ لە تاریکیی و ئاهوناڵەدا بەسەر دەبات، ویژدانی ئاوا کەسێك ڕووبەڕووی ئەم چارەنووسە تاڵەی دەکاتەوە...

## دوایین پەیڤەکانی کۆرشی مەزن:...



ئێستا کە مەرگم لێ نزیك کەوتۆتەوە، ئێران، بەهێزترین وڵاتی ئاسیا دەسپێرمە دەستی ئێوە..

من بەبیرم نایەت لە هیچ شەڕوشۆڕشێك لە پێناو مەزنێتیی و سەربڵندیی ئێرانزەمیندا شکستم هێنابێت... هەموو ئارەزووەکانم هاتوونەتە دی و تێپەڕینی زەمەن هەمیشە بە (کام)ی من بووە، سەرەڕای ئەمەش لە ژیانمدا هەمیشە لە شکست و لاوازبوون ترساوم و لە خۆم بایی نەبووم و نەمهێشتووە پەتای خۆبەزلزانیی بەسەر ڕۆحمدا زاڵ بێت.. لە سەرکەوتنە گەورەکانمدا هەرگیز لە سنووری دادگەریی تێنەپەڕیوم و هەرگیز خۆم نەداوەتە دەست شادمانیی بێبنەماو هەست وسۆز. ئێستاش کە دوا کاتەکانی ژیانم تێدەپەڕێنم، خۆم زۆر بە خۆشبەخت و بەختەوەر دەزانم. چونکە منداڵەکانم هەموویان ژیر و بەتوانان و وڵاتەکەیشم (ئێران) لە هەموو ڕوویەکەوە بەهێز و شکۆیە، نەوەکانی ئایندە بە دڵخۆشیی و ڕەزامەندییەوە یادی من و وڵاتەکەشم دەکەنەوە و بە چاکە ناوم دەبەن.. ئایا بەم هەموو ڕەزامەندیی و سەرکەوتنە ڕۆحییەوە هەقم نیە بڵێم بەوپەڕی ئاسوودەیی و ئۆخژن ئەم دنیایە جێدەهێڵم؟!

کوڕە شیرینەکانم، من هەردووکتان بە یەزدان، هەروەها سەرزەمینەکەشم بە ئێوە دەسپێرم و لێتان دەخوازم، گەر ڕەزامەندیی و شادمانیی ڕۆحی منتان دەوێ، ئەوا دەبێ دەستی یەك بگرن و دەستی یەکبوون و هاریکاریی بخەنە نێو دەستی یەکدیی و دڵسۆز و پشتوپەنای یەکدیی بن تا ڕۆحی منیش هەمیشە شاد و ڕازی بێت. هەرگیز سنووری خزمەتکردن و ڕاستیی و دروستیی نەبەزێنن.. ئەگەر کارو هەڵسوکەوتەکانتان هەمیشە لە ڕێبازی دادگەریی و دڵنەرمیی و دڵاواییدا بێت، ئەوا زۆری پێناچێت نرخ و ڕێزتان لەنێو خەڵکیدا زۆرتر دەبێت و پەرە دەسێنێت و لە ئاکامدا هێزو دەسەڵاتی ئێوە ڕۆژبەڕۆژ زۆرتر و زیاتر دەبێت، بەڵام گەر بەپێچەوانەوە هەڵسوکەوت بکەن، ئەوا ڕۆژبەڕۆژ لاوازتر دەبن و ڕێزو خۆشەویستیتان لای خەڵك نامێنێت و زووتر بەرەو کۆتایی دەسەڵاتەکەتان دەچن.. پەند و ئەزموون لە مێژوو وەربگرن.. بیر

لە سەربردەی پێشینانی خۆتان بکەنەوە.. لە ئاوێنەی مێژوودا زۆر باوك و فرزەند دەبینەوە کە هەرگیز لە یەکبوون و یەکڕەنگیی و مرۆڤپەروەریی دوور نەکەوتونەتەوەو سەرەنجام گەیشتونەتە سەرکەوتن و کامەرانیی، ئەزموونی ژیان و دەسەڵاتێکی دروست و هەمیشەیی لەوانەوە وەربگرن.. ئاگادار بن، ناتەبایی و دووزمانیی لەنێو بنەماڵەی پاشایەتیدا نەبێت، چونکە بێگومان وڵات و سیستمی دەسەڵاتیش لاواز دەکات و دەبێتە هۆی دروستبوونی ستەم و ڕق و دوژمنایەتی، هەمیشە شوێنپێی ئەو کەسانە بگرنەبەر کە بە سەرفرازیی ژیاون و سنووری چاکە و دادگەرییان نەبەزاندووە.

کوڕەکانم؛ پاش مەرگم، لاشەکەم مەخەنە نێو زێڕ و زیو و شتی لەو بابەتە، بەڵکو حەز دەکەم زووتر بمخەنە ئامێزی خاکی پاکی وڵاتەکەم، چونکە ئەم خاکە پیرۆزە لانکە و سەرچاوەی هەر هەموو چاکە و ڕێز و حورمەت و سامان و جوانییەکانیشە. من تەمەنی خۆم لە ڕێبازی یارمەتیدان و هاریکاریی مرۆڤەکان بردەسەر، چاکەکردن لەگەڵ خەڵك لەناخی مندا شادمانیی و بەختەوەریی دروست دەکرد و ئەمەش بەلامەوە لە سەرجەم چێژەکانی ژیان زۆرتر و بەرزتریش بووە.

ئێستاش هەست دەکەم ڕۆحم ئارام ئارام لە جەستەم جیا دەبێتەوە، ناخم شادە و گەلێ هەست بە ئارامیی و ئاسوودەیی دەکەم.. ئەمەش "مردن" ڕێگایەکە، هەمووتانی پێدا دەڕۆن و کەس ناتوانێ خۆی لێ لابدات! ئێستا و لەم دوایین ساتانەی ژیانمدا، ئەگەر هەرکەس حەز بکات سەیری نێوچەوانم بکات یا دەستی بخاتە نێو دەستم، با بێتە پێشەوەو لێم نزیك بکەوێتەوە، چونکە بەوە ڕازیی نابم هیچکەس پاش مردنم لە دەورم کۆببێتەوە، تەنانەت ئێوە (منداڵەکانیشم) بۆتان نیە، سەیری لاشەی بێ گیانم بکەن و ئاخ هەڵبکێشن. پاش مردنم، هەموو هاووڵاتییان بانگێهشت بکەنە سەر مەزارەکەم، با لە بەخاکسپاردنمدا بەشدار بن و ئێوەش بە جوانی پێشوازیی و خزمەتیان بکەن، هەر کەس و لایەنێك، لە هەر شار و ناوچەیەکەوە دێت، بهێڵن با بەپێی

دابـونەریتی تـایبەتی نـاوچەکەی خۆیـان لە ڕێوڕەسـمەکەدا بەشـداریی بـکەن، چـونکە بەم کـارە گیـانی مـن لە ئارامگـای ئەبەدیمـدا زۆرتـر شـاد و بەخـتەوەر دەبێت.

ئێستاش بۆ دوایین جار و وەك دوایین پەیڤم لە ژیاندا دەیڵێمەوە: ئێوە ئەی (منـدالان و هاوولاتییـانم)، باشـترین و کوشـندەترین زەبرێـك کە دەتـوانن لە دوژمنـانی بـدەن ئەوەیە کە: هەمیشـە یەکگرتـوو و هـاودڵ بـن و لەگەڵ دۆسـتانی خۆتان بە چاکە و لێبوردەیی و خۆشەویستیی بجوڵێنەوە.

## دوايين پەيڤەكانى داريوش:...



### آخرین گفتار داریوش کبیر

اینک که من از دنیا میروم ۲۵ کشور جزو امپراتوری ایران است . در تمام این کشورها پول ایران رواج دارد و ایرانیان در آن کشورها
دارای احترام هستند و مردم آن کشورها نیز در ایران محترم شمرده می شوند . جانشین من خشایار باید مانند من در حفظ این کشور بکوشد و راه
نگهداری این سرزمینها این است که در امور داخلی آنها دخالت نکند و مذهب و شعائر آنها را محترم بشمارد . اکنون که من از دنیا می روم تو
۱۲ کرور زر در خزانه سلطنتی داری و این زرها یکی از ارکان قدرت توست زیرا قدرت پادشاه فقط به شمشیر نمی باشد بلکه به ثروت نیز میباشد
البته به خاطر داشته باش که تو باید به زرها بیفزایی نه اینکه از آن بکاهی . من نمی گویم که در موقع ضروری از آن برداشت نکنی زیرا قاعده زر در
زرخانه این است که بهنگام ضرورت از آن برداشت کنی اما در اولین فرصت آنچه برداشتی برگردان . مادرت آتوسا بر من حق دارد و پیوسته
وسایل رضایت خاطرش را فراهم کن . ۱۰ سال است که من مشغول ساختن انبارهای غله در کشور هستم من روش ساختن این انبارها را که با
سنگ بنا می شود و به شکل استوانه است را از کشور مصر آموختم و چون انبارها پیوسته تخلیه می شود حشرات در آن بوجود نمی آید و غله بدون اینکه
فاسد شود چند سال می ماند و تو باید بعد از من ساختن انبارهای غله را ادامه دهی تا اینکه همواره آذوقه ۲ یا ۳ سال کشور ذخیره باشد .
هرگز دوستان و ندیمان خود را به کارهای مهم مملکتی نگمار و برای آنها همان مزیت دوست بودن با تو کافی است چون اگر دوستان و ندیمان
خود را به کارهای مملکتی بگماری و آنها به مردم ظلم کنند و استفاده نامشروع نمایند تو نخواهی توانست آنها را به مجازات برسانی چون با تو دوست
هستند و تو ناچاری که رعایت دوستی را بنمایی . کانالی را که می خواستم بین شط نیل و دریای سرخ ایجاد کنم به اتمام نرسیده و تمام کردن آن از نظر
بازرگانی و جنگی خیلی اهمیت دارد و تو باید آن کانال را به اتمام برسانی . همچنین عوارض عبور کشتی ها از آن نباید آنقدر سنگین باشد که ناخدایان ترجیح
دهند که از آن نگذرند . اکنون قشونی به مصر فرستاده ام تا در قلمرو ایران نظم برقرار سازد ولی فرصت نکردم قشونی به یونان بفرستم و تو باید با ارتشی قوی
و نیرومند به یونان حمله کنی و به آتن بفهمان که پادشاه ایران قادر است مرتکبین فجایع را نابود کند . توصیه دیگر من به تو این است که هرگز دروغگو و
متملق را به خود راه مده چون هر دوی آنها آفت سلطنت هستند و هرگز عمال دیوان را بر مردم مسلط مکن و برای اینکه آنها در هنگام اخذ مالیات بر
مردم مسلط نشوند قانونی وضع کن که تماس آنها با مردم کمتر شود افسران و سربازان را راضی نگهدار چرا که اگر با آنها بد رفتاری کنی آنها نمی توانند
معامله متقابل کنند اما در میادین نبرد تلافی خواهند کرد ولو به قیمت کشته شدنشان . امر آموزش را ادامه بده و بگذار اتباع تو بتوانند بخوانند و بنویسند تا
فهم و عقل آنها فزونی یابد در این صورت با اطمینان بالاتری می توانی سلطنت نمایی . همواره حامی کیش یزدان پرستی باش اما هیچ قومی را مجبور مکن
که پیرو کیش تو باشند و پیوسته به خاطر داشته باش که هرکس آزاد است از هر کیش و آیینی که میل دارد پیروی نماید .
پس از مرگ بدنم را بشوی و آنگاه در کفنی بپیچان و در تابوت سنگی قرار بده و در قبر بگذار اما قبرم را مسدود مکن تا هر زمانی که تابوت مرا می بینی دریابی
که پدرت زمانی پادشاهی مقتدر بوده است و تو نیز همچون من روزی خواهی مرد و با دیدن تابوت من غرور بر تو غلبه نخواهد کرد اما وقتی مرگ خود
را نزدیک دیدی بگو که قبر مرا مسدود نمایند و وصیت کن تا پسرت نیز در مورد تو چنین نماید .
زنهار زنهار هرگز هم مدعی و هم قاضی مشو و اگر نسبت به کسی ادعایی داری موافقت کن یک قاضی بیطرف آن را بررسی و حکم نماید زیرا
مدعی اگر قاضی شود ظلم خواهد کرد . هرگز از آباد کردن دست بر ندار زیرا قاعده این است که وقتی کشوری آباد نشود رو به ویرانی خواهد رفت
آباد کردن حفر قنات و احداث جاده و شهرسازی را در درجه اول قرار ده عفو و سخاوت را فراموش مکن و بدان که بعد از عدالت برجسته
ترین صفت پادشاهان عفو و سخاوت است ولی موقعی است که نسبت به تو خطایی کرده باشند و اگر به دیگری خطایی کرده باشند و تو آنرا عفو کنی
ظلم کرده ای .
دیگر چیزی نمی گویم و این اظهارات را با حضور کسانی غیر از تو که اینجا هستند عنوان داشتم تا اینکه بدانند قبل از مرگ من این توصیه ها را کردم و
اینک بروید و مرا تنها بگذارید زیرا احساس می کنم مرگ من نزدیک است .

" ئێستا کە لەسەرەمەرگدام و لەم دنیایە دەردەچم، (٢٥) وڵات لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی ئێراندان... لە سەرجەم ئەم وڵاتانەدا دراوی ئێران برەوی هەیە و ئێرانییەکان لە هەموو ئەم وڵاتانەدا خاوەنی هێز و دەسەڵات و ڕێز و حورمەتن و هەڵبەت خەڵکانی ئەم وڵاتانەش لای ئێرانییەکان بەڕێزن... جێنشینی من (خەشایار) دەبێ و دەبێت وەك من ئەم ئیمپراتۆرییەتە مەزنە بپارێزێت، نهێنیی و کلیلی پاراستن و مانەوەشیان ئەوەیە کە لە کاروباری نێوخۆی ئەم وڵاتانە دەستێوەردان نەکرێت و ڕێز لە دروشم و دابونەریتیان بگیرێت.

ئێستا کە من لەم دنیایە دەڕۆم، تۆ ئەی خەشایار، خاوەنی دوازدە (کرور) زێڕیت لە خەزێنەی پاشایەتیدا کە یەکێکە لە بنەماکانی دەسەڵات... دیارە دەسەڵات تەنیا لە شمشێردا نیە، بەڵکو بەستراوە بە داراییشەوە... ئەوەت لە بیر نەچێت کە تۆ دەبێ ئەو داراییە زیاد بکەیت، نەك هەرلێی بخۆیت و لە نێوی بەریت... مەبەستم ئەوە نیە هەر دەستی لێنەدەیت، دەتوانی لە کاتی پێویستدا سوودی لێ ببینیت... یاسای زێڕ و دارایی ئەوەیە کە کاتی پێویست لێی خەرج بکەیت؛ بەڵام زوو بیگێڕیتەوە و بیخەیتەوە سەری.

دایکت (ئاتوسا) منەتێکی زۆری بەسەر منەوە هەیە، پێویستە هەمیشە خزمەتی بکەیت و ئاسوودە و خۆشحاڵی بکەیت و ڕەزامەندیی بەدەستبهێنی. دە ساڵی تەواوە من خەریکی دروستکردنی ئەمبار (سایلۆ)ی دەغڵودانم لە وڵاتدا، من شێوازی دروستکردنی ئەو ئەمبارانە لە (میسر) فێربووم کە لە بەرد و بەشێوەیەکی تایبەتی دروست دەکرێن و لەبەر ئەوەی کە هەمیشە بەتاڵ دەکرێنەوە، ئیدی جرِ و جانەوەریان تێدا دروست نابن و دانەوێڵە بە بێ خراپبوون، بۆ ماوەی چەند ساڵێك دەمێنێتەوە و دەپارێزرێت، تۆ دەبێ دوای من درێژە بە دروستکردنی سایلۆی زۆرتر بدەیت، بە ڕادەیەك کە هەمیشە بتوانی خۆراکی دوو تا سێ ساڵی هاووڵاتییان دابین و مسۆگەر بکەیت.

هەرگیزاو هەرگیز دۆستانی خۆت نەکەیتە بەرپرس و کاروباری وڵاتیان پێ

نەسپێریت، چونکە ئەگەر دۆستان و نزیکانت بکەیتە خاوەن پلە و پایەی بەرز، ئەوانیش بە پشتبەستن بەوەی کە خۆشەویستی تۆن، لە دەسەڵاتەکەیان کەڵکی پێچەوانە وەربگرن و ستەم بکەن و مافی هاووڵاتییان پێشێل بکەن، تۆ ناتوانی بەشێوازێکی شایستەی بێلایەنانە لێیان بپێچیتەوە و سزایان بدەیت، چونکە لە هەر حاڵەتێکدا ناچاریت ئەو دۆستایەتیی و خزمایەتییە لەبەرچاو بگری کە ئەمەش پێچەوانەی یاسایە. ئەو (کەناڵ)ەی ئەمویست لە نێوان ڕووباری (نیل) و دەریای (سوور)دا دروستی بکەم، نیوە تەواو ماوەتەوە و تۆ دەبێ بیگەیەنیتە ئەنجام و تەواوی بکەیت، چونکە لە هەردوو بواری بازرگانی و لەشکریشەوە زۆر زۆر گرنگ و پێویستە. هەڵبەت نابێ نرخی گومرگیی کەشتییەکان ئەوەندە زۆر بێت کە کەشتیوانەکان حەز نەکەن هاتوچۆی پێدا بکەن، واتە دەبێ دادوەرییەك لەو بوارەدا ڕەچاو بکرێ. من لەشکرێکم بەرەو میسر ناردووە، تا پارێزەری ئاسایش و ئارامیی سنوورەکانی قەڵەمڕەویی ئێران بێت، بەڵام پێڕانەگەیشتم لەشکرێکیش بۆ یۆنان بنێرم، تۆ بە لەشکرێکی بەهێز و پڕچەکەوە هێرش بکە و تێیانبگەیەنە کە پادشای ئێران دەتوانێت سزای تاوانباران بدات لە هەرکوێیەك بێت.

ئامۆژگاریت دەکەم، هەرگیز درۆزن و زمانلووس لە خۆت نزیك مەکەرەوە، چونکە هەردووکیان ئافەتی وڵات و پاشایەتین... هەرگیز پەیڕەوانی (دێوان) نەکەیتە دەسەڵاتدار بەسەر خەڵکیەوە و بۆ بەربەستکردنی دەسەڵاتی ئەوان لەسەر خەڵکی، بەتایبەت لە کاتی وەرگرتنی (باج)دا، یاسایەك دابڕێژە کە بەهۆیەوە پەیوەندیی ئەوان بە خەڵکیەوە بەرتەسك بکرێتەوە و ئەوان لە خەڵکی دوور بخرێنەوە. هەوڵ بدە خزمەتی ئەفسەر و سەربازەکان بکەیت، تا دڵخۆش و لێت ڕازی بن، ڕاستە ئەگەر پشتگوێیان بخەیت، لەوانەیە نەتوانن دژەکردەوەیەك بکەن، بەڵام دڵنیابە لە بەرەکانی شەڕدا تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە؛ واتە پشتت تێدەکەن! گەشە بە بواری پەروەردە و فێرکردن بدە و کارێك بکە تا هەموو گەلەکەت خوێندەوار بێت، تا هەموان ئەقڵ و فامیان

زۆرتر بکرێتەوە و زۆرتر تێبگەن و پێبگەن، بەم چەشنە دەتوانی بە متمانەیەکی پتەوتر دەسەڵات و پاشایەتیت بپارێزیت و گشتگیرتریشی بکەیت. هەمیشە پەیڕەوو پاڵپشتی ئایینی یەزدانپەرستی بە، بەڵام هیچکەس و لایەنێك ناچار مەکە پەیڕەویی ئایینی تۆ بکەن... هەمیشە لە بیرت بێت، کە بەپێی یاسای یەزدانیی، هەر مرۆڤێك بۆخۆی لە هەڵبژاردنی ڕێگای ژیان و پەیڕەویکردن لە هەر دین و ئایینێکدا ئازاد و سەربەستە و هیچکەس و لایەن و یاسایەك بۆی نیە ئەو سەربەستییەی لێ زەوت بکات!

پاش مردنی من، لاشەکەم بشۆ و کفنم بکە و بمخەرە تابووتێکی بەردین و لە گۆڕم بنێ، بەڵام گۆڕەکەم دامەپۆشە، با هەمیشە لاشە کفنکراوەکەم لەبەرچاوت بێت و هەر کاتێ سەیری دەکەیت بیر بکەیتەوە و بزانی باوکت، سەردەمانێك پاشایەکی دەسەڵاتدار و بەهێز بووە، کەچی ئەوەتا مردووە و تەنها چەند گەز کفنی پێبڕاوە... بیر لەوە بکەیتەوە تۆش ڕۆژێك دەمریت، ئیدی لەخۆباییبوون و خۆبەزلزانی زەفەرت پێنابات و هەرگیز تووشی چەواشەیی و کاری خراپ نابیت، بەڵام هەرکات پیر بوویت و مەرگی خۆت نزیك بینیی، ئەوکات گۆڕەکەم داپۆشە و تۆش هەمان شێواز بۆ ئامۆژگاریکردنی کوڕەکەت بگرەبەر.

وریابە ... تکایە... هەرگیز نە ببیتە داواکار و نە ببیتە دادوەر... ئەگەر داوایەکت لەسەر هەرکەس و لایەنێك هەبوو، بهێڵە با دادوەرێکی بێگانە و بێلایەن لە نێوانتاندا دادوەری بکات و حوکم بدات. چونکە داواکار ئەگەر خۆی بوو بە دادوەر، ئەوا بەدڵنیاییەوە ستەمکار و پێشێلکار دەبێت و ئەمەش دوورە لە کەرامەتی مرۆیی و نزیکترە لە کەلەپووری چەوت و چەواشەکارانەی دێوەکان!

هەرگیز دەست لە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی وڵات هەڵنەگری... دەبێ بزانی وڵاتێك گەر خزمەتی نەکرێت و ئاوەدان نەکرێتەوە، زووتر وێران دەبێت و لەنێو دەچێت. هەمیشە ئاوەدانکردنەوە و بیرلێدان و دروستکردنی ڕێگاوبان و

بنیاتنانی شارو کۆمەڵگە بۆ گەشەپێدانی وڵات بخەرە ڕیزی پێشەوەی هەموو کارو ئەرك و پرۆژە گرنگەکانتەوە. هەرگیز بەزەیی و بەخشش و دڵاوایی لەبیر نەکەیت... دەبێ بزانی کە دوای دادوەری، بەرجەستەترین سیفەتی پاشای چاك هەمان لێبووردن و بەخشندەییە، هەڵبەت ئەمەش لەکاتێکدا کە خراپەیەکیان بەرانبەر بەخودی خۆت کردبێت... ئەگینا گەر کەسێك خراپەیەك بەرانبەر کەسێکی دیکە بکات و تۆ لێی خۆش بیت، ئەوە ستەمت کردووە و ڕاستی و دادوەریت پێشێل کردووە!

هیچی دیکە ناڵێم؛ ئەوە نەبێ کە بڵێم ئەم قسانەم لە کۆڕێکی بەرفراواندا کرد، بۆ ئەوەی شایەت بن لەسەر ئەو ئامۆژگارییانەی کە بۆ تۆیان بەجێدێڵم و ئەوانیش هانت بدەن لەسەر پەیڕەوکردنیان.

ئیتر هەمووتان بڕۆن و بەتەنیا جێم بهێڵن... با تۆزێك بە تەنها لەگەڵ خۆم بم، چونکە هەست دەکەم مردنم نزیکتر بووەتەوە."

## یاسا و دادوەری لە ئایین و ئادابی زەردەشتیدا:...




*پادافره* وشەیەکی ئاڤێستاییە بە واتای سزا دێت.

گەرچی ئـایینی مەزدیەسـنا خـاوەنی ئەدەبیـاتێکی پـڕ لە خۆشەویسـتیی و لێبـوردەییە و زۆر بە دەگـمەن باسـی ڕق و کیـنەو نـاکۆکی و ناتەبـایی تێـدا دەبینرێـت، کەچی لە هەنـدێ حاڵەتـدا تـووڕەییەکی بێپایـان لەو ئەدەبیـاتە نەرموونیـانە مرۆییـانەدا هەسـتی پێـدەکرێت، کە دەکەوێـتە چوارچێـوەی یاسامەندیی و ڕێکوپێککردنی ژیانی کۆمەڵگەوە. گەر بەوردی بڕوانینە باسەکە، دەبینین تەنانەت لەو تووڕەییەشدا بنەمایەك بۆ بەرجەستەکردنەوەی ڕاستیی و دروستیی و میهرەبانیی دەبینرێت لەبەرامبەر (کۆ)دا.

سەرجەم یاسا و پەیمانە کۆمەڵایەتییەکان لە بەشێکی ئاڤێستادا کۆبوونەتەوە کە پێی دەڵێین (ڤەندیداد)، ئەم وشەیە کە بۆتە ناوی نەسکێکی ئاڤێستا، بە واتای (یاسای دژی دێو) دێت. ئەم وشەیە، (ڤی دەئێو داتە) بەرەبەرە سواوە و گۆڕانکاریی زمانەوانیی بەسەردا هاتووە و سەرەنجام بۆتە (ڤەندیداد)، کە بە (نەسك)ی سێیەم لە شەش نەسکەکەی ئاڤێستا دەژمێردرێت و بریتییە لە (٢٢) بەش کە پێیاندەگوترێت (فەرگەرد)، هەر فەرگەردێکیش پێکهاتووە لە چەندین بەشی بچووکتر، کە دەکرێ بۆ گەیاندنی پەیامەکەمان هەمان ناوی (ئایەت)ی ئەمڕۆیان لێ بنێین. هەموو ئەو (٢٢) فەرگەردەی ڤەندیداد باس لە چۆنیەتیی ژیان و هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەکەن و بوونەتە کۆمەڵە یاسایەك بۆ ئاراستەکردنی ژیانی مرۆڤ بە ڕێگایەکی دروست، بۆ پێشگیری لە زیانمەندیی و زۆرتریش بۆ هاندان لەسەر ژیانێکی بەختەوەر و ژیار و ژینگەیەکی ئاسوودە و ئاوەدان.

پێویستە ئەو ڕاستییە ڕوون بکەمەوە کە ئەو یاساو ڕێسایە و ئەو تووڕەییە و ئەو سزا قورسەی کە کاتی خۆی ئایینی مەزدیەسنا پەیڕەوی کردووە، لە سەردەم و زەمەنێکی مێژووییدا بووە کە ڕەمەکیی خەڵك، هێشتا ئاوەزی بە بنەما سەرەکییەکانی ژیان و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و تەنانەت پاکوخاوێنی و تەندروستیی و... نەشکاوە و بیریشیان لێ نەکردۆتەوە و تەنانەت بواری ئاژەڵداریی و پەروەردەکردنی ئاژەڵیش لە قۆناغە هەرە سەرەتایی و ساکارەکانی خۆیدا بووە، بۆیە ئەشوو زەردەشت بە مەبەستی ڕاهێنانی خەڵکی و کۆمەڵگە لەسەر هەندێ بنەمای زۆر زەروریی ژیان، یاساوڕێسا و پرەنسیپی تایبەتیی دیاریکردوون و بۆ پەروەردەکردنی خەڵکییش لەسەر پراکتیزەکردن و بەکاربردنی ئەو پرەنسیپانە، هەندێ خاڵی هۆشداریدەر و هەڕەشەئامێز و بەرگریکارانەی داناون، کە بەهۆیانەوە باشتر بتوانێ مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆیی بەرەو چاکسازی ئاراستە بکات و ئارامیی و ئاسوودەیی و ئاوەدانیی هەمەلایەنەی بۆ دەستەبەر و دابین بکات. لەو کۆمەڵە یاسایەدا گەلێ جار ئاماژە بە درۆ و دزێویی ئەم ڕەوشتە خراپە دراوە و هەڕەشەی پادافرەی

توندی لێ کراوە، بەڵام سێ تەوەری سەرەکیی هەن کە زۆرتر و توندتر لە بوارەکانی دیکە باسیان لێوە کراوە و ڕێوشوێنی پێشگیریکارانەیان بۆ دانراوە کە ئەوانیش بریتین لە:

- ❖ مانەوەی مرۆڤ بە ڕەبەنیی و خۆ پەراوێزخستن
- ❖ شۆرینی لاشەی مردوو بەبێ هەبوونی زانیاریی و شارەزاییی پێشینە
- ❖ جووتبوونی ژن و پیاوێکی بێگانە بەیەکدی (نامەحرەم) و هەرواش جووتبوون لەگەڵ ژنێکدا کە لە حاڵەتی سووڕی مانگانەدا بێت...

(ئایەت)ەکانی (٥٠) تا (٥٥)ی ڤەندیداد باسی سزای ئەو کەسانە دەکەن کە ڕەبەن ماونەتەوەو ژیانی هاوسەریی پێکناهێنن، ئێمە لێرەدا تەنیا ئایەتەکانی (٥٠) و (٥١) بەنموونە دێنینەوە:

ئایەتی (٥٠): ئەگەر کەسێك لەم جیهانە ماددییەدا بە ئاگایی و ئیرادەی خۆی تاوانی وا بکات (ژیانی هاوبەش پێکنەهێنێت و هەوڵی کارکردن و دابینکردنی ژیانێکی بەختەوەر نەدات)، دەبێ ئێسقانەکانی بە چەقۆی ئاسنین ببڕدرێن، لەوەش زیاتر، ئاوا کەسێك، شیاوی مردنە!

ئایەتی (٥١): هەرکەس لەم جیهانە ماددییەدا بە ئیرادەو ئاگایی خۆیەوە تاوانی وا بکات (ژیانی هاوبەش پێکنەهێنێت و هەوڵی دابینکردنی ژیانێکی بەختەوەر نەدات)، دەبێ هەر چوار پەلی بە کۆت و زنجیری ئاسنین ببەسترێتەوە.. لەوەش زیاتر، ئاوا کەسێك شیاوی مردنیشە!

وردبوونەوە لەم دوو خاڵە یاساییە بۆمانی دەردەخات کە لە ئەدەبیاتی ئایینی مەزدیەسنادا چەندە بایەخ و گرنگیی دراوە بە ژیانی هاوبەش و هەوڵدان بۆ گەشەونەشەی کۆمەڵایەتیی و بەسەرپێی خۆوە وەستان و دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی ژیانێکی خۆش و بەختیار، کاتێك باسی (دابینکردنی ژیان) دەکرێت، مەبەست ئەوەیە هەموو کەسێك وەك تاکێکی کۆمەڵگەی مرۆیی بەسەر پێی خۆیەوە بوەستێت و بتوانێ تاکێکی داهێنەر و بەرهەمهێن بێت و ژیان و ژیار بەرەو پێشەوە بەرێت، نەوەك خۆیشی ببێتە سەرباری

کۆمەڵگە. ئەم دوو ماددەیەی ڤەندیداد سەرهەڵدان و بەگژاچوونەوەیەکی هەمەلایەنەیە دژی تەمبەڵیی و تەنپەروەریی و هەرواش دژی گۆشەگیریی و تەریکیی و لانەواز مانەوەی تاکەکانی کۆمەڵ.

لە بواری پاکوخاوێنی و تەندروستیشەوە بەهەمان شێوە یاسای توندوتیژ ئاراستە کراوە کە لە ئایەتەکانی (٤٩ تا ٥٧)دا باسی دەکات، ئێمە تەنها ئایەتی (٤٩) بەنموونە دێنینەوە:

ئایەتی ٤٩: سزای کەسێك کە بەبێ ئاشنایی و شارەزایی پێشینە و بەبێ ڕاهێنان و فێربوونی وانە و ئەزموونە پێویست و تایبەتییەکانی مردووشۆرین، دەست لەو کارانە بدات و بەنەزانی و ناشارەزایی مردوو بشوات ئەوەیە کە: بە زنجیرێکی ئاسنین ببەسترێتەوە و جلەکانی لەبەر داکەنرێن و بکوژرێت و لاشەکەی بخرێتە بەر لاشەخۆرە هەرەبرسی و دڕەندەکان...!

دیاریکردنی ئەم سزا قورسە، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مردووشۆر دەبێ یاسا و ڕێسای تایبەتی کارەکەی فێربووبێت و هەرواش بەپێی بنەما زانستییەکانی ئەو بوارە بجووڵێتەوە.. زۆرتریش مەبەستی خۆپاراستن بووە لە نەخۆشی، دانەری ئەم سزا قورسە ویستوویەتی بە جۆرێك، پێشگیریی لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان بکات، بۆ نموونە، گەر کەسێك بەهۆی نەخۆشییەکی کوشندەوە مردبێت، دەبێ لەلایەن کەسی شارەزاوە بە جۆرێك بشۆردرێ کە نەبێتە هۆی گواستنەوەی ڤایرۆسی نەخۆشییەکە و بڵاوبوونەوەی لەنێو خەڵکیدا، ئەمەش هەوڵێکی جددی بووە بۆ پاراستنی خەڵکیی لە نەخۆشیی و دەردوئازار و مەترسییەکانی دیکە.

لە ئایینی مەزد یەسنادا داکۆکیی زۆر کراوەتە سەر هاوسەرگیریی و پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش... ژن و پیاو و کوڕ و کچ یەکسان هاندەدرێن بۆ ئەم کارە پیرۆزە؛ ئەویش بەپاراستنی مافی هەڵبژاردنی ئازاد و سەربەستانەی هەردوو ڕەگەزەکە...

سەرەڕای ئەو سزایەی پێشتر لە دوو خاڵدا باسمانکرد، لە ڤەندیداتدا سزایەکی قورسیش بۆ ئەوانەی خیانەت دەکەن و دەچنە لای کەسانێك کە هی

خۆیـان نـین دیـاریکراوە، واتە بـۆ ئەو ژنەی بچێـتە لای پیـاوێکی بێگـانە یـا ئەو پیـاوەی بچێـتە لای ژنێکـی بێگـانەو خیـانەت لە هاوسـەرەکانی خۆیـان بـکەن. لە یاسـا تایبەتەکـانی ئەم بـوارەدا هـاتووە: هاوسـەری خۆتـان هەڵبژێـرن و ئیـدی چاوتان لە (ژن و پیاو)ی خەڵك نەبێت و لەگەڵیان جووت مەبن... ئەگەر ژن یا پیاوێك دوور لە ئادابی هاوسـەرایەتیی، بە پەنهانیی و حەرامیی بچنە لای یەك، بـۆ جـاری یەکەم دەبـێ بە قـامچی لێیـان بـدرێ... بـۆ جـاری دووەم بە شـاردا بیانگێڕن و گەر دەستیان هەڵنەگرت؛ ئەوا پێویستە سزای بەندکردنی تاهەتاییان بەسـەردا بسـەپێنرێت. دیـارە دانـانی ئەم سـزا قورسـە بە مەبەسـتی پاراسـتنی خێزان و ژیانی پاکی هاوسەریی و پێشگیریی بووە لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی. ئەشو زەردەشت گەلێ پێش مێژوو بیری لەو نەخۆشییە کوشندەیە کردۆتەوە کە ئەمـرۆ پێـی دەڵێـین (ئایـدز) و کـۆمەڵگەی مرۆیـی خسـتۆتە مەترسـییەکی مەرگاوییەوە!.

لە (ڤەندیـداد) سـەبارەت بە ڕاگـرتن و پەروەردەکردنـی ئـاژەڵ و گیانـدارە بەسوودەکان یاسا و ڕێسای زۆر دانراون و زۆریش داکۆکیی لێکراوە و بەتایبەتیی زۆرتـر پێویسـتیبوونی ڕاگرتنـی سـەگ وەك پاسـەوان و پـارێزەری ئـاژەڵ دووپاتکراوەتەوە و هەڕەشە لەو کەسانە کراوە کە ئازاری سەگ بدەن، ئەمەش پێشاندەری ئاستی بەرز و پێشکەوتووی بواری ئابووریی ئاژەڵییە و ئاماژەیەکە بە سوودبەخشیی و وەفای سەگ.

لە ئایینی زەردەشتیدا سزای کوشتن بەدەگمەن دەبینرێت و جگە لە چەند کێشـەیەکی زۆر تـایبەت، ئیتـر سـزایەك بەو نـاوە لـە ئـارادا نـیە، بەڵکـو سـزای زۆربەی تاوانەکان یا قامچیلێدان و تەمبێکردن یا سـەندنی جەزا و غەرامەیەکی دیکریکراوە، لە حاڵێکدا زۆرجار مرۆڤی تاوانبار، خۆی داوای سزای تەمبێکردن و قامچیلێدانی کردووە، کەچی دەبینین سزای سـەرەکیی هەمـان غەرامەکـردنەکە زۆر زۆریش بەهەند وەرگیراوە. چەند ئایەتێك لە ڤەندیدا دەهێنینەوە کە باس لە سزادان بەشێوەی غەرامە دەکەن: لە ئایەی ٦٩ی ڤەرگەردی ١٨دا زەردەشت پرسـیار لە ئەهـوورامەزدا دەکـات کە سـزای ئەو کەسـەی بچێـتە لای ژنێـك لە

حـــالّەتی ســــووڕی مانگانەیـــدا، چــۆنە؟ مەزداش لە چەنـــد ئـــایەتی (٦٩،٧٠،٧١،٧٢،٧٣)دا زەردەشت بە سزای ئاواکارێك ئاشنا دەكات:

**ئایەی٦٩:** ئەگەر كەسێك بچێتە لای ژنێك كە لە سووڕی مانگانەدایە و ئاگاداری ئەو دۆخەی ژنەكەش بێـت و سـەرەڕای ئەوەش هەر نزیكـایەتیی لەگەڵ بكات و ئاوی خۆی تێبكات بەوە حوكم دەدرێت كە...

**ئـــایەی ٧٠:** هەزار ئـــاژەڵی بچـــووك (وەك مەڕ) ســـەرببڕێت و بە شـــێوەیەكی شایستە بەشبەشیان بكات و قاچەكانیشیان نزری ئاو بكات...

**ئایەی ٧١:** هەزار (دەرزە) داری وشكهەڵاتووی چاك كۆبكاتەوە و بە هەمان شێوە هەزار (دەرزە) داری تەڕ بە شـێوەی دروســت و شایســتە كۆبكــاتەوە و هەموویان نزری ئاگر بكات...

**ئـایەی ٧٢:** هەزار مـار بكوژێـت و دیسـان دوو هەزاری دیـكەش بكوژێـت، هەزار قربۆغی وشكانی، دوو هەزار قربۆغی نێو ئاو، هەزار مێروولە و دوو هەزار مێروولەی دیكە بكوژێت...

**ئـایەی ٧٣:** سـی داری گەورە كۆبكـاتەوە و بەسـەر ئـاوەوە پردیـان لـێ دروسـت بكات بۆ هاتووچۆی خەڵك... هەزار قامچی لـێ بدرێ بە قامچیی ئەسپ و هەزاری دیكەش بە قامچیی تایبەت...

وەك دەبینـین، ئەو سـزایانەی پێشـتر باسـمان كـردن، بە تـایبەتی سـزای خیـانەت و سـزای ئازارگەیانـدن بە گیانـداران لە ئاڤێسـتا و لە ئـادابی ئـایینی مەزدیەسـنادا گەلـێ قورسـە، گەر بەوردی بـڕوانینە چـۆنیەتیی ئەم سـزایە، سـەرەڕای قورسـییەكەی كە هـیچكەس توانـایی بە ئەنجامگەیانـدنی ئەو هەمـوو كـارەی نـیە، سـێ خـاڵی زۆر گرنـگ و پـڕ بایەخمـان بـۆدەردەكەون، كە دەبـێ هەمیشە لە بەرچاو بگیردرێن:

یەكەم، پەیڕەویكردنی داب و دەستوور و نەریتە چاكە كۆمەڵایەتییەكان.

دووەم، لەنێوبردنی گیاندار و جڕوجانەوەری خراپ و زیانمەند.

سێیەم: دروستكردنی پرد و ڕێگاوبان و ئاوەدانكردنەوەی زیاتری ژینگە.

دووبارەی دەکەمەوە کە ئەنجامدانی هەرکام لەو کارانە بە تەنهاش گەلێ دوورە لە ڕادەی توانایی مرۆڤ، ئەمەش بۆ ئەوەیە مرۆڤ گەر لە ترسی ئەو سزا قورسەش بووە، خۆی لە تاوان و هەڵە بەدوور بگرێت، پاشان دانانی ئەم سزا قورسە بۆ کارێکی ئاوا (تێکەڵبوون لەگەڵ ژن لە حاڵەتی سوڕی مانگانەدا) لە ڕاستیدا سەرنجی وردی ئەشوو زەردەشتمان بۆ دەردەخات لەمەڕ تەندروستیی و ژیانی ئاسوودە و خۆپاراستن لە دەرد و نەخۆشیی... بەدڵنیاییەوە زەردەشت زۆر بیری لە لایەنە پزیشکییەکەش کردۆتەوە و ئاگای لەو نەخۆشییانە هەبووە کە لە ئاوا حاڵەتێکدا تووشی مرۆڤ دەبن و سەرەنجام بڵاودەبنەوە و زۆربەی کۆمەڵگە نەخۆش دەخەن، ئەمە جگە لەو زیانە زۆرەی کە بە مەسەلەی زاوزێ دەگات کە لە هەر حاڵەتێکیاندا زیانەکە ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی مرۆیی دەبێتەوە و ئەمەش مەترسییەکی گەورە و هەڕەشەیەکی جددیە بۆ کۆمەڵگە، دیارە بەختەوەریی مرۆڤ و گەشەکردن و ئاسوودەیی کۆمەڵگەش لە ئەدەبیاتی زەردەشتیدا دوو شتی زۆر مەزن و پیرۆزن کە زۆربەی ڕاهێنانەکانی ئەشوو زەردەشت لە پێناو پاراستن و پەرەپێدانی ئەواندا بووە. هەر ئەمەشە وای کردووە سزایەکی قورسی لەو جۆرە بۆ چەند حاڵەتێك دیاری بکرێت و ئەمەش تەنها و تەنها بە مەبەستی پاراستن و دابینکردنی بەرژەوەندیی گشتیی و دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئاسوودە و تەندروست و بەختەوەرانەیە بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی، چونکە هەروەك پێشتر گوتمان، لەو سەردەمەدا ئاستی ئەقڵمەندیی مرۆڤ نەگەیشتۆتە ڕادەی فراژوویی (تەکامڵ) و نەیتوانیوە ژیانی خۆیی و کۆمەڵگە بەرەو سەقامگیریی و ڕووناکایی ئاراستە بکات، هەر بۆیە پێویستبووە یاسایەك دابنرێت و بەهۆی ئەو یاسایە و چەند جۆرە سزایەکی یاساییەوە، ژیان و کۆمەڵگەی مرۆیی پابەندی یاسا بکرێت، تا بگاتە تەبایی و ئارامیی و ئاسوودەیی.

ژیانێکی بەختیار و بەختەوەریش، تەنها لە کۆمەڵگەیەکی ئارام و سەقامگرتووی پێشکەوتوودا دابین و دەستەبەر دەبێت، کۆمەڵگەیەکی ئارام و پێشکەوتووش دەتوانێ تاکی چالاك و داهێنەر و بەئاوەز و لۆژیك و ڕوانگەی

ڕۆشن و تەندروست پەروەردە بکات و مرۆڤی چالاك و داهێنەر و بەئاوەز و لۆژیك و ڕوانگەی ڕۆشن و تەندروستیشە کە دەتوانێ ژینگە و ژیار پێشبخات و کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندوو بنیات بنێت.. ئەمەیە دیدگا و جیهانبینیی تاکی ئەندامی کۆمەڵگەی دێرینی ئاریی و پەیامبەرە هێژاکەی، ئەشوو زەردەشتیی ڤەخشوەرە؛ جیهانبینییەك، ئێستای مرۆڤایەتیی لەسەر بنیات نراوە و داهاتووی هەموو گێتی و مرۆڤەکانیشی ئاراستە دەکات.

## دابو دەستووری ئەسپەردەکردن لای هەخامەنشییەکان:...



زۆربەی بۆچوونەکـــان لەســـەر ئەوە کـــۆکن کە (هەخامەنشـــی)یەکان زەردەشتیی بوون و هەندێکیش پێچەوانەی ئەو بیروبۆچوونانە دەوەستنەوە کە گـوایە ئەوان پەیـڕەوی ئـایینی زەردەشـت نەبـوون، یەکێـك لەو بەڵگـانەی کە داکۆکیکـارانی بیـروڕای دووەم پشـتی پێدەبەسـتن، ناشـتنی مردووەکـانە، گوایە ئێرانییەکـانی سـەردەمی هەخامەنشـیی مـردووی خۆیـان لە گـۆڕدا ناشـتووە، لەحاڵێکـدا دینـی زەردەشـتیی برەوێکـی ئێجگـار زۆری هەبـووە و پاشـای هەخامەنشـیش پەیڕەویـی لێکـردووە و ئەمەش کاتێـك زۆرتـر دەردەکەوێ کە سـەرنجی بەردەنووسـەکانی (تەختـی جەمشـید) بـدەین، هەروەهـا قسـە و ئاخاوتنەکـانی خـودی داریوشـیش ئەم ڕاسـتییە دەسـەلمێنێت. لەمەڕ ناشـتی مردووەکـانیش، دەبـێ ئەوە ڕوون بکەیـنەوە کە لە سـەرەتاکانی سـەرهەڵدانی

ئاینی زەردەشتییەوە تا ماوەیەکی زۆر دواتریش، دابونەریتی گۆڕهەڵکەندن و ناشتنی مردوو باو بووە، دروستکردنی (دەخمە) و دانانی لاشەی مردوو تێیدا و کارە پەیوەندیدارەکانی دیکەی ئەم بوارە، دواتر لەلایەن موغە زەردەشتییەکانەوە داهێنرا و بوو بە نەریتێك کە تا ئەمڕۆکەش بەردەوامە، دیارە موغەکانیش بەپێی دەستووورە دینییەکانی ئاینی مەزدیەسنا بیریان لە باشترین شێواز کردۆتەوە کە تێیدا هەم ڕێز لە مردووەکە دەگیرێت و هەم خاك پیس ناکرێت و هەم زەوییش داگیر ناکرێت، ئێستاشی لەگەڵدا بێت (دەخمە) چاکترین شێوازە بۆ پاراستنی مرۆڤ و ژینگەش لە هەرچەشنە نەخۆشیی و چەپەڵیی و بۆ بەفیڕۆنەچوونی زەویی و خاکیش، کە یەکێکە لە توخمە سەرەکیی و پیرۆزەکان و یەکێکە لە سەرەکیترین پێداویستییەکانی بەردەوامیی ژیانی مرۆڤ.

لە سەرتاسەری ئیمپراتۆرییەتی هەخامەنشیدا گۆڕی زۆر دۆزراونەتەوە کە پێشاندەری دابودەستووری ناشتنی تەرمی مردوون، گەرچی هەندێ جیاوازیی لە شوێن و ناوچە جیاجیاکانی ئەم ئیمپراتۆرییەتەدا دەبینرێن، بۆ نموونە لە زۆر شوێنی ژێر دەسەڵاتی شاهەنشاییی هەخامەنشیدا باو بووە، مردوو هەر لە ماڵەکەی خۆیدا بنێژرێت، ئەم نەریتە لە (میزۆپۆتامیا و سووریا و فەلەستین)یشدا باو بووە، لە پاڵ دیوارەکەدا خاکی نێو خانووەکەیان هەڵدەکۆڵی و مردووەکەیان تێدا دەناشت. لە هەندێ شوێندا لە جیاتی نێوەوەی خانووەکە، خاکی حەوشەیان هەڵکەندووە و ناشتنی ناو ژوورەکان زۆرتر تایبەت بووە بە دەوڵەمەندەکانی ئەو سەردەمە. شێوازێکی سادە هەبووە بۆ مردووناشتن کە لە (کفن)یان پێچاوە و پاشان لە گۆڕیان ناوە، بەڵام زۆربەی جار و بەتایبەت لای دەسترۆیشتووەکان ئەم کارە نەکراوە، بەڵکو مردووەکەیان خستووەتە نێو گۆزەیەکی گەورەی (گڵین) و پاشان خستویانەتە نێو چاڵێکەوە، دیارە ئەمیش چەندین شێوازی لەخۆ گرتووە کە بەپێی جەستە یان ڕاژەی هەژاریی و دەوڵەمەندیی مردووەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی گۆڕاوە، بۆ نموونە هەندێجار (کەنوو)ی سەرئاوەڵا و هەندێ جاریش شکاویان بەکارهێناوە و بۆ منداڵانیش زۆرتر تەشت و لەگەن و گۆزەی بچووکتر

بەکارهاتووە. بەڵام کەسانی دەوڵەمەند و دەسڕۆیشتوو توانیویانە داوای تابووت بۆ خۆیان بکەن یا بە دروستکردنی بدەن، ئەم تابووتانەش هەر لە گڵ بووە بە سەرێکی داریـن (تەختەیـی)یەوە. ئەم تابووتـانە لەلای سـەرەوە بە شـێوەی بازنـەیی و لەلای خـوارەوەش شـێوەی سێگۆشـەیی دروسـت کـراون. هەڵـبەت تابووتی زۆر لەوانیش گرانبەهای دیکە لە (مس) بەڵام؛ بەهەمان شکڵ و شێواز دروسـت کـراون کە دوو نموونەیـان لـێ دۆزراوەتەوە و بەهـۆی کەلـوپەلی نێوەوەشـیان دەرکەوتـووە کە هـی سـەردەمی هەخامەنشـیی بـوون. لەنێـو یەکێکیاندا تابووتێکی بچکۆلەتر هەبووە کە بە دار و بەهەمان شێوازی تابووتە مسینەکە دروست کراوە، تابووتە مسینەکە بە وێنەی برۆنزیی ڕازاوەتەوە کە تێیاندا وێنەی گوڵ و ئاژەڵ هەڵکەنراوە کە جوانییەکی بەرچاوی داوەتە شکڵی تـابووتەکە. چەنـد تـابووتێکیش هەر بەهەمـان شـکڵ و شـێوە لە زێـوێ و (شـووش)دا دۆزراونەتەوە. بەڵام لە نزیکـی تەختـی جەمشـیددا گۆڕسـتانێك دۆزراوەتەوە زۆر جیـاواز و تایبەتمەنـد، ئەو تابووتـانەی لەم گۆڕسـتانەدا دەرهێنـراون، هەموویـان لە (گڵێنـە) دروسـت کـراون و بەشـی خوارەوەیـان بازنـەییە و لەبەشـی سـەرەوەش بچـووکترە، سـەری تابووتەکـانیش هەر لە (گڵێنـە)ن. دێرینەناسـان لـەو بـاوەڕەدان کە ئەم گۆڕسـتانە بەتـایبەتی لە کۆتاییەکانی سەردەمی هەخامەنشیی و هەروەها لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا کەڵکی لێ وەرگیراوە. لەو گۆڕستانەی لە شووش دۆزراوەتەوە، چەند ئافرەت پێکەوە و لەپاڵ یەکدا نێژراون، کە هەندێ کەلوپەلی ژنانەی وەك: ملوانکە و دەسبەن و گوارە بینراون، کە لە مرواری دروست کراون و ئەمەش دەریدەخات کە گۆڕەکان هی خەڵکی دەوڵەمەند بووبن، لە هەندێ گۆڕی دیکەشدا دەرزیی جلوبەرگ و ئەنگوستیلە و هەندێجاریش مۆر لە پاڵ لاشەکەدا دۆزراونەتەوە کە ئەمانیش پێشاندەری ئەوەن ئەو گۆڕانە گۆڕی سادە و ساکارتر و هیی خەڵکیی هەژارتر بوون.

## ڤالانتاین یا سپەندارمەز
## (ڕۆژی خۆشەویستیی لای ئارییەکان).



ڕۆژی خۆشەویستیی لای ئارییەکان گەلێ پێش ڕۆمانییەکانە، مێژووی دیاریکردنی ئەم ڕۆژە لای ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ (سێ سەدە پاش زایین/ سەدەی سێیەمی زایینی) لەحاڵێکدا لای ئارییەکان دەگەڕێتەوە بۆ (بیست سەدەی پێش زایین) واتە ئێمە بیست وسێ سەدە پێش ئەوان ڕۆژێکمان بۆ ئەشق و خۆشەویستیی دیاریکردووە و ڕێزمان لە خۆشەویستیی ناوە، ڕۆژی خۆشەویستیی بە پێی ڕۆژژمێری ئەمڕۆ هەمان ڕۆژی (٢٩)ی ڕێبەندان (بەهمەن)ە کە ناوی (سپەندارمەزگان یا ئەسفەندارمەزگان)ی لێ نراوە و (سێ ڕۆژ دوای ئەو ڕۆژە دێت کە ئەوروپییەکان بە (ڤالانتاین) ناوی دەبەن. لە ئێرانی

دێریندا مانگەکان ناوی تایبەتییان هەبووە و هەموو مانگێکیش (سی) ڕۆژ بووە، جگە لە مانگەکان، ڕۆژەکانیش ناوی تایبەتیی خۆیان بۆ دانراوە، بۆ نموونە ڕۆژی یەکەم (ئاهوورامەزدا) و ڕۆژی دووەم (بەهمەن/ڤەهوومەن) بووە بەواتای تەندروستیی ئەندێشە، کە یەکەمین سیفەتی خواوەندە، ڕۆژی سێیەم (ئوردیبەهەشت)ە، بە واتای باشترین ڕاستیی و پاکیی کە ئەویش یەك لە سیفەتەکانی یەزدانە، ڕۆژی چوارەم (شەهریوەر)ە بە واتای پاشایی و فەرمانڕەوایی ئارمانیی کە تایبەتە بە یەزدان، ڕۆژی پێنجەم (سپەندارمەز) بووە کە نازناوی (زەویی)یە و بە واتای (پەرەپێدەر، پیرۆز، ساکار و خاکەسار) هاتووە. { لە بابەتەکانی ترمدا بە دوورودرێژی باسی ڕۆژ و مانگ و ساڵ و بۆنەکانیانم کردووەو پێویست نیە لێرەشدا زۆرتر لەسەریان بڕۆم}.

زەمین لای ئێمە و لە مێژووی مێژینەماندا بۆتە سیمبۆلی عەشق، چونکە زەویی بەوپەڕی خاکەساریی و ساکاریی و لێبوردن و بەبێ فەرق و جیاوازیی، خۆشەویستیی و بەرەکەتی خۆی دەبەخشێتە هەموان، زەویی بەیەك چاو سەیری جوان و ناشیرین دەکات و وەك دایکێکی دڵسۆز هەموان لە ئامێزی پڕ میهر و بەرەکەتی خۆیدا کۆدەکاتەوە، زەویی سەرچاوەی چاکیی و پاکیی و خۆشەویستیی و دڵنەرمیی و ئامێزی گەرمە و هەربۆیەش لە ئێرانی کەونارادا ڕۆژی سپەندارمەز کە هەمان ڕۆژی زەمینە بە ڕۆژی عەشق و خۆشەویستیی ناودێر کراوە. هەموو مانگێك ڕۆژێکی تێدایە کە ناوی لەگەڵ ناوی هەمان مانگدا یەك دەگرێتەوە، ئەو ڕۆژانە لە کولتووری ئارییەکاندا بە پیرۆز دادەنرێن و دەکرێنە جەژن، بۆ نموونە ڕۆژی شازدەهەمی مانگ (میهر)ی ناوە، بۆیە لە مانگی (میهر/ ڕەزبەر)دا کە دەکاتە یەکەم مانگی وەرزی پاییز، جەژنی (میهرەگان) بەرپا دەبوو، بۆ ڕێزلێنانی یەکبوونی ناوی ڕۆژ و مانگ و بۆ پیرۆز ڕاگرتنی ئەو ڕۆژە. هەروا تا دەگەینە ڕۆژی سپەندارمەز، ڕۆژی پێنجەمی هەموو مانگێك بە ڕۆژی (سپەندارمەز) ناونراوە و دوازدەهەمین مانگی ساڵیش (سپەندارمەز/ ئیسفەند/ ڕەشەمێ) هەمان ناوی هەیە بۆیە کۆتایی مانگی

ڕێبەندان و سەرەتای مانگی ڕەشەمە دەکرایە جەژنێکی مەزن و پڕشکۆ کە تێیدا ڕێـــز لە خۆشەویســـتیی و لێبـــوردەیی و دڵنەرمیـــی دەنـــرا و بـــۆ پیرۆزتـــر و گشـــتگیرترکردنی ڕۆژەکەش، ئەو جەژنە تـــایبەت کـــراوە بە عەشـــق و خۆشەویستیی. سپەندارمەزگان جەژنی زەمین و پیرۆزکردنی عەشق بوو، چونکە هەردووکیان لەپاڵ یەکدیدا واتای تەواویان بەخشیوە. لەو ڕۆژەدا ژنان بە خۆشەویستییەوە دیارییان پێشکەشی مێردەکانیان کردووە و پیاوانیش ژنان و کچەکانیان لەسەر تەختی پاشایەتی و حوکمڕانی دانا وە و دیاریی شایانیان پێبەخشیون و کەوتونەتە ژێر حوکم و فەرمانی ئەوانەوە و بەم جۆرە ئاڵوگۆڕی عەشق و خۆشەویستیی و میهر و دڵنەرمیی کراوە. لەو ڕۆژەدا کچ و کوڕ و ژن و پیاو پێکەوە و لەگەڵ یەك و بۆ یەك ژیاون و خۆشی و شادمانی و بەختەوەریی مرۆڤانەیان بەخشیوەتە یەکدی و ژیانیان پڕ کردووە لە شادمانیی و کامەرانیی و بەختیاریی و بە دیاریی عەشق و خۆشەویستیی بۆ یەکدیی ژیانیان ڕەنگینتر و شیرینتر کردووە. کچ و کوڕی عاشق لەو ڕۆژەدا پێکگەیشتون و چوونەتە نێو قەفەسی زێـڕینەوەو ژیانێکی هاوبەشی عاشقانەیان دەسپێکردووە، کوڕوکچ بەبێ ترسی داپڵۆساندنیان لەلایەن برا و باوکەوە، بە ئازادیی و سەربەستیی بەڵام بەوپەڕی پاکیی و سەربەرزییەوە پەیمانی خۆشەویستییان بەیەکتر داوە و بناغەی ئایندەیەکی گەشیان بۆ ژیانی خۆیان و پەرەپێدانی کۆمەڵگەیەکی بەختیار دامەزراندووە، ئەمەش ئەوپەڕی ئازادی و تێگەیشتن و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کۆنی ئاریایی پێشان دەدات و ئەوەش دەسەلمێنێت کە ئێمە، هەروەك چۆن پێشەنگی گەلانی دیکە بووین بۆ بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانێکی بەختیار، ئاواش پێشەنگ و مامۆستای مرۆڤایەتیی بووین بۆ بەخشینی خۆشەویستیی و میهرەبانیی بە مرۆڤ و بۆ پێکەوەنانی ژیانی خۆشەویستانەی هاوبەش و شادمان. بەڵێ ڕۆژی عەشق لای ئەوروپییەکان (٣) ڕۆژ پێش ئێمەیە واتە دەکەوێتە (٢٦)ی ڕێبەندان؛ بەڵام لای ئێمە (٢٣) سەدە پێش ئەوانە، کات و سـەردەمانێك کە مرۆڤایەتی نە سەقامگیر بووە و نە شارەزای گرۆگاڵی

مرۆڤانەش بووە، ئێمە لەو سەردەمەدا عەشق و خۆشەویستیمان بە ژیان و بە هەموان بەخشیوە، بۆیە من پێموایە باشترین کارێك کە بمانەوێ بیکەین، ئەوەیە کە ئەم ڕۆژە پیرۆزە بگەڕێنینەوە بۆ کاتە ڕەسەنەکەی خۆی و لەمەودوا ڕۆژی عەشق بکەینەوە بەهەمان ڕۆژو هەمان جەژنی پیرۆزو دێرین و ڕەسەنی سپەندارمەز لە ٢٩ی ڕێبەندانی هەموو ساڵێکی کوردیدا. چونکە ئەمە هۆکارێکە بۆ گەڕانەوەمان بۆ سەر بنچینە ڕەسەنەکانمان تا بتوانین ئایندەیەکی جوانتر و گەشتر بۆ خۆمان بنیات بنێین، دەبێ ئەوە بزانین ئەو شتەی کە بۆ نەوەکانی دواڕۆژ گرنگ و پڕبایەخە، ڕاژەی کەم و زۆریی خەڵکی نیە، بەڵکو ئەو نرخ و بایەخ و بەشەیە کە میللەتێك لە ئەرشیڤی ڕۆشنبیریی و شارستانیەتی جیهاندا هەیەتی و دەیپارێزێت و گەشەی پێدەدات.

## نوێژ و ڕۆژوو له ئایینی (زەردەشتی)دا:...



### نوێژ:...

ئایینی زەردەشت، بە پێشینەیەکی پتر لە چوارهەزار ساڵەوە، یەکێکە لە کۆنترین دینەکانی مێژووی مرۆڤایەتیی. وەك دینێکی ئاسمانییش زۆر داکۆکیی دەکاتە سەر هەندێ لە پرەنسیپەکانی ئایینمەندی کە نوێژ یەکێکیانە، پەرستنی ئەهوورامەزدا وەك تاقانە خواوەند و خولقێنەری ژیار و ژیان، پشتپێبەستنی و یارمەتیخواستن لێی بۆ دابینکردنی ژیانێکی چاك و پاك و پارێزکارانە زۆرتر لە نوێژەکاندا بەرجەستە دەبێتەوە، ئایینی زەردەشتی شوناسێکی زۆرتر ئەخلاقیی هەیە و پەروەردەکردن و گەشەپێدانی پرەنسیپە ئەخلاقییەکان، لە ئەدەبیاتی

ئەم ئـايينەدا ڕۆڵێکـی بەرچـاو لە ژيـانی تاکـدا دەگێڕێـت، هەربـۆيە سـێ بنەمـای سەرەکيی (بيری چاك و زمانی چاك و کرداری چاك) بەشێکی هەرە بنەڕەتین لە پێکهاتەی ئەم دينەدا.

پەرستنی ئەهوورامەزدا بەهۆی چەند ڕەمزێکەوەيە کە بەرجەستەترينيان هەمـان ئەنجامـدانی نـوێژو ڕازونيـازە لە ئاسـتانەيی و لە حوزووريـدا، بە بـڕوای زەردەشتييەکان، گرنگيی نوێژ بۆ بەخشينی گوناهەکان نيە، بەڵکو بەرچاوترين سوود و حيکمەتەکانی، بريتين لە يادی خواوەند و بەکردەييکردنی دابودەستووره دينييەکـان و گەشـەدانە بە ڕاسـتيی و بنياتنـان و کـارو چـالاکيی مرۆڤـانە و سەرەنجام گەيشتنە بە بيرو زمان و کرداری چاك، چونکە زەردەشتييگەری بە کـردەوەيە نەك بە قسـە. نـوێژ جـۆرە جەژنێکـی دينييـيە و هەمـوو جەژنێکـيش بەبڕوای زەردەشتييەکان بۆ ستايش و ڕازونيازە لەگەڵ پەروەردگاردا و نوێژيش وەك جەژنێکـی تـايبەت و هەميشـەيی، ڕەسـميترين و ڕەسـەنترين ڕێگـای پەيوەنديی و نزيکبوونەوەيە لە خواوەند و ڕێگايەکی نزيکە بۆ سوپاس و پێزانينی ئەو هەموو بەخششە ئەهوورايیەی کە لە خزمەتی بەختەوەريی مرۆڤدايە، بۆيە زەردەشـتييەکان بەوپەڕی عەشـق و خۆشەويسـتييەوە و بەوپەڕی پـاکيی ڕۆح و بيروبڕوايانەوە لە ڕۆژێکدا پێنج جار ڕوو لە خواوەند دەکەن و خەريکی ستايشی دەبن و پاشان ستايشی ئافەريدە چاك و پيرۆزەکانيشی دەکەن.

پێويسـتە بڵـێم کە نـوێژی زەردەشـتيی مێژينەيەکـی (٣٧٧٨) سـاڵەی هەيە و کۆنترين دابـی ئـايينيی تايبەت بە دينـی مەزديەسـنايە و لە هـيچ ديـن و ئـايينێکی ديکە وەرنەگيراوە، بەڵکو سەرجەم دينەکانی ديکە لە زەردەشتيان وەرگرتووە.

نوێژ لای زەردەشتييەکان مەراسيمێکی تايبەتە کە دەکرێ لێرەدا بەکورتی ئاماژەی پێبکەم:

لای زەردەشـتييەکان (٢٤) کـاتژمێری شـەوانەڕۆژ دابەش دەبێـتە سـەر (٥) کـات کە (گـاه)ی پێـدەڵێن، (ئێسـتاش ئەم وشـەيە بەتـايبەتی لە هەورامانـدا بـۆ کاتەکـان بە کـاردەبرێ: وێرەگـا.. چاشـتنگا.. خرۆزگـا و....، کە هەرکاميـان پێشـاندەری کـاتێکی ديـاريکراوی شـەوانەڕۆژين. هەر (گـاه)ێکيش نـوێژو نـزای

تایبەت بەخۆی هەیە، واتە زەردەشتییەکان لە پێش مێژووەوە لە شەو و ڕۆژێکدا پێنج نوێژیان هەبووە؛ بە پێنج کات و ناو و بۆنەی دیاریکراوەوە (ئەوەی کە دواتر ئیسلام وەریگرتووەو...!)، ئەو (گا)هانەش بریتین لە:

- ❖ نوێژی (گاه)ی هاوەن،/ هاوەنی، هاوەنگاه (بەرەبەیان، سەرەتاکانی هەڵاتنی هەتاو تا نزیك نیوەڕۆ/ لە نوێژی بەیانی)، تێیدا دەوترێت:

"من ڕێز و پەسن و ستایشی خۆم ئاراستەی فریشتەی پاسەوانی بەرەبەیانی پاك و بەدیهێنی (هاوەنی) دەکەم.. من ڕێز و پەسن و ستایشی خۆم ئاراستەی ئەو سەروەرە خۆشەویستەی (وەیسیە/ گوند) دەکەم کە پاك و چاك و ئەفرێنەرە.. من هەمیشە و لە هەموو حاڵەتێکدا ستایشی ئەهوورامەزدا، پەروەردگاری تاقانە دەکەم."

- ❖ نوێژی (گاه)ی ڕەپیتڤەن، ڕەپیتڤەنگا (نیوەڕۆ، تا سێ کاتژمێر دواتر/ نوێژی نیوەڕۆ)، کە تییدا دەگوترێت:

"من ڕێز و پەسن و ستایشی خۆم ئاراستەی فریشتەی پاسەوانی نیوەڕۆ/ ڕەپیڤەن دەکەم.. من ڕێز و پەسن و ستایشی خۆم ئاراستەی ئەو سەروەرە خۆشەویستەی (زەنتو/ شار) دەکەم کە چاك و پاك و ئەفرێنەرە.. من هەموو کات و لە هەر حاڵەتێکدا ستایشی پەروەردگاری تاقانە، ئەهوورامەزدا دەکەم"

- ❖ نوێژی (گاه)ی ئوزەیرەن، ئوزەیرەنگا (دوانیوەڕۆ، سێ کاتژمێر پاش نوێژی نیوەڕۆ تا نزیك ئاوابوونی هەتاو/ نوێژی عەسر) تێیدا دەوترێت:

" من ڕێز و پەسن و ستایشی خۆم ئاراستەی فریشتەی پاسەوانی دوانیوەڕۆی پاك (ئوزەئەیریەن) دەکەم.. من ڕێز و پەسن و ستایشی خۆم ئاراستەی ئەو سەروەرە خۆشەویستەی (دەخیوم/ وڵات) دەکەم کە چاك و پاك و ئەفرێنەرە.. من هەمیشە و لە هەر حاڵەتێکدا ستایشی پەروەردگاری تاقانە، ئەهوورامەزدا دەکەم."

- ❖ نوێژی (گاه)ی ئەئیویسەرێمە/ ئەئیویسەرێمەگاه ( کاتی ئاوابوونی هەتاو تا نیوەشەو/ نوێژی مەغریب)، تێیدا دەوترێت:

" من ڕێزو پەسن و ستایشی خۆم ئاراستەی فریشتەی پاسەوانی شەو (ئەئیویسەرێمە)ی پاك دەكەم.. من ڕێزو پەسن و ستایشی خۆم ئاراستەی سەرجەم پەیڕەوانی ڕێگای ئەشوویی زەردەشت و سەروەری سەرجەم (ئەشوو)ییەكان دەكەم.. من هەردەم و لە هەر دۆخێكدا ستایشی یەزدانی تاقانە، ئەهوورامەزدا دەكەم."

❖ نوێژی (گاه)ی ئوشەهینە/ ئوشەهینەگاه (پاش نیوەشەو تا هەڵاتنی هەتاو/ نوێژی عیشا) تێیدا دەوترێت:

" من ڕێزو پەسن و ستایشی خۆم ئاراستەی فریشتەی پاسەوانی دەمبەیان (ئەوشەهینە)ی پاك دەكەم.. من ڕێزو پەسن و ستایشی خۆم ئاراستەی ئەو سەرەوەرە خۆشەویستە (نەمانە/ ماڵ) دەكەم كە چاك و پاك و ئەفرێنەرە.. من هەمیشە و هەردەم ستایشی پەروەردگاری تاقانە، ئەهوورامەزدا دەكەم."

سەرەتای دمەزراندنی نوێژی زەردەشتیی، زۆرتر بەم پەیڤانەوە دەسپێدەكات:

"بەناوی یەزدانی بەخشەندە و میهرەبان..

بۆ خوشنودیی (شادی و ڕەزامەندی)ی ئەهوورامەزدا..

بڕوام بە دینی مەزدا پەرستیی هەیە و بەوەش كە زەردەشت پەیامبەریەتی.. پەیڕەویی ڕاهێنانە ئەهوورایییەكانم كە دوورە لە درۆ و دوانەپەرستی.. من مەزدا پەرست و زەردەشتیم و تەنها ئەهوورامەزدا بە شایانی ستایش و پەرستن دەزانم..."

دوای خوێندنی نوێژی تایبەتی (گاه)، زەردەشتییەكان نوێژی (سرووش واج و كوشتیی و ستایشی یەزدان و تەندروستیی و بەرەكەت) ئەنجام دەدەن، شیاوی ئاماژەیە كە بێجگە لە دەقی نوێژی (سرووش واج) بەشەكانی دیكە لە (پازەند) وەرگیراون، كە شرۆڤەیەكی تەسەل ئاڤێستایە و لەسەردەمی ساسانییەكاندا دانراوە. ئەم نوێژانەی ئاماژەم پێكردن هەمان ئەو نوێژانەن كە دواتر ئیسلام وەریگرتوون و بەناوی(نوێژی سوننەت) بۆ موسوڵمانەكان

ماونەتەوە، ئێستاش چەند بڕگەیەك لە نوێژی تایبەتی ستایشی یەزدان دەهێنێتەوە کە هەمیشە دوابەدوای نوێژی (گاه) ئەنجام دەدرێت:

" ئەی ئەهووورامەزدای پیرۆز، یارمەتیم بدە.. من مەزدا دەپەرەستم.. پەیڕەوی زەردەشت و خوازیاری ئاوەزی چاکم.. من خۆم بە پەیڕەوی ڕاستیی و پشتیوانیی هەمیشەیی ئەم ئایینە پیرۆزە دەزانم و پەیمان دەدەم هەموو هێز و توانایی خۆم لە ڕێبازی بیری چاك و زمانی چاك و کرداری چاکدا بخەمەگەڕ.. من بڕوای تەواوم بە دینی هێژای مەزداپەرستیی هەیە، کە دوورخەرەوەی جەنگ و ناتەبایی و دوژمنایەتی و ڕق و کینەیە و پارێزەری تەبایی و ئاشتیی و دۆستایەتیی بەردەوام و ڕاستەقینەیە.. بڕوام بەوە هەیە، کە وەك چۆن خواوەند ڕاست و پاك و دادپەروەرە، هەر ئاواش دەبێ پێشەوای دنیایی لەبەر ڕاستیی و دروستیی و دادگەریـیەکەی هەڵبژێردرێت و پەیڕەوی بکرێت.. هەر کاتێك درۆپەرستان بە ڕق و کینەوە هەڕەشەم لێ دەکەن، تەنها تۆ، ئەی پەروەردگاری دانا، فریام دەکەویت، تەنها ئەو هێزە ئاهوورایيە کە تۆ بە هۆی بیری چاك و زمان و کرداری چاکەوە پێت بەخشیوم و هەر ئەو ڕاستیی و یاسا ئەشایيەیە کە ڕزگارم دەکەن.. ئەی ئەهوورامەزدا یارمەتیم بدە.. ئەو تەندروستییە ڕۆحیی و جەستەییەم پێ ببەخشە کە لە حیکمەتی خیلقەتی پیرۆزی تۆدا بۆ سەرکەوتن بەسەر خراپییەکاندا دیاریکراوە و ڕاستیی و دروستیی و بەختەوەریی ژیانمان پێدەبەخشێت..."

پاشان نوێژەکە دەسپێدەکات؛ کە دەبێتە دوو بەش: لەبەشی یەکەمدا ستایشی ئیزەد/ فریشتەی تایبەت و خاوەنی ئەو (گاه)ە دەکرێت و لەبەشی دووەمیشدا هاوتا دنیاییەکەی، ئەمەش پێشاندەری لایەنی (دین و دنیا)ییە کە لە ئەدەبیاتی زەردەشتییدا هەردووکیان دەبێ بەتەواوەتی وەك یەك و نزیك لە یەك و هەروەها پاك و چاك و ڕاست و دروست بن.

دیارە زەردەشتییەکان، نوێژەکانیان بە زمانی ئاڤێستایی دەخوێنن و بەرەو (هەتاو.. مانگ یا ئاگر و یان هەر ڕووناکاییەکی دیکە نوێژ دەکەن، ئەویش

چـونکە: یەکەم، بڕوایـان وایە کە خواوەنـد شـوێنێکی تـایبەتی نـیە و لە هەمـوو شوێنێکدایە. دووەم، ئەو ڕووناکییانە ڕەمز و سیمبۆلێکن لە (نووری هەقیقەت) و بەشێکن لە خودی یەزدان و نزیکترن لە لایەنی ڕۆحیی و مەعنەویی.

نوێژی زەردەشتیی بە سێ شێوە ئەنجام دەدرێ:

نوێژکردن بە دەنگی بەرز

نوێژکردن بە شێوەی کرکە/ واج (زەمزەمە)

نـوێژکردن بە شـێوەی زیکـری ڕۆحیـی (ئەندێشـەیی) بەبـێ ئەوەی هـیچ دەنگێـگ ببیسـترێ، هەر کـام لەم شـێوازانەش تایبەتمەنـدیی خـۆی هەیە: ئەو ستایشـانەی کە بەزمـانی ئاڤێسـتایین، دەبـێ بە دەنگـی بەرز بگـوترێن.. بەشـە هەڵبژێردراوەکـانی (پازەنـد) بە کـرکە و دیـکەی ستایشـەکانیش هەر لەدڵـدا و بە هـۆی ئەندێشـەو (بیرکـردنەوە)وە ئەنجـام دەدرێـن. دەکـرێ هەم بە پێـوە بە ڕاوەسـتاوی و هەم بە دانیشـتنیش نوێژەکـان بکـرێن بەڵام ئەو بەشـانەی کە بەدەنگی بەرز دەگوترێن، دەبێ هەر بە ڕاوەستاوی بگوترێنەوە.

سـەرەڕای ئەمـانەش، نـوێژی زەردەشـتیی هەنـدێ تایبەتمەنـدیی دیـکەی هەن؛ وەك: ١ــ پاکوخـاوێنبوونی جەسـتە ٢ــ پاکوخـاوێنبوونی جلـوبەرگ ٣ــ لەبەرکردنی (سەدرە و کوستی/کوشتی) ٤ــ شوشتنی دەستەکان لە ئانیشکەوە تـا سـەر پەنجەکـان و دەموچاویش لە پشـتەوەی گـوێ تـا خـوار چەنـاگە و تەوقـی سـەریش و پێیـەکانیش لە پەنجەکـانەوە تـا قـولەپێ، هەرکـامیش سـێ جـار ٥ــ پاکوخـاوێنبوونی شـوێنی نـوێژ ٦ــ شـوێنی نـوێژ داگیرنەکرابێت و مـافی کەسـی پێوە نەبێت.

پێویسـتە ئەوە ڕوونـبکەمەوە کە لەم سـەردەمەی ئێسـتاماندا زۆرتـر (مۆبـد)ەکان ئەو نـوێژانە دەکەن و زەردەشـتییەکانی دیـکە تەنهـا نزاکـان (لە بەرەبەیـان و ئێوارانـدا) بەڕێـوەدەبەن، ئەمە بـۆ نـوێژی تاکەکەسـی، بەڵام لە نوێژەکانی (جەماعەت)دا کە زۆرتر لە بۆنەکان و لەسەر مەزارگە و پەرستگە و شوێنە پیرۆزەکاندا ئەنجام دەدرێت، شێوازەکە جیاوازە:

- ❖ مۆبد بەشێکی ئاڤێستا دەخوێنێتەوە و ئەوانی دیکە بە دوایدا و بە دەنگی بەرز دەیڵێنەوە.
- ❖ دەستەیەك پێکەوە و بە دەنگی بەرز بەشێك لە ئاڤێستا بۆ خۆیان دەخوێننەوە.
- ❖ چەند مۆبد پێکەوە ئاڤێستا دەخوێننەوەو ئەوانیدی گوێدەگرن و بێدەنگ و لە دڵی خۆیاندا یا بە کرکە دووبارەی دەکەنەوە. (ئەمەشیان هەر ئیسلام وەریگرتووە و پەیڕەویی لێکردووە و ئەوەتا دەبینین لە نوێژی جەماعەتدا پێشنوێژ(ئیمام) ئایەتێك دەخوێنێت و ئەوانی دیکەیش بە دوایدا دەیڵێنەوەو)!...

## ڕۆژوو:...

لەمەڕ ڕۆژوو لە ئایینی زەردەشتیدا دەبێ بڵێم: ڕۆژووگرتن بەو شێوازە نیە کە لە ئیسلامدا هاتووە، واتە دەمداخستن و نەخواردنی ئاو و خۆراك کە شتێکی ناپەسەندە، چونکە لە ڕوانگەی زەردەشتەوە دەبێتە هۆی سستبوونی جەستە و لاوازیی و نەمانی توانایی بۆ کاروچالاکیی ڕۆژانە، ئەمەش؛ واتە کارنەکردن و تەمبەڵی لەم ئایینە مرۆییەدا بە توندی سەرکۆنە دەکرێت، لە بڕگەی (٣٣)ی فەرگەردی (٣)ی (ڤەندیداد)دا هاتووە: "... ئەوەی تێر نان بخوات، دەگاتە ئەو هێز و توانایە کە چالاکانە بژی، کشتوکاڵ بکات، منداڵەکانی پەروەردە بکات و ڕازونیازیش لەگەڵ یەزداندا بکات، گیاندار بە خواردن زیندووە و بە نەخواردن دەمرێت، بەهۆی خواردنەوە هەم جەستەیەکی تەندروست و هەم تواناییەکی چاك دەستەبەر دەکرێت، بۆیە خواردن و خواردنەوە "بە ڕێژەی بەسندە (کافی)" هەرە پێویستە..."

زەردەشتییەکان هەموو مانگێك چوار ڕۆژ گۆشت ناخۆن، ئەوانیش ڕۆژەکانی (دووەم و دوازدەیەم و چواردەیەم و بیستویەکەم)ی هەموو مانگەکان، کە پەیوەستن بە چوار ئەمشاسپەند (فریشتە)، کە بریتین لە: (ڤەهوومەنە) و

(ماڤەنگهە) و (گەئوشە) و (رام)، کە دەبنە چوار فریشتەی تایبەت بە پاراستنی ئـاژەڵان. چەمکـی ڕۆژوو لە ئاڤێسـتادا زۆرتـر خـۆی لە بـوارە ڕۆحیـیەکەدا دەبینێتەوە و ڕۆژووی ڕواڵەتیمان لە ئاڤێستادا نیە، تەنها ئەو چوار ڕۆژە نەبێت کە تێیانـدا زەردەشـتییەکان بە هـیچ جۆرێـك گیانـدارەکان نـاکوژن و هـیچ جـۆرە گۆشتێك ناخۆن، واتە لە قوربانیکردن و خواردنی گۆشتدا بە ڕۆژوو دەبن. لەگەڵ ئەمەشـدا کەمخـۆریی و ڕاهێنـانی جەسـتە بە هەنـدێ کـاری وزەبـەر بە شـتێکی پێویسـت دانـراوە، بەڵام نـابێ ئەم کەمخـۆرییە بە ڕۆژووگرتنـی ڕواڵەتـی و نەخـواردنی هـیچ خۆراکێـك لێکبـدرێتەوە. ئەو ڕۆژووە ڕۆحیـیەی کە ئاماژەمـان پێکـرد، بـۆ هەر زەردەشـتییەك یەکێکە لە ئەرکە هـەرە پێویسـت و مرۆییەکـان و کەسێکی زەردەشتیی دەبێ هەموو تەمەنی و لە هەر بارودۆخێکدا لە سێ بواردا بە ڕۆژوو بێـت کە ئەوانـیش (ژنەفتـەنی، بیرکـردنەوە و هەسـتکردن)ن، واتە زەردەشتیی پێویستە هەرگیز لە چاکە دوور نەکەوێتەوە و ئەو لایەنانە بە خراپ بەکارنەهێنێت و بیرکردنەوەو هەستپێکردن و ژنەفتەنی هەمیشە تەژی بێت لە ڕاستی و چاکە و دروستی. سەرەڕای ئەمانەش، لە ئاڤێستادا ئاماژە دەکرێتە سـەر ڕۆژوویەکـی مەزنتـر و زۆر داکـۆکیی لەسـەر دەکرێـت کە ئەویـش خزمەتکردن و پاراستنی حەوت ئەندامی جەستەیە: (دوو چاو، دوو دەست، دوو قـاچ و زمـان) و پێویسـتە لە هەمـوو ژیانـدا ئەو حەوت ئەنـدامە بە جـوانیی و بەتەواوەتی لە هەر چەشنە خراپە و ناپاکییەك بپارێزرێن و هەمیشە بە چاکیی و پاکیی و دروستیی بخرێنە کار، ئەمەش بە ڕۆژووی گەورە و گرنگ ناو دەبرێت. کەواتە بۆمـان دەردەکەوێـت کە لە ئەدەبیـاتی مەزدیەسـنادا ڕۆژوو کـارێکی ڕۆحیی و مەعنەوییە نەك شـتێکی جەسـتەیی و فیزیکیـی و پەیـامێکی ئیلاهیـی و یەزدانیی هەیە نەك دروشمێکی ڕواڵەتیی.

## فریشته لە ئایینی زەردەشتییدا

## (ئەمشاسپەندان، ئیزەدان یان فریشتەکانی ئایینی زەردەشتیی):




ئەمێشە سپەنتە، حەوت سیفەتن کە خواوەند پاراستنی خیلقەتی خستۆتە ئەستۆیان. ئەم سیفەتانە، لە ڕاستیدا دەستووری خوایین بۆ خوڵقاندن و پەروەراندن و پەرەپێدان و بەرەوپێشبردن و گۆڕانکاریی لەنێو سەرجەم خیلقەتدا کە بەتێپەڕبوونی زەمەن هەرکامەیان بوونەتە فریشتەیەکی مەزن و پیرۆز و نەمر کە هەریەکەیان خاوەنی ڕۆحێکی جیا و پیرۆز و خاوەن ئەرکێکی تایبەتن.




**یەکەم فریشتە:**

یەکەم فریشتە (سپەنتامەئینیو/ سپەنتامینو)یە بەواتای ئاوەزبەخش یان ڕۆحی پاك و پیرۆز کە تیشکێکە لە توانایی خولقێنەریی خواوەند و خیلقەت و هەمــوو لایەنە پەیوەســتەکانی، هەر لەم یاســایەوە و بەو ئاراســتەیەش زیــاد دەکەن و گەشەیان پێدەدرێت و بەرەوپێش دەبرێن.




**دووەمین فریشتە:**

دووەمین فریشتە (ڤەهوومەنە/ ڤەهوومەن/ بەهمەن)ە بە واتای سرشت و ئەندێشەی چاك و پیرۆز. هەرئەم سرشتە چاكەیە كە مرۆڤ خواوەندی بەدروستیی ناسیوە و خۆشیدەوێت و دەیپەرستێت.. هەر ئەم ئەندێشە چاكەشە دەبێتە سەرچاوەی سەرجەم بیركردنەوەو گوتە و كردارە چاكەكانی مرۆڤ و هەرئەویشە مرۆڤ لە ناسینی ژیان و دۆزینەوەی ڕەمزەكانی جیهان بەئاگا دەكاتەوە. ئەم ئەمشاسپەندە پارێزەری هەموو ئاژەڵ و هەموو گیاندارانە بەتایبەتیی مرۆڤایەتیی.. هەر ئەم ئەمشاسپەندە (بەهمەن) بوو كە زەردەشتی بەرەو حوزووری یەزدان ڕێنموونیی كرد. ئەم فریشتەیەش كە كورتكراوەتەوە و بۆتە (بەهمەن) یانزەهەمین مانگی ساڵی هەتاوییە.




**سێیەمین فریشتە:**

سێیەمین فریشتە (ئەشەڤەهیشتە/ ئوردیبەهەشت)ە؛ بە واتای چاکترین پارێزکار.. چاکترین یاسا. ئەشە یاسای یەزدانییە و دیسپلینی زەمین و ئاسمان لەوەوەیە. ڕاستیی، ئەو شاڕێیەیە کە هەموان بەرەو پێگەیشتن و جاویدانیی و ژیانی بەختەوەریی تاهەتایی پێیدا دەڕۆن، ڕاستیی بنەمای خیلقەتە و دەبێ خەڵکی ئەم بنەمایە بدۆزنەوە و بیپارێزن و لە پێناویدا پێشبڕکێی یەکدیی بکەن. ئوردیبەهەشت کورتکراوەی ناوی ئەم فریشتەیە (ئەشەڤەهیشتە)یە و بۆتە ناوی دووەمین مانگی ساڵی هەتاویی.

ئەم ئەمشاسپەندە پاسەوان و پارێزەری ئاگر و دوژمنی سەرسەختی ئەهریمەن و دێوەکانە.




**چوارەمین فریشتە:**

چوارەمین فریشتە (خشەترە ڤەئیریە) یا (شەهریوەر)ە بە واتای باشترین شەهریاریی یا شەهریاریی یەزدانیی، ئەمەش دۆخێکی جیهانییە کە خەڵکی بەپێی ئەندێشەی چاك و ئاوەزی ڕۆشنەوە هەڵیدەبژێرن و بە زمان و کرداری چاك دەست لە دەستی یەك و بە هاودڵی دەیهێننە ئاراوە. ئەم بنەمایە لە جیهانی مینەوییدا نیشانەی دەسەڵات و مەزنێتیی یەزدان و لە جیهانی ماددیشدا پارێزەر و پاسەوانی بەرد و ئاسنەکانە. شەهریوەر ناوی شەشەمین مانگە لە ساڵی هەتاویدا.




**پێنجەمین فریشتە:**

پێنجەمین فریشتە، ئەمشاسپەند (سپەنتە ئارمەیتی)، سپەندارمەز یا ئەسفەند)ە بە واتای ئارامیی دەروونیی.. ئارامیی بەردەوام.. ئارامیی پیرۆز, ئەم فریشتەیە ئاشتیی و ئاوەدانیی و شادیی بۆ زەویی پەرەپێدەدات و هەوڵ بۆ پێشکەوتنی جیهان دەدات. ئەم ئەمشاسپەندە سیمبۆلی گوێڕایەڵیی و ڕەزامەندییە لە بەرامبەر خواستە ئاهوورایییەکاندا و لە جیهانی ماددیشدا پاسەوان و پارێزەری زەمینە. سپەندارمەز بۆتە ناوی دوازدەهەمین مانگی ساڵی هەتاویی.




**شەشەمین فریشتە:**

شەشەمین فریشتە (هەئورڤەتات) (خورداد)ە؛ بە واتای پوختەیی و پێگەیشتوویی لە شەهریاریی هەڵبژێردراو و ئارامیی و ئاسایش و ئەندێشەی چاك و دروستكاریدا پەرەدەستێنێ، گیان و جەستە پێش دەكەون و هەرچی كەموكووڕییە لە خۆیاندا دەیسڕنەوە و چاكتر و باشتر دەبن و خۆیان و جیهانیش بەرەو دۆخی باشتر ئاراستە دەكەن، ئەم فریشتەیە لە جیهانی مینوییدا سیمبۆلی مەزنێتیی خواوەند و لە جیهانی ماددیشدا پاسەوان و پارێزەری ئاوە. خورداد ناوی سێیەمین مانگە لە ساڵی هەتاویدا.




**حەوتەمین فریشتە:**

حەوتەمین فریشتە (ئەمشاسپەند)، ئەمێرەتات (ئەمورداد)ە، کە ئەمڕۆکە بەهەڵە (مورداد)ی پێدەڵێن. مورداد، بە واتای مردن و فانیبوون دێت، لەحاڵێکدا ئەمورداد یا ئەمێرەتات بە واتای نەمریی و جاویدانییە، لە ئەنجامی فراژوویی (تکامل) و پێگەیشتووییدا دەگەینە نەمریی، پێگەیشتوویی دەبێ جاویدان بێت، دەنا پێگەیشتن نیە، کەوابوو، پێگەیشتوویی و نەمریی، هەردوو لەو گەوهەرە یەزدانییەن کە دەمانگەیەننە ئامانجە پیرۆزەکانمان.. ئەوە پێگەیشتوویی جاویدانە کە دەمانگەیەنێتە خواوەند، ئەم ئەمشاسپەندە لە جیهانی مادددیدا پاسەوان و پارێزەری گیا و ڕووەکەکانە. ئەمورداديش بۆتە ناو بۆ پێنجەمین مانگی ساڵی هەتاویی.

ناوی ئەم ئەمشاسپەندانە هەروەك چۆن لە مانگەکانی ساڵدا هاتوون، ئاواش لە ڕۆژەکاندا بەرجەستە بوونەتەوە، واتە ناوی ڕۆژێکی مانگیان بە ناوەوە کراوە کە دەکەوێتە نێو هەمان ئەو مانگەی بە ناوی خۆیانەوەیە و هەر بۆیەش دەکرێتە جەژن، (لە وتارەکانی دیکەمدا باسی ئەو ڕۆژانەم کردووە و لەگەڵ مانگەکەیان و هەرواش بۆنەکەیاندا دیاریم کردوون و پێویست ناکات لێرە دووبارەیان بکەمەوە).

## بەشە شاراوەکانی مێژووی کۆنی کورد

### نامەکەی (عومەر)ی کوڕی (خەتاب) بۆ (یەزگرد)ی سێیەم و وەڵامەکەی یەزگرد:...

**یەکەم: نامەکەی عومەر**



**لە عومەری کوڕی خەتاب خەلیفەی موسڵمانەکانەوە**
**بۆ یەزگردی سییەم، پاشای پارس**

ئەی یەزگرد، من دوارۆژێکی ڕووناك بۆ تۆ و میللەتەکەت نابینم، مەگەر بەوەی کە پێشنیاری من وەربگریت و (بەیعەت)م لەگەڵ بکەی. تۆ پێشتر حوکمی نیوەی جیهانت دەکرد، بەڵام هەنووکە لەشکرەکەت لە بەرەکانی شەڕدا شکستی هێناوە و هێزەکەت خەریکە تێکدەشکێت و پەرتەوازە و سەرگەردان دەبێت، من ڕێگایەکت بۆ پێشنیاردەکەم تا بتوانی گیانی خۆت ڕزگار بکەیت:

ڕازی بە! بە پەرستنی خوای تاقانە... بە تاقانەپەرستیی و بەندایەتیی خوای تاکوتـەنیا. ڕازی ببـە! کە ئەو هەمـوو شـتێکی ئەفرانـدووە، ئـێمە بـۆ تـۆش و بـۆ هەموو جیهانیش پەیغامی ئەومان هێناوە، ئەو کە خوای ڕاستەقینەیە.. دەست لە پەرستنی ئاگر هەڵبگرە و فەرمان بدە با میللەتەکەشت دەستی لێهەڵبگرێ چونکە ئەوە تاوانە و هەڵەیە.. وەرە ڕیزی ئێمە و (الله اکبر) بپەرستە کە خوای ڕاسـتەقینە و داهێـنەری جیهـانە.. بەنـدایەتیی (الـلە) بـکە و وەرە سـەر ڕێبـازی ئیسلام وەك تاقە ڕێگای ڕزگاری و کۆتایی بهێنە بە ڕێبازە هەڵە و کافرانەکەی خـۆت و (الـلە) بە ڕزگـارکەری خـۆت بـزانە.. بەم کـارەش هەم ژیـانی خـۆت لە نەمان ڕزگار بکە و هەم ئاسایشیش بۆ (پارسییەکان) دەستەبەر بکە.. ئەگەر باشترین هەڵبژاردنت بۆ (عەجەم)ەکان دەوێت، ئەوا باشترە ملکەچی دەسەڵاتی من بیت.

الله اکبر

خەلیفەی موسوڵمانان: عومەری کوڕی خەتاب

**دووەم: وەڵامەکەی یەزگرد**



**لە لایەن شای پاشایان.. پاشای سەرزەمینە بێشومارەکان.. پاشای ئاریی و نائارییەکان.. شای پارسییان و عەرەبەکان و ڕەگەزەکانی دی.. شاو فەرمانڕەوای (پارس) یەزگردی سێیەمی ساسانیی بۆ عومەری کوڕی خەتاب خەلیفەی (تازییان..)**

بە ناوی ئەهوورا مەزدا، بەدیهێنەری ژیان و ئاوەز

تۆ لە نامەکەتدا نووسیوتە کە گوایە دەتەوێ ئێمە بەرەو ڕێگای ڕاست ڕێنموونی بکەیت، بۆ سەر ڕێگای خوا ڕاستەقینەکەت (اللەاکبر)، بەبێ ئەوەی هیچ ئاگاداریی و شارەزاییەکت لەسەر ئەوە هەبێ کە ئێمە کێین و چی دەپەرەستین و چی دەکەین؟! زۆر سەیرە، تۆ ناوی فەرمانڕەوای عەرەبت لە خۆت ناوە کەچی زانست و زانیاریت لەمەڕ جیهان هەر لەئاستی نەزانیی عەرەبە بیابانشین و دواکەوتووەکاندایە!.. ئاخر تۆ بەمن دەڵێی خوای تاقانە بپەرەستە

کەچی نازانی هەزاران ساڵە ئێمەی ئاریایی خواوەندی تاقانە دەپەرستین و ڕۆژێك پێنج جار نوێژی بۆ دەکەین، هەزاران ساڵە لەم مەڵبەندی هونەر و ڕۆشنبیرییەدا، ئەمە شێوەی ژیانی ئێمەیە.

سەردەمێك کە ئێمە میهرەبانیی و چاکەکاریمان لە جیهاندا پەرە پێدەدا و پێشەنگی بیری چاك و زمانی چاك و کرداری چاك بووین، تۆ و باپیرەکانت مارمیلۆقتان دەخوارد و کچەکانتان بەزیندوویی لە گۆڕ دەنا. ئێوەی تازیی باسی خوا دەکەن لەحاڵێکدا بە هیچ نرخ و بایەخێك بۆ ئافەریدەکانی خوا قایل نابن، ئێوە منالانی خوا سەردەبڕن، دیلەکان دەکوژن، دەسدرێژی دەکەنە سەر ئافرەتان، کچی خۆتان بەزیندوویی لە گۆڕ دەنێن، جەردەیی و ڕێگریی دەکەن، دەستەدەستە خەڵك دەکوژن و شەرەفیان دەدزن و ماڵ و سامانیان تالان دەکەن، ئێوە دڵتان لە بەردە و ئێمە هەموو ئەو کردەوە ئەهریمەنییانەی ئێوە ڕسوا و مەحکووم دەکەین. باشە، بەو هەموو کردەوە چەوت و چەپەڵانەوە چۆن دەتانەوێ خواناسیی فێری ئێمە بکەن؟!

تۆ بە من دەڵێی دەست لە پەرەستنی ئاگر هەڵگرم، ئیتر بێ ئاگایت و نازانی ئێمەی ئاریی عەشقی ئافەریدەگار و توانایی ئەفراندنی خواوەند لە تیشکی هەتاو و تینی ئاگردا دەبینینەوە، چونکە تیشکی هەتاو و تینی ئاگر ئەو توانای و کراوەییەمان پێدەبەخشن کە ڕاستییەکان باشتر ببینین و دڵمان بۆ نزیکبوونەوە بە خواوەند و هاونەوعانی مرۆڤمان گەرمتر ببێتەوە، ئەمەش یارمەتیمان دەدات لەگەڵ یەکتردا میهرەبانتر و دڵاواتر بین و ئەم میهرەبانیی و دڵاوابییەش نووری ئاهوورایی لە ناخماندا ڕووناکتر دەکاتەوە.

خواوەندی ئێمە هەزاران ساڵە یەك خوایە و ئەویش ئەهوورامەزدایە، زۆر سەیرە ئێوە تازەبەتازە پەیتان پێ بردووە و ناوی (الله)تان لێناوە!

ئێمەو ئێوە وەك یەك نین و زۆر لێکجیاوازین: ئێمە یاریدەی هاونەوعانمان دەدەین.. ئێمە لەنێو مرۆڤەکاندا عەشق و خۆشەویستیی دابەشدەکەین.. ئێمە بیری چاك لەنێو خەڵکدا برەو پێدەدەین.. ئێمە هەزاران ساڵە شارستانییەتی پێشکەوتووی خۆمان، وێڕای ڕێزگرتن لە شارستانیەتیی خەڵکانی دیکە لەم

گێتییەدا گەشە پێدەدەین، لەحاڵێکدا ئێوە بە ناوی (اللە) هێرش دەکەنە سەر وڵاتانی دیکە و خەڵکانی دیکە قەتڵوعام دەکەن.. ئایا (...) ئەمری پێکردوون بکوژن و وێران بکەن؟!

ئێوە دەتانەوێ عەشقی خواوەند بە زۆری چەکداری و بەهۆی شمشێرەوە فێری خەڵك بکەن.. ئێوەی دەشتەکی دەتانەوێ وانەی خواناسیی بە میللەتێکی ڕۆشنبیرو خاوەن شارستانییەتی وەکو ئێمە دابدەن! ئێمە کە هەزاران ساڵ ڕۆشنبیریی و شارستانییەتیمان هەیە، ئەی تۆ جگە لە چەکداریی و شمشێر و خوێنڕێژیی و کوشتوکوشتار چیت فێری لەشکری عەرەب کردووە؟.. تۆ چ زانستێکت فێری موسوڵمانان کردووە کە ئێستە دەتەوێ فێری غەیرە موسوڵمانانیشی بکەیت؟!

مەخابن و سەد ئەسەف.. کە لەشکری ئێمە لە بەرانبەر هێرشی جەللادەکانی ئێوەدا شکستی هێنا و ئێستە هاووڵاتییانی ئێمە ناچارن هەمان خوای چەندین هەزار ساڵەی خۆیان ئەمجارە بە ناوی داتاشراوی (...)وە بپەرستن و هەرهەمان پێنج نوێژی بۆ بکەن کە هەزاران ساڵە بە ئاگاییەوە ئەنجامیانداوە، بەڵام ئەمجار بە زۆری شمشێر و هەر بەزمانی عەرەبییش؛ چونکە گوایە خواکەی ئێوە تەنها زمانی عەرەبی دەزانێت و تێیدەگات!

بەهەرحاڵ، من پێشنیارت بۆ دەکەم تۆ و تاقمەکەت بگەڕێنەوە هەمان ئەو بیابانەی کە پێشتر تێیدا ژیاون و خووتان پێوە گرتووە.. پیاوەکانت بگەڕێنەوە؛ هەمان ئەو لمستانەی کە پێی ڕاهاتوون.. بۆ هەمان ژیانی خێڵەکیی.. هەمان گەڕان بە پێی پەتیی و مارمیلۆق و شیری وشتر خواردن.. من ناڵێم ئەم تاقمە جەردەیەت مەهێنەرە شار و وڵاتە ئاوەدانەکەمان و نێو خەڵکیە پێگەیشتوو و پێشکەوتووەکەی ئێمە، بەڵام ئامۆژگاریت دەکەم کە ئەم ڕێگرە درندانەت بەرەڵڵا مەکە تا خەڵکی بێتاوان قەتڵوعام بکەن.. تا ژن و منداڵی خەڵك بڕفێنن.. دەسدرێژیی بکەنە سەر پاکترین و نەجیبترین ژنانی مێژووی مرۆڤایەتیی.. کچە پاکیزەکانمان بە دیلیی بگرن و ڕەوانەی (مەککە)یان بکەن بۆ کارەکەریی خەڵکێکی نەزان و ناشایست.. مەهێڵە تاقمە جەردەکەت ئەم هەموو تاوان و

خراپەکــارییە بە دڵڕقیــی و بەنــاوی (...)وە ئەنجــام بــدەن، مــن پێــت دەڵــێم، ئارياييەکـان بەخشـندە و میهرەبـان و میـواننەوازن، هێنـدە مرۆڤـی چـاك و پـاك و تێگەیشتوون کە ڕوو لە هەرکوێ بکەن تۆوی عەشق و خۆشەویستیی و زانایی و ڕاسـتیی و دروسـتیی دەچێـنن، هەر بەم پێـوەرەش سـزای ئێـوە نـادەن لەسـەر هاتنەکەتان، بەمەرجێك ئێوەش نەجیب و خاوەن هەستی مرۆیی بن.

مـن لێـت دەخـوازم کە بەو (...)ەتەوە لە هەمـان بیابانەکـانی عەرەبسـتاندا بمێنیتەوە و نزیکی شارە ئاوەدان و پێشکەوتووەکانی ئێمە نەکەویتەوە، چونکە بیـروڕای ترسـێنەر و چەواشــە و خــوو و خــدەی دڕنــدانە و خــوێنڕێژانەت زیــان دەگەیەنێـتە ڕۆح و هەسـتی پـاك و ناسـك و مرۆڤـانەی هاوولاتییـانی مـن!، لێمـان دووربـکەونەوە، لـەی خۆتـان بـۆ خۆتـان و بهـێڵن بـا ئـێمەش خزمەتـی گەشـەی جیهانی مرۆیی بکەین.

ڕێگا لە جیهاندا هەر یەکە و ئەویش (ڕاستی)یە

یەزگەردی سێیەم، پاشای ساسانی

**تێبینی:**

**نمــوونەی هەردوو دەســخەت: نــامەکەی عــومەر و وەڵامەکەی یەزدگــرد لە مۆزەخانەی (لۆڤەر) لە پاریسی پایتەختی فەرەنسادا پارێزراون.**

## پێگەی ژن لە ئایینی زەردەشتیدا:...



یەکێك لەو پرەنسیپە مرۆییانەی کە ئەشوو زەردەشت نزیکەی چوارهەزار ساڵ پێشتر بە کۆمەڵگەی مرۆیی ناساند، پێگەیەکی هێژا و بەرز و بەڕێزە کە بۆ ژن قایل بوو. لەم ئایینەدا هەمیشە ژن و پیاو پێکەوەو وەك یەك باسیان کراوە و ناویـان هێنـراوە و ڕوویـان لـێ کـراوە، لەم نووسـراوەماندا نمـوونەیەك لەم تایبەتمەندییە مرۆییە دەخەینە بەرچاوی خوێنەران:

ستایشـی ئەم زەوییـە دەکەیـن کە بـۆتە پەناگەمـان بەو ژنانەشـەوە تێیـدا نیشـتەجێن.. ستایشـی ئەو ژنـانە دەکەیـن کە نمـوونەی ڕاسـتیی و دروسـتین (یەسنای ٣٨ بڕگەی١).

ستایشی کەیبانووی خاوێن و سەروەری خێزان دەکەین (یەسنای ٢٦ بڕگەی ٨).

ژن و منـداڵت لە خوێنـدن و فێربـوونی زانسـت و هـونەر بێبـەش مەکە، تـا دواتر پەشیمان نەبیتەوەو خەمی پێ نەخۆی (پەندنامەی ئازەرباد ماراسپەند).

ستایشی گیانی پاکدینەکان و ژن و منداڵەکانیان دەکەم (یەسنای ٣١ بڕگەی ٦).

بەهــۆی ئەم نــوێژەوە خوازیــاری ستایشـــی گیــانی پاکــدینەکان و ژنە ئاوەزمەندەکان و مناڵە ژیرەکانیانم (یەسنای ٣٢ بڕگەی ٦).

کەسێك کە ژنێکی پاك و چاك و جوان لەماڵەکەیدا هەبێت، دەبێتە خاوەنی کچێکی زۆرجوان و بەهێز و باڵابەرز و سەربڵند و خەرامان (فەروەردین یەشت، فەرگەردی ١٠٧).

هـورمز ڕووی لە ژن کـرد و فەرمـووی: ئەی ژن، تـۆ دەژیـت بـۆ ئەوەی ژن و پیـاوی مەزن و پـاك و بەهێـز لە ئـامێزی پـاك و پیـرۆز و پڕخۆشەویسـتیی خۆتـدا پەروەردە بکەیـت، کە دواتـر ببـنە هـۆی نەهێشـتنی دوژمنـانی ڕاسـتیی و پـاکیی لە جیهاندا.. تۆ دەبیتە هۆی دەرکەوتنی پاکیی و مەزنێتیی ئیرادەی ئـاهووراییی.. ئەی ژن، پــاکیی و چــاکیی و ســەربەرزیی خــۆت بپــارێزە و دووربە لە هەرچەشــنە خـراپەیەك.. مـن (هـورمز) کە بە توانـاترینی بەتواناکـانم، ئـاینێکم لەم جیهـانەدا دانا کە بەهۆی منـاڵە پاك و زانا و وشیارەکانی تۆوە گێتی لە خراپە پاك بێتەوە و ڕاستیی مەزدایی بۆ هەموو مرۆڤ دەربکەوێت و بسەلمێنرێت (بوندەهش).

ئەمە نموونەیەکی بچووك لە فەرهەنگی مرۆڤپەروەریی مەزدیەسنا بوو کە بەرزیـی پێگەی ژن و ڕێـز و حورمەتی مـرۆڤ دەسـەلمێنێت و بـۆ گەشەونەشـەی جیهـان پشـتی پێدەبەسـتێت، واتە ژن، نەك هەر ئامرازێـك بـۆ چێـژ لێـوەرگرتن و ماڵداریی و نەك بەردەستێکی مەحکووم بە گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی پیاو، بەڵکو بەشێکی سەرەکییە لە خیلقەت، کە دەتوانێ ئەرکی زۆر گەورە بگرێتە ئەستۆ و کاری زۆر مەزن بکات.

ژن، بە حـورمەت و ڕێـز و مەزنێتیـی خـۆیەوە مرۆڤێکـی شـەرەفمەندە. ئەم ڕێـز و مەزنێتیـیەش، پـێش هەمـوو مرۆڤـایەتی، لە لایەن کـوردەوە ئاراسـتەی ژن کـراوە، واتە کـورد، پـێش هەمـوو مرۆڤـایەتیی پـێگەی بەڕێـزی ژنـی وەك مـرۆڤ ناسیوە و نرخی زانیوە و گرنگیی پێداوە.

ئێسـتاش...، دەکرێ بیـرو زمان و کـرداری چاکمـان بـورووژێنینەوە و هەمـان دیـدگای ڕەسـەنی مرۆییمـان بـۆ ژن زینـدوو بکەیـنەوەو ئەو پـێگە بەرزەی بـۆ بگێڕینەوە.

## پرس و جۆیەکی بنەڕەتیی لە مۆبد دکتۆر (ئەردەشیر خورشیدیان)

**بۆ ناسینی ڕوونتری دینی زەردەشتیی:...**



» ئایا وەرگرتنی غەیرە زەردەشتییەك (ئەوانەی لەدایك و باوكی زەردەشتیی نین)، بۆ ئایینی زەردەشتیی بەربەستی دینیی هیە؟:

» نا.. هیچ بەربەستێکی دینیی نیە، بەڵام لەم بارودۆخەی ئێستای ئێراندا کێشەی زۆری هەیە، لەوانەیە گەر بڵێم لەم هەلومەرجەی ئێستای ئێراندا سەرەکیترین ئامانجی ئێمە پاراستنی ئەم کەمینەیەیە، کە ماوەتەوەو ڕاهێنانیانە لەسەر بیروئەندێشەی ئایینی مەزدیەسنا و پێشگرییە لە فەوتان و توانەوەی زۆرتریان، بەهەڵەدا نەچووبم.. سەرنج لەوە بدەن کە ئێمەی مرۆڤ لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا بژین، دەبێ پەیڕەوی لە یاساکانی ئەو وڵاتە بکەین، دەشزانین بەپێی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئێمەمانان (ئەو کەمینە ئاینییانەین کە بە فەرمیی دانیان پێدانراوە)، مافی هیچ جۆرە بانگەشە و بانگەواز و ڕاگەیاندنێکی ئاینییمان نیە و لەسەر ئەوەش پێداگریی کراوە کە نابێ هیچ زیادەیەك بخەینە سەر شوێن و کات و ئادابە دینییەکانمان، واتە تەنانەت بۆمان نیە، هۆڵی یەکێك لە بیناکانمان بەرینتر بکەین!! دیارە بەپێی هەمان یاساش ئێمە نە دەتوانین و نە بۆشمان هەیە هاووڵاتییانی ئەم وڵاتە بگرینە خۆمان و وەك زەردەشتییەك لەنێو خۆماندا قەبووڵیان بکەین و...!

» شتێك لە مێشك و ئاوەزی خەڵك لە هەموو دنیادا دروست کراوە کە گوایە: بوون بە زەردەشتیی (هاتنە سەر دینی مەزدیەسنا) مەرجی هەیە و ئەویش ئەوەیە ئەوانەی دێنە سەر ئەم ئایینە، دەبێ ئێرانیی یا بە دڵنیاییەوە ئاریی بن:

» کاکی من، ئێمە نەوەی ئیسرائیل نین، دینی ئێمە دینی یەهوود نیە و خوایشمان هۆزی هەڵبژێردراوی نیە، خوای ئێمە خوای پاکیی و ڕاستیی و ڕووناکییە و ئەمەش سەرجەم مرۆڤایەتیی دەگرێتەوە. ئایین و جیهانبینیی ئەشوزەردەشت نەژادیی نیە، بەڵکو ئەوپەڕی مرۆییە و ئەوانەش کە بەهۆی نەشارەزایی یان بە مەبەستێکی تایبەتیی تێکدەرانە باسی هەستی نەژادیی و فکریی خێڵەکیی دەکەن و دەیانەوێ بیدەنە پاڵ ئەم ئایینە مرۆییە، سەرەنجام هەرخۆیان دۆڕاوی ڕاستەقینەی هاوکێشەکەن و هیچی دی. دەستوور و داکۆکیی

ئەم ئایینە ئەوەیە کە: هەر هەموو مۆبد و پێشەنگ و پێشەوا ئاینییەکان دەبێ هەوڵی ئەوە بدەن ئەم ئایینە لەنێو بیریار و ڕۆشنبیر وزانایان و ئاوەزمەندانی جیهاندا ئاراستە بکەن. لە دێرپەدێری ئاڤێستا و دەقە پالەوییەکان و ئەو شیکردنەوانەی کە ماون و لەبەردەستدان، ئەم خاڵە بەرجەستەیە بەزەقی دەبینرێت کە دەبێتە گەوهەری فکریی ئەم ئەندێشەیە، واتە (گاتا)کان لە جیهانی مرۆییدا بڵاوبکرێتەوە و کاری پێبکرێت... لە ڕوانگەی ئەشووزەردەشتەوە، دین، شتێکی دەروونییە نەك کەرەستەیەك بۆ خۆنواندن و دەستەبەرکردنی مەیل و حەزە کاتیی و تاکە کەسییەکان.. لە هیچ بەشێك یا تەنانەت وشەیەکی گاتاکاندا نەنووسراوە مەرجی چوونە بەهەشت ئەوەیە، تۆ زەردەشتیی بیت یان لە نەژادی ئاریی بیت، بەڵکو لە ڕوانگەی ئەشوو زەردەشتەوە هەر تاکێکی مرۆڤ کە ئاوەزمەند بێت و بیری چاك و زمانی چاك و کرداری چاکی هەبێت، شایستەی کامەرانییە، ئیدی لەسەر هەر بیروبڕوایەك یان لە هەر ڕەنگ و ڕەگەز و وڵات و نەژادێك بێت؛ گرنگ نیە، گرنگ بنەما مرۆیی و ئاوەزمەندییەکەیەتی. شتێکت لە بیر نەچێ.. گەر تەنانەت ئەم حکومەتەش ئەو ماف و ئازادییەمان بداتێ و هاوبیرانی منیش ڕازی ببن بەوەی خەڵك بۆ سەر دینەکەمان ڕابکێشین، چی ڕوو دەدا؟.. دڵنیابە یەکەم ڕووداو هەڵگیرسانی ئاگری ناکۆکیی و ناتەبایی و ئاژاوەی خێزانییە لەنێو ئەو خێزان و بنەماڵانەدا، کە ناتوانن چەشنە دوالیزمێکی دینی لەنێو خۆیاندا قبووڵ بکەن، دەڵێن: تاقیکردنەوەی تاقیکراوەکان هەڵەیە، ئەم کارەش کە ئاماژەم پێکرد، چەند دەیەیەك پێشتر بەهۆی یەکێك لە مۆبدەکانی ئێمەوە تاقیی کرایەوە، کە ئەنجامی خراپی هەبوو. کاکی من، ئیتر دینبازیی و دینسازیی بەسە، کاتی بەسەرچووە، مرۆڤایەتیی لە دۆخێکی زۆر زۆر جیاوازتردایە. بەداخەوە ئێمە لە جیاتی ئەوەی بیر لە هەقیقەت بکەینەوە، وا ڕاهێنراوین کە یەکەمجار خودی هەقیقەت بکەینە قوربانیی! ئا ئەم شەپۆلە ئیحساسییە کە سەری هەڵداوە و ئێستا بەڕێزت لەبارەیەوە پرسیار دەکەیت، لە ڕاستیدا بەرەنجامی هەورازونشێوێکی سیاسیی و مێژووییە و هیچی دیکە. کێشەی ئێمە بە مەفهوومی

دین، ویژدانی بێداری ئینسانییە نەك مەرام و مەبەستی ڕواڵەتیی و مێژوویی و سیاسیی، کاتێك دەتوانین خۆمان بە زەردەشتیی بزانین و شایستەی دینی مەزدیەسنا بین، کە لەدەرەوەی هەر نەژاد و بیروبڕوایەکی دینی، تەنها و تەنها هەوڵی گەیشتن بەو پەیامە پیرۆزە بدەین.. ئەو پەیامە مرۆییەی ئەشووزەردەشت بناسین و دەرکی بکەین و لە ژیانماندا بەکاری بهێنین، هەر ئەوەشە کە کامەران و بەختەوەرمان دەکات و دەتوانین بڵێین (زەردەشتییەکی ڕاستەقینەین).

## وەڵامی (بوزروگمیهر)ی حەکیم بۆ پرسیارەکانی (ئەنۆ شیروان):...




ئەنۆشیروان بە بوزورگمیهری حەکیمی گوت: ئەی حەکیمی مەزن، بە ئاگامان بکەرەوە و ئاگادارمان بکە لە کاروبارە ئاڵۆزەکان و بە جوانیی وەڵاممان بدەرەوە با هەموو شتێك بە ڕاستیی دەربکەوێت و شك و گومان لە دڵماندا بڕەوێتەوە.

حەکیم بوزورگمیهر گوتی: لەمەڕ هەرشتێك کە بەلاتەوە قورس و ئاڵۆزە پرسیارم لێ بکە، داوای یارمەتیی لە یەزدانی مەزن دەکەم، تا ئەو توانابییەم پێ ببەخشێ، کە وەڵامی هەموو پرسیارەکانت بدەمەوە، چونکە خواوەند بۆ هەموو

شتێك دانا و بەتوانایە و هەر ئەویش هێز و گوڕوتین دەبەخشێتە گیان و ڕۆح و ئاوەزمان.

پرسیی: لەم جیهانەدا داوای چی بکەین، کە بەهۆیەوە داوای خێر و بەرەکەتی هەردوو جیهانمان کردبێت؟

گوتی: سێ شت: تەندروستیی.. دڵنیایی و ئاسایش.. ماڵ و سامان.

پرسیی: لە گەنجێتیدا چی باشە و لە پیریدا چی باشترە؟

گوتی: لە گەنجێتیدا فێربوونی زانست و زانیاریی و لەپیریشدا بەکاربردنیان.

پرسیی: چ کارێك هەیە هەمیشە شایان بێت؟

گوتی: ئەنجامدانی ئەرکی سەرشان و خۆناسین.

پرسیی: ڕاوێژ لەگەڵ کێ بکەین؟

گوتی: لەگەڵ کەسێکدا کە خاوەنی سێ شتە: دین و زانیاریی و دۆستایەتیی.

پرسیی: لەم جیهانەدا کێ ئاوەزمەندترە؟

گوتی: ئەو کەسەی لە کارکردندا لە پێشترە.

پرسیی: چاکەکردن باشترە، یان خۆ لە خراپە بە دوورگرتن؟

گوتی: هەردووك، بەڵام چاکترینیان دووربوونە لە خراپە.

پرسیی: چی لە ژیان باشترە؟

گوتی: ناوی چاك لە ژیان باشترە و خراپتر لە مەرگیش ترسە.

پرسیی: ساماندariی باشترە یا پارێزکاریی؟

گوتی: پارێزکاریی

پرسیی: ئەی بۆچی پارێزکاران دەبینم، لە ڕەنج و مەینەتدان و سامانداranیش دەبینم لە ناز و نیعمەتدان؟

گوتی: ئەو ڕەنج و بەڵایەی کە تێبپەڕێ، ڕەنج و بەڵا نیە و ئەو نازونیعمەتەش کە تێپەڕ دەبێت، ناز و نیعمەت نیە.

پرسیی: کام ژیان خۆشترە؟

گوتی: ئەو ژیانەی کە ئومێد و هیوای تێدابێت.

پرسیی: کەس هەیە لەم جیهانەدا ئاسوودە بژی؟

**گوتی:** کەسێك کە دوو شتی هەبێ: یەکەم بێتاوانیی و دووەم خەمنەخواردن بۆ ئەو شتەی کە چارەی نیە.

**پرسیی:** هەموو کارەکان بە چیەوە بەستراونەتەوە؟

**گوتی:** بە دوو شت: یەکەم، بیرکردنەوەی پێش دەسپێکردن و دووەم، هەوڵ و کۆشش لە درێژەی کارەکەدا بۆ بەئەنجامگەیاندنی بەباشترین شێوە.

**پرسیی:** کام شت چاوی پێ ڕۆشن دەبێتەوە؟

**گوتی:** ژنی پاکداوێن و منداڵی چاك.

**پرسیی:** لەنێو خەڵکدا کێ سزاوارتری ڕەحم و بەزەییە؟

**گوتی:** بەخشندەیەك، کە تووشی چارەڕەشی بووبێت.

**پرسیی:** چ کاتێك لە ژیانی مرۆڤدا بە فیڕۆ دەچێت؟

**گوتی:** ئەو کاتەی کەسێك بتوانێ چاکەیەك بۆ مرۆڤ بکات و نیازێکی بێنێتە جێ بەڵام خۆی لێ لابدات.

**پرسیی:** چ جەور و ستەمێك گەورەتر و خراپترە؟

**گوتی:** درۆ کردن.

**پرسیی:** لە نێو مرۆڤدا پەشیمانیی کێ سەختتر و تاڵترە؟

**گوتی:** ئەوەی چاکە لەگەڵ مرۆڤی پێنەزان و سپڵە بکات.

**پرسیی:** دەسپێکی هەموو چاکەکان چیە؟

**گوتی:** زانایی.

**پرسیی:** لەنێو دۆستەکاندا کێ دۆستترە؟

**گوتی:** ئەوەی دڵپاکترە.

**پرسیی:** چی لە (با) تیژڕەوترە؟

**گوتی:** هەواڵی ناخۆش.

**پرسیی:** چ شتێکە، کە زۆرتربێ لە هەموو شتەکانی دی؟

**گوتی:** ڕەحمەتی یەزدان

**پرسیی:** کام ئیشوکار بەسوودترە؟

**گوتی:** چاکەیەك، کە خەڵکی دیکەش سوودی لێ وەربگرن.

پرسیی: چی لە هەنگوین خۆشترە؟

گوتی: مندالّی چاك و دۆستایەتیی دۆستانی ڕاستگۆ.

پرسیی: کێ زۆرتر شایانی بەخشین و بەزەیی یەزدانە؟

گوتی: ئەو کەسەی لە ئاست مرۆڤەکاندا دڵاواتر بێت.

پرسیی: ئاوەزی خەڵك چۆن پەرەدەستێنێت و پێدەگات؟

گوتی: لە ڕێگەی فێربوونی زانست و ئەدەب و هونەرەوە.

پرسیی: زیانبەخشترینی کارەکان چ کارێکە؟

گوتی: کەوتنەدوای هەواوهەوەس، کە بەرەنجامەکەی بەدناوییە.

پرسیی: کێ شایان بۆ لۆمە و سەرکۆنەکردن؟

کوتی: ئەوەی کە تاقیکراوێك تاقیی بکاتەوە.

پرسیی: ئاوەزی خەڵك لە چیەوەیە؟

گوتی: لە فێربوونەوەیە.

پرسیی: یەزدان، لە چ کەسێك زۆرتر ڕازییە؟

گوتی: لەو کەسەی سەبر و قەناعەتی زۆرترە.

پرسیی: چ کەسێك دوژمنی زۆرترە؟

گوتی: خەڵکی بێ ئاوەز و ناساز و زمانپیس.

پرسیی: ئارامیی لە چیدایە؟

گوتی: لە شادمانیی ناخدا.

پرسیی: هونەر لە چیدایە؟

گوتی: لە کۆشش و ماندوونەناسیدا.

پرسیی: چی لە شمشێر تیژترە؟

گوتی: دەربڕینی قسەی ڕاست.

پرسیی: شادمانیی چیە؟

گوتی: ئەوەیە، کە مرۆڤ تەنها بەڕادەی خواز و پێویستیی خۆی داوا بکات.

پرسیی: شادمانیی چ سوودێکی هەیە؟

گوتی: ئاسوودەیی جەستەو ڕۆح.

پرسیی: بێمایەترین مرۆڤ کێیە؟

گوتی: کەسێك نە ستایش و نە سەرکۆنەکردن بزانێت.

پرسیی: کێ خاوەنی تایبەتمەندیی مرۆڤایەتیی بەرزترە؟

گوتی: ئەو کەسەی خاکەڕاترو بە سەبرترو ڕاستگۆتر بێت.

پرسیی: ئەوە کێیە کە پێویست بکات لێی دوو بکەوینەوە؟

گوتی: مرۆڤی ستەمکارو یاری فریوکار.

پرسیی: چ شتێك هەیە شیاوی ئەوە بێت مرۆڤ پێی شاد و دڵخۆش بێت؟

گوتی: برای خۆشەویست و یاری هاودڵ.

پرسیی: چۆن خەڵکیی زانا لە نەزان جیا بکەینەوە؟

گوتی: بە چاکەکردن.

پرسیی: چی بڵێین و چۆن بڵێین؟

گوتی: قسەیەك بکەن زیان بە کەس نەگەیەنێت و بە جۆرێکیش بیڵێن، کە دڵی کەس نەئێشێنێت.

پرسیی: چۆن بیر بکەینەوە؟

گوتی: وا بیر بکەنەوە، کە ئەگەر ئاشکرا کرا، نەکەوینە بەر لۆمە و سەرکۆنەی خەڵك.

پرسیی: کام دۆست دۆستی هەمیشەییە؟

گوتی: ئەوەی کە لە زیان و بەرژەوەندیشدا لێت هەڵنەگەڕێتەوە.

پرسیی: بۆ کارەکانمان پرس بە کێ بکەین؟

گوتی: بە کەسێك کە زانیاریی و ئاوەزی لێدەڕژێت.

پرسیی: لەنێو خەڵکدا کێ دەوڵەمەندترە؟

گوتی: ئەوەی قانعترو دڵخۆشتر بێت.

پرسیی: زۆرترین هیوا و ئومێدمان بە کام لە منداڵەکانمان هەبێت؟

گوتی: ئەوەیان، کە زۆرتر خۆی بە ڕۆشنبیریی پەروەردە دەکات و زۆرتر لە بەدناویی دوورەپەرێزە؟

پرسیی: بۆچی دەبێ فێرکاریمان خۆشبوێت و لێی نەسڵەمینەوە؟

**گوتی:** چونکە، تا زۆرتر فێر ببی، قازانج و بەرژەوەندیت زۆرتر دەبێت و زۆرتر دەپارێزرێیت.

**پرسیی:** ئایا بەجێیە پیرو بەتەمەنەکان پەروەردە بکرێن؟

**گوتی:** ئەگەر ژیانیان بەجێیە، ئەوا پەروەردە و فێرکردنیشان ڕەوایە.

**پرسیی:** کێ لە نێو خەڵکدا خۆشەویستتر و لەبەردڵانترە؟

**گوتی:** کەسێك کە زمانخۆشتر و مرۆڤنەوازتر بێت.

**پرسیی:** لە لۆکە نەرمتر چیە؟

**گوتی:** دۆست لە دڵی دۆستدا لە هەموو شتێك نەرمترە.

**پرسیی:** دەبێ خەڵك زۆرتر خۆیان لە چی بەدوور بگرن؟

**گوتی:** لە دۆستی نەزان.

**پرسیی:** هێژایی و مەزنێتیی کێ زۆرترە؟

**گوتی:** ئەو کەسەی کاتی دەوڵەمەندیی یاریدەی خەڵك بدات و کاتی هەژارییش خۆڕاگر و بەسەبر و تاقەت بێت.

**پرسیی:** پێویستیی چیە و چاوچنۆکی چیە؟

**گوتی:** چاوچنۆکی پێویستییە و پێویستیش بێچارەیی.

**پرسی:** جوامێریی چیە؟

**گوتی:** بەخشینی ماڵ و پێداویستیی بە کەسانی لێوەشاوە.

**پرسیی:** ئایا کەس هەیە پێویستیی بەهیچ شتێك نەبێت؟

**گوتی:** هەرکەس قانع بێ بەوەی کە هەیەتی، ئەوا پێویستیی بە هیچ نابێت.

**پرسیی:** ژیانی کێ خۆشترە؟

**گوتی:** ژیانی ئەو کەسەی کە ئازاد و سەبەرستتر دەژی.

**پرسیی:** ژیانی ئاسان چۆنە؟

**گوتی:** ئەوەیە، کە زیانی بۆ کەسی دیکە نەبێت.

**پرسیی:** دوژمن، بکوژرێ باشترە یا بکرێتە دۆست؟

**گوتی:** باشترە بکرێتە دۆست گەر بتوانرێت.

**پرسیی:** چۆن ڕق و کینە دادەمرکێتەوە؟

گوتی: بەوەی کە مرۆڤ ورد بڕوانێت و بزانێت هەرکەس خراپە بکات، هیچ سوودێکی بۆ نابێت جگە لە زیان.

پرسیی: چ کارێك زۆرتر بۆ پاشاکان دەشێ؟

گوتی: زانایی و مرۆڤدۆستیی و خەڵکپەروەریی.

پرسیی: چ شتێك هەیە، کە هەموو کەس بتوانێ ببێتە پاشای؟

گوتی: هەموو کەس دەتوانێ ببێتە پاشای بیروڕا و زمان و کرداری خۆی.

پرسیی: باشترین شتێك شیاوی شاردنەوەو سڕینەوە بێت چیە؟

گوتی: ڕق و تووڕەیی.

پرسیی: بۆچی تا زۆرتر فێر ببین، زۆرتر خوازیاری فێربوون دەبین؟

گوتی: چونکە فێربوون هەموو قازانجێکمان دەداتێ.

پرسیی: بۆچی نەخۆشەکان داوای دەرمان لە پزیشکان دەکەن، بەڵام نەزانەکان داوای زانست لە زاناکان ناکەن؟

گوتی: چونکە بە نەخۆشیی جەستەمان دێشێ، بەڵام بە نەزانیی دڵمان ئێش ناکات.

پرسیی: چ قسەیەك بکەین باشترە؟

گوتی: قسەیەك کە دڵی کەسی پێ نەڕەنجێت.

پرسیی: پەیمانی ئەقڵ و ئاوەز چیە؟

گوتی: شتێك، کە هێشتا بەتەواوەتی پێی نەگەیشتووم، چۆن بزانم پەیمانەکەی چیە؟

پرسیی: کام ئەقڵ و ئاوەزە، کە زۆرتر شایانی ستایش بێت؟

گوتی: ئەو ئەقڵەی خۆی لە کینە و کاری نەلواو و نەشیاو بەدوور دەگرێت.

پرسیی: چۆن کەسێك تەمبێ بکەین و سزای بدەین؟

گوتی: کارێکیان لێ بخوازن، کە توانایی ئەنجامدانیان نەبێت و لەدەرەوەی تواناییاندا بێت.

## (مەعاوییە) وەستا و مامۆستای عرووبە:...



نەبوونی ڕۆشنبیریی مێژوویی، دەردێکە، گەر دەرمان نەکرێ، کۆمەڵگە ڕووبەڕووی مەترسیی توانەوە دەکات، نەبوون یا لاوازبوونی یادەوەریی مێژوویی، وا لە مرۆڤ دەکات بەبێ ناسینی خۆی و ڕابردووی، ببێتە پاشکۆی خەڵکانی دیکە و ئیدی هەرگیز بیر لە ئێستا و ئایندەی خۆی نەکاتەوە. لەم حاڵەتەشدا مرۆڤ دەبێتە موریدی بکوژەکانی خۆی... دەرویشی دوژمنەکانی خۆی... کوێرانە جەهلی ئەوان بە زانست تێدەگات و زانایی خۆی بە جەهل... کینەی ئەوان بە دڵسۆزی دەزانێت و میهری دۆستەکانیشی بە کینە و

دژایەتیکردنی خۆی! بە چاوبەستراوی شوێنپێی دوژمنەکانی دەگرێت و دەگاتە ئاستێك بەتەواوەتی لە خودی (خۆی) دادەبڕێت و بێ ئەوەی هەستی پێبکات لەنێو ئەواندا دەتوێتەوە، ئیتر کڕنۆش بۆ ئەوانە دەبات کە ڕابردوویان وێران کردووە و ئایندەیان لەنێو بردووە! ئەم دەردە کوشندەیە، سەردەمانێکە تووشی ئێمەی کورد بووە و ڕۆژگارێکە پێوەی دەتلێینەوە و بێ ئەوەی هەستی پێبکەین، لە بیرمان چووە کە وەك ڕەسەنترین هۆزی (ئاریا)، پێش هەمووان خاوەنی ئایین و نیشتمان و سەروەریی بووین و ئەلفوبێی شارستانییەت و ڕۆشنبیریی مرۆیی لای ئێمە و لە ئێمەوە سەری هەڵداوە...، دابڕاو لە مێژووی هەرە مێژینە و پڕشنگداری خۆمان، پشتمان بە کەسانێك بەستووە کە هەمیشە بە شمشێرێکی ژەنگاوی بۆ کوشتن و قڕکردنمان لە بۆسەدا بوون و هەن و دەشبن... کەسانێك بە برا و دۆست و پێشەنگ و چاوساغی خۆمان دەزانین کە هەمیشە بە دیوارێکی ئەستوور لە درۆ و تەڵەکە بەری ڕووناکییان لێ گرتووین و ڕێگاو ئاسۆیان کردووینەتە شەوەزەنگێك، تاریکتر لە تاریکستان!

نامەوێ بمە هۆی ناسۆرترکردنی زامە پەترۆکبەستووەکان... تەنها دەمەوێ مەشخەڵێك بەرەو ڕابردووی تاریکداگەڕاومان هەڵبکەم و یادێك لە چۆڵەوانیی یادەوەریی نەخۆشی خۆماندا بورووژێنم، تا بیرمان بخاتەوە پاش داگیرکردنی نیشتمانمان، چەندە بێ شەرمانە هەوڵی تواندنەوە و سڕکردن و قڕکردنیان داین و چۆنیان زەلیل و زەبوون کردین... لێرەدا نامەیەکی (مەعاویە)ی کوڕی (ئەبوسوفیان)ی خەلیفەی (ئەمەوی) دەهێنمەوە کە کاتی خۆی بۆ (زەید بن ابیە)ی نووسیوە و ئامۆژگاریی دەکات لەسەر چۆنیەتیی هەڵسووکەوتکردن لەگەڵ (موالی)یەکان، فەرمانی پێدەکات کە دەبێ ئێرانییەکان قڕبکات و هەموویان لەنێوبەرێت و...! دیارە مەبەستی مەعاوییە لە وشەی (ئێرانییەکان) هەر ئەو هۆزە نیە کە ئەمڕۆ بە فارسی قسەدەکەن بەڵکو سەرجەم (ئاری)یەکان دەگرێتەوە، ئاشکرایە سەرزەمینی ئێرانیی کۆن نیشتمانی هەموو ئارییەکان بووە کە کورد بەسەرەکیترین هۆز و نەژادی دەژمێردرێت، کەواتە ئەو فەرمانەی مەعاوییە پێش هەموو کەس ڕووبەڕووی

ئـێمەی کـورد بـووەتەوە... هـەرگیز ئەو هەمـوو زەبروزەنـگ و چەوسـاندنەوە و پێشـێلکاری و قڕکردنەمـان لەبیـر ناچێـت کە سـوپای عەرەب دژ بە بـاب و باپیرانمان ئەنجامی دا و هەر ئەمەشە سوورترمان دەکات بڵێین مەبەستی ئەو فەرمانە قڕکردنی ئێمەی کورد و ئاریی ڕەسەن بووە.

بەهەرحاڵ نامەکەی مەعاوییە بۆ (زیاد بن ابیه) لە بەرگی شەشەمی کتێبی (ناسـخ التـواریخ)ی (مـورخە الـدولە سـپهر)دا هـاتووە کە خەلـیفەی ئەمەوی "مەعـاوییە" لە (شـام)ەوە نـاردوویەتی بـۆ (زیـاد بـن ابیه)ی بـرای کە ئەو کـات والیی کووفە و خووزستان و فارس و عومان بووە. نامەکە ئاوا دەستپێدەکات:

".....، اما بعد.. لەمنت پرسیوە ئەرکی سەرشانت لە بەرانبەر هۆز و خێڵە عەرەب و ناعەرەبەکاندا چیە..."

(لێـرەدا بە دوور و درێـژی باسـی هۆزەکـانی (یمـن) و (بنـی ڕەبـیعە) و (بنـی خزر) دەکات تا دەگاتە لای ئارییەکان و دەنووسێت:

"... ئێسـتاش دەگەیـنە ئەو هـۆزەی کە بەنـاوی (مـوالی) لـەنێو ئـوممەی ئیسلامییدا دەژین؛ واتە ئێرانییەکان، بـاش گـوێ بگـرە زیـاد... ئەو خەڵکە دەبـێ بەتەواوەتی زەلیل بکرێن... دەبێ بە هەمان شێوازی عومەری کوڕی خەتاب، بە چەشنێك سـەرکوت و پێشێل بکرێن کە هەرگیـز نەتوانن سـەرهەڵبڕن... ئەمانە بە هەمـان سیاسـەتی عـومەری کـوڕی خەتـاب نەبـێ، کـۆنترۆڵ نـاکرێن... لە مافەکانیـان کە هەمـوو پەیڕەوێکـی ئیسـلام خـاوەنیەتی، تـا دەتـوانی کەم و بەرتەسکی بکەرەوە... تا دەتوانی بەشە خۆراك و بژێویان لـێ کەم بکەرەوە... لە بەرەکـانی شـەڕدا ئەوان بـخەرە پێشـی پێشـەوە، بـا زووتـر بـکەونە بۆسـەی دوژمـنەوە و بکـوژرێن... سـەربازەکانیان تەرخـان بـکە بـۆ کـاری قـورس و تاقەتپڕوکێن و هەرچی دەتوانی بێگارییان پـێ بکە با زۆرترین ئازار بچێژن... وا بـکە قورسـیی بـاری سەرشـانیان تـا دێ قورسـتر بێـت، تـا لەژێـر ئەو بـارەدا تێکبشـکێن، گەر وانەکەیـت، ئەوان دژی تـۆ ڕادەپەڕن....، وشـیاربە! ئەم ئارییـانە هەرچەندە ئیمانداری پاکیش بن، نابێ پێشنوێژی بکەن و لە نوێژی جەماعەتدا لە ڕیـزی پێشـەوە دابنیشـن، بەڵکو دەبـێ هەمیشـە لە ڕیزەکـانی دواتـرەوە بـن...

هەرچەندە لە (فیقهـ) و قورئاندا زانا و پسپۆڕیش بن، نابێ ببنە قازیی یا والیی و نابێ حاکمی هیچ شوێنێك... هەرچەندە پلەوپایەشیان بەرزبێت، نابێ لە ڕێگادا بکەونە پێش عەرەبەوە، عەرەبێك گەرچی هیچ پلەوپایەیەکیشی نەبێت، دەبێ بکەوێتە پێشی ئەوانەوە... هەرگیز نابێ ژن لە عەرەب بهێنن، بەڵکو دەبێ هەر ئەوان ژن بە عەرەب بدەن و شانازیشی پێوە بکەن، ئەمانە هەمووی سیاسەتی حەکیمانەی عومەری کوڕی خەتاب بوون ـ ڕەزای خوای لەسەر بێت ـ بۆیە تەنها کەسایەتییەکە لەنێو ئوممەتی محەمەد و هەرواش لای بەنی ئومەیە کە شایستەی هێژاترین ڕێز و پاداشتە! گەرچی لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا عومەر هەندێ هەڵەشی هەبوو، بۆ وێنە... دەبوو یاسا و ڕێسایەکی دابنایە کە بۆ تاهەتایە ئاریی لەبەرانبەر عەرەبدا زەلیل و زەبوون بوونایە. من ئەگەر لەبەر ترسی لێکترازان و شەقبوونی ئوممەتی ئیسلام نەبوایە، هەر ئێستا یاسایەکم ڕادەگەیاند کە ئەگەر ئێرانییەك عەرەبێك بکوژێت (بەهەر جۆرێك بێت) دەبێ بەزووترین کات (دیە)ی دووبەرانبەر بدات و هەمیش بکوژرێتەوە، بەڵام گەر عەرەبێك ئێرانییەك بکوژێت (بەهەرجۆرێك بێت) نابێ بکوژرێتەوە و (دیە)کەش بکرێتە نیوە. بەهەرحاڵ ***زیاد***، هەر لەمڕۆوە کە ئەم نامەیەت دەگاتێ ئەو ئێرانییانە زۆرتر زەلیل بکە... سووکایەتیی زۆرتریان پێ بکە... لە خۆت و دەوروبەرەکەت دوورتریان بخەرەوە... هیچ پرس و ڕاوێژێکیان پێ مەکە بۆ کاروباری دینیی و دنیایی... هیچ گوێ مەدەرە خواز و پێداویستی و داواکارییەکانیان.

با ئەو نامەیەت بخەمەوە یاد کە کاتی خۆی عومەری کوڕی خەتاب بۆ والیی بەسرە (ابو موسی اشعری)ی ناردبوو، ئەو کاتە تۆ وەك کاتبێك لەلای ئەو کابرا ئەشعەرییە خزمەتت دەکرد... نامەکە تەنافێکیشی تێدابوو کە پێنج بست درێژ بوو، هەموو گرنگیی شتەکەش لەو تەنافەدا بوو! عومەر لە نامەکەیدا فەرمانی کردبوو کە: "ئەی حاکمی بەسرە، بە پێی ئەم فەرمانە هەموو نێرینەکانی بەسرە کۆبکەرەوە... ئێرانییەکان جیا بکەرەوە و بەم تەنافە ئەندازەیان بگرە و بالای هەرکامیان گەیشتە ئەم تەنافە هەر لەوێ سەری

ببڕه"! (ولید بن عقبه) بۆی گێڕامەوە کە ئەبو موسی ئەشعەری دڕدۆنگ ببوو لەوەی کە ئایا فەرمانەکەی عومەر بەجێ بهێنێ یا بیرێکی دیکەی لێ بکاتەوە، پاشان گوایە لەگەڵ تۆدا ڕاوێژ دەکات و تۆش پەشیمانی دەکەیتەوە و هانی دەدەی کە فەرمانەکە بگێڕێتەوە بۆ خودی (امیر المومنین) با خۆی چارەسەری بکات. تۆیش، کە بەخەیاڵی کرچی خۆت خەمخۆرییت بۆ فەقیر و هەژار دەنواند، لە بەردەم خەلیفەدا کەوتیتە پاڕانەوە تا لە بڕیارەکەی پەشیمانی بکەیتەوە... پێت گوت؛ گوایە ئەو کوشتوبڕە ناڕەوایە و دەبێتە هۆی هەڵگەڕانەوەی هەموو ئێرانییەکان... ئەوەندەت بۆڵاند و هێندەت هێنا و برد تا (امیر المومنین)ت لە بڕیارەکەی خۆی پاشگەز کردەوە! ئەی زیاد، من لەنێو هەموو ڕۆڵەکانی (ابوسوفیان)دا لە تۆ خراپتر و ناموبارەکترم نەبینیوە، چونکە ئەوە تۆبووی نەتهێشت سەرسەختترین و بابەکوشتەترین دوژمنەکانمان بەدەستی (عمر) قڕ بکرێن. ئەی زیاد، تکاکارییە زمانلووسییەکەی تۆ ، (عومەر)ی سارد کردەوە لەحاڵێکدا ئەگەر (امیر المومنین) بڕیارەکەی خۆی بەجێ بهێنایە و ئەو ئێرانییانەی لە ڕەگ و ڕیشەوە بنبڕ بکردایە، نەك هەر هیچ شتێکی خراپ ڕووی نەدەدا، بەڵکو عەرەب بەوە ڕادەهات، کە کوشتنی ئێرانییەکان بکاتە عورف و بە ڕێگەیەك و هۆکارێکی بزانێت بۆ نزیکبوونەوە لە خواوەند! بەڵام بەداخەوە، تۆ ئەی برا... ئەی زیادی کوڕی ئەبوسوفیان ئەوت لەو کارە گرنگە پەشیمان کردەوە و ئیدی ئەو مەترسییە گەورەیەت بۆ تاهەتایە بۆ ئێمە جێهێشتەوە! ئێستا کە دەسەڵاتت بەدەستە، تا درەنگ نەبووە لە خەوی غەفڵەت ڕاچەنە و بەئاگا وەرەوە... تا هەل و دەرفەتەکەت لە کیس نەچووە، ئەم ئارییانە بکوژە و بنبڕیان بکە"

ڕوونکردنەوەیەك و پرسیارێکی هەژێنەر:

دەقی ئەم نامە هاندەرەی مەعاوییە لە (پس از هزار و چهارصدسال)ی دکتۆر (شجاع الدین شفا)دا هاتووە، کە لە لاپەڕەکانی (٨٦ تا ٩٦)ی کتێبی (تاریخ چهارده معصوم)ی (حسن بن علی جواد فازل) وەرگیراوە. لە نێوەڕۆکی نامەکەشدا زۆر بەزەقی دەردەکەوێت کە خەلیفەکانی ئەمەویی (بەچاولێکەری و

پەیڕەویکـــردن لە مامۆســـتا و ڕێبەرەکـــانی پێشـــوویان، چ ڕق و کینەیەکـــی ئەستووری وشترانەیان بەرانبەر نەژادی ئاریی هەبووە و چۆن ویستوویانە ئەو نەژادە ڕەسەنە قڕ بکەن... دەبینین دوای تێپەڕبوونی چەندین سەدە و پاش گۆڕانی هەموو جیهان، چۆن هێشتا قوتابییە وەفادارەکانیان هەر لەسەددامەوە بیگـــرە تـــا خالـــد مەشـــعەلەکان و جەعفەرییەکـــان و مالیکییەکـــانیش هەر درێژەپێـدەری ئەو ڕێبـازە نەگریسـەن و هەر ئەو وانە نامرۆڤـانەیە دەخـوێنن و دەیڵێـنەوە)! پرسـیارێك کە لێـرەدا قـوت دەبێـتەوە ئەوەیە: (بـۆچی کـورد ــ ڕەسەنترین نەژادی بنەڕەتیی ئاریی ـ ئەوەندە یادەوەریی مێژوویی کز و کورتە و چـۆن بە فەرامۆشـکردنی هەزاران ناکەسـکاری لـەو شـێوەیە، هێشـتا بـڕوا بە دوژمنە دێرینەکانی دەکات و ساویلکانە خۆی دەخاتە ژێردەست و پێیانەوە؟!)

هیـوا دەخـوازم نـەوەکانی ئاینـدەمان وەڵامی دروسـتی ئەم پرسـیارە تـاڵە بدۆزنەوە و....!

## ڕۆژ.. مانگ.. ساڵ و جەژنەکان
## لە ساڵژمێر و ئەدەبیاتی ئایینی مەزدیەسنادا:...




| Amardad (S) Shehrevar (K)1379 Y.Z.<br>અમરદાદ (શં.) શેહેરેવર (ક.) ૧૩૭૯ ય.ઝ. | | | | December 2009 - January 2010<br>ડીસેમ્બર ૨૦૦૯ – જાન્યુઆરી ૨૦૧૦ | |
|---|---|---|---|---|---|
| રવિ SUN | | Shehrevar<br>20 શાહેરેવર | Khorshed<br>27 ખોરશેદ | Rashna<br>3 રશ્ને | Ashishvangh<br>10 અશીશવંઘ |
| સોમ MON | | Asfandarmad<br>21 અસ્ફંદાર્મદ | Mohor<br>28 મોહોર | Fravardin<br>4 ફરવર્દીન | Ashtad<br>11 આશતાદ |
| મંગળ TUE | | Khordad<br>22 ખોરદાદ | Tir<br>29 તીર | Behram<br>5 બેહેરાંમ | Asman<br>12 આસમાન |
| બુધ WED | | Amardad<br>23 અમરદાદ | Gosh<br>30 ગોશ | Ram<br>6 રાંમ | Zamyad<br>13 જમીઆદ |
| ગુરૂ THU | Hormazd<br>Dec. 17 હોરમજદ | Daepadar<br>24 દેપઆદર | Daepmeher<br>31 દએપમેહેર | Govad<br>7 ગોવાદ | Marespand<br>14 મારેસ્પંદ |
| શુક્ર FRI | Bahman<br>18 બેહમન | Adar<br>25 આદર | Meher<br>Jan. 1 મેહેર | Daepdin<br>8 દએપદીન | Aneran<br>15 અનેરાંન Xmas |
| શનિ SAT | Ardibehesht<br>19 અર્દીબેહેસ્ત | Ava<br>26 આવાં | Srosh<br>2 સરોશ | Din<br>9 દીન | |

18 Ann. of Jokhi Agiary-Godrej Baug, 19 Ann. of J.J. Adaran-Godavara Mobeds at Fort, 20 K. Shehrevar Month Jashan, 23 Sh. Amardad month Jashan, 25 Christmas, 1 New Year 2010, 5 Ann. of Dasturji Kookadaru Daremeher Sanjan, 11 Kadmi Paeteshahem Gahambar 5

ئارياييەكـان، كە كـورد بەشـێكی سـەرەكييانە و گەلانێكـی پێشـكەوتووی خـاوەنهزر و شارسـتانييەتی مێـژووی مرۆڤـايەتيی بـوون، بـۆ هەمـوو شـتێك لەم گێتييەدا ناونيشـان و واتايەكيـان هەبـووە و بەسـەر هيچ شـتێكدا تێنەپەڕيون، تـا نەياننـاسيبێت و نەيانخستبێتە خزمەتی خۆيـان و ژيـان و ژياريـانەوە، لە سـاڵەوە بيگرە تا دەگاتە ناوی ڕۆژ و هەفتە و مانگ و هەموو بۆنەكانيش، هەريەكە بەپێی تايبەتمەنديی خۆيان ناوێكيان بۆ دياريی كردوون، كە دەربڕی پەيامێكی هێژايە بـۆ خزمەتـی زۆرتـری مرۆڤـايەتيی. ئەوان، كە نوێبـوونەوەی سـاڵ و دەسـپێكی ژيانێكی تازەيان دۆزييەوە و بناغەی ڕۆژمێر و ساڵژمێری زانستييان دامەزراند، بۆ شـادبوون و ژيـانی بەختەوەريی و بۆ سـەركەوتنی زۆرتـر بەسـەر هەرچەشـنە تەنگـوچەڵەمەيەكی ژيانـدا، چەنـدين جەژنيـان بـۆ خۆيـان ديـاريی كـرد، تـا بەهۆيانەوە ژيان و ژياريی خۆيان لە خۆشيی و شاديی و بەختياريی تەژی بكەن؛ پيرشالياری زەردەشتيی دەڵێت:

"بـۆ هەر بـۆنەيەك و بەهەر بيـانوويەكەوە شـاديی و سـەما بـكەن و بەخۆشـيی و تـەڕدەماخيی ڕابيـوێرن، تـا ژيانتـان پـڕ بێـت لە خۆشـبەختيی و گەشەونەشە".

بـاپيرانی ئـێمە بە وشـياريی و زانـاييەوە مامەڵەيـان لەگەڵ ئەو پەنـدە هێـژايە و لەگەڵ سـەرجەم فكـر و فەلسـەفەی بەرزی زەردەشـتيی كـردووە، كە هۆكارێكە بۆ ناسينی باشتری گێتی و هەوڵێكە بۆ گەشەپێدانی زۆرتر و باشتری ژيان و ژينگە.

ئێستاش لەم نووسينەمدا و بۆ ئاشناكردنەوەی خوێنەری كورد بە هەندێ لايەنی ونبووی ژيانی دێرينەی خۆی، تيرۆژە نيگايەك دەخەمە سەر ناوی ڕۆژ و مانگەكـان و هەرواش جەژن و بـۆنە دێرينەكـانی ئەم گەلە ڕەسـەنەی مێـژووی مرۆڤايەتيی، بەو ئومێدەی هاندەرێك بێت بۆ بەخۆداچوونەوەو گوڕبەخشين بەم ژيـانەی ئێسـتامان، كە هـيچی لە ژيـانە ڕەسـەن و ژيـرانەكەی جارانمـان ناچێـت، بەڵكو زۆريش دژ و پێچەوانەی ئاوەز و ئەندێشە مرۆييەكانمان دەوەستێتەوە.

**ناوی (٣٠) ڕۆژەی مانگ لە ڕۆژژمێری زەردەشتیی (ئاری)ی دێریندا:**

١- ئورموزد
٢- ڤەهومەن/ بەهمەن
٣- ئوردیبەهەشت
٤- شەهریوەر
٥- سپەندارمەز
٦- خورداد
٧- ئەمورداد
٨- دەی بەئازەر
٩- ئازەر
١٠- ئابان
١١- خورشید
١٢- مانگ
١٣- تیر
١٤- گەئوشە
١٥- دەی بەمیهر
١٦- میهر
١٧- سروش/ سرەئوشە
١٨- ڕەشەن
١٩- فەروەردین
٢٠- وەهرام/ بەهرام
٢١- ڕام
٢٢- باد/ گڤاد
٢٣- دەی بەدین
٢٤- دین
٢٥- ئەرد

٢٦- ئەشتاد

٢٧- ئاسمان

٢٨- زامیاد

٢٩- مانترەسپەند

٣٠- ئەنارەم

**ناوی (٧) ڕۆژی هەفتە:**

١_ کەیوان شەید، کە دەبێتە (شەممە)، کەیوان (زوحەل) دوای (مشتەری) گەورەترین هەسارەیە و (٧٠٠) بەرامبەری زەویی گەورەترە. شەید (کە بۆتە پاشناوی هەموو ڕۆژەکان) بەواتای تیشك و ڕووناکیی دێت. کەیوان شەید، واتە یەکەم ڕۆژی هەفتە بە واتای (هەسارەی ڕووناك و ڕۆشن) ناونراوە.

٢_ میهر شەید، کە دەبێتە (یەکشەممە)، میهر بە واتای دۆستایەتیی، بەزەیی، میهرەبانیی، لە پالەویدا (میتر)ە، کە لە ئاییینی حەوت هەزار ساڵەی ئێرانی دێرین وەرگیراوە. میهر لە ئەدەبیاتی زەردەشتیدا ئیزەدی سۆزو پەیمان و پاسەوان و پارێزەری ئاوەکانە. ناوەکەش (میهرشەید) واتە سۆزو پەیمان و خۆشەویستیی درەوشاوە. ئەم ناولێنانەش پێشاندەری ڕێزو مەزنێتیی سۆزو دڵسۆزیی نێوان مرۆڤەکانە، چونکە هەر لەو سەردەم و چاخە دێرینانەوە پەیمانشکێنی و درۆ لای ئارییەکان بە گەورەترین تاوان و خراپەکاریی ژمێردراوە.

٣_ مەهـ شەید، کە دەبێتە (دووشەممە)، مەە، ماە، هەمان کورتکراوەی (مانگ)ە، کە جێگایەکی بەرزو تایبەتیی لە مێژووی ئاییینی میترایيدا هەبووە و هەرواش نموونە و سیمبۆلێکە بۆ هێزو زیندوێتیی تاهەتاییی جیهان و خیلقەت، سەرجەم ناوەکەش واتە مانگی ڕۆشن و پرشنگدار.

٤_ بەهرام شەید، کە دەبێتە (سێشەممە)، بەهرام، هەمان (وەرەهرام)ی پالەوییە، کە بۆتە ئیزەدی سەرکەوتن، ئەم ناوەش بە واتای سەرکەوتنی ڕووناکیی بەسەر تاریکیی و بیری ئەهریمەنیدا دێت.

٥_ تیر شەید، کە دەبێتە (چوار شەممە)، تیر هەمان (تیشتەر)ی پالەوی و

ئیزەدی بارانە، بەواتای ڕۆژی ڕۆشنبەخشیی باران بۆ پاراستن و بووژاندنەوەی سروشت ناونراوە.

٦ـ ئورمەزد شـەید، کە دەبێـتە (پێنجشـەممە)، ئورمەزد نـاوێکی دیـکەی ئەهـوورامەزدایە، کە سـیمبۆلی دەسـەڵات و توانـای داهێـنەرانەی پەروەردگـارە، بـۆیەش کـراوەتە نـاو بـۆ شەشـەمین ڕۆژ، چـونکە پێشـینان هەمیشـە شـەوی (پێنجشەم لەسەر هەینی)یان تایبەت کردووە بە کات و ساتی پەیوەندیی لەگەڵ خواوەنــد و ڕۆحی مردووەکانــدا و لەو ڕۆژەدا ڕێزیــان بــۆ دانــاون و یادیــان کردوونەتەوە و لەگەڵ یەزدانیشدا (نیایش)یان کردووە.

٧ـ ناهیـد شـەید، کە دەبێـتە (ئـادینە/ هەینـی)، ناهیـد هەمـان (ئانـاهیتە/ ئاناهیتـا)ی ئیـزەدی ئـاوە و هەرواش نـاوی دووەمی هەسـارەی (ڤینـۆس)ە، کە ئەویـش سـیمبۆلی جوانیی و ڕازاوەییە، بـۆیە دوایین ڕۆژی هەفـتەش بەم جۆرە ناونراوە، کە واتای ڕۆشنایی ئاو و ئاوەدانیی و جوانیی و ڕازاوەیی بدات.

**ناوی مانگەکان لە ئەدەبیات و کولتووره جیاوازەکاندا:**

| عیسایی | ڕوومی | ئەلەموت | هەخامەنشی | هەورامی | سۆرانی | ئاڤێستایی | فارسیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مارت | ئازار | حمل | چەمەن ئارا | نەورۆز | خاکەلێوە | فرەوارتی | فروردین |
| ئەپریل | نیسان | پور | گل ئ̆ور | پاژەرەژ | گوڵان | ئەشەڤەهیشتە | نوردیبەهەشت |
| مایس | ئیتار | جۆزا | جان پرور | لۆکەن | جۆزەردان | هەئورڤەتات | خرداد |
| ژوئەن | حزیران | سرگان | گرماخێز | کۆپڕ | پووشپەڕ | تیشتەریە | تیر |
| ژولای | تەموز | اسد | ئ̆تش بیشە | سانالێ | خەرمانان | ئەمیرەتات | امرداد |
| ئوت | ئاسامە | سنبلە | جەهانبەخش | چێلکڕ | گەلاوێژ | خشەترەڤەیریە | شهریور |
| سپتامبەر | ئەیلول | میزان | دژخوی | خەرمان | ڕەزبەر | میترا | مهر |
| ئۆکتۆبەر | تشرین۱ | عقرب | باران ریز | وەڵگ خەزان | خەزەڵوەر | ئاپ | ئابان |
| نۆڤەمبەر | تشرین۲ | قوس | اندوە خیز | سەرداوەز | سەرماوەز | ئاترا | ئازەر |
| دیسەمبر | کانون ۱ | جدی | سرما دە | هارگا | بەفرانبار | داتئۆشۆ | دەی |
| ژانیوەری | کانون ۲ | دلو | برفازەر | یەخبەننان | ڕێبەندان | ڤەهومەنە | بەهمەن |
| فیبرایەر | شوبات | حوت | مشکین فام | پیرشالیار | ڕەشەمە | سپەندارمەز | ئیسفەند |

تێبینی: هەم لە زمانی کوردیدا و هەم لە مانگە عیسایییەکانیش هەندێ جار بۆ یەك مانگ دوو یا چەند ناوێك هەن، کە بە باشترم زانی لێرەدا ڕوونی بکەمەوە:

یەکەم، لە کوردیدا:

خاکەلێوە = نەورۆز

گوڵان = بانەمەڕ

خەزەڵوەر = گەڵاڕێزان

ئەمە جگە لەوەی کە هەندێ جار تووشی هەڵە دەبین و جێگۆڕکێ بە دوو لە مانگەکان دەکەین، واتە: خەرمانان دەخەینە جێی گەلاوێژ و گەلاوێژ دەخەینە جێی خەرمانان!!!

دووەم، مانگە عیسایییەکان:

ئوت = ئاگوست/ ژوئیە.

**جەژنەکانی ساڵ لە کەلەپوور و ساڵژمێری ئارییاییەکاندا:...**

وەك ئاماژەمان پێدا، پێشینانی ئێمە هەوڵیانداوە هەمیشە شاد و سەرفراز بژین و ژیانیان پڕ بکەن لە شادمانیی و پێکەنین و بەختەوەریی، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هیچ گەلێك نابینی هێندەی ئێمە سەرنجی وردی دابێتە ژیان و هەوڵی ژیانی شاد و بەختەوەریی دابێت، کەچی ئەمڕۆ کە دەبینین نەك هەر ئەو ڕابردووە پرشنگدارەمان فەرامۆش کردووە، بەڵکو شوێن بیری بەرتەسکی خەڵکانێکی دواکەوتووتر کەوتووین و لەوان دەرۆژەی جەژن و بۆنەی جیاجیا دەکەین و تەنانەت ناوی جەژنەکانی خۆشمان هەر لە زاری ئەوانەوەو بە شێوێنراوی دەڵێینەوە، ئەمەش واتای نامۆییە بە کولتوور و کەلەپووری ڕەسەن و مێژینەی خۆمان و دەردێکە، سەرنجامەکەی نەمان و توانەوەی خۆمانە لەنێو بیری دواکەوتووانەی خەڵکانێکدا کە سەردەمانێك ژیانیان لە ئێمە دزی!!!

بەهەرحاڵ، پێشینانی ئێمە لە ساڵدا چەندین جەژن و بۆنەی پیرۆزیان هەبووە و تیایاندا شادییان کردووە و بەشادیی خزمەتی خۆیان و ژینگەیان کردووە، با

بزانین ئەو جەژنانەمان چی بوون؟:

١_ ١/١٩ (فەروەردین) جەژنی فەروەردینگان

٢_ ٢/٣ (ئوردیبەهەشت) جەژنی ئوردیبەهەشتگان

٣_ ٣/٦ (خورداد) جەژنی خوردادگان

٤_ ٤/١٣ (تیر) جەژنی تیرگان

٥_ ٥/٧ (ئەمرداد) جەژنی ئەمردادگان

٦_ ٦/٤ (شەهریوەر) جەژنی شەهریوەرگان

٧_ ٧/١٦ (میهر) جەژنی میهرەگان

٨_ ٨/١٠ (ئابان) جەژنی ئابانگان

٩_ ٩/٩ (ئازەر) جەژنی ئازەرگان

١٠_ ١٠/١ (دەی) جەژنی دەیگان

١١_ ١١/٢ (بەهمەن) جەژنی بەهمەنگان

١٢_ ١٢/٥ (ئیسفەند) جەژنی سپەندارمەزگان.

ئەم دوازدە جەژنە (هەرمانگێك جەژنێك) ئەوانەن کە ناوی ئەو ڕۆژە لەو مانگەدایە، واتە ڕۆژەکە و مانگەکەش یەك ناویان هەیە، کە لەو حاڵەتەدا ئەو ڕۆژە بە ڕۆژێکی پیرۆز دەزانرێت و دەکرێتە جەژن. جگە لەم دوازدە جەژنە چەندین جەژنی دیکەش لە ساڵدا هەبوون، کە هەریەکەیان بۆنە و مەبەستێکی تایبەتیی هەبووە و لێرەدا بە کورتیی ئاماژەیەکیان پێدەکەین:

**جەژنی نەورۆز:**

یەکێکە لە کۆنترین و ڕەسەنترین جەژن و بۆنەکانی مێژووی مرۆڤایەتیی، مێژوونووسان دەیبەنەوە بۆ (٦٠٠٠) ساڵ لەمەوپێش و دەیخەنە پاڵ (جەمشید)ی پاشای (پیشداد) و زۆرتریش بە (نەورۆزی جەمشیدی) ناسراوە. نەورۆز مەزنترین جەژنی نەتەوەیی و مرۆیی لە مێژووی دێرینی هەموو ئارییەکاندا بووە و بە بەرجەستەترین بۆنەی مێژوویی کورد دادەنرێت و لە زۆر وڵاتدا دەکرێتە

جەژن، بەتایبەتی لە ئێراندا گرنگییەکی تەواوی پێدەدرێت و سەرجەم بەشەکانی بەڕێوەدەبرێن. (دواتر باسی سەرجەم بەشەکانی ئەم جەژنە هەرە مەزن و پیرۆزە دەکەین)، هەر تەنها کوردە، کە ئەگەرچی ڕەسەنترین خاوەنیەتی، کەچی زۆر بەداخەوە هەروەك شانازییە مێژووییەکانی دیکە، پشتی لەمیش کردووە و خەریکە لەبیریشی دەباتەوە، ئەمەش پێشاندەری ئەوپەڕی لەخۆنامۆبوون و دابڕانە لە مێژووی کۆنمان و...!!!)

گەرچی ئێمەی کورد لەبیرمان کردووە، کە دەبێ بە سفرەیەکی ڕازاوەی (حەوت سین)ەوە پێشوازیی لە نەورۆز بکەین و لە دەوری یەکدی کۆببینەوە بۆ ئەوەی یەکەم چرکەی دەسپێکی نوێبوونەوەی ساڵ، جەژن بکەین، بە باشترم زانی بۆ زانیاریی زیاتری خوێنەرانی ئەم بابەتە بەهیوای خۆ ڕاهێنانمان لە ساڵەکانی دواتردا لەسەر ئەم دابە ڕەسەنە، بڵێم کە کاتی کۆتاییهاتنی ئەمساڵ و دەسپێکردنی ساڵی نوێ، کاتژمێر ٣ و ١٣ خولەك و ٣٩ چرکەی ڕۆژی هەینیی ١٣٨٧/١٢/٣٠ دەبێت بە کاتی تاران، واتە ٢،٤٣،٣٩ی ڕۆژی ٢٠٠٩/٣/٢٠ بە کاتی هەولێر).

**جەژنی سێزدەی فەروەردین:**

جەژنی سروشتی پاکوخاوێن و سیمبۆلی پاکیی و دروستیی و تەندروستیی و هەرواش بەزەیی و بەخشەندەیی و میهری یەزدانە بۆ مرۆڤ و بۆ گێتی.

**جەژنی شەشی فەروەردین:**

ڕۆژی لە دایکبوونی ئەشووزەردەشتی مەزن، پیری ڕاستەقینەی بیر و ئەندێشەی مرۆیی و پەیامبەری بیرمەند و وشیار و هێژای کوردی دێرین. شیاوی وەبیرهێنانەوەیە، کە یونسکۆ ساڵی (٢٠٠٣)ی بەناوی ئەم مامۆستا مەزنەی مێژووی مرۆڤایەتی (ئەشوو زەردەشت)ەوە ناو نا.

**جەژنی سووری:**

بە واتایەکی دیکە جەژنی ڕێزگرتن لە ئاگر، لە چاخە کۆنەکاندا لە دوایین (١٠ ڕۆژ)ی کۆتایی ساڵدا بەڕێوەدەبرا، بەڵام دواتر کاتەکەی گۆڕدرا و بوو بە دوایین چوارشەممەی کۆتایی ساڵ، کە ئەمڕۆ بە (چوارشەممە سووری) ناسراوە. لەو جەژنەدا بۆ شادیی گیانی پێشینان ئاگر هەڵکراوە، کە زۆرتریش بە مەبەستی بەخشینی وزەی تین و گەرمیی بووە بە زەویی و گێتیی، چونکە ساڵ کۆتایی دێت و سەرما ڕوو لە نەمان دەکات، هەروەها ئامادەباشییەکیش بووە بۆ پێشوازیکردنێکی شایستە لە جەژنی سەری ساڵ (نەورۆز).

**جەژنی تیرەگان:**

ئەم جەژنە جگە لەوەی ناوی ڕۆژ و مانگ تێیدا وەك یەکە، دەبرێتەوە لای تیرهاوێشتنەکەی (ئارەش کەمانگیر)، ئارەش پاڵەوانێکی ئوستوورەیی ئێرانیی کۆنە، کە بەسەر چیایەکی بڵندەوە وەستا و بە کەمانە بەناوبانگەکەی و بەهەموو هێزی ئەفسانەیی خۆیەوە تیرێکی هاویشتوە و بەو جۆرە سنووری نێوان ئێران و تووورانی دیاریی کردووە، خۆیشی بەهۆی ئەو هەموو هێز و گوشارە زۆرەوە، کە لە کاتی هاویشتنی تیرەکەدا و بۆ بەرینترکردنی سنووری وڵات خستویەتیە سەر جەستەی و گیانی سپاردوەو بووەتە شەهیدێکی هەمیشە لەیادنەچووی ڕێگای وڵاتپارێزیی.

**جەژنی میهرەگان:**

ئەم جەژنەش یەکێکە لەو جەژنانەی کە ناوی ڕۆژ و مانگی تێدا یەکە، پاش نەورۆزیش بە یەکێك لە گەورەترین جەژنە نەتەوەییەکان دەژمێردرێت، ئەم جەژنە بۆ سەردەمی شۆڕشی کاوەی ئاسنگەر دژی زوحاکی تازی دەگەڕێتەوە، بۆیە بۆ ماوەی (٦) ڕۆژی تەواو بەردەوام دەبێت، عەرەب ناوەکەی وەرگرتووە و

به گـۆڕینی پیتــی (گ) بــۆ (ج) کــردوویەتیە (مهرجــان)، کە بەداخەوە ئــێمەی کوردیش بێ ئەوەی هیچ بیری لێبکەینەوە، لاسایی ئەوانمان کردۆتەوە و هەر بەهەمان ناوی تەعریبکراو ناوی دەهێنین، کە ئەمەش بەشێك لە نەخۆشیی لەبیرچوونەوەو لێکدابڕانەکەیە کە ساڵەهای ساڵە پێوەی دەتلێینەوە...!!!

**جەژنی سەدە:**

ئەم جەژنە بە چەندین شێواز باسی لێوە کراوە و یەکێکە لە بۆنە مێژوویيە باسهەڵگرەکان:

١ـ گوایە منداڵەکانی ئادەم گەیشتوونەتە سەد کەس و ئەم جەژنەیان بۆ گرتوون.

٢ـ گوایە منداڵانی کەیومەرز گەیشتوونەتە ئاستی پێگەیشتن (باڵق و ئاقڵبوون).

٣ـ گوایە جەژنی سەدەمین ڕۆژە بۆ نەمانی زستان و سەرماوسۆڵە و...، بەڵام بەرچاوترین بۆنە و هۆکار ئەوەیە ئەم جەژنە دەگەڕێتەوە بۆ دۆزینەوەی ئــاگر، کە ئەویــش فەلســەفەیەکی هەرە دێرینــی ســەردەمی (هوشــەنگی پیشــداد)ییە، کە دەگەڕێــتەوە بــۆ شــەش هەزار ســاڵ لەمەوبــەر، هێشــتا ئاسەوارێکی ئەم پاشا مەزنەی پیشداد لە (مسجد سليمان)ی ئێراندا ماوەتەوە. بەڵام لەوانە گرنگتــر، جەژنــی ســەدە و جەژنــی (پیرشــالیار) لە هەورامــان نزیکایەتیی و لێکچوونێکی زۆر سەیریان هەیە، جەژنی سەدە لە دەیەم ڕۆژی بەهمەن (ڕێبەندان)دا دەکرێت و جەژنی پیرشالیار لە پازدەی هەمان مانگدا.. جەژنــی ســەدە چەنــدین بەش و ڕێوڕەســی جیاجیــای تێــدان، کە جەژنــی پیرشــالیاریش هەمــان ئەو تایبەتمەنــدییانەی هەیە.. هەردووکیــان ئامــاژەن بە کۆتاییهــاتنی ســەرما و بەرەو گەرمبــوونەوەی زەویــی و ســەرەتای ئــاڵوگۆڕی سروشت و نزیکبوونەوە لە جەژنی نەورۆز.. تەنانەت باسە جۆراوجۆرەکانیش کە لێیان دەکرێت، بە هەمان شێوە لێکنزیکن و ئەمانەش وامان لێدەکات وردتر

لێیان بڕوانین و بڵێین هەردووکیان هەر یەك جەژنن و بۆ یەك مەبەست و بە یەك بۆنەوە ڕێزیان لێگیراوە.

**جەژنی سپەندارمەزگان:**

ئەم جەژنەش سەرەڕای یەکبوونی ناوی ڕۆژ و مانگ تێیدا، بە جەژنی ژنی ئاریایی ناسراوە، پتر لە چوار هەزار ساڵ پێش ئێستا، ژنی ئاریی، ڕۆژێکی ساڵ دەبوونە حاکم و بەڕێوەبەری ماڵەوە و جێی پیاویان دەگرتەوە و پیاوانیش دەبوونە فەرمانبەر و کارەکەری ئەوان و جێی ئەوانیان دەگرتەوە، بەو جۆرە ڕێزی ئەو هەموو ماندووبوون و دڵسۆزیی و فیداکارییەیان دەگرت، کە بەدرێژایی ساڵ ژنێك پێشکەشی ماڵ و منداڵی دەکات، هەرواش دەریاندەخست کە پلەوپایەی ماددی و مینوییی ژن لە نێو مرۆڤدا گەلێ لە هی پیاو (لە زۆر بواردا) بەرزتر و هێژاترە.

ئەم جەژنە لەگەڵ هاتنی سوپای عەرەب کۆتایی پێهێنرا و قەدەغە کرا، بەڵام خۆشبەختانە چەند ساڵێکە سەرلەنوێ زیندووکراوەتەوە و ئارییە ڕەسەنەکان لەنێو خۆیاندا و دوور لە چاوی دوژمنانی ئەم کولتوورو کەلەپوورە ڕەسەن و مرۆییە، بەڕێوەی دەبەن. هەروەها ئەم جەژنە تایبەتیشە بە عەشق، واتە کراوەتە ڕۆژی تایبەتی خۆشەویستیی، کە زۆر دواتر ئەوروپییەکان بەناوی (ڤالانتاین) کردیانە جەژن.

**جەژنی پیر:**

جەژنی پیر، ساڵانە لە هەورامانـدا و بۆ ڕێزگرتن لە پیرشالیاری زەردەشتیی بەڕێوەدەبرێت، هەم بە جەژنی پیر و هەم بە (زەماوەندی پیر)یش ناو دەبرێت کە مەبەست هەمان پیرشالیارە، هەندێجاریش تەواوی ناوەکە دەردەبڕدرێت، واتە؛ دەگوترێ جەژن (زەماوەند)ی پیرشالیار. ئەم جەژنە

دەکەوێـتە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەنـدان، کە بە چـلە (دوولای)ی زسـتان ناسـراوە، وەك پێشـتر ئامـاژەم پێکـرد، گەر لەم جەژنە و جەژنـی سـەدە زۆرتـر ورد بیـنەوە، دەبینـین ئەوەنـدە لێکنـزیکن، کە دەتـوانین بڵێـین هەر یەکـێکن یـان پـێکەوە پەیوەستن، گرنگترین لایەنی ئەم جەژنە ئەوەیە کە هانی خەڵك دەدات پشت بەخۆیـان ببەسـتن و لەسـەر پێـی خۆیـان بوەسـتن و خۆیـان داهێـنەری پێداویسـتییەکانی ژیـانی گۆمەڵگەکەیـان بـن، ڕۆحی هاریکـاریی و هەرەوەزیـی و ژیـانی تەبـایی کـۆمەڵایەتیی لەم جەژنەدا بەرجەسـتەتر دەکرێتەوە، سـەرەڕای ئەوەش دەبێـتە پێشـانگایەکی داهێـنەرانە بـۆ دەرخسـتنی توانـایی تاکەکـان لە ئەفرانـدن و داهێنـان و گەشـەپێدانی ژیـان و پاراسـتنی ژیـنگەدا، هەربـۆیە زۆر پێویسـتە کـورد ئـاوڕێکی زۆرتـر لەم جەژنە بـداتەوە و وەك بـۆنەیەکی نەتەوەیـی زۆر گرنـگ و پیـرۆز کـاری لەسـەر بکـات و بەرجەسـتەتری بکـاتەوە، ئەمە دەگەڕێتەوە سەر ئەرك و پلانە نەتەوەییەکانی حکوومەت و پەرلەمانی کوردی، بەڵام ئایا (حکوومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی کوردی) دەرفەتی ئەوەی هەیە، بیر لە بەها مێژووییەکانمان بکاتەوە و توانایی و خواست و ئیرادەی ئەوەی تێدا دەبینرێـت کە بە ڕاسـتگۆییەوە ئەم ئەرکە قورسـەی سەرشـانی خـۆی بەجێ بگەیەنێت؟!!!

جگە لەم جەژنانەی ناومان بردن، لەماوەی ساڵدا شەش جەژنی دیکەمان هەبوون کە زۆرتر تایبەتمەندیی ئاینییان هەیە و بە (گاهانبار) ناو دەبرێن.

### جیاوازییەکانی ساڵی کوردیی و ئاهووراییی و عیسایی:

هەروەك چـۆن ئەدەبیـاتێکی جیاوازمـان هەبـووە، کە دەبـێ بڵێـین پێشەنگایەتیی ئەدەبیاتەکانی دیکەمان کردووە، هەرواش ساڵ و ساڵنامەکانمان لەگەڵ ئەوانی دیکە جیاوازن، کە پێویستە لێرەدا چاوێکیان پێدا بخشێنینەوە:

نێوان سـاڵی ئـاهووراییی و عیسـایی ( ١٧٦٨) سـاڵە، واتە مێژووی ئـاهووراییی ١٧٦٨ سـاڵ پـێش مێـژووی عیسـایی دەسـتپێدەکات، گەر وردتـریش بڵێـین؛ ئەوا

دەبێ بنووسین ١٧٦٨ ساڵ و ١٠ مانگ و ١٠ ڕۆژی تەواو، واتە: ٢٠٠٩/١/١ی عیسایی دەکاتە ٣٧٧٧/١٠/١٠ی ئاهوورایی.

هەروەها نێوان ساڵی کوردیی و عیسایی (٧٠٩) ساڵ و (١٠)مانگ و (١٠)ڕۆژە، واتە ٢٠٠٩/١/١ دەکاتە ١٠/١٠/ ٢٧٠٩ی کوردیی، بەمپێیە دەبێ بڵێین مێژووی کوردیی ٧٠٩ ساڵ و ١٠ مانگ و ١٠ ڕۆژ لە پێش مێژووی عیساییە، هەڵبەت دەبێ بزانین کە کورد دوو جۆرە ساڵی هەیە: ساڵێك بە ٧٠٠ پ.ز. دەسپێدەکات، کە بە بۆنەی تاجلەسەرنانی دیاکۆیە و ساڵێکی دیکە بە ٦١٢ دەسپێدەکات، کە بە بۆنەی گرتنی نەینەوا و دامەزراندنی حکوومەتی کوردییە لە لایەن دیاکۆوە، من بەشبەحاڵی خۆم (٦١٢) بە ڕاستتر دەزانم و پێموایە گۆڕینی بۆ (٧٠٠) تەنها ساتوسەودایەکی سیاسییانە بووە لە نێوان کورد و عەرەبدا بەو نیازەی کە هەقیقەتی زاڵبوون و فەرمانڕەواییکردنی کورد بەسەر ئەواندا زەق نەبێتەوە، بەڵکو کەمڕەنگتر بکرێت و سەرەنجام فەرامۆشی بکەن!!!

ساڵی هەتاویی لەگەڵ ساڵی عیساییدا (٦٢١) ساڵ و ١٠ مانگ و ١٠ ڕۆژ نێوانیانە، واتە مێژووی عیسایی (٦٢١) ساڵ لە پێش مێژوویی هەتاوییەوەیە، واتە ٢٠٠٩/١/١ دەکاتە ١٣٨٧/١٠/١٠ی هەتاویی.

**سفرەی حەوت سین:**

پێشتر گوتمان جەژنی نەورۆز مەزنترین و پیرۆزترینی سەرجەم بۆنە و جەژنە ئایینیی و نەتەوەییەکانی گەلانی ئارياییە کە بە شێوەیەکی زۆر جوان و فراوان و لە چەندین وڵاتیشدا بەڕێوەدەبرێت، ئەم جەژنە چەند بۆنە و ڕێوڕەسمێکی تایبەت لەخۆ دەگرێت، کە لێرەدا یەکە یەکە باسیان دەکەین:

- ❖ ڕێوڕەسی چوارشەمە سووری، کە پێش هاتنی نەورۆزە و دەبێتە ئامادەکارییەك بۆ پێشوازیی لە نەورۆز و سەری ساڵی نوێ.
- ❖ سفرەی حەوت سین کە لە ماڵەکاندا ڕادەخرێت و بەچەندین میوە و سەوزە و بەرهەمی جوان و بەسوود دەڕازێنرێتەوە و بنەماڵەکان لە دەوری کۆدەبنەوەو هاتنی ساڵی نوێ پیرۆز دەکەن.

- ❖ پاکوخاوێنکردنەوەی نێوماڵ و دەوربەری ژینگە (ماڵاتەکانی)، کە ئەویش پێشوازیکردنێکی لەباری نەورۆز و ساڵی تازەیە بە شێوەیەکی جوان و بە پاکوخاوێنیی.
- ❖ دیدار و سەردانیکردنی خزم و کەسوکار و ناسیاوان بۆ یەکتربینین و پێکشادبوونەوە و ئاشتبوونەوە و پڕڕەنگترکردنی سۆز و خۆشەویستیی و سڕینەوەی ناکۆکیی و ناتەباییەکان و پراکتیزەکردنی پرەنسیپی مرۆڤدۆستیی و ژینگەپارێزیی و وڵاتپەروەریی، کە بنەمایەکی پیرۆزی فەلسەفە مەزنەکەی ئەشووزەردەشتە.
- ❖ سێزدەبەدەر، کە تێیدا شار و ماڵ بەجێدەهێڵن و ڕوو دەکەنە دەشت و سارا و چەم و چیمەن و سەوزە (سەمەنو)ی نەورۆزی بە دەشتودەردا دەپژێنن، بە مەبەستی گەشەدان بە ژیار و ژینگە. ئەم بەشە دەبێتە دوایین بەشی کۆمەڵە ڕێوڕەسمەکانی جەژنی نەورۆز.

لێرەدا زۆرتر و وردتر لە سفرەی حەوت سین دەدوێین، کە هەروەك گوتمان بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاوە و سیمبۆلێکی پیرۆز و ڕەسەنی بیرکردنەوەی وشیارانەی گەلانی ئارییە لە نەورۆزدا:

چەمکی (سفرەی حەوت سین) بەچەندین شێوە ناودەبرێت، کە بریتین لە: (حەوت چین، حەوت شین، حەوت سین، خوانی نەورۆزی) و بۆ هەرکام لەم ناولێنانەش باس و بابەت و گێڕانەوە و بۆچوونی جیاجیا لە ئارادا هەن، بەڵام خودی وشەی (حەوت)ەکە هەروەك خۆی دەمێنێتەوە، چونکە وشە و ژمارەی حەوت زۆر پیرۆزە و گەلێ ناو و شتی پیرۆز بەم ناوەوە هەن، وەك: (حەوت ئاسمان، حەوت خوان، حەوت پلە/ قۆناغ، حەوت ئەمشاسپەندان/ فریشتە، حەوت دەرمانە، حەوت ئاو، حەوت توێی زەمین، حەوت ڕۆژی هەفتە و...). ناو لێنانی حەوت سینیش بە هەمان هۆکار و بە تایبەتی بۆ ڕێزگرتن لە حەوت ئەمشاسپەند/ سپەنتا هاتووە کە ئەوانیش بریتین لە:

(بەهمەن، ئوردیبەهەشت، شەهریوەر، سپەندارمەز، خورداد، ئەمرتات و ئەهووره)، {لەمەڕ واتاکردنەوەو لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم حەوت فریشتەیە لە

دینی مەزدیەسنادا، هەم لە لاپەڕەکانی پێشوتر و هەم لە بەرگی یەکەمی کتێبی (ئاڤێستا مێژینەترین سروودی کورد)دا بە تەواویی نووسیومە؛ بۆیە بە پێویستی نازانم لێرەدا دووبارەی بکەمەوە، بڕوانە: ئاڤێستا مێژینەترین سروودی کورد، بەرگی یەکەم گاتاکان، کۆکردنەوەو وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە: جەلیل عەباسی، چاپی یەکەم دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٣.

دیارە ئێستا دانانی سفرەی حەوت سین وەك خۆی نەماوەو هەندێ گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ئەمڕۆ نەك بە تەنیا (٧) جۆر بەڵکو چەندین میوە و شیرینی و بەرهەمی جۆراوجۆری لەسەر دادەنرێت کە زۆرتر و زیاتریان ئەمانەن: (سەوزە، ئەسپەن، سپەندار، سکە، سرکە، سماق، سەمەنو، سرینچك، سێو، سیر و...) لێرەدا واتا و پەیامی هەرکامەیان بەکورتیی باس دەکەین:

سەوزە: لە گەنم یا جۆ دروست دەکرێت، کە خۆراکی سەرەکیی مرۆڤە و نیشانە و هۆکاری ئاوەدانیی و خێروبەرکەت و سەرسەوزییە، سێ سەوزە بەسەر سفرەوە دادەنرێت بە نیشانەی: بیری چاك، زمانی چاك، کرداری چاك.

ئەسپەند: شتێکی بۆنخۆشە، ناوەکەیشی واتای پیرۆز دەدات، دانانی ئەمیش بە نیشانەی پیرۆزکردنی ژیان و دوورکەوتنەوە و پارێزران لە چاوی بەد و تەماع و چاوچنۆکیی و ناپاکییە.

سپەندار: واتە شەمع کە بە نیشانەی ڕووناکیی و درەوشانەوە و تین و گەرمای ئاگر و هەتاو دادەنرێت.

ستر/ سکە: دراوێکی ئاسنە بە مەبەستی پێشاندانی ئاوەدانیی و دەوڵەمەندیی و بێنیازیی و ژیانی ئاسوودە لە بواری ماددییەوە دادەنرێت.

سرکە: سیمبۆلی خۆڕاگریی و پاکیی و تەندروستییە، سرکەی ترێ یا سێو بۆ نەهێشتنی کۆلسترۆڵ و دژی شێرپەنجە بەکاردەبرێت.

سماك/ سماق: ڕەنگی تازە هەڵاتنی خۆر دەدات، واتە سیمبۆلی نوێبوونە و سەرهەڵدان و ژیانی تازەیە، جگەلەوەش بۆ دەرمانی گەلێ نەخۆشیی بەکاردێت.

سەمەنوو: لە گەنم دروستدەكرێت و سیمبۆلی (بەپیتی، دووگیانی) و زۆرتربوونی سەوزایی و ئاوەدانییە و هەروواش پڕە لە ڤیتامینەكانی ( أ ) و ( ب ) و بۆ پاراستنی جوانیی و تەندروستیی بەكاردەبرێت.

سێو: ئەمیش سیمبۆلی جوانیی و دووگیانیی و خۆشەویستییە، هەمیشە خواردنی سێو پێشنیار كراوە و دووپاتی لەسەر كراوەتەوە كە زۆر بۆ تەندروستیی مرۆڤ و جوانیی منداڵ بەسوود و كاریگەرە.

سیر: دەرمانێكی بە هێز و بێوێنە و چارەسازێكی گەورەیە بۆ زۆرێك لە نەخۆشییەكانی مرۆڤ.

جگە لەمانەش زۆرجار ماسیی و چەرەزات و *نەسكی ئاڤێستا* و ئاوێنە و مۆمدان و...شتی دیكەیش دادەنرێت كە ئەوانیش هەریەكەیان دەربڕی پەیام و فەلسەفەیەكە لەمەڕ ژیانی مرۆڤ.

## سووڕانی زەویی لە دەقەکانی ئاڤێستادا:...



سووڕانی زەویی بە دەوری هەتاودا و شێوە (گۆ) خڕتییەکەی، کە ئەمڕۆ بۆتە بابەتێکی ناسراو و جێی بڕوای هەمووان، تا چەند سەدەیەك لەمەوبەر لەلای ئەورووپییەکان دیاردەیەکی ناسروشتیی و نامۆ و نەناسراو بوو، ئەوان پێیانوابوو، زەویی وەستاوە و ئەوە هەتاوە بەدەوریدا دەسووڕێتەوە، ئەوان بەهۆی نەشارەزایی لەگەڵ بەرهەم و سەرچاوە دینیی و زانستییەکانی وڵاتانی دیکە، وایاندەزانی یەکەم کەس گالیلۆ بوو کە توانیی پەی بەم ڕاستییە بەرێت و ڕوونی بکاتەوە! لەحاڵێکدا چەند هەزار ساڵێك پێش ئەو، ئاڤێستا باسی لەم هاوکێشەیە کردووە. ئەمەش بۆمانی دەردەخات، کە ئارییەکان، گەلێ پێش ئەورووپا ئاگاداری ئەم بوارە زانستییە بوون.

دەڵێن، گوایە گالیلۆ یەکەمین کەسە پەیی بە خرتبوون و سووڕانی زەویی بردووە و هەنووکەش هەرکەس باسێك لەمەڕ ئەم بابەتە ببیستێ، یەکسەر بیری بۆلای ئەم زانایە دەچێت. پێویستە وردتر لەوە بڕوانین کە گالیلۆ ساڵی ١٥٦٤ی زایینی لەدایکبووەو حەفتاوهەشت ساڵ ژیاوە، کەواتە ناوبراو لانیکەم پتر لە ١٦٠٠ ساڵ دوای لەدایکبوونی عیسای مەسیح ئەم باسەی ورووژاندووە. (ساڵی ١٦١٦ی زایینی گالیلۆیان لەسەر دەربڕینی ئەو بیروبڕوایەی بە سووڕانی زەویی مەحکەمە کرد).. ناتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، کە ئایا گالیلۆ ئاگای لە مێژووی کۆنی ئێران و دینی مەزدیەسنا و دەقەکانی ئاڤێستای پیرۆز هەبووە یاخود نا؟، بەڵام بە هەرحاڵ ئەوەمان لا ئاشکرایە کە نەك شازدە سەدە پاش زایین، بەڵکو دەیان سەدەی پێش عیسا و پێش گالیلۆ لە ئاڤێستادا باسی ئەم دیاردە زانستییە کراوە.

لە ئاڤێستای پیرۆزدا چەندینجار باسی زەویی کراوە و بە (سکارنا) ناوی براوە کە واتای خرت و سووڕاو دەدات.

لە بڕگەی (٣٨)ی (ئابان یەشت)دا هاتووە: "نەریمان گەرشاسب ئاواتی خواست کە بتوانێ بەدەوری ئەم زەوییە خرت و سووڕاوەدا بگەڕێت و دوژمنەکانی شکست بدات".

لە بڕگەی (٩٥)ی (میهر یەشت)یشدا هاتووە: "میهر لە هەموو ئێوارە و سەرەتایەکی شەودا دێتە سەر گۆی زەمین و بەسەر ئەم زەوییە خرت و سووڕاوەدا تێدەپەڕێت".

لەم چەند نموونەیەدا زۆرجار وشەی (گۆ) بۆ زەویی بەکارهاتووە و زۆرجار داکۆکی لەوە کراوەتەوە کە زەویی گۆیەکی خرتە و دەسووڕێت، ئەمە دەیسەلمێنێت کە ئێمەی ئاریی زۆر پێش مێژووی عیسایی درکمان بە سووڕانی زەویی کردووە و گەلێ پێش نەتەوەکانی دی بەم هەقیقەتە زانستییە گەیشتووین و ئەوانەی دواتر باسیان لێکردووە، یا لە ئێمەیان وەرگرتووە، یان بە هەزاران ساڵ پاش ئێمە گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی زانست و بیرکردنەوە لە مەڕ خڕێتیی زەویی.

## چیرۆکی (وەد):...



هاتی (٥٣)ی یەسنا لە ئاڤێستادا باسی (وەد) شووکردنی کچی ئەشوو زەردەشت دەکات، کە لە هەموو ڕوانگەیەکەوە شیاوی سەرنج و تێڕامانە.

چیرۆکی شووکردنی پوورڤەچیستا، پێشاندەری ماف و پێگەی ڕەوا و هێژایی ئافرەتە لە ئاینی زەردەشتیدا. بەپێی گێڕانەوەکانی ئاڤێستا، باوك، گەنجێکی وریا و ژیر و ڕۆشنبیر و لاوچاکی پێشنیار کردووە بۆ هاوسەریی کچەکەی، بەڵام بە هیچ شێوەیەك داکۆکیی ناکاتە سەر و پێداگریی ناکات، کە هەردەبێ ئەو گەنجە ببێتە هاوسەری کچەکەی، بەڵکو ئەمە تەنها ڕۆشنگەریی و ڕێنوێنییەکە و ئیدی کچەکەی سەربەست و ئازادە چی دەکات و چۆن وەڵامی پێشنیارەکەی باوکی دەداتەوە، ئازادە کە بە بیرکردنەوەی خۆیی و بەپێی تێڕوانین و خوێندنەوەی ئەقڵمەندانەی خۆی هاوسەری ژیانی هەڵبژێرێت. زەردەشت ڕوو دەکاتە کچەکەی و ئاوای پێدەڵێت: "ئەی پوورڤەچیستا، تۆ لە خانەدانی (سپیتمان) و بچووکترین کچی منی...، من، لەبەر دۆستایەتیم بۆ تۆ و ئاینەدی تۆ، هەروەها بەهۆی پاکیی و ڕاستیی و دروستیی و ئەقڵمەندیی و دڵسۆزیی (جاماسب)ەوە، ئەو بەشیاو دەزانم بۆ هاوسەرێتیت و بۆ ئەوەی

پـێکەوە ژیـانێکی پـاك و چـاکیی مەزدایـی دەسـپێبکەن، (جاماسـب) یەکـێکە لە چاکترین و پاکترین گەنجەکان و پشتیوانێکی ڕاستەقینەی بەهدینییە. تۆش جوان بیـری لێـبکەوە، ئەم پێشـنیارە لە هەمـوو لایەنـێکەوە بـخەرە ژێـر تیشـکی وردبینیی و بیری ڕوونـاك و ڕاستگۆیانەوە.. ئەگەر پێشـنیارەکەی منت پەسـەند کـرد و خـۆت و ئەویشـت بە شایسـتەی ژیـانی پیـرۆزی هاوسـەریی زانیـی، ئەوا ڕێوڕەسـمی پیـرۆزی زەماوەنـد بەڕێـوە دەبەیـن". پوورۆچیسـتا دەکەوێـتە بیرکـردنەوە و لێکـۆڵینەوەی وردتـر لەمەڕ جاماسـب.. لە نـزیکەوە دەیبینێـت و قسـەی لەگەڵ دەکـات و لەو ڕێگەیەشـەوە و بەهـۆی پرسـیار و وەڵام و هەڵسـوکەوتیەوە هەڵیدەسـەنگێنێت.. سـەرەنجام، پـاش ناسـینی وردی جاماسب و پەیبردن بە بیرکردنەوە ڕاست و دروستەکانی، ڕەزامەندیی خۆی بۆ پێکهێنـانی ژیـانی هـاوبەش لەگەڵیـدا دەدات، بە بـاوکی ڕادەگەیەنێت. ئەشـوو زەردەشـت لە ڕێوڕەسـمی مـارەبڕین و لە پەیڤینێکدا بـۆ گەنجەکـان، بەرچاویـان ڕوونـدەکاتەوە و پێیانـدەڵێت: "ئەی ئەو کـچ و کـوڕە گەنجـانەی گەیشـتوونەتە قونـاغی پێکهێنـانی ژیـانی هـاوبەش، ئەم ئامۆژگـارییەم لـێ ببیسـتن و هـەرگیز لەبیرتـان نەچێـت، کە هەمیشـە بەهەوڵ و کۆشـش و پشـتکارێکی جـوامێرانەوە ببنە ڕێبواری ڕێگای ڕاستیی و دروستیی.. هەرکام لە ئێوە دەبێ لە بیر و زمان و کرداری چاکدا پێشی ئەوانی دیکە بداتەوە.. داواتان لێدەکەم؛ هەرگیز لە ڕێگای ڕاسـتیی و دروسـتیی لامەدەن و هەوڵبـدەن شـادیی و بەختیـاریی بەوانـی دیکـە ببەخشن".

ئەم چیـرۆکە، بەڵـگەیەکە بـۆ پێشـاندان و سـەلماندنی یەکسـانیی و بەرابەریـی و ئـازادیی ژن و پیـاو لە کـۆمەڵگەی کـۆنی ئارياييـدا.. لە کـۆمەڵگەی چەندین هەزار ساڵی پێشووتری ئێمەی ئاریدا، خواست و ئیرادەی ژن و کچ، چ لە ماڵەباوانـدا و چ لە ژیـانی هاوبەشـییاندا، ڕێـزی لێگیـراوە و خۆیـان ڕێگـای خۆیان هەڵبـژاردووە و چارەنوسی خۆیان دیاریکردووە، لە کاتێکدا، لە دەرەوەی کـۆمەڵگەی ئەو کـاتی ئـێمەدا و تەنـانەت پاشـتریش، ژن وەکـو کەنیـزەیەك سەیردەکرا.. بەزیندوویی لەگۆڕ دەنرا.. وەك کاڵایەك بازرگانیی پێوە دەکرا و...!

## پێش تەلەگراف:...



{برج (قەڵا)ی ئاگر بۆ گەیاندنی پەیام و ئاگادارکردنەوە لە سەرزەمین و زێدی کەونارای ئارییدا، بەڵگەیەکی سەلمێنراوە کە ئێمە پێشەنگی داهێنانی تەلەگرافین}:...

هەورامانی گەورە بە قەڵای زۆر و جۆربەجۆر دەوری گیراوە. هیچ شاخێکی بەرز، هیچ کێوێک، هیچ لووتکەیەک، هیچ بەرزاییەک و بەگشتی هیچ شوێنێکی هەڵکەوتەی ستراتیژی لە هەورامانی کەونارادا نابینی، لانیکەم قەڵایەکی لەسەر نەبێت.. ئێستا و لە هەورامانی ئەمڕۆشماندا پاشماوەی زۆربەی ئەو شوێنەوارە نەمرانەی باپیرانمان ماونەتەوە و هێشتا بەسەرپێوە وەستاون و نیگا و

سەرنجمان بەرەو لای خۆیان پەلکێش دەکەن و وەک بڵێی، دەیانەوێ قسەمان لەگەڵ بکەن و نهێنییەکمان بۆ بدرکێنن و بەرەو ناخی مێژووی مێژینە و لەبیرکراوی ڕابردوومان بەرنەوە.. کەم گوندی هەورامان هەیە (قەڵای گاوران)ێک لە بەرزاییەکانییەوە نەبووبێت و ئێستاش پاشماوەی نەمابێت. ئەمە جگە لە دەیان قەڵات و قەڵاتۆچکەی دیکەی گەورە و بچووک لە شوێنەکانی دیکەیدا. با جارێ ئاوڕێک لە ناوەکە بدەینەوە: (قەڵای گاوران..)

وشەی گەبر/گەور، واتای (پیاو) دەگەیەنێت.. ڕیشەکەی لە زمان و ئەدەبیاتی زەردەشتیدا (گەرێوە)یە کە دواتر ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و بۆتە (گەور/گەورە)، کە لەم سەردەمەدا بۆ مەزنێتی بەکاردەبرێ، وەک دەڵێین: پیاوی گەورە، گەورە کچ، شاری گەورە، یان بۆ هەرشتێکی زۆر و بەهێز و مەزن. گەوران کە کورتکراوەی (گەورەکان)ە دەبێتە کۆی ئەم وشەیە؛ واتە کۆی گەور یا گەورە. بەم پێیە بێت، ئەوا ئەم ناوە دەبێتە (قەڵای گەورەکان)، کە لێرەدا واتای پاڵەوانەکان یا جەنگاوەرە نەبەردەکان دەگەیەنێت.

**"هورمزگان ڕمان ئاتەران کوشان هویشان شاردەوە گەورە گەورەکان"**

بمبوورن ئەگەر بە ناچاری و بە مەبەستی ڕوونکردنەوەیەکی زۆر پێویست، کەمێک لە باسە سەرەکییەکەم دوور بکەومەوە... لەسەر چۆنیەتیی سەرهەڵدانی ئەم شیعرە ناڕۆم و نامەوێ باسی ئەوە بکەم کە چۆن و بۆچی و بە چ مەبەستێک هەندێ خوێنەواری (بەناو ڕوناکبیر)ی بە گوتەی (جەلال ئال ئەحمەد)ی گیانشاد (کۆیلەی ڕۆژئاوا) دژایەتیی دەکەن و بە هەر زۆرو نقێک دەیانەوێ بە داتاشراو و بێبنەمای لە قەڵەم بدەن و بیرو ویژدانی سڕبوویان لە پەیامە هەژێنەرەکەی بدزنەوە، ئەمەیان لە پەیوەندیی و تاقەتی ئەم باسەی ئێستامدا نیە و لەم باسەمدا دەمەوێ شوێنپێیەکی دیکە هەڵبگرم و دوای مەبەستێکی دیکە بکەوم، ئەویش شیکردنەوەیەکی وشەی (هویشان شاردەوە)ی ناو ئەو دێڕە شیعرەیە لە کۆپلەی (هورمزگان ڕمان)دا. نابێ بە هەڵەدا بچین و ئەو دێڕە هەر بە هەمان واتای ڕواڵەتیی و ساکاری خۆی

وەربگرین، ئەم خۆشاردنەوەیە ڕووبەڕووی جەنگاوەرەکانی نێو ئەو قەڵایانە نابێتەوە، چونکە سەرجەم وڵاتپارێز و جەنگاوەرانی وڵات لە شەڕی دوژمن و بەربەرەکانێی داگیرکاردا گیانیان بەخت کرد و شەهید کران، هیچ جەنگاوەرێکی وڵاتپارێز لەو شەڕەدا خۆی بەدەستەوە نەدا و هەڵنەهات و مەیدانی چۆڵ نەکرد، بەڵکوو تا دوایین دڵۆپە خوێنیان پارێزگارییان لە وڵات کرد، سەرەنجام لە پێناو وڵاتدا شەهید کران. مەبەست لە (گەورە گەورەکان) لێرەدا نەک جەنگاوەر و پاڵەوان بەڵکو گەورەکانی دینە.. ڕێبەر و پێشەوا و سەرکردە دینییەکانن، شیعرەکە باسی پاش سەرکەوتنی دوژمن دەکات، واتە پاش داگیرکردنی وڵات و تێکشکانی قەڵا و سەنگەرەکان، دوای ئەوەیە کە عەرەب دەکەوێتە ڕووخاندنی پەرستگە و هورمزدگەکان و کوژاندنەوەی ئاگری بێداریی و بیرمەندیی وڵات و کۆمەڵگەی ئارییی، لێرەدایە کە واتای ڕاستەقینەی وشەی (هوێشان شاردەوە) دەردەکەوێت:.. کاتێ وڵات داگیرکرا و جەنگاوەران کوژران و پەرستگە و ئاتەشگەکان وێران کران، چارەنووسی (گەورە گەورەکان) دەکەوێتە بەر مەترسیی و هەڕەشەیەکی ئەهریمەنی، ئەوان ڕێبەر و پێشەوای دینین نەک پیاوی جەنگ و کوشتن، دەبێ بیرێک بۆ پاراستنی پەیامی دینەکەیان بکەنەوە... بۆیە هەر هەموویان هەڵدێن و خۆ حەشار دەدەن و دەقی ئایەت و پەیام و تێکستە دینییەکەیان بە جەستەی خۆیانەوە... بەڵێ بە جەستەی خۆیانەوە هەڵدەکۆڵن و لە ژێر جلوبەرگەکەیاندا پەنهانی دەکەن، ئەمە تاکە ڕێگەچارەیە بۆ پاراستنی سەرمایە فکرییەکان لە هەڕەشەی دوژمن، پاشان هەڵدێن و خۆیان لە کێو و بەندەنەکاندا دەشارنەوە و سەرەنجام دەبینین کە هەندێکیان دەگەنە هیند و خۆشبەختانە لەوێ دەمێننەوە و دەپارێزرێن. چەمکی (نەخشبەند و نەقشبەندییە)ش هەر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە زۆر بەداخەوە نەقشبەندییەکانی ئەمڕۆمان بە بێ بیرکردنەوە لەو مێژووە پرشنگدارە، بنەمای ڕەسەنی خۆیان فەرامۆش کردووە و بە هەڵە پێناسەی خۆیان دەکەن.

با پاش ئەم ڕوونکردنەوەیە، بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان:

گەرچی وەک گوتمان وشەی (گەور/گەبر) بە واتای پیاو یان مەزن هاتووە و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، بەڵام ئەوی ڕاستی بێت، زۆرتر پاش هەرەسهێنانی ساسانییەکان و داگیرکردنی ئێران لە لایەن عەرەبەوە و هەر بۆ سووکایەتیپێکردن و بێدین و کافرنیشاندانی ئێرانی یان غەیرە عەرەبەکان بەکارهێنرا، کە بەداخەوە تا ئێستاش نموود و کاریگەریی ماوەتەوە و هەر بە هەمان واتا و پەیام و مەبەستی چەواشەی دڵخوازی داگیرکارەکانی ئەو سەردەمە بەکاردێت و دەوترێتەوە، دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زەینکوێری و نەبوون یا لاوازیی یادەوەریی مێژوویی لە نێو ئێمەدا. بەهەرحاڵ، ئەم قەڵایانە هەر تەنها بۆ پێگەی سەربازی و پاراستنی وڵات و بواری جەنگ دروست نەکراون، بەڵکوو ئەقڵێکی زۆر وردتر و داهێنەرانەتر و ڕۆشنتر لە پشت دروستکردن و بنیاتنانیاندا هەبووە کە پێشاندەری ئاستی بەرزی پێگەیشتوویی و گەشەی فکریی پێشینانی ئێمەیە، لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا.

ئەگەر بە وردی سەرنجی هەندێ لە پاشماوەی ئەو قەڵایانەمان دابێت، دەزانین کە سەرەڕای دەرگای سەرەکی، چەند کون یان دەلاقەیەکی بچووکیشیان لە چواردەوەرەوە هەبووە و هەندێجار قەڵای سەرکراوەی بچووکتریش لە پاڵیاندا دروست کراون، ئەو قەڵا بچووکانە و هەندێ لەو دەلاقانەش تایبەت بوون بە ئاگرکردنەوە .. ئاگرێک کە نەک بۆ خۆگەرمکردنەوە یا بۆ ڕێزلێنان، بەڵکوو بۆ ئاگاداربوون یا ئاگادارکردنەوەی قەڵا و شوێنی دیکە بەکارهێنراوە، واتە ئاگرێک کە زمانحاڵی دانیشتوانی قەڵاکە بووە و بە هۆیەوە پەیامیان لەگەڵ شوێنەکانی دیکە گۆڕیوەتەوە. ئەگەر لە هەر ناوچەیەکدا سەرنجی قەڵاکان بدەین، بۆمان دەردەکەوێت ،کە هەر قەڵایەک دەڕوانێتە قەڵایەکی دیکەی بەرانبەر یا نزیک لە خۆی، واتە قەڵاکان دەڕواننە یەک و لە یەکەوە دیارن، ئەمەش هەر لە سەرەتای دروستکردنیاندا لەبەرچاو

گیراوە و هیچ قەڵایەک وا دروست نەکراوە و وا هەڵنەکەوتووە کە لاچەپ بێت و قەڵایەک یا چەند قەڵای دیکەی لێوە دیار نەبن. هەڵبەت هەر قەڵایەک، بە تایبەتی پەیوەندیی بەردەوامتری تەنیا لەگەڵ یەک قەڵای دیکەدا هەبووە نەک زۆرتر، پەیامەکان بە زنجیرە و دەست بەدەست واتە قەڵا بە قەڵا گەیشتوون، دەبێ بڵێم کە بەو جۆرە قەڵا تایبەتانە گوتراوە (برجی ئاگر) کە وەک پێشتر گوتم لەپاڵ قەڵا گەورە و سەرەکییەکاندا دروست دەکران. هەر بە هۆی ئەم (برجی ئاگر)انەوە بوو کە هەموو وڵات ئاگاداری بارودۆخی یەکدی و بەش و ناوچە دوور و نزیکەکانی دیکە بوون، بۆ نموونە هەموو گوندێکی هەورامانی لهۆن ئاگاداری بارودۆخی گوندەکانی دیکەی هەورامانی تەخت یا چەمی ژاوەرۆ یا گاوەرۆ یا شەمیان بووە، هەرواش دوورەدەسترین گوندی هەورامان یا بەگشتی، کوردستان ئاگاداری بارودۆخی  شار و گوند و بەش و ناوچەکانی دیکەی وڵات و تەنانەت پایتەختیش بووە و هیچ دابڕان یا بێئاگاییەک لە ئارادا نەبووە. ئەمەش لە سایەی بیری تیژ و ئەقڵی کراوە و زانست و زانیاریی پێشکەوتووی گەشەسەندووی پێشینانی ئێمەوە بووە، کە ئەنجامەکەی هەمان ئاوەدانیی وڵات و سەقامگیریی باری ئەمن و ئاسایش و هەروەها بواری ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵات و هاووڵاتییان بووە. هەڵبەت ئەوەی سەرەوە تەنیا نموونەیەک بوو، دەبێ ئەوە بزانین کە قەڵا یا بورجی ئاگر لە سەرتاسەری وڵات و ئیمپراتۆرییەتی ئێرانی دێریندا هەبووە.

پێشتر لە (ژوانی یەسنا)دا باسی وشەی (ئێران)م کردووە، بەڵام باسەکە وادەخوازێت لێرەدا بەکورتی ئاوڕێکی دیکەی لێ بدەمەوە: ئێران لە بنەڕەتدا وشەیەکی ئارياييە و بەو سەرزەمينانە دەگوترێت کە گەلانی ئارياييان تێدادەژین و نیشتەجێن، بەڵام من بە چاوێکی دیکە دەڕوانمە وشەکە، بە ڕای من (ئێران) کورتکراوەی (ئایران)ە بە واتای (ئاگرەکان)، ئەمەش هەر لەوەوە هاتووە کە هەرچواردەوری ئەم وڵاتە بە برجی ئاگر دەوری گیراوە و بۆتە وڵات یا مەڵبەندی ئاگرەکان، واتە ئێران بە واتای شوێنی ئاگرەکان بۆتە ئایران کە

وشـەیـەکـی ڕەسـەنـی هـەورامییـە، ئـەم بۆچوونـە (ئیـرەوان/ ئـەریڤـان)یـش دەگرێتـەوە، ئـەمـیش دەبێتـە (ئـایرەوان) کـە وشـەیـەکـی دیکـەی ڕەسـەنـی هەورامییە و بە واتای (سەرپەرشتیاری ئاگر) دێت.

بـەم حاڵـەوە کـە بـاس کـرا، بۆمـان هـەیـە بڵێـین: سـەرجەم داهێنـانە زانسـتییەکانی ئەم سـەردەمەی جیهـان، لە ئەقڵـی داهێـنەرانە و پێشـەنگی پێشینانی ئێمەوە بۆ مرۆڤ بە یادگار ماوەتەوە و مرۆڤایەتی قەرزار و میراتگری هزری گەشەسەندووی ئارییەکانە.. ئەگەر باسەکەمان گشتگیرتر بکەین، ئەوا دەبێ بڵێین:

لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا، بەسەر ئەو بەرزاییانەوە کە دەیانڕوانییە یەك و لە یەك ئاراستەدا هەڵکەوتبوون، برج و قەڵا دروست دەکران کە هەواڵ و فەرمـانە گرنگەکـان بەهـۆی ئـاگری نێـو ئەو برجـانە و بە نیشـانە و ڕەمـزی جۆربەجۆر بە شـوێنەکانی دیکە بگەیەنن. ئەم کارە تەنانەت لە بیابانەکانیشدا پەیڕەوی کراوە. ئەوانەی بە بیابانەکانی ئێراندا و بەشوێن شارێگە دێرینەکاندا گـوزەر دەکەن، زۆرجـار دەگەنە هەنـدێ تەپـۆڵکەی دروسـتکراوی یەك بەدوای یەك کە نێـوانی هەموویـان وەك یەك و بە یەك ئەنـدازەیە، ئەو تەپۆڵکـانەی ئاسـەواریان مـاوە، ئەوانەن کە لە (ڕەی)ەوە بەرەو ڕۆژهەڵات و لە بـاکووری وەرامینەوە بەرەو هەیوانی (کەی) دەڕۆن، (هەیوانی کەی ناوچەیەکە لەنێوان تـاران/ گەرمسـار/ سـمنان)دا، تەپۆڵکەکـان ڕێگـای ڕۆژئـاوا بە ڕەی و ڕەی بە ساوە و ڕەی بە قەزوینەوە دەبەستنەوە. ئەو تەپۆڵکانە، هەمان ئاسەواری برجی هەواڵنێریـی سـەردەمی هەخامەنشـییەکانن، بەرزاییەکـانی سەرتاسـەری کوردستان و هەورامانیش هێشتا پڕن لەو ئاسەوارە کۆنانە. پێشینانی ئێمە بە داهێنانێکی مەزن کە دواتر ناوی (تەلەگراف)ی لێ نرا، توانییان، شاخە بەرز و سەرکەش و دوورەدەستەکانی (شرام) و (هەسوون) و (تەخت) و (کۆساڵان) و (شـاهۆ) و (بەمـۆ) و (شـنروێ) و (پێرۆسـەم) و (ژاڵانە) و (قەڵـێ) و.... پـێکەوە ببەستنەوەو بتوانن هەردەم ئاگاداری بارودۆخی یەکدی بن.

چ لەو تەپۆڵکانە و چ لە شوێنە کوێستانییەکانیشدا کە ئەو قەڵایە دروست دەکرا، وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، بە دیوارەکەیانەوە و ڕوو بە نزیکترین برج، چەند دەلاقەیەك (کڵاوڕۆشنە) دروست دەکران و بە کردنەوەو داخستنی ئەو دەلاقانە، ڕووناکی و تاریکی پێشانی برجی بەرانبەر دەدرا... شەوانە بەسەر قەڵاکانەوە ئاگر هەڵدەکرا و لە ڕێگەی دەلاقەکانەوە و بەپێی گەورە و بچووکیی هەواڵەکە دەلاقەیەکیان دەکردەوە و هەواڵەکەیان دەگەیاندە برجی بەرانبەر و ئەویش بۆ نزیکترین برجی بەرانبەر بە خۆی و بەم چەشنە تا دوایین برج کە دەگەیشتە پایتەخت. واتە ئەگەر شوێنێکی دوور ویستبێتی هەواڵی لاوازیی خۆی بگەیەنێتە شوێنەکانی دیکە، ئەوا ئاگرێکی زۆر بچووك و کەمڕەنگی هەڵدەکرد.. گەر هەواڵی سەرکەوتنی بدابایە، ئەوا ئاگرێکی بەکڵپەی هەڵدەکرد و..تد، بەم جۆرە بە یەکتریان ڕادەگەیاند کە فڵانە ناوچە و فیسارە هەرێم لە چ بارودۆخێکدا دەژین و ئەم کارە بەتایبەتی لە کاتی شەڕدا ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاوتری دەگێڕا.

وەك دەبینین، یەکەم بیرۆکەی ئەم ئامێرە گەیەنەرە لە ئێمەوە سەری هەڵدا کەچی دوای ٢٣٠٠ ساڵ پاش داهێنانەکەی پێشینانی ئێمە، تازەترین داهێنان لە بواری گەیاندندا بە باڵای (مۆرس)دا بڕا کە توانیی بەهۆی پێکردن و کوژاندنەوەی کارەبا و کورت و درێژکردنەوەی ماوەی بڕین و پێکردنەوەکەی، بناغەی (تەلیگراف) بنیات بنێت. ئایا ناتوانین بڵێین: ئەم کارەی (مۆرس) هەمان شوێنپێ هەڵگرتنی پێشینانی ئێمەیە لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئاگر بۆ گەیاندنی هەواڵ و ئاگادارکردنەوەی یەکدی؟!

خۆ ئەگەر سەرنجی چۆنیەتیی دروستکردن و بەکارهێنانی یەکەمجار و سەرەتایی تەلەگرافەکەی (مۆرس) بدەین، دەبینین دەقاودەق لاساییکردنەوە و دووبارەکردنەوەی هەمان شێوازی پێشینانی ئێمەیە لە برجەکانی ئاگردا.. ئەوە ئەوان بوون کە چۆنیەتیی شۆڵە و کڵپەی ئاگرەکەیان بە پێی پێداویستییەکان دیاری کرد.. ئەوە ئەوان بوون کە درزی کڵاوڕۆشنەکەیان کەمێک دەکردەوە یا زۆرتر، کڵپەی ئاگرەکەیان زۆر دەکرد یا کەمسۆ. (مۆرس)یش پاش ٢٣٠٠ ساڵ

هەمان ئەزموونی ئەوانی دووبارە کردەوە، واتە کارەبایەکەی پێدەکرد و دەیکوژاندەوە یا ماوەی پێکردنەکەی کورت یا دەرێژ دەکردەوە، تا لەگەڵ ئەو پەیامەدا یەک بگرێتەوە کە دەیهەویست بیگەیەنێتە بەرامبەرەکەی. واتە کارەکەی (مۆرس) کۆپییەکی دەقاودەقی داهێنانە مێژینەکەی پێشینانی ئێمەی ئاریایی بوو بە هەموو پێوەرو پێودانگ و پێوانەیەک.

**کۆتا وشەم:**

گەرچی باسەکەی من لەسەر برجی ئاگر و قەڵا دێرینەکانی (ئاهوورامان) بە تایبەتی و (ئایران) بەگشتی بوو، بەڵام هەر بە بۆنەی ناوەرۆکی باسەکەوە ئاوڕێکیش لە داهێنانەکانی خەڵکانی دیکە درایەوە، بۆیە جێی خۆیەتی کە بڵێم: نەک هەر ئەم نموونەیە، بەڵکوو زۆربەی هەرەزۆری داهێنان و شانازییەکانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی جیهانی ئەمڕۆ قەرزاری ئاستی بەرزی ئاوەزی داهێنەرانەی پێشینانی پێشەنگی ئێمەیە. باشە ئەی بۆچی ئەمڕۆ، ئێمە خۆمان لەو کاروانە پڕ سەربەرزییە دواکەوتووین و تازەبەتازە خەریکی لاساییکردنەوەی ئەوانەین کە هەموو ژیانیان قەرزاری مێژووی پرشنگداری خۆمانن؟

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بە خۆماندا بچینەوەو مێژووی ونبوومان بناسینەوەو خۆمان بدۆزینەوە و دوایی بهێنین بەم شوێنکەوتەیی و لاساییکردنەوە کوێرانە و نائەقڵانییەی خەڵکانی دیکە؟

## ئەستێرەناسیی لە مێژووی مێژینەی ئارییەکاندا:..



ئەستێرەکان، هەمیشە سەرنجی مرۆڤیان بۆلای خۆیان ڕاکێشاوە و مرۆڤیان شەیدای جوانی و نەناسراویی و ڕەمزاویبوونی خۆیان کردووە، بە جۆرێك، هەندێجار هەندێکیان کراونەتە خوا و پەرستراون.

(ئاسترۆن) لە زمانی یۆنانیدا بە واتای ئەستێرە دێت و بۆ ئەستێرەناسیی و خوێندنەوەو زانستی ئەستێرەناسیی بەکار براوە. ئەمەش واتای ئەوەیە کە یۆنانییەکان لەم بوارەدا پێشەنگ بوون، بەڵام دەبێ بڵێین ئەم زانستە گەلێ پێش ئەوان لای ئارییەکان هەبووە و کاری پێ کراوە. بەتایبەتی با بیر لەوە بکەینەوە کە ئەسکەندەری مەکدۆنی زۆربەی نووسراوە کۆنە ئارییەکانی بە تالان بردن و لەگەڵ خۆی گەیاندنیە یۆنان و... لە بواری زانستەکان لە ڕۆژگارانی کۆندا هەندێ زانیاریی گرنگ لەمەڕ دوایین و نوێترین دۆزینەوە زانستییەکان بەرچاو دەکەون کە (مانگ یەشت)ی ئاڤێستا نموونەیەکی زۆر پڕبایەخە لەم بوارەدا.

لەم یەشــتەدا لەمــەڕ کــاریگەریی مانــگ لە کشــتوکاڵدا هــاتووە: ئەگەر لە وەرزی بەهـــار و کاتێـــك کە مانـــگ پـــڕ بـــۆتەوە تۆوێـــك بچێنرێـــت، میـــوە و بەرهەمەکەی شیرین و بەرهەمداتر دەبێت.

ئــاوەز لە نێــو ئــارییە کۆنەکانــدا هەمیشــە جێــی بــاس و لێکــۆڵینەوە بــووە، بەرەنجامی ئەو زانستانەی لەم ڕووەوە بەدەستهاتوون، کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە لە ڕێکخستن و چاکسازیی لەبواری ژیانی مرۆڤدا کە ئامانجیان، هەمان گـــرتنەبەری ڕێچـــکەی چاکەکـــاریی و پێشـــڕەویی بـــووە بەرەو فراژوویـــی و پێگەیشــتوویی و گەشەونەشــەی زۆرتــر. گەر بە وردی ئەو زانیــارییە دەگمەنــانە لێکبــدەینەوە کە گەیشــتوونەتە دەســتمان، ئەوا زۆر ڕاســتیمان لەو بــوارەدا بــۆ دەردەکەوێت.

وەك دەزانین، کەڵکوەرگرتن لە ئامرازی مێژوویی، ئەمڕۆ یەکێکە لە ڕێگە ســەرەکییەکان بــۆ بەرزڕاگرتنــی بــواری پەیوەنــدییەکان و بازرگــانیی جیهــانی، ئەندێشــە و بیــرۆکەی ئەم ئــامرازە مێــژووییەش، ســەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بــۆ ئارییە دێرینەکان.

(گرینڤیچ)ی کۆن لە هەرێمی (سیستان)دا بوو کە (نیوەڕۆ)ی پێدەگوترا، لە کۆنــدا (ناوەنــدێکی چــاودێریی ئەستێرەناسـیی) بە نــاوی (نیــوڕۆژ) دانرابــوو کە دەکەوتە ٣٣/٥ دەرەجەی پانتــایی جوگرافیــایی و مێــژوو بە هــۆ و لە ڕووی ئەوەوە دیــاری دەکــرا. هۆکــاری هەڵبژاردنــی ئەم شــوێنەش ئەوە بــوو کە لەو پانتــاییە جوگرافیــاییەدا هــیچ شارســتانییەتێك بــوونی نەبــوو، هەربــۆیەش ئەوان خــاڵی نیوەڕۆیان کــردە ٣٣/٥ دەرەجە. لە لایەکی دیکەوە، سیســتان لە لای ڕۆژهەڵات بەرەو ڕۆژئــاوا، دەکەوتە ناوەنــدی شارســتانییەتی دێــرینەوە، بەجۆرێــك کە کــاتی نیـــوەڕۆی سیســـتان، کـــاتی هەڵهـــاتنی هەتـــاو بـــوو ، لە ســـەرجەم وڵاتەکـــانی شارســتانییەتی دێرینــدا.. لە ڕۆژهەڵاتــدا خۆرئــاوا دەبــوو و لە ڕۆژئاواشــدا بەیــان دەئەنگوت. ئەم (چاودێریخانە)یە، بە گوتەی زۆربەی زۆری توێژەرانی مێژوویی جیهان، لەلایەن ئەشوو زەردەشتەوە دروست کراوە و دانراوە.

ئارییەکـان، سـەرەڕای ئەمـانەش لەمەڕ (هەسـارە)کەی خۆیـان (زەویـی) زانیـارییەکی زۆریـان هەبـوو، ئەوان دەیـانزانی کە زەمـین پێکهـاتووە لە حەوت بەشی جیاجیا، ئەمەش زۆرجار لە ئاڤێستادا بە (حەوت وڵاتی زەویی) ئاماژەی پێکراوە.

هەروەهـا ئەوان ئاگـاداری پەیوەنـدیی نێـوان زەویـی و هەتـاو بـوون، کاتێك ساڵی ١٦١٦ی زایینی گالیلۆیان بە تاوانی بڕواکەی، بە سووڕانی زەویی بەدەوری هەتاودا مەحکەمە دەکرد، ئایا نەیاندەزانی کە ئارییەکان دوو هەزار ساڵ پێشتر ئەو هەقیقەتە زانستییەیان دۆزیبـۆوە و پەیـان بەوە بردبـوو کە زەویی بەدەوری هەتاودا دەسووڕێتەوە؟

جەژنـی نەورۆز کە مەزنتـرین و پیرۆزتـرین جەژنـی نەتەوەیـی کـوردە، گەورەتـرین بەرەنجـامی زانیـاریی ئارییەکـانە لەمەڕ سـووڕانی زەویـی و زانسـتی ئەستێرەناسـیی، چـونکە ئەم جەژنە مەزنە هەر بە هـۆی لێکـۆڵینەوە لەمەڕ سووڕانی زەویی بە دەوری هەتاو و نوێبوونەوە و دەسپێکردنی سووڕی دووەمی زەویـی لە سـاڵدا دیـاریی کـرا. ئارییەکـان ئاگـاداری سـەرجەم گۆڕانکارییەکـانی بواری ئەستێرەناسیی و لەوانەش (اعتدالین/ نێونجگیر)یش بوون. هەر ئەمەش وای کـرد شـێوازێك بـدۆزنەوە بـۆ دانـانی ڕۆژژمێرێـك کە لەگەڵ سرووشـتدا یەکبگرێتەوە. ئەوان کە لەمـەڕ ئاوەز لە خیلقەتدا تـوێژینەوەی زۆریـان کردبـوو، گەیشـتنە ئەو ئەنجـامەی کە دەبـێ بـۆ یەکگـرتنەوەی (میـانڕەوگەرایی) لەگەڵ هەڵهاتنی هەتاودا کە پێی دەگوترا سەرەتای ساڵی نوێ، لە شوێنێکی دیاریکراودا چـاوەڕوان بمێـنن، ئـاوا نەورۆزێکـیش، کە لە ڕوانـگەی دێرینەناسییشـەوە لە مێـژوودا تۆمـار کرابـوو، سـاڵی ٤٨٧ی پـێش زایـین بە یەکگـرتنەوەی (نێوەندگەرایی)ی بەهاری لەگەڵ هەڵاتنی هەتاو لە (تەختی جەمشید)دا دیاریی کرا.

ئارییەکـان لە شارسـتانییەتی دێرینـدا لە زانسـتی ئەستێرەناسـیی بـۆ کارکردنە سەر خەڵکانی دیکەش کەڵکیان وەردەگرت. یەهوودییەکان لە سووڕی هەزارەدا چـاوەڕوانی سـەرهەڵدانی مەسـیح بـوون، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەم سـەرهەڵدانە ڕووی نەدا، ئەوان نائومێد و بێ هیـوا بـوون، ئارییەکـان یـارمەتیی

ئەوانیــان دا کە ڕۆژژمێرەکەیــان بە هێنــانە نــاوەوەی ســاڵنمایەکی هەتــاوی، ســەرلەنوێ تــاوتوێ بــکەنەوە. ئەم ڕێگــا پێشــنیارکراوەی ئارییەکــان لە لایەن یەهوودییەکانەوە وەرگیرا و پەیڕەوکرا و زەمینەی بۆ ناسینی باشتر و زۆرتری عیسای مەسیح و هاوکێشەی سەرهەڵدانی ئەو لەبارکرد.

بە نێونیگــــایەك دەتــــوانین کــــاری ئارییەکــــان لەگەڵ شارســـــتانییە هاوچەرخەکــــانی دیــــکە بەراورد بکەیــــن، نمــــوونەیەکی ئەم بەراوردکــــردنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەستێرەناسیی میسرییە کۆنەکان کە بڕوایان وابوو، دەبێ نەخشی ئەستێرەکان لەسەر زەویی بکێشرێت و هەرەمێك دروستبکرێت، کە پێشاندەری ئەستێرەکان بێت و بەو هیوایەوە پاشاکانیان لەنێو ئەو هەرەمانەدا بنێژن، کە سەرەنجام بگەڕێنەوە بۆ ئەو ئەستێرانەی نەخشەکەیان لە شێوەی هەرەمێکدا لەسەر زەویی کێشاوە. هەموو توانایی کار و سەروەت و سامانی ئەو میللەتە لەو ڕێگەیەدا خەرج دەکرا، بەڵام بابلییەکان کە لەژێر کاریگەریی ئارییەکاندا بوون، برجی بابلییان دروست کرد، ئینجیل باسی چۆنیەتیی بیناکردنی برجی بابلی کردووە کە بە مەبەستی گەیشتنە خواکانی پشتەوەی هەورەکان و نێو ئەستێرەکان دروست کرا. ئاسمان بۆ ئارییەکان، بەپێی ڕاهێنانەکانی ئەشووزەردەشت، جێگەی بەهەشت نەبوو، واتە بەهەشت لە ئاسماندا نەبوو، بەڵکو بەهەشت و دۆزەخی زەردەشتییەکان هەر لە زەمیندا بوو.

بەم پێودانگەش و بەسەرنجدان لەو ڕاستییە مێژووییانەی باسمان کردن، بۆمــان ئاشــکرا دەبــێ کە ئارییەکــان زانیــارییەکی زۆر و فراوانیــان لەســەر ئەستێرەناســیی هەبــوو کە بەمەبەســتی دابینکردنــی ژیــانێکی باشــتر و گەشەســەندووتر و ڕێکــوپێکتر کەڵکیــان لــێ وەردەگــرت. ئەوان نەك تەنهــا ئەستێرە و ئاسمان، بەڵکو هەموو بەشەکانی سرووشتیان دەناسی و بیریان لێ دەکردەوە و باشترین سوودیان لە بەش و لایەنە چاکەکانی وەردەگرت بۆ بەرەوپێشبردنی ژیانی خۆیان و وڵاتەکەیان و تەنانەت هەموو مرۆڤایەتیی.

## یاسا و نرخی پسووڵەی پزیشکیی لە ناو ئارییە دێرینەکاندا:...



زانستی پزیشکیی، هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە، هەبووە، هەروەك چۆن ڕەنج و دەرد و ئێش و ئازار هەبووە، مرۆڤ هەردەم لەبیری دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکدا بووە، کە پزیشکیی یەکێك بووە لەو ڕێگەچارانە. یا باشتر بڵێم، نەخۆشیی و گرفتی دەرد و زام و ئازاری ڕۆحیی و جەستەیی، وای لە ئارییەکان کردووە بیر لە ڕێگەچارە بکەنەوە و ببنە خاوەنی داهێنان لە بواری زانستی پزیشکیدا، باپیرانی ئێمە، لەم ڕێگایەدا سەرکەوتوو بوون و توانیویانە تەندرووستیی خۆیان بپارێزن.

پزیشکیی، لە سەردەمی ساسانییەکاندا ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی و تووشی وەرچەرخانێك بوەوە، کە لێرەدا بەکورتی ئاماژەی پێدەکەین.

پزیشـکان لە سـەردەمی ساسـانییەکاندا، وەك چینێکـی هەڵبـژاردە و زانـا و جوامێر سەیر دەکران، لەگەڵ ئەوەشدا پەیڕەوی چوارچێوەیەکی یاسایی بوون، کە دەسەڵات و کۆمەڵگە بۆی دیاریی کردبوون..

"ئەگەر پزیشـکێك نەچووبـایە بە سـەروەختی نەخۆشـەوە، تەنـانەت گەر نیوەشـەویش بووایـە، یـا ئـەگەر کەمتەرخەمیـی بکـردایە لە ئاسـت سـەردان و دەرمانی نەخۆشدا، ئەوا بە تاوانبار و ناپاك دادەنرا[١]."

"پزیشـکان، لەبەرانـبەر دەرمانگەریـدا نـرخی پسـووڵەیان لە نەخۆشـەکان وەردەگرت، نرخێك کە زۆر لەگەڵ ئەمڕۆدا جیاواز بوو[٢]."

واتە ئەوکـات پێـدانی پـارە لە ئـارادا نەبـوو، بەڵکـو نەخۆشـەکان کـاڵا و شــتومەکیان پێشکەشــی پزیشــکەکان دەکــرد. نەخــۆش، گەنــم و دانەوێــڵە و جلـوبەرگی جـوان.. ئـاژەڵی بەسـوود و ئەسـپی چـاکی لە بەرانـبەر دەرمانگەریـدا دەبەخشــییە پزیشــك، هەڵــبەت بەخشــینی شــتەکان بەپێــی جــۆری چــارە و دەرمـانگەری دیاریی دەکرا و ڕەزامەنـدیی هەموو لایەکیشـی لەسـەر بـوو. دەبێ بلێــین، نــەریتی بەخشــینی شــتومەك و کــاڵا لەبەرانــبەر دەرمانگەریــدا، تــا سـەرەتاکانی سـەدەی بیستەمیش هەر پەیڕەو دەکرا؛ گوندنشینەکان، شتی وەك مریشـك.. کەڵەبـاب.. قەل.. کـار.. مەڕ.. ڕۆنـی ئـاژەڵیی و گۆشـتیان پێشکەشـی پزیشکەکان دەکرد و لەبەرانبەردا دەرمان و چارەیان لێ وەردەگرتن.

پشـکنینی پزیشـکیی و کـاری دەرمـان و چارەسـەریش بۆخـۆی دەسـتورو یاسـایەکی دیـاریکراوی هەبـوو، دەبـوو پزیشـك لە چەنـدین تاقیکاریـدا بەشـداریی بکـات و سـەرکەوتوو بێـت، بۆ دواییـنجـار و پێش وەرگرتنی بڕوانامەی پزیکییش، دەبـوو پشـکنین و دەرمـانگەریی بـۆ کـافر یـا تاوانبـارێکی زینـدانیکراو بکردایـە.. ئەگەر نەخۆشـەکە بمردبایـە، ئەوا بڕوانـامەکەی پێنەدەبەخشـرا، ئـەگەر چـاك بووایەتەوە، ئەوا مۆڵەتی کاری وەردەگرت و دەیتوانی کاری پزیشکیی بکات. لە

---

(١) ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان/ کریستیەن سەن/ ل٤٤١.

(٢) شارستانییەتی ساسانیی/ بەرگی یەکەم/ عەلی سامی/ ل ١١٢.

پۆلێنبەندیی پزیشکەکاندا باشترین پزیشك ئەوەبوو، کە ئەو کارەی تەنها بۆ ڕەزامەندیی یەزدان و لە ڕێی خوادا بکردبایە، پاشان ئەوەی کە هەم بۆ ڕەزای خوا و هەم لەبەرانبەر هەقدەستیشدا کاری دەکرد، هەڵبەت بەمەرجێك لایەنە مرۆییەکەی بەلاوە زۆر مەزنتر بووایە لە لایەنە ماددییەکە. ئەو پزیشکەی کە تەنها بیری لە لایەنە ماددییەکە بکردایەتەوە، ئەوا پێگە و ڕێزێکی زۆر کەمتری لەنێو کۆمەڵگەدا پێدەدرا. پزیشك، دەبوو نەخۆشەکە بەوپەڕی پاکیی و وردبینیی و دڵسۆزییەوە بپشکنێت و کاریگەرترین شێوازی چارەسەر بەکاربەرێت.

وەکو پێشتر گوتمان، زانستی پزیشکیی لە سەردەمی ساسانییەکاندا ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، ئەم ئاڵوگۆڕە، یاسا و ڕێسا و چوارچێوەی کاری پزیکییشی گرتەوە. هەمیشە پزیشکی خۆماڵی (هاووڵاتی) لە پێشەوەی پزیشکانی دەرەوە بوو، واتە تا پزیشکی خۆماڵیی هەبووبێت، هیچ نەخۆشێك نەدەڕۆیشتە لای پزیشکی بێگانە، تەنها مەگەر خودی پزیشکەکە بیناردبایە، یان پزیشکی خۆماڵی لەبەردەست نەبووایە، چونکە بەپێی دەستورەکانی (دینکەرد) بە چەشنە تاوان و بێگانەپەرستییەك دەژمێردرا. ئەمەش هاندەرێك بوو بۆ ڕێزگرتن لە بەرهەمی توانایی خودیی و گەشەیی هەمان توانایی و داهێنانی هاووڵاتیان و ئیرادەی خۆبەڕێوەبردنیان و نەبوونی هیچ جۆرە وابەستەییەك بە دەرەوە.

لە ئێرانی کەونارادا تاوانبارە مەحکوومکراوەکانیان زوو نەدەکوشت، بەڵکو بۆ سوودی پزیشکیی و پشکنین و ڕاهێنانی پزیشکەکان و بەرەوپێشبردنی ئەم زانستە کەڵکیان لێ وەردەگیرا، شێوازێك، کە لە سەردەمی (بەتلیمیۆس) لە (میسر)یشدا پەیڕەو دەکرا.

با ئێستاش پاش ئەم پێشەکییە کورتە، پێکەوە نموونەیەك لە دەرمانگەریی دێرین بناسین...

**دەرمان بە ئاگر:**

بـــوقرات (هیپـــۆکرات)ی پزیشـــکی یۆنـــانیی، هـــاوچەرخی پاشـــاکانی هەخامەنشیی، کە دەعوەتی پاشای ئەو سەردەمەی ڕەتکردەوە و ئامادە نەبوو سەفەری ئێران بکات، پێی وابوو: یەکەم، ئەو نەخۆشییەی بە دەرمان چارەسەر ناکرێت، دەبێ بە ئاسن (کارد) چارەسەری بۆ بکرێت، ئەمەش دەکاتە هەمان (کاردپزیشکی)، کە ئاڤێستا بە وردی باسی کردووە و تەنانەت شێوازەکەشی شیکردۆتەوە و ئێستاش ناوەکەی لە هەورامانـدا وەك (کاردەوەژێ) جەڕاحیی ماوەتەوە و پێشتر لە (ژوانی یەسنا)دا باسم لێوەکردووە.

دووەم، ئەوەش کە بە (کارد) چارەسەر ناکرێت، دەبێ بە ئاگر دەرمان بکرێت و ئەو نەخۆشـییەی کە بە ئـاگریش چارەسـەر نەکرێـت، ئەوا هـیچ چارەسەر و دەرمانێکی بۆ نیە، واتە دەردێکی کاری و کوشندەیە.

*ئارتۆرکریستیەن سەن* بە هەڵە (داغ/دود)کردنی جەستەی نەخۆش، بەهۆی چەند ڕووەکێکی بۆنخۆشەوە دەزانێت، لەحاڵێکدا ئەم بۆچوونە زۆر ناڕاستە و دەبێ بڵێین: (داغ/داخ) واتە گەرمکردنی شیشی ئاسن و خستنەسەری زامەکە، یـان ڕۆن کـردنە نـاو زەخمەوە بەتـایبەت لە دەسـت و قـاچی نەخۆشـدا، هەروەاش شۆردنی زام بە ڕۆنی سوورەوەکراو، کە دەبووە هۆی خوێنگیرسانەوە. پێویستە بڵێم: هەروەك چۆن نرخێك بۆ جۆرەکانی پشکنین و چارەسەرکردن دیاریی کرابوو، هەر ئاواش یاسایەك بۆ ئەم کارە دانرابوو، گەر پزیشکێك لەو یاسـایە لای بدایـە، واتە نرخێکـی گرانتـری لە نەخـۆش وەرگرتبایـە یـان کەمتەرخەمیی بکردبایە، لە پشکنین و چارەسەریی نەخۆشێکدا، ئەوا بە تاوان دەژمێردرا و ڕووبەڕووی سزا دەبوویەوە، بەشێکی زۆر گرنگ لە یاسای سزا ئەوەبوو کە مۆڵەتی پزیشکیی لێ دەسەنرایەوە و هیچکەس بۆ چارەسەر ڕووی لێ نەدەکرد و ڕەنجی ئەو هەموو ساڵەی خوێندن و خۆپەروەردەکردنی بە خەسار دەچوو و ئیدی وەك پزیشکێك سەیرنەدەکرا و ڕێزی لێ نەدەگیرا.

ئەمە تەنها تیرۆژە نیگایەك بوو لەسەر چۆنیەتیی دیاریکردنی نرخی پسووڵەی پزیشکیی لە چاخە کۆنەکانی مێژووماندا.. لە نووسینەکانی دواترماندا باسی سەرهەڵدانی پزیشکیی لە مێژووی کۆندا دەورووژێنین.

## پێشینە (سەرەتای سەرهەڵدانی) پزیشکیی لای ئارییەکان:...



زانستی پزیشکیی لەو سەردەمەدا پەیدابوو کە ئارییەکان لە یەکەم زێد و ژینگەی خۆیان (ئاریاڤیچ)دا دەژیان. ئاریاڤیچ شوێنێکی شاخاویی بوو کە تێیدا، ساڵ (١٠) مانگی سارد و تەنها (٢) مانگی هەوا گەرم دەبوو، شوێنێك کە ئێمە ئێستا پێی دەڵێین (هەورامان). کە لانیکەم دەگەڕێتەوە بۆ حەوت هەزار ساڵ پێش زایین. یەکەمین پزیشکی ئاریی ناوی (تریتا/ ئەترەت)ی لێ نرا، دواتر لە یۆناندا بووە (ئەسکلێپیۆس) و لای ڕۆمانییەکانیش بووە (ئاسکۆلاپیۆس).

بڕگەی (١و٢)ی فەرگەردی (٢٠)ی (ڤەندیداد) دەڵێت:

" زەردەشت لە ئاهوورامەزدای پرسیی: لەنێو پارێزکاران و زانایان و پێشدادییاندا یەکەم کەس کێیە کە نەخۆشیی چارە بکات.. مەرگ دووربخاتەوە.. زام سارێژ بکات.. لەرز و تا چارەسەر بکات؟، ئاهوورامەزدا وەڵامی دایەوە:

ئەی سپیتمان زەردەشت، لەنێو پارێزکاران و پێشدادییاندا (تریتا) یەکەم کەسێکە چارەسەری نەخۆشیی دەکات.. مەرگ دووردەخاتەوە.. زام ساڕێژ دەکات و چارەسەری لەرز و تا دەکات."

بەپێی نووسراوە کۆنەکان، یەکەمین پزیشکی ئاریایی، کاری (جەراحی)یشی کردووە و پسپۆڕی ئەو بوارەش بووە. (بوندەهێش) بۆمان دەگێڕێتەوە: "ئەهوورامەزدا چەقۆیەکی دەسك جوانی بەخشی بە تریتا، تا (نەشتەرگەریی / جەراحی)ی پێ ئەنجام بدات" هەروەها تریتا (پزیشکی ئاریایی، شارەزای تایبەتمەندیی دەرمانیی گیاکانیش بووە و هەر خۆی گیراوەی لێ گرتوون و بۆ دەرمان و چارەسەری نەخۆش ئامادەی کردوون. لە بڕگەی (١٠)ی هاتی (٩)ی یەسنادا هاتووە: " سێیەمین ناودارێك کە گیای (هەئومە)ی گوشیی و (شیرە)کەی بەکارهێنا، تریتایەك بوو لە خانەدانی (سام)"

ناوی تریتا لە مێژووی کۆنی هیندستانیشدا هەر وەك پزیشکی ئاریایی ناسراوە. پاش تریتا، لە سەرزەمینی ئاریاڤیچدا (جەمشید)ی ئاریایی لە (وەر/وەرجەمکەرد/وەراوەرە)دا توانیی نەخۆشییەکان پۆلین بکات و سەرەنجام نەخۆشە تووشبووەکانی بە نەخۆشیی پێست و ئێسقان و ددان و...ی جیاکردنەوە. وەك لە بڕگەی (٣٧)ی فەرگەردی (٢)ی ڤەندیدادا هاتووە: "ئیدی تاقە یەك نەخۆشیش لە وەرجەمکەرددا نەبوو، نە پشتئێشەیەك، نە سنگئێشەیەك، نە داهێزران و لاوازییەك، نە ددانئێشەیەك، نە ئاولەیەك و نە..."

دانیشتوانی وەرجەمکەرد بۆ پاراستنی تەندروستیی خۆیان، دەرگا و دەلاقەیان لە خانووەکانیاندا چێدەکردن تا بەهۆیانەوە کەڵك لە وزە و گەرمای هەتاو وەربگرن.. خواردەمەنییەکانیان بە جۆرێك لە شوێنی تایبەتیدا هەڵدەگرت، کە هەرگیز تێکنەدەچوون.. (ئاخشیگ)ەکان، بەتایبەتی ئاو و ئاگر لەوێدا پیرۆز بوون و ڕێزیان لێ دەگیرا.. لە بڕگەی (٢)ی بەشی (٦٠)ی (مینو خێرەد)دا هاتووە: " وەرجەمکەرد لە ئاریاڤیچدا دروستکراوی دەستی (یەمە)یە و تێیدا خەڵك و گیانلەبەرانی دیکە بە خۆشیی و تەندروستیی دەژین.. لەوێ، هەر

چل ساڵ جارێك نەوەیەكی نوێ دێتە دنیا و خێزان و بنەماڵەی نوێ پێكدێنن.. ژیانیان خۆش و تەمەنیان درێژە و ڕەنج و مەینەت و دەردو ئازاریان كەمە"

لە كتێبە هاوبەشە ئێرانیی و هیندییەكاندا ئاماژە بە (ترای تئونا/ فەرەیدوون) كراوە، كە وەك تریتایەكی چالاكی پسپۆڕی زانستیی ئەستێرەناسیی بووە و (تریاق)یشی وەك ڤاكسینێكی (دژە ژار/دژە ڤایرۆس) داهێناوە.

## قوتابخانەی مەزدیەسنا:...

چەند هەزار ساڵ پێش زایین، قوتابخانەی مەزدیەسنا بە ڕێبەرایەتیی زەردەشت دامەزرا، كە بنەماكانی لەسەر (بەهی بەخشی/ تەندروستیی) پێكهاتبوون. ئەم قوتابخانەیە خەڵكیی لەسەر ئەو پرەنسیپە ڕادەهێنا كە: "ئەهوورەمەزدا چاكەی ئەفراند، خراپە و دەرد و ڕەنج و بەتاڵیی، تەنها ئاكامی وەسوەسەكانی (ئەنگەرەمینو)ی بەدسرشتن، هەر بۆیە پێویستە دژیان بوەستین و بەرەنگاریان ببینەوە. تا پێش دروستبوون و دامەزراندنی ئەم قوتابخانەیە، خەڵكیی ئەو سەردەمە لە هەقیقەتی هاوكێشەكان تێنەگەیشتبوون، بۆ نموونە وایاندەزانی نەخۆشیی بەرەنجامی قین و تووڕەیی خواكان یان دزەكردنی ڕۆحە خراپەكانە بۆ نێو جەستەی مرۆڤ... جەهلێك، كە هێشتاش بەناوی (جنۆكە) لەم كۆمەڵگە داخراوەی ئێستای ئێمەدا باوە و باڵی بەسەر ئەقڵ و ئەندێشەی نەخۆشماندا كێشاوە!!!

ڕاهێنانەكانی ئەم قوتابخانەیە بناغە و پێگەی ئاوەها وەهم و خورافەیەكی تێكشكاند و ئەو شێوازە دەرمانگەرییەی سڕییەوە كە لە بازنەی بەرتەسك و وەهمیی ڕازی و دڵخۆشكردنی خواكان و قوربانیكردندا دەخولایەوە و دەریخست كە هۆكاری پەیدابوونی نەخۆشیی، نەبوونی پاكوخاوێنیی و خواردن و ژیان و ژینگەی تەندروستە. هەر ئەم قوتابخانەیە بوو، كە تایبەتمەندیی دەرمانی گیاكانی دۆزییەوە:

بـــۆ یەکەمجـــار و وەك یەکەم هەنگـــاو، بەهـــۆی گیـــا دەرمانییەکـــانەوە چارەسەری نەخۆشییە دەروونیی و جەستەییەکانی کرد..

بۆ هەنگاوی دووەمیش زانستی (جەڕاحی)ی داهێنا..

لە هەنگـاوی سێیەمیشـدا بـواری دەروونزانیـی ورووژانـد و بـۆ یەکەمجـار چەمکی (دەرمان) و (پزیشکی)ی هێنایە ناو زانستە مرۆییەکانەوە.. ئیدی پێگەی پزیشـك بەرز کـرایەوە.. یاسـای تـایبەت بە پزیشـکیی دانـرا و نـرخی پسـووڵەی پزیشـکیی و دەرمـانگەریی دیـاریی کـرا.. هەر لەو پەیوەندییەشـدا دەرمـانگە و نەخۆشخانە و داودەرمان و چارەسەری چاك و پاك و هەرزان هاتنەکایەوە و وەك باشـترین کـارو پیشـە و خزمەتـی خواپەسـەندانە بروەیـان پێـدرا و بەرەبەرە گەشەیان کرد.

ئەندامەکانی ئەم قوتابخانەیە و بەتایبەتی پێشەواکەیان، زەردەشت، گەلێ نەخۆشـییان چارەسـەر کـرد، وەك لە (زەردەشـت نـامەك)دا هـاتووە: "کـاتێ خەڵکـانی دەوروبەر توانـایی دەرمانبخەشـیی زەردەشـتیان بیسـت، هەرچی نەخۆش و دەردەدار هەبوو، بەتایبەت ئەوانەی نەخۆشیی ئیفلیجی و بوورانەوە یا پێسـت و چاویـان هەبـوو، ڕوویـان تێکـرد. (یوەشـت فریـانە)ی بەڕێـوەبەری سیسـتان تووشـی نەخۆشـییەکی خـراپ هـاتبوو، زەردەشـت دەرمـانێکی گیـایی (تێکەڵەیەکی گەئوکرەنا و ئاوی دائیتی)ی دایە و چارەسەری کرد.. (لەهراسپ و زەریـر) بـەخراپی نەخـۆش کەوتبـوون و تێکچووبـوون، زەردەشـت (مـانترە) (دەروون پزیشکی)ی بەکارهێنا و چارەسەری کردن، سەرەڕای چەندین کەسی دیکـە کە هەریەکەو تووشـی نەخۆشـییەك ببـوون، زەردەشـت هەموویـانی چارەسەر کرد".

پەیڕەوانـی ئەم قوتابخـانەیە لەسـەر ئەو بـاوەڕە بـوون کە پاراسـتنی پاکوخاوێنیی ژینگە و جەستە و گیان و دوورکەوتنەوە لە شتە خراپەکان دەبێتە هۆی تەندروستیی باش و تەنها ڕێگەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشیی.. بەپێی یاسـاکانی ئەم قوتابخـانەیە، ئەو نەخۆشـانەی کە نەخۆشـییەکەیان

دەگوازرایەوە و دەبووە هۆی نەخۆشخستنی خەڵکیی دیکە و لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان جیانەدەکردەوە و هەر تێکەڵی خەڵکی دەبوون، بە تاوانبار دەژمێردران. ئەمەش ئاستبەرزیی توانایی ناسین و پۆلێنبەندیی نەخۆشییەکانمان بۆ دەردەخات لەم قوتابخانەیەدا.

قوتابخانەی مەزدیەسنا، سەرەڕای پزیشکیی، گەلێ گرنگیشی بە بواری دەروونیی دەدا، بە ڕادەیەك، بایەخی ئەم بوارە، زۆرجار لە پزیشکییەکەشی تێدەپەڕاند، بەپێی ڕاهێنانەکانی ئەم قوتابخانەیە، دەروونـدەرمانیی یا دەروونپزیشکیی، لایەنێکی زۆر پڕبایەخ و گرنگیی ژیانی مرۆڤە و (ڕاستی)یش باشترین و بنەماییترین ڕێگایەتی، زەردەشتی ڤەخشوەر لە پەیامێکیدا دەڵێت: "ئەئو وینتایو ئەشائە" واتە: *ڕێگا لە گێتیدا یەکێکە و ئەویش (ڕاستی)یە*. هەروەها گرنگییەکی زۆر دەدرایە ژینگە و پاراستنی پاکوخاوێنیی، چونکە وەك بنەمایەك سەیر دەکرا بۆ تەندروستیی و ژیانی ئاسوودەیی.. خزمەتکردن و پاکوخاوێنڕاگرتنی چوار (ئاخشیگ) توخمی سەرەکیی (هەوا، ئاو، خاك و ئاگر) یەکێك بوو لە بنەما یاسایی و فێرکارییەکانی ئەم قوتابخانەیە.

## قوتابخانەی ئەکباتان:...

سەدەیەك پاش زەردەشت، (سەئێناپورە ئەهومە سەتوتە)، بەخۆی و سەد قوتابییەوە ڕێگای (دەرمانگەری)ی درێژە پێدا. بڕگەی (٩٧)ی فەروەردین یەشت لەم بارەوە دەڵێت: "ستایشی گیانی پاکی سەئێناپورە ئەهوومە سەتوتە دەکەین کە (١٠٠) قوتابیی هەبووە و لەم گۆی زەوییەدا ژیا". ئەم ناوە، دوایی لە (خوداینامەك)دا بوو بە (سەئینەمروە) و دواتریش بوو بە (چارە سیمرغی حەکیم)، کە دەیان کاری سەرسووڕهێنەری لە بواری پزیشکییەوە لێ دەگێڕنەوە. (پلوتارك)ی مێژوونووس، لە زمانی (تەمستۆکلۆس)ی سەرداری یۆنانییەوە کە (قوتابخانەی سەدە)ی ئەکباتانی بینیبوو، دەگێڕێتەوە: "ئەندامەکانی ئەم قوتابخانەیە (١٠٠) کەس بوون.. ئاستەم بوو کەسێك بتوانێ

بچێتە ڕیزیانەوە.. کەس نەیدەتوانی بگاتە ئاستی زانایی و توانایی ئەوان.. ئەوان فێـری زانســتە گرنگەکـانی وەك فەلســەفە و ئەستێرەناسـیی و پزیشـکیی و جوگرافیی دەکران.. دواتـر هەر قوتابییەکانی ئەم قوتابخـانەیە بـوون کە بـوونە مامۆسـتای (فیسـاگۆرس)ی حەکـیمی یۆنـانی.. دەکـرێ بڵێـین (قوتابخـانەی ئەکباتـان)ی سـەدەی شەشـەمی پـێش زایـین، یادگـاریی قوتابخـانە (١٠٠) کەسـییەکەی (سـەئێنا) بـوو، کە ئەویـش لە سـەرچاوەی (قوتابخـانەی مەزدیەسنا)وە هەڵقوڵابوو.

## دەورانی هەخامەنشی:...

گزەنفۆن، باسی زانکۆی پڕشکۆی (پازارگاد) دەکات لە بەرانبەر کۆشکی پاشـایەتیی (کـورش)دا، بەڵام زانیـارییەکی زۆرمـان لەمەڕ چـۆنیەتیی ڕاهێنـانی پزیشکیی لەو زانکۆیەدا ناداتێ، لە نووسراوەکانی ئەم مێژوونووسەدا دەتوانین بـزانین، کە: " کـورش (٥٢٨/٥٨٨ پ.ز)، خـۆی ئاگـادار و شـارەزای یاسـا و ڕێسـا پزیشـکییەکان بـووە و هەر خـۆی نەخۆشـەکانی بنەمـاڵەی خـۆی چارەسـەر کـردوون و بـاوەڕی وابـووە، کە دەبـێ لە ڕێـگەی کەمخـۆری و وەرزش و ژینـگەی پاکوخاوێنەوە تەندروستیی مرۆڤ بپارێزرێت"

(هیـرۆدۆت) دەڵێـت: زۆربەی پزیشـکە میسـرییەکان بەتـایبەتی پزیشـکە پسپۆڕەکانی چاو لە دەرباری داریوش (٤٨٦/٥٢١ پ.ز)دا کاریان دەکرد و کاتێك زانکۆی (سیاس) لە میسـردا وێـران کـرا، داریـوش سـەرلەنوێ بینـای کـردەوە و گەلـێ کتێبـی نایابیشـی پێشـکەش کـرد. دەگێـڕنەوە: جارێکیـان لە کـاتی ڕاو و شکاردا قاچی داریوش لەجێدەچێت و پزیشکە میسرییەکان ناتوانن چارەسەری بـکەن و تـا حەوت شـەو و ڕۆژ ئـازار دەکێشـێت، تـا (فەرمانـداری سـارد) داوا لە (دیمـۆکرۆدۆس) دەکـات لە (کرۆتـۆن)دا، کە پزیشـکی تـایبەتی دەربـاری (پـۆلی کـراس)ی فەرمـانڕەوای (سـامۆس) بنێـرێتە لای داریـوش، ئەویـش دێـت و بە شێوازێکی سادە و بەبێ ئێش و ئازار قاچی شکاوی داریوش دەگرێتەوە و ئیدی دەبێتە سەرۆکی پزیشکانی دەربار.

دواتر هەر ئەم پزیشکە یۆنانییە دوو کاری داهێنەرانەی مەزنی لە دەرباری داریوشـدا ئەنجـام دان: یەکەم، دومەڵێکـی گەورە و مەترسـیداری سـەر مەمکـی (ئاتوسـا)ی شـاژنی زۆر بە ئاسـانیی چارەسـەر کرد و دووەمیش، (گرێ)یەکی بە ڕوومەتـی (ئەسـپازیا)وە بەهـۆی نەشـتەرگەرییەوە لـەنێو بـرد و ئەویشـی چاککردەوە. (کەتزیاس) دەنووسێت: " من، کەتزیاسی کوڕی (کەتزیوخوس) کە خوێنـدکاری قوتابخـانەی (سـەنید) بـووم، مـاوەی (١٧) سـاڵ پزیشـکی بنەمـاڵەی پاشایەتیی بووم لە دەرباری ئەردەشیری دووەم (٤٠٤/٣٥٨ پ.ز)دا. (ئاپۆلۆنید) پزیشـکێکی دیکـەی یۆنـانییە، کە لە دەربـاری ئەردەشـیری دووەمـدا ژیـاوە و نەخۆشیی (هیستریا)ی (ئامیتیس)ی کچە شازادەی کورشی چارەسەر کردووە و هەرواش پزیشکێکی دیکەی یۆنانیی بەناوی (پۆلەر کریتۆس) هەر لەوێدا کاری کـردووە. دیـارە هەمـوو ئەم پزیشـکانەش زۆر جـار لە کارەکانیانـدا سـەرنەکەوتوون، هیـرۆدۆت دەنووسـێت: "(کامبوزیـا) هەر بە منـداڵی تووشـی نەخۆشیی بوورانەوە ببوو، پزیشکەکان هەرچییان کرد، نەیانتوانی چارەسەری بکەن تـا ئەوەی جارێکیـان بـوورایەوە و بەسـەر ئەسپەکەیەوە کەوتە خـوارەوە و مرد"

ڕاسـتە زانیـاریی زۆرمـان لەمەڕ بـواری پزیشـکیی سـەردەمی هەخامەنشـییەکان نـیە، بەڵام بە وردبـوونەوەیەك لە نووسـینی مێژوونووسـە بیانییەکـان دەگەیـنە ئەو ڕاسـتییەی کە لەو سەردەمەشـدا پزیشـك و زانسـتیی پزیشـکیی لای ئارییەکان بـرەوی هەبـووە و کاروباری پزیشـکیی زۆرتـر لە لایەن خودی خۆیانەوە بەڕێوە چووە، با چەند نموونەیەك بهێنینەوە:

- گزەنفۆن، نووسـەری (زانیارینـامەی کـورش) لە نووسـینەکانی خۆیـدا نـاوی هـیچ پزیشـکێکی بیـانی نابـات، چ لە دەربـار و چ لە سەرتاسـەری وڵاتیشـدا و وای پیشـان دەدات کە تەنـانەت خـودی کورش و کەمبوزیای کـوڕی ئاگاداری بواری پزیشکیی و دەرمانگەریی بوون و خۆیان کاری پزیشکییان کردووە.
- هیرۆدۆت باسی ئەوە دەکات کە گوایە ئەردەشیری یەکەم (٤٦٥/٤٢٤ پ.ز)

داواى لە (بـوقرات)ى پزيشـكى نـاودارى يۆنـانيى كـردووە بـۆ چارەسـەرى (چـــاوقوولْكێ /تـــاعوون) و (وەبـــا) لە ئێرانـــى ئەو ســـەردەمەدا، بەڵام (كريسـتيەن سـەن) ئەم قسـەيە بە درۆ دەخـاتەوە و دەڵێـت: ئەگەر وابێـت، ئەوا بـوقرات لە نووسـينەكانى دواتـرى خۆيـدا باسـى ئەو شـانازييەى دەكـرد، كەچى هــيچ باسـێكى ئەوتـۆ لە بەرهەمەكانيــدا نــابينين و ئەمەش بۆمــان دەردەخات كە شتى وا نەبووە.

- ❖ ئەگەر لەسـەردەمى هەخامەنشـييدا پزيشـكى نـاودارى بيـانيى (ميسـرى و يۆنـانى) لە دەربـارى داريـوش و ئەردەشـيردا هەبـووبن، زۆر سـەرنجڕاكێش نابێت، چونكە ئێستاشى لەگەڵدا بێت، سەرۆك و حاكمە گەورەكانى وڵاتان، سەرەڕاى هەبوونى پزيشكى پسپۆڕ و زۆر چاكى لاى خۆيان، هێشتا پزيشكى بيانيى بانگهێشتى لاى خۆيان دەكەن و كاريان پێدەسپێرن.
- ❖ بە پێـى (ديـنكەرد)، سـەرچاوەكانى زانسـتى پزيشـكيى ئارييەكـان لە سـێ (نەسـك)ى گرنگــى ئاڤێســتادا بە ناوەكــانى (هەئوســپارەم نەســەك) و (نيكادۆمە نەسك) و (چيتەرداتە نەسك) لە كتێبخانەى گشتى (دژنپشت)ى (پارسە/ تەختى جەمشيد)دا لە ساڵى (٣٣١ى پ.ز) بە فەرمانى ئەسكەندەر سـووتێنران و تەنـانەت نوسـخەكانى (شـيزيگان)يش هەر بە فـەرمانى ئەو ڕەوانەى يۆنـان كـران بـۆ بەردەسـتى (ئەرەسـتۆ)، هەربـۆيە سـەرچاوەى زانياريمـان لەمەڕ ئەم بـابەتەوە لەبەردەسـتدا نيە و نـاتوانين ئەم هاوكێشـە مێــژووييە پشتڕاســت و يەكــلا بكەيــنەوە، بەڵام ئەو ڕاســتييەمان بــۆ دەردەكەوێـت كە زانـا و فەيلەسـوفە يۆنانييەكـان، هەر لە (ئەرەسـتۆ)وە تـا دوايى، بەشى زۆرى زانست و زانيارييەكانى خۆيان لەو نوسخانە وەرگرتووە كە ئەسـكەندەرى مەكـدۆنى لێـى دزيـن و خسـتنيە بەردەسـتى ئەوان، واتە بەردى بنـاغەى زانسـت و فەلسـەفەى يۆنـان لە ڕاسـتيدا ئـێمە بـووين، نەك ژيريى و زانايى و نوخبەيى خۆيان...!!!

**قوتابخانەی هەورامان:**

**"لەیلا سادariش جە زلْفی وێشەن خەتای بابەشێخ بێساران چێشەن"**

گەرچی، (وەك لەبەشی پێشوودا گوتمان) زانیاریی زۆرمان لەبەردەست نەماوە بۆ یەکلاییکردنەوەی بواری پزیشکیی و دەرمانگەریی (هەڵبەت لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا)، بەڵام ئەوەمان سەلماند کە پێش ئەوان و لە سەردەمی قوتابخانەکانی (مەزدیەسنا) و (ئەکباتان)دا ئەم بوارە لەنێو ئارییەکاندا برەوی زۆری هەبووە و گەشەیەکی بەرچاوی کردووە.. سەرەڕای هەبوونی ئەو دوو قوتابخانەیە و بەتایبەتی هەر لە سەردەمی قوتابخانەی مەزدیەسنادا و پێش (ئەکباتان)، دەبێ ئاماژە بە (قوتابخانەی ئاهوورامان)یش بدەین کە پێموایە پێشکەوتووتر و گەشەسەندووتر بووە لەوانی دیکە. دەبینین، لە هەورامانی پێش (پیرشالیار)دا پزیشکیی هێندە زانا و پسپۆڕ هەبوون، کە توانیویانە زۆربەی زۆری نەخۆشییەکان بناسن و چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە. وردبوونەوەیەك لەو دێڕە شیعرەی سەرەوە (گەرچی تازەتریشە)، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە دانیشتوانی هەورامان لە بواری دەروونزانیشدا زۆر پێشکەوتوو بوون، شیعرەکە باسی نەخۆشێکی دەروونیمان بۆ دەکات کە هەرچی دەبرێتە لای دکتۆرەکان چارەسەر ناکرێت و سەرەنجام دەروونزانێك پەی بە نەخۆشییەکەی دەبات و ڕێگاچارەکەشی دەستنیشان دەکات. گەلێ پێش ئەوەش و هەر لە هەوراماندا دەرمانی نەخۆشیی (شێرپەنجە) دەدۆزرێتەوە.. لەو سەردەمەدا ناوی (تیراوێ)یان بۆ ئەم نەخۆشییە داناوە و بە بەکارهێنانی مێشکی (سەگ) دەرمان و چارەسەریان کردووە.. لە بواری دانسازیی و دانپزیشکیدا توانیویانە بگەنە پێشکەوتنێکی یەکجار مەزن و لە دارێکی تایبەتیی بەناوی (گەوەن) تاقمی ددانیان دروستکردووە، کە بەبێ هەرچەشنە ئازار یان ناتەباییەکی پزیشکی، چەندین و چەند ساڵ بەکارهاتوون و ئاسوودەییان بە خاوەنەکەیان بەخشیوە.. شکان و لەجێدەرچوونی (کلْۆك/ ئیسقانی سمت)یان بە شێوەیەکی سرووشتی و زۆر سەرنجڕاکێش چاککردۆتەوە و چارەسەری

سەرجەم شکانەکانی ئێسکی مرۆڤیان کردووە.. ئێستاش ناوبانگی (جەڕاح)ەکانی هەورامان هەر لە درەوشانەوەدایە، کە توانیویانە و دەتوانن خراپترین و نالەبارترین شکان بگرنەوە و زۆرجار قاچی شکاوی نەخۆشەکانیان لە بڕینەوە ڕزگار کردووە و بە شێوازی سرووشتی و گیادەرمانیی تایبەت بەخۆیان چارەسەریان کردووە.. گیادەرمانیی پێشکەوتووی لای (شێخ)ەکانی هەورامان، کە بەهۆی (شێخ عومەری زیائەدین)ەوە گەیشتە قۆناغێکی گەشەسەندوو و لەسەر دەستی (شێخ عوسمانی نەقشبەندیی)شدا گەیشتە لووتکەی پێشکەوتن و پەرەیەکی بەرچاوی سەند، ئێستاش بەشێکە لە دەرمانگەریی بنەڕەتی لەم کۆمەڵگە ئارییەماندا و بەتایبەتی لە ئێراندا برەوێکی زۆرتری هەیە..

پزیشکانی ئاهوورامانی کۆن هەرچەشنە (سك ئێشە)یەکیان بە هۆی بەکارهێنانی گیای (ڕازیانە)وە بە شێوەیەکی یەکجارەکی چارەسەر کردووە.. گیای (نینۆر)یان بەکار هێناوە بۆ باشترین چارەسەری سرووشتیی و نەخۆشییەکانی (سی) و (گورچیلە)یان بەو گیایە چارەسەر کردووە.. خراپترین جۆری بەردی گورچیلەیان بەهۆی (بەڕەزا و کەرەوس)ەوە تواندۆتەوە و پاش تواندنەوەی لەڕێی میزەوە فڕێدراوە.. هەموو جۆرە (پەتا)یەکیان بەهۆی بەکارهێنانی (وەنەوشە) یان (هەنار) چارەسەر کردووە، ئەم شێوازە دەرمانگەرییە لە دێڕەشیعرێکی مەولەویدا بەرجەستە بووە و ڕاستیەکەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە. هەروەها هەموو نەخۆشییەکی سنگیان بەهۆی (بەی/ بەهێ) چاککردۆتەوە.. (کاکڵە گوێز)یان وەك نموونەی مێشکی مرۆڤ لەبەرچاو گرتووە و ئاستەمترین نەشتەرگەریی مێشکیان ئەنجامداوە و پێیان گوتووە (کاردبەئێشەزی)، وشەیەك کە دواتر بۆتە (کاردپزیشکی) و ئێستاش وەك (کاردەوەژێ) ماوەتەوە...

## زان/ منداڵبوون لە (هەزارە)کانی ڕابردوودا:...



لە بەشـەکانی پێشـووتردا باسـی سـەرهەڵدان و پەیـدابوونی زانسـتی پزیکشـیی و کـارو داهێنـان و تواناکـانی ئارییەکانمـان کـرد لەو بـوارەدا و دەرمانخست، کە زانستی پزیشکیی بۆ یەکەمجار و هەرواش یەکەمین پزیشك لـەنێو ئارییەکـان و لە زێـدی ڕاسـتەقینەی خۆیـان (ئاهوورامـان)دا سـەری هەڵـداوە و یەکەمـین پزیشـکی (ئـاری)یش نـاو یـا نازنـاوی پیشـەیی (تریتـا)ی

پێبەخشراوە. ئێستاش لەم بەشەی کۆتایی باسەکەماندا ئاوڕێك لە چۆنیەتیی زان و منداڵبوون دەدەینەوە لەنێو کورد و لە کوردستانی وڵاتی کەونارای ئاریاییدا:...

کاتێ توێژەر و لێکۆڵەران گەیشتنە یەکەمین (شار/گوند)ی ئاریایی لە (گەنج تەپە)ی (هەرسین)ی کرماشاندا، توانییان هەندێ نیشانەی بواری زاوزێ بدۆزنەوە:

بەپێی دۆزراوە مێژووییەکان (٩) هەزار ساڵ پێشتر، (٣٠) خێزان لە گوندی گەنج تەپەی هەرسیندا ژیاون. بە کەڵکترینی ئەو دۆزراوانەش چەند پەیکەرێك بوون لە ژن، ژنگەلێك کە لە دەرد و ژانی منداڵبووندا خۆیان گرمۆڵە کردووە. پەیکەرەکان نیشانەی گێڕانەوە و وێناکردنێکی هونەرمەندانەن لە ژن و ژانی زان/منداڵبوون لەنێو گوندنشینانی ئەو گوندە کەونارایەی کورددا.. پەیکەرتاش، کە بەداخەوە نە ناوێکی لێ بەجێماوە و نە بۆ کەس ناسراوەتەوە، بە شێوازێکی زۆر هونەری هەموو ئەندامەکانی جەستەی ژنی لە کاتی منداڵبوون و بەو تایبەتمەندییەی ئەو کاتەوە داتاشیوە و چۆنیەتیی زان و ژانی منداڵبوونی وێناکردووە.. هەزار ساڵ دوای ئەو پەیکەرانە، نیشانەی زانی ئاسانتر لە مێژوومانددا دەرکەوتووە.

(تەپۆڵکەی سەراو)ی کرماشان، سەرەتای دەورانی نوێ بەردین/ (٨) هەزار ساڵ لەمەو پێش:...

گوندنشینانی کەونارای تەپۆڵکەی سەراوی کرماشان هەرگیز بیریان لەوە نەکردۆتەوە، کە دوای هەشت هەزار ساڵ باسیان بکرێت و لەسەریان بنووسرێت، کە ئەوان خاوەنی گوندێك و شوێنی کشتوکاڵ و ژیانی بەکۆمەڵ بوون و پاشان باسی چۆنیەتیی زاوزێی ژن و منداڵەکانیشیان بکرێت! پەیکەری لە گڵ دروستکراوی ژنێك لە تەپۆڵکەی سەراودا دۆزراوەتەوە کە لە جیهانی دێرینەناسییدا بە (ڤینۆس)ی تەپۆڵکەی سەراو ناسراوە. گەرچی ئەم پەیکەرە ڕاستەوخۆ منداڵبوون پێشان نادات، بەڵام بەسەرنجدان لە چۆنیەتی دیاریی و

بەرجەستەکردنەوەی ئەندامەکانی زاوزێی ژن تێیدا دەکرێ پەی بە یەکسانیی و لێکنزیکیی بیرکردنەوەی دانیشتوانی گەنج تەپە و تەپۆڵکەی سەراو بەرین (ئیحسان یەغمایی)ی لێکۆڵەر، سەرەڕای دەربڕینی ئەو بۆچوونەی ئاماژەمان پێدا، ڕۆ دەچێتە ناخی مێژووەوە و دەڵێت: "لە چەند هەزارەی دواتردا هەندێ پەیکەر دۆزرانەوە کە فکری زانی ئاسانی لەگەڵ ئەو شێوازەی تەپۆڵکەی سەراوی کرماشاندا پێکەوە گرێدا..." بەکورتی، وردبوونەوە لەو پەیکەرانە بۆمان دەردەخات کە مرۆڤ و کۆمەڵگەی ئاریی، چ زانیاریی و شارەزاییەکی فراوانیان لەمەڕ پزیشکیی و منداڵبوون و بواری زانستییانەی تەندروستیی هەبووە.. کەوایە مافی خۆمانە بپرسین:

ئایا ئەمە (ئێمە) نەوە و پاشینانی ئەو خەڵکە ژیر و تێگەیشتووە نیین، کە ئەمڕۆ لە کەسێتیی خۆمان داماڵراوین و بۆ سادەترین پێداویستیش پەنا بۆ خەڵکانی بیانیی دەرەوەی خۆمان دەبەین.. ئەی ئەو بیر و ئەندێشە پاك و داهێنەرانەیەمان چیی لێهات؟!!!

## دەخمە یا برجی خامۆشان:...



لەوانەیە ئەم پرسیارە مێشك و بیری زۆر كەس بەتایبەت غەیرە زەردەشتیی بەخۆیەوە خەریك كردبێت، كە: بۆچی ئارییەكان مردووی خۆیان دەخستە ناو (دەخمە)وە؟! بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش، گەلێ دێرینەناس و توێژەری مێژوویی دەستیان داوەتە توێژینەوە لەمەڕ خاك و كەش و هەوا و تایبەتمەندیی ژیار و ژینگە لە ئێرانی دێریندا و هەوڵیانداوە لەو ڕێگەیەوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدۆزنەوە، وەڵامێك، دەریدەخات پێشینانی ئێمە چۆن بیریان كردۆتەوە و بە چ شێوەیەك باشترین سوودیان لە تایبەتمەندیی ژیاریی خۆیان وەرگرتووە.

گیانشاد (مۆبد ئەردەشیر ئازەر گوشەسپ) لە کتێبی (دابی کفن و دفن)دا، وێڕای ئاماژەکردن بە چەند شێوازی وەك (خستنە نێو ئاو) و (سووتاندن) و (بەخاکسپاردن)، کە هەر هەموویان بە ڕەنگدانەوەی تایبەتیی ژینگەی مرۆیی دەزانێت، دێتە سەرباسی دەخمە و دەڵێت: (ئێمە هەروەك هیندیی و زۆربەی ئەورووپییەکان، لە نەژادی ئارییین.. پێشینانی ئێمە لە وڵاتێکدا ژیاون بەناوی (ئێرانویچ)، بەپێی نووسراوەکانی ئاڤێستاش تێدەگەین، کە ئێرانویچ مەڵبەندێکی زۆر سارد بووە، بەجۆرێك، لە ساڵدا دە مانگ کەشوهەوا زۆر سارد و بەستەڵەك بووە و تەنها دوو مانگی گەرم و خۆش (فێنك) بووە. لە فەرگەردی یەکەمی ڤەندیداتدا، کە باسی دروستبوونی وڵاتان دەکات، هاتووە: " یەکەمین وڵات کە ئەهوورەمەزدا ئەفراندی (ئێرانویچ)ە، کە هەڵکەوتەیەکی زۆر سارد و بەستەڵەکە، (١٠) مانگی زستان و تەنها دوو مانگی هاوینە. کەشی ئەوێ زۆر ساردە.. سارد بۆ ئاو.. سارد بۆ خاك.. سارد بۆ گیا.. زستان لەوێدا گەورەترین بەڵایە". پاشان لە فەرگەردی پێنجەمدا دێتە سەر باسی ناشتنی مردوو: " ئەگەر هاوین بەسەرچووبێت و وەرزی زستان بێت، دەبێ مەزدیەسنان چی بکەن؟" دواتر وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە و ڕێنماییان دەکات: "لە هەر گوندێك یا هەر گەڕەکێکدا، مەزدیەسنان دەبێ (ژوور)، شوێنێکی تایبەت بۆ مردووان دروست بکەن و لاشەی مردووەکەی تێدا بپارێزن بۆ ماوەی دوو تا سێ ڕۆژ.. یا مانگێك؛ تا باڵندەکان هەستنەوە و گیاکان بڕوێن و ئاوەکان جووڵەیان تێبکەوێتەوە و بایەکان زەویی وشك بکەنەوە. ئەو کاتە دەبێ مەزدیەسنان مردووەکەیان ببەن و بیخەنە نێو (دەخمە)وە").

بەم پێیە بۆمان دەرکەوت کە ئێرانویچ (کە پێشتر لە ژوانی یەسنادا لەسەرم نووسیوە و بە هەورامان لێکم داوەتەوە)، مەڵبەندێکی زۆر زۆر سارد و بەستەڵەك بووە و زۆربەی کاتەکانی ساڵ بە بەفر داپۆشراوە و جاری وا هەبووە بەهۆی بارینی بەفر و سەرماوسۆڵەوە، ڕێگای هاتوچۆ داخراوە و بە مانگ و چەند مانگیش نەکراوەتەوە و دەرفەتی هیچ هاتووچۆ و جموجووڵێك نەبووە،

دیارە لەو بارودۆخەشدا هەڵکەندنی زەویی و ناشتنی مردوو کارێکی ئاستەم و نەکراو بووە، هەربۆیەش مردووەکانیان ڕەوانەی دەخمە کردووە، ئەویش بەسەر لووتکەیەکی بەرزەوە کە دوور بووە لە شوێنی ژیان و نیشتەجێبوونیان و دواییش باڵدارە لاشەخۆرەکان گۆشتی مردووەکەیان خواردووە و بەم چەشنە هەم زەویی و خاکێکی زۆر داگیر نەکراوە و هەم ژینگەش پیس نەبووە و هەم دانیشتوانی هەرێمەکەش لە هەرچەشنە نەخۆشییەك پارێزراو بوون. پێویستە بڵێم کە ساردی و بەستەڵەك هەر تەنها هۆکارێك بووە بۆ ئەم کارە، گەر وردتر بڕوانین، دەبینین ئەمڕۆکەش لە دنیادا دوو شوێنی دیکە هەن، گەرچی زەردەشتیی نین، بەڵام مردووەکانیان نانێژن و هەر بەسەر بەرزاییەکەوە دایاندەنێن، تا لاشەخۆرەکان بیانخۆن، ئەو دوو شوێنەش، یەکێکیان (تبت)ە کە بە بانی دنیا ناسراوە و ئەوی دیکەش (هندوکوش)ە کە دەکەوێتە باکووری کابول، کە خەڵکی ئەفغانستان بە (کافر)یان دەزانن. ئەو دوو شوێنە هەردووکیان زۆر سارد و سەختن و کاری گۆڕهەڵکەندن و ناشتن لە خاکەکەیاندا کارێکی مەحاڵە، هەربۆیە مردووەکانیان دەبەنە بەرزاییەك و هەڵسوکەوتێکی وەك زەردەشتییەکانیان لەگەڵ دەکەن. بەڵام هۆکاری دیکە لە ئێرانویچ و لای ئێمەی مەزدیەسنان، کە من بە هۆکاریی سەرەکیی دەزانم، لایەنە ژینگەپارێزیی و تەندروستییەکەیە.. واتە پێشینانی ئێمە زانیویانە کە:

- خاك و زەوییەکی کەمیان هەیە و گەر مردوو بنێژن، ئەوا زەویی و خاکەکەیان لێ داگیر دەبێت و دەرفەتی ژیانیان نامێنێ.
- خاك وەك یەك لە چوار توخمی سەرەکیی، شتێکی پاك و پیرۆزە و نابێ پیس بکرێت، ئەمەش هەمان فەلسەفەی ژینگەپەروەری و ژینگەپارێزییە لای پێشینانی ئێمە، لاشەی مردووش مادەم گیانی تێدا نیە و بەزیندوویی نەماوە، ئیدی ئەهریمەن جێی خۆی تێدا دەکاتەوە و سەرەنجام دەبێتە جێی گەشەکردنی میکرۆب و نەخۆشی، هەربۆیە نابێ تێکەڵی خاك بکرێت و بەهۆیەوە خاك و ژینگە تووشی پیسیی و نەخۆشیی ببن.

بەهەرحاڵ، با بزانین دەخمە چیە و چۆن دروستدەکرێت؟:

دەخمە، دیوارێکی کەوانەیی زۆر پان و ئەستوورە بەشێوەی تاوەر و بە بەرزایی لووتکەی کێو و شوێنە سەختەکانەوە بە (خشت و قوڕ) دروستدەکرێت و بەمەبەستی سەرکەوتن و گەیشتنە ناوەوەی پلیکانەیەکی بۆ دروستکراوە. بەگشتیش بریتییە لە چەند ژوورێك و هەندێجاریش لە دوو نهۆم پێکهاتووە، یەکێك لە ژوورەکانی کە ١٥٠ تا ٢٠٠ مەترێك لە خودی دەخمەکە دوورتر دروست کراوە و تایبەت بووە بە (ئاگر کەرەوە)کان، کار و ئەرکی ئەوانیش، کە زۆربەی کات دوو کەس بوون، ئەوە بووە، لەو کاتەوە کە لاشەی مردوو هێنراوەتە نێو دەخمە، تا سێ شەو لەو ژوورە تایبەتەدا کە پەنجەرەیەکی بچووکی ڕوو بە دەخمەکەی تێدا بووە، هەر لە ئێوارە تا سبەینان ئاگریان هەڵکردووە و نەیانهێشتووە بکوژێتەوە، ئەمەش لەو بیروبڕوایەوە سەرچاوە دەگرێ کە: یەکەم، ئاگر هۆکارێکە بۆ پاکوخاوێنهێشتنەوەی ژینگە و نەهێشتنی تاریکایی و جرۆجانەوەری ئەهریمەنی.. دووەم، ڕۆحی مردووەکە تا سێ شەو بەسەر سەری لاشەکەوە دەمایەوە و دەبوو ئاگرێك بۆ ڕووناککردنەوە هەبێت تا ڕۆحەکە بەهۆی ئەهریمەنەکانی نێو تاریکییەوە نەترسێت، دوای سێ شەوەکە ڕۆح جەستە بەجێدێڵێت و ئاگربانەکانیش کۆتایی بە هەڵکردنی ئاگر دێنن. دەخمەکان هەندێجار بە شێوەی شەش پاڵوو و بە بەرزایی ١٠ تا ١٢ مەتر دروست دەکران کە بینایەکەی نەخشی ڕۆستەم لە شیراز، لە ئارامگای پاشا هەخامەنشییەکاندا (کابەی زەردەشت) و ئەوەی پاسارگاد، کە دەکەوێتە بەرانبەری ئارامگای کورش، نموونەیەکیانن. بەشی کەوانەیی نێوەوەی دەخمە، دەبێتە چوار بەش: بەشی تایبەتی پیاوان.. بەشی تایبەتی ژنان.. بەشی تایبەتی منداڵان و بەشی چوارەمیش کە دەکەوێتە ناوەندی کەوانەکەوە، بە (چاڵی ئەستودان) ناسراوە. ئەستودان چاڵێکە لە ناوەندی دەخمەدا هەڵدەکەندرێت بۆ شوێنی ئێسکی مردووان، واتە دوای ئەوەی لاشەخۆرەکان گۆشتی جەستەیان دەخوارد و تەنها ئێسکەکانی دەمایەوە، دەیانخستنە نێو ئەو چاڵەوە و بە جوانی

دایانپۆشیون. گیرشمەن لە کتێبی (ئێران لە سەرەتاوە تا ئیسلام)دا لەباسی ئەم بابەتەدا دەڵێت: پێشینان مردوویان نە بەخاك دەسپارد و نە دەیانسووتاند و نە دەیانخستە نێو ئاوەوە، چونکە دەترسان سێ توخم (ئاخشیچ)ی پیرۆز: (خاك.. ئاو.. ئاگر) پیس (ئالوودە) بکەن، بۆیە دەتوانین بڵێین کە داب و دەستووری دەخمە هەر لە سەردەمانی دوورەوە و لە سەردەمی مادەکانەوە لە سەرزەمینی ئێرانویچدا داهاتووە و ئامانجیشی تەنها پاراستنی خاك و ئاگر و ئاو بووە... ئەم نەریتەش ئەوپەڕی تێگەیشتنی وشیارانەی پێشینانی ئێمە پێشاندەدات لە ژیان و ژیار و ژینگەی پاك وخاوێن و نرخ و بایەخی بەها مرۆییەکان لە کۆمەڵگەدا.

**ئامۆژگارییەکانی کاتی مارە بڕین:...**




یەکێك لە هەزاران دەقی پەندئامێزی گرنگ و بەنرخی سەردەمی پێشەوایی ئەشوو زەردەشت، کە تا ئێستاش بۆ ئێمە ماوەتەوە، دەقی (ئامۆژگارینامەی کاتی مارەبڕین)ە، کە دەکرێ بە گووشراوەی داب و دەستووری ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتیی ئایینی زەردەشتیی بزانین. گەرچی دەقەکە تایبەت کراوە بە ڕێوڕەسمی مارەبڕین، بەڵام نەك هەر بۆ گەنجان، بەڵکو بۆ سەرجەم مرۆڤایەتیی بە سوودە و دەتوانێ هەموو کۆمەڵگە ئاراستە بکات...:

- ... پەرەستش و نیایشی ئەهوورامەزدا لە پێش و لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە، چونکە ئەهوورامەزدا بەهرەمەندی کردووین لە هەموو چاکە و بەخششەکانی خۆی.. ئەهوورامەزدا بە تاقانە خواوەندی دادگەر و میهرەبان بزانن و هەمیشە بە شایستەترین شێوە بیپەرستن.
- بڕواتان بە پەیامبەرایەتیی ئەشووزەردەشت و دینی پاکی مەزدیەسنا هەبێت و هەردەم لە ڕاستیی و پاکیی نزیکتر ببنەوە و بە بیر و زمان و کرداری چاك بژین.
- هەرگیز بە بێ (سەدرە) و (کوشتی) مەبن و منداڵەکانیشتان لە تەمەنی ١٥ساڵی (سەدرە)پۆش بکەن.
- بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی ڕۆژ و ساڵی خۆشەویستان و پیرۆز ڕاگرتنی (گاهانبار)ەکان، بۆ شادیی گیانی کۆچکردووان کەمتەرخەمی مەکەن.
- لە (پەنجە) و (فەروەردینگان)دا، کە ڕۆژی تایبەتی (ڕەوانچاك)ەکانە، لەو شتەی لەبەر دەستە بیبەخشن و یاسای میهرەبانیی بەجێبهێنن؛ تا (ڕەوانچاك)انیش خۆشنوود ببن و سوپاستان بکەن..
- سوپاسگوزاریی دایك و باوك و مامۆستا بن و خزمەتیان بکەن، چونکە خۆشنوودیی ئەهوورەمەزدا لە خۆشنوودیی ئەواندایە..
- هەردەم لە یادی یەزداندا بن و بەچاکیی بیربکەنەوە و خێرەومەند بن.. لە مانگێکدا ڕۆژێك دیاریی بکەن بۆ ستایشی زۆرتر و تایبەت و بەخشش و میهرەبانیی زیاتر.. هەر ئێستە ئەو ڕۆژە دیاریی بکەن و بیکەنە بەرنامەی ژیانتان..
- لە ژیانتاندا ڕێبەر و مامۆستایەکی زانا هەڵبژێرن تا ڕێنوێنیتان بکات بەرەو ڕێگای چاکەکاریی و زانایی، زانایی زۆر بەرفراوانە و کارکردنیش بەپێی ڕێنوێنیی زانایان ئەنجامی چاکی دەبێت، ئێستا ناوی ئەو زانایە بەرن و هەڵیبژێرن..
- ئەهوورامەزدای بەتوانا، کە مرۆڤی بەهێزی زانایی و زمانەوانیی لە

ئەفرێندراوەکانی دیکەی گێتی شایستەتر ئەفراند، یاسای مرۆڤدۆستیی داناوە، کەواتە ئازاری مرۆڤ مەدەن، نە بە بیرکردنەوە و نە بە زمان و نە بە کردار..

❖ گەر نەناسراوێك هاتە لاتان، ڕێزی لێبگرن و خۆراکی بدەنێ و لە گەرما یا سەرما و برسێتیی و تینوێتیی ڕزگاری بکەن.. لەگەڵ ژێردەستەکاندا میهرەبان بن و ڕێزی گەورەکان بگرن و پەیڕەویی داد و ئاییینی ئەمشاسپەندان بن کە تیشکێکن لە ڕووناکایی ئەهورەمەزدای پاك و پیرۆز..

❖ یاسا و ئاییینی ڤەهوومەنەی ئەمشاسپەند، ئاشتیخوازیی و بیری چاکە: کینەجۆ و شەڕاشۆ مەبن.. چاکەخواز و پاکسرشت بن.. خراپە مەکەن و نزیکایەتیی خراپەکاران مەکەن.. فێرە زانین ببن و ئەقڵ و ئاوەزپەسەندیی بکەنە پیشەی خۆتان.. پەرە بە ڕۆشنبیریی بدەن و خراپەکاریی و بەدسرشتیی لە ڕەگەوە ببڕنەوە.. لەگەڵ دۆستاندا میهرەبان بن و لەگەڵ دوژمنانیشدا دادوەریی بکەن.. بۆ خۆشنوودیی ڤەهوومەنەی ئەمشاسپەند، ئاژەڵ و گیاندارە بەسوودەکان پەروەردە بکەن...

❖ یاسا و ئاییینی ئوردیبەهەشتیی ئەمشاسپەند پاکیی و ڕاستییە: گیان و جەستەی خۆتان هەردەم بە پاکیی بپارێزن و لە لاریی و ناپاکیی دوور بکەونەوە.. ستایشی ئەشوویی بکەن و بە پێی یاسای ئەشا بژین، چونکە ڕێگای جیهان یەکە و ئەویش ئەشوویییە.. بە بیرکردنەوە چاك بن.. بە زمان چاك بن.. بە کردار چاك بن.. لەگەڵ یەکتر هاودڵ و هاوزمان و هاوڕا بن و خۆتان لە درۆ و سوێندخواردن بپارێزن.. هەردەم ڕێز لە ئاگر بگرن، کە لەم جیهانەدا نوێنەری دڵاوایی و ڕاستگۆییە...

❖ یاسا و ئاییینی شەهریوەری ئەمشاسپەند هێز و توانایی و سەبرو لێبوردەییە: تێبکۆشن بۆ سەروەریی و ساماندارییی.. لە ڕێگای ڕاستیی و دروستییەوە سامان کۆ بکەنەوە.. دوور بن لە بەتاڵیی و تەمبەڵیی.. دەست بۆ سامانی کەس مەبەن و چاوچنۆك مەبن.. هەوڵی پاراستنی (ویرە)کانیش بدەن.

- ❖ ئـايين و ياسـاى سـپەندارمەزى ئەمشاسـپەند میهرەبـانیی و دڵنەرمیـی و ڕۆحسـووكییە.. لە جیهانـدا سەربەسـت و میهرەبـان و ڕۆحسـووك بـن.. فیـز و دەمـاربەرزیی مەفرۆشـن.. چـاو پـاك بـن.. بێـز لە خـزمە هەژارەكانتـان مەكەنەوە و لە سـامانی خۆتـان بەشـیان بـدەن و یاریـدەیان بـدەن.. فێـرگە و نەخۆشـخانە و ناوەنـدی بەسـوودی دیـكە دابمەزرێـنن و هەروەك زەمـین بەسوود و لەخۆبوردە بن و زەمینیش بە پاكیی و ئاوەدانیی بپارێزن.
- ❖ ئایین و یاسای خوردادی ئەمشاسپەند سەرسەوزیی و ئاوەدانییە.. هەردەم دڵـی خۆتـان بە شـادیی و خۆشـیی و جەسـتەتان بە پـاكیی و تەندروسـتیی بهێڵـنەوە.. ناشـوكری مەكەن و خەم مەخۆن.. بەدیـدەی چـاك و پـاك بـڕواننە گێتـی و سوپاسـی ئەهـوورەمەزدا بـكەن.. ئـاوەدانیی بنیـات بنـێن و پەرە بە شـادمانیی بـدەن.. ئاو مایەی سەرسـەوزیی و ئـاوەدانییە، هەمیشـە بە پـاكیی بیپارێزن و بێ هۆ بەفیرۆی مەدەن..
- ❖ یاسـا و ئـایینی ئەمـوردادی ئەمشاسـپەند تەندروسـتیی و تەمەنـدرێژییە.. خۆتـان لەسـەر تەندروسـتیی و بەتوانـایی ڕابهێـنن.. دوور بـن لە تەمبەڵیـی و تەنپەروەریی.. ماڵ و جلوبەرگیشتان بە پاكیی بپارێزن.. دارودرەخت بچێنن و هەرگیـز درەختـی نەمـام مەبـڕن.. داو و دەرمـان بە هەرزان بـدەنە ئەوانەی پێویستیانە و یاریدەر و پارێزەری نەخۆش و دەردەدار و داكەوتووەكان بن.
- ❖ هیـوادارم هەمیشـە بۆ پەیڕەویكردنی ئامۆژگارییە دینییەكان تێبكۆشـن و لە كـرداری چـاك و میهرەبانیـدا پێشـی یەكـدیی بـدەنەوە تـا ژیانتـان هەردەم خۆشیی و شادمانیی و كامەرانیی بێت.

## هەڵبژاردەیەکی ئامۆژگارییەکان لە کتێبی پالەویی (مینوخیرەد):....



زانا لە مینوخیرەدی پرسیی: چۆن دەکرێ بخوازین ژیان و تەندروستیی ڕۆح و جەستەمان لە زیان بپارێزرێن؟

مینوخیرەد وەڵامی دایەوە:

- ❖ لە کارو فەرماندا بچووك بۆ گەورەتر و گەورەتر بۆ سەرکردە و سەرکردە بۆ پاشا و پاشا بۆ گەل گوێڕایەڵ و سنگفراوان و ڕاستگۆ بن.
- ❖ لە بەرانبەر دۆستاندا نەرم و خۆشڕوو و دەست وچاو پاك بن.
- ❖ تۆمەت لەکەس مەدەن، تا تووشی درۆ و ڕسوایی نەبن.. تۆمەتلێدان لە جادووگەری خراپترە.

- ❖ هەوەسباز مەبن تا نەکەونە داوی داوێنپیسییەوە.
- ❖ تووڕە و قیناویی مەبن، ئەوەی قیناویی و تووڕە بێت، کار و کۆشش و یەزدانپەرستیی و پاکداوێنیی لەبیر دەچێت و ئەو کاتەش تەنها تاوان و زیان و پەشیمانیی ڕووی لێدەکات.
- ❖ تەماح مەکە، تا لە کردەوەی خۆت زیان و پەشیمانیت پێنەگات.
- ❖ ئیرەیی و چاوچنۆکیی لەخۆت دوور بخەرەوە تا ژیانت ناخۆش و بێچێژ نەبێت.
- ❖ دۆستایەتیی خەڵکانی بیرچەوت و یاساشکێن مەکە.
- ❖ بەگژ مرۆڤی کینەجۆدا مەچۆ.
- ❖ مەبە بە هاوبەشی مرۆڤی داوێنپیس و هەرگیز مەیکەرە بەرپرسی شتێك.
- ❖ لەگەڵ مرۆڤی ڕسوا و بەدناودا نزیکایەتی و خزمایەتی مەکە.
- ❖ مەبە بە هاوکار و هاودەمی مرۆڤی نەزان و گەمژە.
- ❖ مەبە بە هاوڕێ و هاوسەفەری مرۆڤی سەرخۆش.
- ❖ قەرز لە مرۆڤی بەدگۆ و چەوتسرشت وەرمەگرە.

## زەردەشت لە نیگا و زمانی بیرمەندان و ناودارانی جیهانەوە:...



پەیـامبەری هێـزا و فەیلەسـوف و بیرمەنـدی مەزن ئەشـو زەردەشـتی ڤەخشوەر، مرۆڤێك بووە قاڵبووی بیر و ئەندێشەی پاکی مرۆیی.. مامۆستایەك بـووە، مرۆڤـایەتیی پەروەردە کـردووە بـۆ ناسـینی گێتیـی و گیـان و کەرامەتـی مرۆیـی و ڕێزلێنـان و هەوڵـدان بـۆ گەشەپێبەخشـین و بەرەوپێشـبردنی هەرچی زۆرتری.. بۆ بنیاتنـان و ئـاوەدانیی و داهێنـان و بەخشـندەیی. بیـری ورد و چـاك و پـاکی ئەم مامۆسـتا مەزنەی مێـژووی مرۆڤـایەتیی، بە تەنیـا ڕەگەزی ئـاریی و پەیڕەوانیی مەزدیەسنای نەخسـتووەتە ژێـر کـاریگەریی بنیـاتنەرانەی خـۆیەوە بەڵکو فکر و ڕاهێنانەکانی، بوونەتە قوتابخانەیەکی مرۆیی بۆ سەرجەم گێتیی و

دانیشتوانی زیندووی ئەم جیهانە، زۆر بلیمەتی ناوداری جیهان خۆیان بە مورید و قوتابیی ئەو زانیوە و گەورەترین شانازیی هەموو تەمەنیان ئەوە بووە، کە بابەتێکیان لەسەر نووسیبێت یا ناویان بردبێت، چونکە بەو کارەیان دەریانخستووە کە زەردەشت دەناسن و ئاشنای ڕاهێنان و فەلسەفە مەزنەکەینی و دیارە ئەمەش شانازییەکی مەزن و نەبڕاوەیە، بۆ نموونە ئەفلاتوون تا نیچە و تا ئوشۆ و تا...، ئەم چەند دێڕەی بەردەست تەنها قەترەیەکە لە دەریایەکی قووڵ و بێبن و بێسنووریی پەسن و ستایشیی زانایان و ناودارانیی جیهان بۆ زەردەشتی ڤەخشوەر، گەر بمانویستایە سەرجەم ئەو پێناسەکردن و پێداهەڵگوتنانە بهێنینەوە، ئەوا دەبووە (مەسنەویی سەد مەن کاغەز) و خۆی دەبووە کتێبێك، بەڵام ئێمە تەنیا گوڵبژێرێکمان لەو گوڵزارە کرد و هیوادارین توانیبێتمان گۆشە و سووچێك لە مێژووی شاراوەمان ڕۆشن بکەینەوە:

<u>**(فرانسیس پاوەرکەب):**</u>

" هەرکاتێ بمانەوێ بەهۆی چەند واژەوە باسی کەسایەتییە مەزنەکانی جیهان بکەین، بە دڵنیاییی تەنها باسی حەکیمی بەڵخیی دەکەین، کە پێش سەرهەڵدانی مێژوو ژیاوە و خەریکی ڕاهێنان و پەروەردەکردنی مرۆڤ بووە.. ئەو بناغەدانەری زانستیی ڕۆحانییەت بووە و ئێمە بەشی هەرە زۆری میراتی زانست و زانیاریی خۆمان قەرزاری ئەوین و ئەگەر زەردەشت نەبووایە، زۆر بە ئاستەم دەمانتوانی بیروبڕوای مرۆڤی ئەمڕۆ دەر ببڕین".

<u>**(ڕۆژە گارۆدی):**</u>

"ڕوانگەی نوێی زەردەشت لەمەڕ خوا، تەنها گەیشتن نەبوو لە خوای ماددی و دنیاییەوە؛ بە خوای مەعنەویی و ئەخلاقیی، بەڵکو لە ڕاستیدا ڕەتکردنەوەو سڕینەوەی هەرچەشنە ڕوانگەیەك و ناسینێکی خوا بوو بە پێوەری مرۆیی و بە شێوەی مرۆیی".

**(جەمشید کاوس کاتراك):**

" میللەتی زەردەشتیی سەردەمی ئاڤێستا بریتیبوو لەو ژن و پیاوانەی، کە لە هەرێمێکی خاوەن شارستانیدا پەروەردە بوون.. ئامۆژگاریی فەیلەسووفانەی ئەشوو زەردەشت لە سروودی گاتاکاندا بە ژن و پیاو، چەندان ژنی هۆشمەند و بەتوانا و بیریار لە چەرخی زێڕینیی ڕێبەرایەتیی زەردەشتدا بەخشییە مرۆڤایەتیی".

**(ئوستاد/ مامۆستا پووरداود):**

" دینبەهی، بە واتای ناسینی مەعنەویی و ویژدانە و لە گاتاکانی زەردەشتیشدا زۆرتر هەربەم واتایە هاتووە و بە بناغەی فەلسەفەی پێغەمبەری ئاریایی دادەنرێت".

**(شلرات):**

"هەموو ئەو لێکۆڵەر و بیرمەندانەی لەمەڕ زەردەشت کۆڵیویانەتەوە، لەم ڕاستییەدا هاوڕا و یەکدەنگن، کە: زەردەشت بیرمەندێکی ورد و تیژبین و کەسایەتییەکی مەزن و مرۆڤێکی مۆرالیست (پەیڕەویی ئەخلاق و مەعنەوییەت) و پارێزەری ماندوونەناسی بیروبڕواکانی خۆی بووە.. کەسێتیی مەزنی زەردەشت بە ئەندازەیەك کار دەکاتە سەر زانایان، کە هەردەم هانیان دەدات ڕاهێنان و فەلسەفەکەی ئەو بە شێوەیەکی وردتر و قووڵتر بخوێننەوە و بیری لێبکەنەوە و خاڵی نوێتری لێ هەڵێنجێنن".

**(شپیگڵ):**

" زەردەشت و سەردەمەکەی لە گرنگترین و پڕبایەخترین چاخەکانی گەشە و بەرەوپێشچوونی مرۆڤ ئەژمار دەکرێت".

**(شتاینەر):**

" زەردەشت یەکێکە لە مەزنترین ئەو کەسایەتییانەی لە گەشەی فکریی و شارستانیی مرۆڤدا نەخش و ڕۆڵێکی پێشەنگانە و پێشڕەوانەی هەبووە.. کەسێکە، بە بیری وردی خۆی گەیشتۆتە هەقیقەت و حیکمەتگەلێك، کە بۆ ئەندازە پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتووە".

**(دکتۆر هاوگ):**

"ئەو بڕواو بۆچوونەی کە ڕۆحێکیی جیای شەڕ و خراپ لە دینیی زەردەشتدا هەیە، کە بەرانبەری ئەهوورەمەزدا دەوەستێتەوە و شەڕی لەگەڵ دەکات، نادروستە و لەگەڵ ڕۆحی فەلسەفەی زەردەشتدا زۆر نامۆ و بێگانەیە و لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەو کەسانە فەلسەفەی زەردەشتیان نەناسیوە و لەگەڵ یەزدانناسیی (الهیات/ شەرعییات)دا تێکەڵیان کردووە".

**(ستیڤان پانووسی):**

"ئەهوورامەزدا لەو سەرەوەی دوو هێز یا دوو خاڵی چاك و خراپەوەیە.. چاکیی ئەهوورەمەزدا دوور و بەرییە لە هەرچەشنە خراپییەك".

**(هنریك سامۆئیل نیبرگ):**

" ئەو ـ ئەهوورەمەزدا ـ باڵاتر و سەرووترە لە چاکە و خراپە و لەسەرووی ئەوانەوەیە، ئەو داهێنەر و ئافرێنەری ئەو دژبەرییەیە، بەڵام خودی دژبەرییەکە نیە".

**(عەلی ئەسغەری حیکمەت):**

" لە دینیی زەردەشتدا قسەیەك نیە باسی لێبووردن و لێخۆشبوون و کەفارەت و شەفاعەت بکات".

**(ڕابیندرانات تاگوور):**

"ئێرانییەکان، بە پێی ڕاهێنانەکانی زەردەشت بڕوایان بەوە هێنابوو، کە دەبێ هەوڵی بەرەوپێشچوون و کامڵبوونی جیهانی ماددی بدرێت و مرۆڤ لە ئاسایش و بەختەوەریی جیهان بەهرەمەند ببێت".

**(سامۆئیل لەنگ):**

"ڕاهێنانەکانی زەردەشت بە ڕادەیەك لەگەڵ زانست و پیشەسازیی ئەمڕۆدا کۆك و نزیك و تەبایە، کە دەبێ بڵێین بۆ جیهانی شارستانیی ئەمڕۆ یەکێکە لە باشترین دینەکان".

**(شدر):**

"زەردەشت، خەباتگێڕێکی ماندوویینەناس و ڕاستیخواز بوو، کە بۆ بەرپاکردنی سیستەمی دادوەرانە و تەندروست و بەڕێوەبردنی شێوەی ڕاستیخوازان لەبەرانبەر تاقمی کاهینەکان و (ورد) خوێنە مەستی پەسەند و نەعرەتەکێشە ڕواڵەتسازەکان و دەوڵەمەندان و هاودەستەکانیان، مەردانە وەستا".

**(ڕۆژە گارۆدی):**

"پەیڕەویی زەردەشت کەسێکە، هەموو بەیانییەك لەخۆی دەپرسێت: ئەمڕۆ، بۆ ئەوەی جیهان باشتر و جوانتر ببێت، من دەبێ چیبکەم؟"

**(گۆتە):**

"دینی ئێرانییەکان ئاگرپەرستیی نەبوو، ئایینی زەردەشت بناغەی لەسەر بایەخدان بە توخمە سروشتییەکان دامەزراندووە، هەر بۆیەش ئیرادەی مەزهەبیی ئێرانییەکانی کەونارا لەسەر ئەوە وەستابوو کە: ئاو و هەوا و زەویی پیس (ئالوودە) نەکەن. ئەم بایەخدان و ڕێزلێنانە بۆ هەموو ئەو شتانەیە، کە لە

سرووشـتدا هەن و پەیوەسـتن بە ژیـانی مـرۆڤەوە، هەرئەمەشـە کە سـەرەنجام دەگـاتە مەزنـایەتیی شارسـتانییەت و ژیـانی شارنشـینی. لە ئێرانـی کەونـارادا هەموو ئەوشتانەی کە هەتاو بەڕوویاندا پێدەکەنیی، دەبوو بەوپەڕی وردبینیی و سەرنجەوە بپارێزرێن".

**(س. جی.شۆ):**

"لە پەیامی زەردەشتدا، مەزنێتیی بەجوانیی بەرچاو دەکەوێت، خواوەند لە خـۆیەوە بەدوور نـابینێ. پەیـامبەری ئێرانیـی کـۆن بە بڕوایەکـی وا پـتەو باسـی هەقیقەتی دەکرد، هەستت دەکرد ڕووبەڕووی ئەهوورامەزدا وەستاوە".

**(زولستر):**

"زەردەشـــت، پەیوەنـــدیی خـــۆی و خـــوای، زۆرتـــر بەســـەر بنەمـــای دۆستایەتییەکی هەمیشـەییەوە دەبینێت.. ئاوازی بانگهێشتی خوایی خوازیاریی پشـتیوانییە، وەك چـۆن دۆسـتێك بـۆ دۆسـتێکی خـۆی بـەڕەوای دەزانـێ، بەم حاڵەشـەوە لە بەرانبەر خواوەنددا بە خاکەسارییەوە دەوەستێت.. بە ملکەچی و گـوێڕایەڵییەکەوە کە ئـاوێتەی نزیکـایەتیی و خۆشەویسـتیی و لەخۆبـووردەیی بووە".

**(هێنز):**

"زەردەشت، بەهیچ جۆرێك کەستێتییەك نیە، بەسترابێتەوە بە ڕۆژهەڵاتی کەونـــارای ونبـــووی نـــاو تۆزوخـــاکی مێـــژوو، کە تەنهـــا ســـەرنجی کەســـێتییە ئەنتیکەناســـەکان ڕابکێشـــێت، بەڵکـــو زەردەشـــت یەکـــێکە لە مەزنتـــرین پەیامبەرەکـانی ڕووی زەمین و ئـێمەش، بـۆ ئەوەی بگەیـنە ئەم هەقـیقەتە، ئەوا پێویستە تۆزی ٢٥٠٠ ساڵەی سەر پەیامەکەی پاك بکەینەوە".

**(ج.ه.ایلیەف):**

"زەردەشـــت، بەرهەمێکـی زۆر مەزنـی لە مێـژووی پێشـکەوتنی مرۆڤـدا بەجێهێشتووە و یەك لە قۆناغە مەزنەکانی گەشەی فکریی جیهانی بنیاتناوە".

**(م.فونتان):**

"ڕاهێنـان و چاکسـازییەکانی زەردەشـت، ئێرانییەکـانی کـردە بوونـەوەرێکی خاوەن بڕوا و تەندروست و کراوە و دیندار و خوازیاریی ژیانی تەندروست".

**(ڕۆژە گارۆدی):**

"ئاڤێستای زەردەشت، لەسەر چوار خاڵی بنەڕەتیی وەستاوە:

١ــ ڕوانگەیەکی نوێ لەمەڕ خوا: (تاقانەیی و سەرەوەیی و مەزنێتیی.

٢ــ ڕوانگەیەکـی نـوێ لەمەڕ مـرۆڤ: ( شـەڕوپێکدادانی نێـوان مـرۆڤ و هەرچی و هەرکەسـێك، بـیهەوێ ببێـتە بەربەسـت لە ڕێگـای بە مرۆییکـردن و مرۆڤانەبوونیی جیهان).

٣ـ ڕوانگەیەکی نوێ لەمەڕ ژیان: (پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و مەلەکووت، بەڵام نەك لە ڕێگەی قوربانیکردنە خوێناوییەکان بەڵکو بەهۆی ناسینی خواوە لە ناخ و دەروونی (خود) و پێگەیشتنی لەگەڵ ئەو (خود)ەدا، بەجۆرێك کە ژیانی مرۆڤ، خواوەندئاسا بڕواتە پێش.

٤ــ ڕوانگەیەکی نوێ لەمەڕ سروشت: (ڕێزگرتنی هەموو ژیان.. سەرجەم گیاندارەکان لە ئاژەڵەوە تا گیا و ڕووەك)".

**(هۆرن):**

"بەرزیـی پێگەو پـایە و نـرخ و بـایەخی ئەخلاقیـی هـونەری گاتاکـان، شـیاو و شایستەی ڕێز و حورمەت و ستایشکردنە".

**(رابيندرانات تاگوور):**

"زەردەشت، بنەمای ئایین و ڕاهێنانەکانی خۆی بەسەر بناغەیەکی بڵند و پتەووەوە بنیات نا، کە لە هەرچەشنە وەهم و خورافەیەك بەری و بەدوورە.. کارەکەی زەردەشت لە پەرەستشی ئەهوورامەزدادا، نەك هەر نموونەیەکی ڕۆشنیی ئازایەتیی و بوێرییە، بەڵکو پێشاندەری ڕێژەی ناسین و نزیکبوونەوەی تەواویەتی بە هەقیقەت".

**(شدر):**

" ئەوەی سەرکەوتن و سەربڵندیی کردە ڕێژەیی ئەم مرۆڤە تەنها و بێکەس و بێپەنایە، هێزی ئاخاوتە و ئیمانەکەیەتی".

**(ر.س.زینر):**

" زەردەشت، یەکێکە لە مەزنترین هەڵکەوتە دینییەکان کە تائێستا جیهان بەخۆوەی بینیوە".

**(گەیگر):**

" زەردەشت، مرۆڤێکە، لە گۆی زانایی زەمەن تێپەڕیوە و لەو چاخە هەرەکۆنەدا فەلسەفەی تاقانەپەرستیی داهێنا.. بنەمای پتەوی فەلسەفە و تێکۆشانی هەمیشەیی و پاکیی لە گوفتاردا و بایەخ و گرنگیی بنەما ئەخلاقییەکانی ئەو، لە گاتاکاندا دەردەکەوێت".

**(هۆمباخ):**

" ڕاهێنانەکانی زەردەشت، لەپێناو دەستەبەرکردنی ژیانێکی پاك و چاك و ڕاست و دروستبووە و خاوەن بەرەنجامی زانستین".

**(شپیگڵ):**

" مەزدیەسنا دینێکە، پەیڕەوەکانی لە هەر چەشنە کوشتنێك دەتارێنێت، تەنانەت لە ئاژەڵیش بەدوور بن.. ئەم دەستوورەش لە کاتێکدایە کە پێشینانی فەرەنسیی و ئینگلیزییەکان مرۆڤیان دەکردە قوربانیی بۆ خوا خوێنمژەکانی خۆیان".

**(فرانسیس گرانت):**

" زەردەشت، کاروکۆشش بە پیرۆز دەزانێت و وەك شایستەترین نیشانەی هەوڵی مرۆڤ سەیری دەکات بۆ خزمەتکردنی پەروەردگار".

**(ڕابیندرانات تاگوور):**

" زەردەشت، دوای ڕاگەیاندنی پەیامەکەی، ڕووی لە هەموو ڕێوڕەسمە ڕواڵەتییەکان و قوربانیکردنە خوێناوییەکان و..هتد، وەرگێڕا، ئەمەش جگە لەوەی نیشانەیەکە لە بوێریی و ئازایەتیی و ئیرادەی پۆڵایین، نزیکایەتیی و ناسینی زۆری ئەو بە هەقیقەت دەسەلمێنێت.. ئەو، بەوپەڕی دلێریی و ڕاستگۆییەوە دژی ئەم وەهم و خورافاتە وەستایەوەو ڕاهێنانی ئەخلاقیی و مرۆیی کردە بناغەی ئایینەکەی خۆی".

**(گوڵدنەر):**

" کەسێتیی ئەو زەردەشتەی، کە ئێمە لە گاتاکاندا دەیبینین، زۆر جیاوازە لەو زەردەشتەی، کە لە ئاڤێستای نوێدا دەبینرێت.. ئەو بەتەواوەتی دوورو جیایە لە کەستێتییەکی مۆجزەکارو سەرسووڕهێنەر کە لە ئوستوورەکانی ئەم دوایەدا پێشان دەدرێت.. ئەو، هەر تەنها مرۆڤێکە، هەمیشە و هەردەم لە زەمینی ڕاستیدا وەستاوە، مرۆڤێك، کە تاقە چەکی، بڕوا و متمانەیەتی بە خوا و پەیڕەوە ڕاستگۆ و ڕاستکردارەکان".

**(مۆبدان مۆبد شەهزادیی):**

"وشـــەی ـ حەزرەت ـ بـــۆ ئەشـــوو زەردەشـــت شـــیاو نـــیە.. حەزرەت، وشەیەکی ـ تازی ـ یە و تایبەتە بە ئەدەبیاتی عەرەبەکان و بۆ پەیامبەری مەزنی سەرزەمینە ئارییەکان شیاو نیە.. ئەشوو بە واتای پیرۆزو ڕۆحانییە، کە بۆتە بەرناوی زەردەشتی سپیتمان، ئەم وشەیە ـ ئەشوو ـ جوانترین و شایانەترین بەرناوە بۆ زەردەشت و دەیانجاریش لە ئاڤێستادا دووپاتکراوەتەوە، بەپێی دەقەکانی ئاڤێستا، ئەم نازناوە لە لایەن ئەهوورامەزداوە بەخشراوەتە زەردەشت".

**(مۆبدان مۆبد شەهزادیی):**

" مێژووی سەرهەڵدانی پەیامبەری ئاریی تا ئێستاش بە تەواوەتی یەکلا نەبۆتەوە و هەر کەس بۆخۆی تێڕوانینێکی لەم بارەیەوە هەیە، ئەوەی زۆرتر پێداگریی لەسەر دەکرێت، نێوان سێ هەزارو پێنج سەد تا پێنج هەزارو پێنج سەد ساڵە. ڕۆژژمێری دینیی زەردەشتییش هەزارو حەوت سەدو سی و هەشت ساڵ پێش مەسیح دانراوە.. ڕۆژی لەدایکبوونی زەردەشت بەهەموو پێوەرەکان شەشەمی فەروەردین (خاکەلێوە)یە، کە هەزاران ساڵە لەنێو ئارییە ڕەسەنەکاندا بایەخی پێدەدرێت و پیرۆز ڕادەگیرێت".

**(ویل دۆرانت):**

" سەردەمی زەردەشت، بە گوتەی یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە پێنج هەزار ساڵ پێش زایین.. ـ بروسوس ـ ی بابلیی ئەو سەردەمە بە دوو هەزار ساڵ پێش زایینی دەزانێت، بەم دواییانەش بۆچوونێک هاتۆتە ئاراوە کە دەیگەڕێنێتەوە بۆ هەزار تا شەش سەد ساڵی پ.ز، دیارە ئەم بۆچوونە کاتێک یەکلا دەبێتەوە، کە ویشتاسب بناسین، چونکە دەبێ ئەوە بزانین، کە دوو ویشتاسب لە مێژوودا هەن: ویشتاسبی کەیانیی، کە زیاتر لە چوارهەزار ساڵ پێش مەسیح فەرمانڕەوایی کردووە و ویشتاسبی باوکی داریوشی مەزنیش دوو هەزارو پێنج سەد ساڵ پێش زایین".

**(سوئیداسی یۆنانیی/٩٧٠ز):**

" زەردەشــت، کە مەزنتــرین زانـا و هەڵـکەوتەی پـارس و مـاد بـوو، لە پێـنج هەزار ساڵ پێش جەنگی ترۆیا سەری هەڵدا".

**(هەرمیدرۆس/ قوتابیی پێشکەوتووی ئەفلاتوون):**

" زەردەشت لە پێنج هەزار ساڵ پێش جەنگی ترۆیا سەریهەڵداوە".

**(ئەرەستۆ):**

" زەردەشت لە ساڵی نۆهەزارو شەش سەدی پێش زایین لە دایکبووە".

**(ئۆدۆکسۆس و ئەرەستۆتالیس/ کتێبی مێژووی سرووشتیی):**

" ئایینی زەردەشـت بەرزتـرین و بەرجەسـتەترین ئـایینی مرۆیی و ڕێزگـرتنە لە بەرانـبەر، کە دەگەڕێـتەوە بـۆ پتـر لە شــەش هەزار سـاڵ پـێش ئەفلاتـوون.. ئەفلاتوون ساڵی چوارسەدو بیست وحەوتی پ.ز. هاتە دنیا و ساڵی سێ سەدو چل وحەوتی پ.ز. کۆچی دوایی کرد، بۆیە ئێمە دەڵێین: سەرهەڵدانی زەردەشت دەگەڕێتەوە بۆ هەشت هەزارو چوارسەد ساڵ پ.ز.".

**(بلینیۆی مەزنی ڕۆمیی/مێژووناسی یۆنانیی):**

" زەردەشت گەلێ پێش مووسا سەری هەڵداوە".

**(پرۆفیسۆر شیلەر و موسیۆ دیمارگان/دوو دێرینەناسیی فەرەنسیی):**

"بەپێــی ئەو هەڵکـۆڵراوانەی کە لە شــووش/ بابـل/ نەیـنەوادا دەســتمان کەوتوون و بە نووسـینی بزمـاریی نووسـراون، دەردەکەوێـت کە پاشـاکانی ئەوێ زەردەشــتیی بــوون و ســەرهەڵدانی زەردەشــتییش دەگەڕێــتەوە بــۆ حەوت تــا هەشت هەزار ساڵ پێش زایین".

**(مۆبد شەهزادای):**

" كۆچی دوایی زەردەشتی مەزن ڕێكەوتی پێنجی مانگی دەی (بەفرانبار)، بەرانبەر بە ڕۆژی خۆر لە مانگی (دەی) تۆماركراوە.. زەردەشت دوای حەفتاوحەوت ساڵ تەمەنی پڕ بەها، كە زۆربەی لە ڕێگەی وشیاركردنەوەو ڕاهێنانی خەڵكدا تێپەڕ بوو، ڕۆژێك دەچێتە ئاتەشگەی (بەڵخە) و خەریكی پەرستشی مەزدا دەبێت [دووبارەی دەكەمەوە: بەڵخە لە هەورامان نەک (بەڵخ)].. گشتاسب شای كەیانیی و ئەسفەندیاری كوڕی، كە لە داكۆكیكاران و پاڵپشتی بەهێزی ئەو بوون، بۆ بەسەركردنەوەی بارودۆخی وڵات دەڕۆنە دەرەوەی بەڵخ.. ئەرجاسبی توورانیی، كە دوژمنی دێرینەی زەردەشت و وڵاتی ئاریی بووە، ئەم هەلە دەقۆزێتەوەو (توربراتور)ی فەرماندەی لەشكر لەگەڵ سوپایەكی گەورە بۆ هێرشكردنە سەر بەڵخ دەنێرێت.. لەشكری تۆرانیی، كە هەمان (توركستان)ی ئەمڕۆیە، پاش شەڕوپێكدادانێك لەگەڵ دانیشتوانی شاردا، دەروازەی شارەكە دەشكێنن و هێرش دەكەنە سەر زەردەشت و لە كاتێكدا، كە ئەشووزەردەشت لەگەڵ (لەهراسب) و چەند یارێكی دیكەی خەریكی ڕازونیاز دەبن لەگەڵ یەزداندا، بەدەستی سوپای بەربەرییی توركە تۆرانییەكان شەهید دەكرێن".

**(دكتۆر ویت نی):**

"دینی زەردەشتیی لەنێو یەك لە میللەتە باشەكانی گۆی زەوییدا دروست بوو.. هەركەسێك، كە لەبواری پلەوپێگەی فەیلەسووفانە و ڕۆحانیی، بەپاكیی ماددی و مەعنەوییەوە باسی جوامێریی دەكات و ڕەسەنایەتیی و ڕاستگۆییەكەی جێی سەرنج و متمانەیە، ئەوا خاوەنی دینی زەردەشتییە".

**(پرۆفیسۆر دكتۆر گەیگر):**

"بەڕاستی، هیچ هۆزێك لە هۆزە دێرینەكانی ڕۆژهەڵات، وەك زەردەشتیەكان توانایی پارێزگاریی و دروستهێشتنەوەی ئایینی خۆی نەبووە..

ئەمەش کاریگەریی هەقیقەتیی ئەم دینەیە، کە بەوپەڕی ڕاستییەوە، بەبێ هیچ کەموکورتییەك لە بنەماکانـدا، بەجوانیی و دروستیی ماوەتەوە.. لەو هەموو لێکۆڵینەوەیەی لە ماوەی تەمەنمدا کردوومە، هیچ ئایین و هیچ هۆزێکم نەدیوە بگاتە ئاستی زەردەشتییەکان لە یەکتاپەرستیی و خواناسیی و سەربڵندیی و پاکیی و ڕاستیخوازیدا.. چەندە بەختەوەرن ئەوانەی، ئەمە ئایینیانە".

(نیچە):

"زەردەشت، مەزنترین پەیامبەری بیرمەند و وردبینە، کە کۆڵەکەی پتەوی ئەندێشەی بنیاتنەر و مرۆڤانەی، تا ئێستاش بۆ ڕۆژئاوا پتەوترین و قووڵترین بنەمای ژیانە.. ئەندێشەی زەردەشت، ڕاهێنانی مەزنن بۆ: ژیانی چاك.. پەیوەندیی چاك.. کرداری چاك.. زمانی چاك و گرنگتر لەمانەش چۆنیەتیی نرخ و بایەخدانان و ڕێزگرتنیەتی لە خەڵکانی دیکە... ئەو هەرگیز و لە هیچ پەیڤێکیدا لە بەرجەستەکردنەوە و هاندانی هەمیشەیی (ڕاستیی و دروستیی) دانەبڕاوە و هەردەم خەڵکیی لەسەر ئەو بنەمایانە ڕێنمایی کردووە.. شکۆ و مەزنێتییەك لە پەیڤی زەردەشتدا هەیە، کە کەمتر لە قسە و پەیڤێکدا دەبینرێت".

(پرۆفیسۆر هرتزفێڵد):

"بەردەوامیی و تێکۆشانی ماندوونەناسانە، بەشێکن لە تایبەتمەندیی درەوشاوەی ئارییەکان، کە لەسەر بناغەی ڕاستیی و دروستیی بنیات نراوە و هەموویشی ئاکامی شۆڵەیەکە لە ئایینی بەشکۆ و پڕ بەرەکەتیی زەردەشت".

(پرۆفیسۆر میە):

"سەربڵندیی ئارییەکان شیاوی ستایشە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین، کە سەرچاوەکەی هەمان ڕاهێنانە مرۆیی و چاکخوازانەکانی زەردەشت بوون.. زەردەشت سرشتێکی باڵای هەبوو، کە توانیی بچێتە نێو دڵی خەڵکەوە و ئەوان بەرەو لای خۆی و پەروەردگاری چاك و پاك ڕابکێشێت".

**(التهيم):**

"سـرووودگەلێك بەو قـوولّی و ڕەوانیـی و جـوانیی و تاقـانەییە، لە ئـاوا سەردەمێكدا تەنها لە دڵی كەسانێك هەڵدەقوڵێن كە بەچاكیی پەروەردە كرابن و لە بنەماڵەیەكی كراوەی پێگەیشتووی خاوەن ئەدەب و زانست و پەروەردەیەكی هەرە چاك و پاك بووبن.. سرووودەكانی زەردەشت خاوەنی هەوێنێكی بنەڕەتیی ئەدەبیی و ئەندێشەمەندیی كەم وێنەن، هەوێنێك كە پەیوەندییەكی نەپساوەی لەگەڵ دەورانـی هینـد و ئەورووپیـدا هەیە.. بە دڵنیـاییەوە دەتـوانین بڵێـین، كە نێـواخنی گاتاكـان هەڵگـری پەیـامی جیهـانێكی ڕۆحـانین كە گەیشـتۆتە دڵـی ئەم مرۆڤە مەزنە و تێیدا گەشەی كردووە.. زەردەشت بیرمەندێكی تاقانە و بێ هاوتا بـوو، كە لە ڕۆشنئەندێشـەیی و خودناسـیندا وێـنەی نەبـوو، هەربـۆیەش بـووە پێشەوای ڕۆحانیی و حاشاهەڵنەگری كەسانێك، كە بە وردبینیی و دیدی قووڵ و بیـری ڕۆشـن لە جیهانیـان دەڕوانـی و بـوونە بنـاغەداڕێژی ئەندێشـەمەندیی و ڕۆشنیی ڕوانگە".

**(جاكسۆن):**

"بـوودا و كۆنفۆشـیۆس و سـوقرات، كە پـەیجۆری تیشـك و ڕۆشـنایی و ڕووناكاییـدا بـوون، خـاوەنی پلەوپێگەیەكـی بەرزو بەڕێـز بـوون، بەڵام دەبـێ دان بەوەدا بنێین، كە زەردەشت زۆر لەوان بەرزتر و باڵاتر و بەڕێزتر بوو.. بێگومان ئەو یەكێكە لە مامۆستا و فێركارە هەرە مەزنەكانی ڕۆژهەڵات".

**(گۆتە):**

"هـیچ مرۆڤێـك نـیە شـەیدای پەیـڤ و سـرووودەكانی زەردەشـت نەبێـت.. زەردەشـــت مرۆڤێكـــی زۆر مەزنە و نووســـینەكانی گەلـــێ بەشـــكۆن.. ئەو ئاوەزمەندێكە، كە جیهان كەمتر بەخۆوەی بینیوە.. پێویستە هەمیشە و هەردەم نـاوی كەسـێك بەریـن كە هەمیشـە بیـری لە بەختەوەریـی و ئاسوودەیی خەڵـك دەكـردەوە و جـگە لە ڕاسـتیی و دروسـتیی و پاكـدڵیی، قسـەیەكی دیكـەی نەهێناوەتە سەر زمان".

**(ڤێتین/ بیرمەندی ئامریکایی):**

"زەردەشت لە هەموو ڕوانگەکانەوە شایستەی پەسن و ستایشە.. بێگومان مەسیح پەیڕەوی ئەو بووە و سوودی لە ئەندێشەکانی ئەو وەرگرتووە، سێ پەیڤی ڕەوان و شایان و شکۆمەندیی ئەو: (بیری چاك و زمانی چاك و کرداری چاك)، پایە و بنەمای هەموو دینەکانن و هیچ بلیمەت و بیرمەند و زانا و هەڵکەوتەیەکی دیکە نەیتوانیوە شتێکیان بخاتە سەر".

**(تۆماس هاید):**

"زەردەشت خاوەن سرشتێکی مەزن و پیرۆز و هەرواش بیرمەندێکی هێژا و مەزن بوو، خواوەند زەردەشتی بۆ ئارییەکان هەڵبژارد، چونکە ئەوان دیدگایەکی کراوەو ڕۆشن و مرۆییان هەبوو لەمەڕ خوا.. ئەم خەڵکە ئاوەزمەندە، شایانی پێشەوایەکی ئاوەزمەندی وەك زەردەشت بوون".

**(هۆمباخ):**

"لە گاتاکان، ئەم سرووده شکۆمەندانەدا، تەنها یەك ئافەریدگار دەبینرێت کە ئەویش ئاهوورامەزدای چاکەخواز و نیازپاکە.. ڕاهێنانەکانی ئەو (زەردەشت) بەرجەستەترین و پاکترین ڕاهێنانن بۆ ژیانێکی پاك و دروست و شایستە، کە بەرەنجامە جوانەکانی بەڕوونی ئاشکران.. ئەو مامۆستایەکی هێژای خۆشەویستیی و دڵپاکیی و ڕاستیخوازییە، کە جگە ڕێبازی ڕاستیی و دروستیی، هیچ هەنگاوێکی نەناوە و جگە لە خۆشبەختیی و بەختیاریی خەڵك هیچی لە ئەهوورەمەزداش نەخواستووە".

**(پرۆفیسۆر جان هینلز):**

"دەبێ دینی زەردەشت بە یەکەمین دینی ئازادیی مرۆڤەکان و مافی مرۆڤ بزانین لە هەموو جیهاندا".

**(پرۆفیسۆر هانری مارسە/ ڕنە گرۆسە):**

"زەردەشت یەکەمین کەسە کە بناغەی یەکتاپەرستیی لە جیهاندا دامەزراند".

**(دکتۆر هاگ):**

"زەردەشتییەکان، بەیەکسانی سەیری ژن و پیاویان کردووە.. ڕێوڕەسمی دینیی بۆ ژن و پیاو یەکسان بووە.. دابی ناشتنی مردووان بۆ ژن و پیاو هیچ جیاوازییەکی نەبووە".

**(خاتوو فرانسیس پاوەرکاب):**

"من سەرم سووڕماوە لەوەی ئەگەر زەردەشت هەزاران ساڵ پێش زایین، لە هەلومەرجێکدا، کە هیچ یاساو ڕێسایەك بۆ مرۆڤ لەئارادا نەبوو، نەهاتبایە و ئەم ئامۆژگاریی و ڕاهێنانە مەزنانەی بۆ ئێمە بەجێنەهێشتایە، کە پاش هەزاران ساڵ هێشتاش بەبێ بچووکترین و کەمترین ناکۆکیی و ناتەبایی لەگەڵ هەلومەرجی ئەمڕۆدا، هەروا بنەماکانی مرۆڤایەتیی مرۆڤ دەپارێزن، بەڕاستی ئێمە و ئەم کۆمەڵگە مرۆییەی ئەمڕۆمان چ حاڵ و چ بارودۆخێکی دەبوو و چۆن دەژیا؟"

## زەردەشتییەکان: دوێنی.. ئەمڕۆ.. سبەی:...





**دوێنێ:..**

مێــژووی زەردەشــتییەکان، لەگەڵ ســەرهەڵدانی ئەشــوو زەردەشــت دەستپێدەکات...

لە ســەردەمی پاشــایەتیی گشتاســبی کەیانییــدا زەردەشــتییەکان پەرەدەستێنن..

لە دەورانی هەخامەنشییدا زۆربەی خەڵك و پاشاکانیش زەردەشتیی بوون، بەبێ ئەوەی دینی زەردەشتیی کرابێتە دینیی فەرمیی وڵات..

ساسانییەکان دینیی زەردەشتیی دەکەنە دینیی فەرمیی وڵات.. ئەوە دین و حکوومەتن (پێکەوە) هێز دەبەخشنە یەکدیی و یەکتری دەپارێزن.. بەڵام مێژوو بـۆی دەرخسـتووین، کە هەرکاتێـك پێشـەوایانی دینیـی و دەسـەڵاتداران یەکیـان گـرت، ئەوا دیـن دەسـکاریی دەکرێـت و وڵات و حکـوومەت تووشـی داڕمـان و گەندەڵیی دەبن..

لە دەورانـی هەخامەنشـییدا کە دینیـی ڕەسـمیی لـەئارادا نەبـوو و پادشـا و دەسـەڵاتداران ڕێزیـان لە هەمـوو دیـن و بیروبڕواکـان دەگـرت، وڵاتـی ئـاریی مەڵبەند و ناوەندی ئازادیی بیروڕا بوو و توانیی ببێتە داهێنەر و پارێزەری مافی مرۆڤ. بەڵام، کە لە سـەردەمی ساسـانییەکاندا دین و دەوڵەت بوو بەیەك، دین خـرایە خزمەتـی دەوڵەت و ئیـدیی گەنـدەڵیی و خراپیـی دیـن و دەوڵەت دەسـتی پێکرد..

لە سەدەی حەوتەمدا تازییەکان دەستیان بەسەر ئێراندا گرت.. هەندێك لە زەردەشـتییەکان، لەژێر گوشـاری لەشکری تـازیی و هەرواش دەمارگرژیی تـازە موسوڵمانەکان دەستیان لە دینەکەیان هەڵگرت.. هەندێکی دیکەش لە سـەدەی نۆیەمدا وڵاتیان جێهێشت و بەرەو هیندستان کۆچیان کرد، تا لەشـوێنێکی پەنا و ئـازاددا فەرهەنگی دینیـی خۆیـان بپـارێزن و بە ئەمـانەتەوە بیگەیەننە نـەوەکانی ئاینــدە، ئەمـــانە، دواتــر بە _پارســییەکانی هینــد_ ناوبانگیـــان دەرکــرد.. هەندێکیشـان، کە لە ئێـران مـانەوە، پرشـنگی دینیـی مەزدیەسنایان لە کوانـووی دڵـی خۆیانـدا هێشـتەوە و بە شـاراوەیی خۆیـان و خێـزان و وەچەکـانی خۆیـان

لەسەری ڕاهێنا.. {بەڵام دەستەیەکیش لەوان، کە زۆرتر مۆبد و زانا ئاینییەکان بوون، دەقی گاتاکانیان بەشێوەی خاڵکوتان بەجەستەی خۆیانەوە نەخش کرد بۆ ئەوەی لەژێر جلوبەرگدا شاراوە بێت و دوژمن پێیان نەزانێت، ئەمانە دواتر بە _نەخشبەند_ەکان ناوبانگیان دەرکرد و بەم چەشنە بەشێکی ئاڤێستایان پاراست..}

هێرشی سەختتر و کوشندەتر، لە سەردەمی دەسەڵاتی مەغۆلەکاندا دەستی پێکرد، کە زەردەشتیی و کەلیمی و مەسیحیی و موسوڵمانیشی گرتەوە، بەو هۆیەشەوە گەلێ کەس کوژران و هەندێکیش هەڵهاتن و پەنایان بردە بەر شوێنە دوورەدەستەکان، تا لە ستەم و کوشتوبڕی مەغۆلەکان پارێزراو بن..

ڕۆژگار هات و چوو، تا دەسەڵات گەیشتە دەست سەفەوییەکان، لە سەردەمی ئەواندا ئیسلام کرایە دینیی فەرمیی و ئیدیی گوشارێکی زۆر خرایە سەر غەیرە موسوڵمانەکان، ئەم باودۆخە نالەبارە تا سەردەمی قاجارییەکانیش هەر درێژەی هەبوو.. تا گەیشتە ڕادەیەك، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی ناسرەدین شای قاجاردا، پارسییەکانی هیند، کە ئاگاداری چەوسانەوە و پێشێلکردنی هاوشێوەکانیان بوون، نوێنەرێکی پایەبڵندیان نارده ئێران بەناوی (مانکجی لیمنجی هاتریا) بۆ پێشگیری لەو هەموو زەبروزەنگەی دەرهەق بە زەردەشتییەکان دەکرا.. ئەو سکاڵای بردە لای پاشا و بە پاڵپشتیی حکوومەتیی هیند، کە ئەوسا لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بوو، توانیی تا ڕادەیەك ئەو گوشار و زوڵم و ستەمە کەم بکاتەوە.. بەپێی نامە ئاڵوگۆڕپێکراوەکانی نێوان مانکجی و ناسرەدین شا، کە هێشتا ماون و لە مۆزەخانەدا پارێزراون، ڕێژەی ئەو گوشار و زەبروزەنگەی سەفەوییەکان دژی زەردەشتییەکان ئاشکرا دەبێت، کە بۆ نموونە ئاماژە بەچەند خاڵێك دەکەین:

❖ زەردەشتییەکان ناچارکرابوون نیشانەیەکی دیار و بینراو لە سەروسنگی خۆیان بدەن، کە بەئاسانی بناسرێنەوە و لە موسوڵمانەکان جیابن، هەروەك یەهوودییەکان لە سەردەمی ئەڵمانیای نازیدا.

- ❖ زەردەشتییەکان، کاتی کڕینی شتومەك، بۆیان نەبوو دەست لە هیچ شتێك بەتایبەتی لە خۆراك و خواردەمەنی بدەن، چونکە وا خرابووە مێشکی موسوڵمانەکانەوە، کە گوایە ئەوان پیسن و خواردەمەنییەکان گڵاو دەکەن!
- ❖ زەردەشتییەکان بۆیان نەبوو لە بەرانبەری موسوڵمانەکاندا سواری وڵاخ ببن یا لەبازاڕدا بە سواری وڵاخ هاتووچۆ بکەن.
- ❖ زەردەشتییەکان بۆیان نەبوو ئەو ڕۆژانەی باران بباریبایە، بڕۆنە دەرەوە، چونکە وا خرابووە مێشکی موسوڵمانەکانەوە کە گوایە ئەوان شەقام و کۆڵانەکان گڵاو دەکەن!
- ❖ ئەگەر گەنجێکی زەردەشتیی ببوایەتە موسوڵمان، هەموو خوشك و براکانی دیکەی لە میراتی باوکیان بێبەش دەکران و هەر هەموو میراتەکە لە بەرژەوەندیی گەنجە تازە موسوڵمانبووەکە دەستی بەسەردا دەگیرا.. ئەم کارە لە دژی یەهوودییەکانیش پەیڕەو دەکرا و ببووە هۆکارێك بۆ بەئیسلامکردنی گەنجە زەردەشتیی و یەهوودییەکان!
- ❖ ئەگەر زەردەشتییەك بەدەستی موسوڵمانێك بکوژرایە، بکوژە موسوڵمانەکە نەدەکوژرایەوە و هەرتەنها نیوەی خوێن (دیە/خوێنبایی)کەی دەدایە کەسوکاری کوژراوەکە، بەم چەشنە موسوڵمانەکان زۆرتر هاندەدران بۆ کوشتنی زەردەشتییەکان!
- ❖ و..............!!!

به هۆی هەوڵەکانی مانکجی و پاڵپشتیی زۆری هیندیی بەریتانیی، ناسرەدین شا ناچارکرا هەندێ لەم کارانە سووك بکات و گوشارەکە کەمتر بکاتەوە، بەڵام بە شێوازی دیکە هەر درێژەی هەبوو، بۆیە لە شۆڕشی (مەشرووتە)ی ئێراندا، کە بووە هۆی دانانی یاسای بنەڕەتیی ساڵی ١٩٠٦، زۆربەی زەردەشتییەکان، لە دژی قاجارەکان، پاڵپشتیی مەشرووتەخوازەکانیان کرد.

*ئەردەشێر جی ڕیپۆرتەر*، کە سێیەمین نوێنەری پارسییەکانی هیند و مامۆستای زانینگەی زانستە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەی ئێران بوو، ڕۆڵێکی

بەرچـاوی گێـڕا لە ڕاهێنـانی خـەڵکیی و خوێنـدکارەکان لەسـەر بنەماکـانی دیموکراسیی و ئازادیی و هاوڕاییکردنی مەشرووتەخوازان و ئازادیخوازەکانی ئەو کاتـەی ئێـران. زەردەشـتییەکان لەم ڕێبـازەدا چەنـدین قوربانییـان دا، بەڵام سەرەنجام سەرکەوتن و توانییان لە *ئەنجومەنی شوورای میللی*، کورسیی هەم بۆ خۆیان و هەم بۆ کەمینە دینەییەکانی دیکەش مسۆگەر بکەن.

**ئەمڕۆ:..**

سـاڵی ١٩٥٠، هەنـدێ لە پارسـییەکانی هینـد بەمەبەسـتی دەسـتەبەرکردنی ژیـن و گـوزەران و هەلـی باشـتریی ڕۆشـنبیریی، ڕوویـان لە ئەمریکـا و ئەورووپـا کرد، دوای شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێرانیش، هەندێ لە زەردەشتییەکانی ئێران ڕوویان لە وڵاتـانی ئەورووپـا و ئەمریکـا و کەنەدا و ئوسـتراليا و.. کـرد. ئێسـتاش لەو وڵاتانەدا هەنـدێ ئەنجومەن و ناوەنـدی ڕۆشـنبیریی بـۆ پاراسـتن و گەشەپێدانی لایەنە ڕۆشـــنبیریی و شارســـتانییەکانی ئـــایینی زەردەشـــت لەو وڵاتـــانەدا دامەزراون و خزمەتـی درەوشـاوەی زۆریـان لەم بـوارەدا پێشکەشـی ئـایین و فەلسەفەی زەردەشتیی کردووە.

زەردەشـتییەکانی هینـد بەنـاوی ـ پارسـی ـ یەکانی هینـد، دامەزرێـنەر و پێشـەنگ و پێشـڕەون لە بوارەکـانی پیشەسـازیی و بازرگـانیی و بانکـداریی و کەشتیسـازیی و خەسـتەخانە و زانیـنگەی مـودێرن و پێشـکەوتوودا.. کۆمپانیـای فڕۆکەوانیی بازرگانیی هیند (ئەیر ئینديا) و یەکەمین کارگەی کوورەی ئاسن لە (جەمشـیدپوور) و یەکەمـین کۆمپانیـای کەشتیسـازیی و یەکەمـین کـارگەی (نساجی/چنین)ی هیند بەهۆی پارسییەکانەوە دامەزراون و هیی ئەوانن.

هەندێك لە ناودارترین و هەڵکەوتەترینی حاکم و باڵیۆز و بەڕێوەبەری باڵا و ئەفسەر و توێژەرانی هیند، هەمان پارسییەکانی هیندن.

بـاوکی وزەی ئەتـۆمیی هینـد پارسـییە.. فەرمانـدە بەرزەکـانی هێـزە جۆربەجۆرەکـانی هینـد زۆربەیـان پارسـیين.. تاقـانە ژەنەراڵـی هینـد و

سەرکەوتووی جەنگی هیند و پاکستان پارسییە، پارسییەکان لە پاکستانیشدا گەیشتوونەتە پلەی وەزارەت و باڵیۆزخانەو...تاد.

لە ئێرانی سەردەمی پالەویشدا، زەردەشتییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ئاوەدانیی و بەرەوپێشبردنی ئێراندا هەبووە.. یەکەمین بانکداریی مودێرن و داهێنەری سیستمی نوێی ئاودێریی و باوکی شارسازیی مودێرنی ئێران، هەموویان زەردەشتیی بوون.. لە زۆر شاری ئێراندا، زەردەشتییەکان بوون، کە یەکەمین کارگەی بەرهەمهێنی وزە و کارەبا و تەلەفۆنیان دامەزراند.. خوێندنگەی زەردەشتییەکان لە تاران و یەزد و...دا، پێشکەوتووترین خوێندنگە بوون و سەردەمانێك ڕێژەی قوتابخانە زەردەشتییەکان لە قوتابخانەکانی حکوومەت زۆرتر و چالاکتر بوون.

سەرەڕای کەمیی حەشیمەت، پشکی زەردەشتییەکان لە بواری ڕۆشنبیریی و پزیشکییدا لە هەموان زیاتر و زۆرتر بووە.. لەنێو زەردەشتییەکاندا هیچ نەخوێندەوارێك نەبوو، بەپێی ڕاژەی حەشیمەت، زۆرترین پزیشك و ئەندازیار و مامۆستای زانکۆ لەنێو زەردەشتییەکاندا هەڵکەوتوون.. یەکەمین غەیرە موسوڵمانێك توانیبێتی بە شایستەیی خۆی بگاتە پلەی جێگری سەرەك وەزیران و ژەنەراڵ و و وەزیر و سەرۆکی زانکۆ، زەردەشتیی بووە و لەنێو زەردەشتییەکاندا هەڵکەوتووە.

لە کەنەدا و ئەمریکا، هەندێ لە پارسیی و زەردەشتییەکان خەریکی فێرکاریی و ڕاهێنانن لە زانکۆ ناودارەکاندا.. یەکێك لە ڕێبەرە گەورەکانی ئۆرکێسترای مەزنی (فیلار مۆنیك)ی ئەمریکا زانایەکی پارسییە. سەرەڕای تایبەتمەندییە ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتیی و نەتەوەییەکانی زەردەشتییان، کە بنیاتنان و کۆشش و پڕکاریی و چالاکیی و دڵاوایی و میهرەبانیی و لەخۆبوردوویی لەخۆ دەگرن، زۆربەی ئەو بیانییانەی لەمەڕ پارسییەکان نووسیویانە، زۆرتر بیریان بۆ لای سامان و دەوڵەمەندیی و بەخشندەیی و دادپەروەریی ئەوان ڕۆیشتووە و ئیدی سەرنجیان نەداوەتە لایەنەکانی دیکەی وەك سەرکەوتنەکانیان لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیان و شارستانییەت و

بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەدا، بۆ نموونە کەمتر کەسێك باسی پشك و ڕۆڵی پارسییەکانی لە مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی هینددا کردووە، کەمتر کەسێك بیری لەوە کردۆتەوە کە سێ سەرۆکی کۆنگرەی هیند لە بیست ساڵەی یەکەمی خەباتیی ئازادیخوازانەی هیند دژی ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیی، پارسیی بوون.. کە پارسییەکان شانبەشانی گاندی، نەهرۆ و ڕێبەرە ئازادیخوازەکانی دیکەی هیند، بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی ئەم وڵاتە گەورەیە خەباتیان کردووە..

پارسییەکان لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا درەوشاونەتەوە و گەیشتوونەتە پلە و پێگەی زۆر بەرز.. یەکەمین کەس لە بەریتانیا لە حزبی (لیبراڵ) هەڵبژێردرا بۆ ئەنجومەنی (عەوام)، کەسێکی پارسیی بوو..

سەرکەوتن و پێشکەوتنی زەردەشتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ بیروبڕوا و جیهانبینییەکانیان، کە بوونەتە سیمبۆلی کردار و هەڵسوکەوتەکانیان: وەفاداریی و دروستکاریی و چالاکیی و لێهاتوویی و بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە، بەشێکی دانەبڕاون لە ڕاهێنانەکانی ئەشوو زەردەشت. بێگومان، زەردەشتییەکانی ئەمڕۆش خاوەنی هەمان ئەو تایبەتمەندییانەن، لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوەی کە چۆن زەردەشتییەکان لە هەرکوێ و لە هەر هەلومەرجێکدا بووبن توانیویانە ئاوا بگەنە لووتکەی سەرکەوتن، لێکۆڵەر وا لێدەکات بکەوێتە توێژینەوەیەکی وردتر لە مەڕ تایبەتمەندییە دینییەکانی ئەوان. پەیوەندیی نێوان بیروباوەڕی دینیی و سیمبۆلی کرداری حاشا هەڵنەگرە، ئەندێشە و گوفتار و کرداری زەردەشتییەکانیش هەر لەسەرچاوە دینیەکەیانەوە هەڵدەقوڵێت و گەر قووڵتر لەم هاوکێشەیەش وردبینەوە، ئەوا ڕاز و ڕەمزی مانەوەی سەرفرازانەی زەردەشتییەکانمان، لانیکەم بە درێژایی چل سەدە بۆ دەردەکەوێت. دیارە یەکێك لە هۆکارەکانی مانەوە لەنێو ئایینەکاندا (پەرەپێدان و ڕاکێشانی زۆرترین خەڵکییە بۆ سەر دین، بەڵام ئەمە لای زەردەشتییەکان نەخوێنراوەتەوە و بەشێوەی دینەکانی دیکە کاری بۆ نەکراوە بۆیە هیچ ڕۆڵێکی لە مانەوەی ئەواندا نەگێڕاوە، بەڵکو تەنها هۆکاری ئەم مانەوەیە هەمان پتەویی بناغەی بیروباوەڕ و پراکتیزەکردنی لە ژیاندا بووە). نیگەرانیی بۆ مانەوە لای زەردەشتییەکان

بەشێوازی ئایینەکانی دیکە بوونی نیە، چونکە بەپێی (گاتا)کان، وەرگرتنی دین و پەیڕەویی لێکردنی، شتێکی تاکە کەسییە و بەستراوە بە فکر و ئیرادەی وشیارانەی تاکەوە، پەسەندکردن و (شایەتمان پێهێنان) و (غوسڵی تەعمیددان) و (تەوبە دادان) لەمەڕ هاتنە سەر دین، لە ئایینی زەردەشتیدا هیچ جێگەیەکی نابێتەوە.. هەموو کەسێك دەتوانێ بە سوودوەرگرتن لە ئەندێشە و فکری وشیارانەی خۆی بچێتە سەر هەر دینێك.. هەموو کەسێکیش، کە لەناخەوە بڕوای بە ڕاستیی و دروستیی هەبێت و پەیڕەوی لە یاسای ئەشا؛ واتە ڕێگای ڕاستیخوازیی بکات، ئەوە زەردەشتییە و ئیدی (اقرار و اعتراف)ی پێناوێت.. ئەگەر ئەنجومەن و ناوەندێکی زەردەشتیی کەسێکی (تازە زەردەشتی)ی وەرنەگرت، مانای ئەوە نیە، کە ئەو کەسە زەردەشتی نیە، بەڵکو هەروەك گوتمان زەردەشتیبوون باوەڕێکی کەسییە و لە ناخی مرۆڤدایە و لە کارو کرداریدا بەرجەستە دەبێتەوە، نەك لە ئەندامێتیی ئەو کەسە لە کۆڕ و ناوەند و شوێنێکی تایبەتیی دیاریکراودا.. چۆنیەتیی وەرگرتن یا وەرنەگرتنی تازە زەردەشتییەکان لەلایەن ئەنجومەنەکانەوە، دابێکی کۆمەڵایەتییە و دەگەڕێتەوە بۆ بەرنامە و پلانی کاری بەڕێوەبەرانی هەرکام لەو ئەنجومەنانە نەك یاسایەکی چەسپاوی دینیی.. تازە زەردەشتییەکانیش خۆیان دەتوانن ئەنجومەنێك دابنێن و یاساو ڕێسای تایبەت بە ژینگە و کۆمەڵگەی خۆیانی بۆ دیاریی بکەن.. ئێستا لە هەندێ لە شارەکانی ئەمریکادا دوو یا سێ یا چەند ئەنجومەنی زەردەشتیی بوونیان هەیە.. هەبوونی ئەنجومەنەکانیش وەك ڕێژە و چەندایەتیی، مادام لە ئاراستەی ڕێبازی ئەشا و ڕاستیی و دروستیدا بێت، هیچ بەربەستێکی بۆ دیاریی ناکرێت، بەڵام بە مەرجێك لە بنەما فکرییەکانی ئایینی مەزدیەسنا لانەدەن. زەردەشتییەکان دەتوانن ئەنجومەن و ناوەندی جۆربەجۆر دابمەزرێنن و هەر لایەنێك کار و چالاکیی خۆی بەڕێوەبەرێت، بەڵام هەموویان دەبێ هاوکاری یەکدی بن لە ئەنجومەنی دۆستایەتیی و برایەتیدا.. زەردەشتیی ڕاستەقینە ئەوەیە، تەنها بە مەبەستی دروستکاریی و ڕاستگۆیی بۆتە زەردەشتیی و هیچ بەرژەوەندییەکی ماددی و دنیایی لە بەرچاو نیە و تەنها و تەنها پەیڕەوێکی

ڕاستەقینەی یاسای ئەشا و پاکیی و چاکیی و ڕاستیی و دروستییە بۆ گەشەپێدانی جیهان و خزمەتی مرۆڤایەتیی.

**سبەینێ:...**

دینی زەردەشتیی، دینێکە لەگەڵ پێشکەوتن و نوێخوازیی (مودێرنیزم)دا یەکدەگرێتەوە.. هیچ داب و نەریتێکی دواکەوتووانە و دۆگم و ترسێنەر و پێشگیرانەی تێدا نیە.. دینێکی جیهانییە نەك ناوچەیی و (امر و نهی)یەکان گشتین نەك تاکەکەسیی.. بۆ نموونە، ئامۆژگاریی پاکوخاوێنیی جەستە و ناخ یاسایەکی گشتیی و هەمەلایەنەیە.. یاسای تایبەتیی وەك ڕۆژووگرتن لە بەیانییەوە تا ئێوارە، (کە لە بواری زانستییەوە بۆ هەندی شوێنی جوگرافی وەك جەمسەری باکوور یا باشوور دەبێتە هۆی کێشە و سەرلێشێوان)، لە دینی زەردەشتیدا بوونی نیە.. بەڵکو تەنها دەگوترێت، کە باشترە لەمانگێکدا چوار ڕۆژ گۆشت نەخۆین، ئەمەش هاندانێکە بۆ گەڕانەوە بۆ ئامێزی سرووشت، دیارە زۆر زەردەشتیشمان هەیە، کە لە بنەڕەتدا گۆشت ناخۆن و سەوزە و خامخۆرن و ئەمەش یەکێکە لە لایەنە هەرە چاکەکانی ئەم دینە، کە زۆرتر لەبیری پاراستنی ئاوەدانیی گێتیی و تەندروستیی مرۆڤدایە...

ڕۆژی پشووی هەفتە (وەك هەینیی، شەممە یا یەکشەممە، کە لای پەیڕەوانی هەندێ لە دینەکان گوایە خوا پشووی داوە یا...!،) لە دینی زەردەشتیدا لەئارادا نیە.. زەردەشتییەکان، بێوچان لە هەوڵ و کۆششدان بۆ خزمەتی جیهانی مرۆیی و دیارە هەر زەردەشتییەك لە هەر وڵاتێکدا بژی، دەتوانێ بەپێی نەریتیی ئەو وڵاتە کاروباری ڕۆژانەی خۆی ڕێك بخات و خۆی لەگەڵ یاساکانیدا بگونجێنێ و ئەمەش هیچ کێشە و ناتەباییەك دروست ناکات...

هاوکێشەی (ئادەم و حەوا) لە دینی زەردەشتیدا نیە، کەواتە هیچ دژبەرییەك لە لایەن ئەوانەوە لەگەڵ لایەنگرانی تیۆری خیلقەت یان پەیڕەوانی تیۆری (فراژوویی)دا نایەت..

پێدانی بڕەپارەیەك بەهەر ناونیشان و بیانوویەك بە پێشەوایان و زانایانی ئایینی، نە فەرمانە و نە یاسای دینی، زەردەشتییەکان لە هەر وڵاتێکدا بن، دەتوانن بەپێی یاسا ئابوورییەکانی ئەو وڵاتە باج وماڵی یاسایی خۆیان بدەن بەبێ ئەوەی هیچ زیانێك بگەیەنێتە لایەنە دینیەکەیان، پەیڕەوکردنی سیستمی پاراستنی ژینگە و مافی مرۆڤ و یەکسانیی نێوان ژن و پیاو و خۆبواردن و پێشگریی لە هەرچەشنە فەرق و جیاوازییەکی چینایەتی بەتایبەتی لە بواری نەژاد و ڕەنگ و بیروبڕوادا لای زەردەشتییەکان پیرۆز و پێویستە و تەبایە لەگەڵ نێوەرۆکی گاتاکاندا، بۆیە زەردەشتییەکان لە هەر وڵاتێکدا بژین، دەتوانن یارمەتیدەری ئەو دەوڵەتانە بن بۆ بەرەوپێشبردن و گشتگیرکردنی ئەو سیستمانە.

لە کتێبی پیرۆزی زەردەشتییەکاندا هیچ یاسایەك نیە حوکم لەسەر مافی جیاوازیی ژن و پیاو دیاریی بکات یا جیاوازیی لە دابەشکردنی میرات لە نێوان کچ و کوڕدا بکات بەڵکو هەموو یاساکان لەسەر یەکسانیی هەردوو ڕەگەز دەوەستنەوە، وەفاداریی و پاڵپشتیکردنی حکوومەتێکی یاسایی و داوەرانە بەشێکە لە داب و دەستووری زەردەشتیی و ئەمەش هیچ کێشەیەك لەمەڕ حوکمکردنی پەیڕەوانی ئایینێك بەسەر ئەوانی دیکەدا ناهێنێتە پێش، هەر ئەم کراوەیی و خۆگونجاندنەشە لەگەڵ بنەما دینیی و مرۆییەکاندا، کە بۆتە هۆی مانەوەی کۆمەڵگەی زەردەشتیی...

**(مزگەوت) و (میحراب) و (مینبەر):...**





**یەکەم: مزگەوت**

وشەی (مسجد) لە زمانی عەرەبیدا بەو شوێنە دەگوترێ کە موسوڵمانان تێیدا کۆدەبنەوە و نوێژدەکەن.. خودی وشەکە واتای (سوجدە)بردن دەدات؛ واتە شوێنی تایبەتیی چۆکدادان (سوجدە بردن).. ئەم وشەیە لە زمانی پالەوی و (عیبریی/ئارامیی)دا، بە واتای شوێنی کۆبوونەوەی گەورە دێت: (مزگت.. مس کت.. مس گت)...، گەر ڕۆشنتر بڵێین؛ ئەوا زمانی عیبریی واتای (شوێنگەی پەیامی پێغەمبەرانە و ڕۆحانیی)ی دەداتێ.. یەهوود وشەی (هاخال) بەکاردەبات، کە هەمان واتای شوێنی کۆبوونەوە دەدات.. لە ئاڤێستاشدا وشەی (مزگت)مان هەیە کە بە شوێنی ستایش و پەرستشی یەزدان دەگوترێت، تا ئێرە هەرسێ بۆچوون و واتاکردنەوەکان تا ڕادەیەك یەکدەگرنەوە، بەڵام نەك بە مەبەستی چۆکدادان (سوجدە) بردن، بەڵکو بۆ کۆبوونەوەو پەرستشی خواوەند و...، دەبێ ئەوەش بزانین کە عەرەبی پێش ئیسلام شوێنی تایبەت و پەرستگەیەکی ئەوتۆیان نەبووە، لە لایەکی دیکەشەوە لەژێر کاریگەریی دوو زلهێزدا بوون: یەکەم، یەهوود وەك زلهێزی دینی و دووەم، ئێران وەك زلهێزی سیاسی لە ڕۆژئاوادا، هەربۆیە دەکرێ بڵێین عەرەب وشەکەی لێوەرگرتوون و عەرەباندوویەتی و هەرواش واتایەکی جیاوازی بۆ داتاشیوە، ئاڵوگۆڕپێکردنەکەش لە بواری زمانەوانییەوە زۆر نیە، تەنیا ئەوەندەیە بە سوودوەرگرتن لە گۆڕینی پیتەکانی (ز) و (ك) و (ت) و (گ)، گۆڕیویانە و حاڵەتی (مسجد)یان داوەتێ؛ بەواتای شوێنی سوجدە بردن.. بەهەرحاڵ ڕیشەی وشەکە دەگەڕێتەوە بۆ پێشینانی دێرینی ئێمە و وشەی (مزگەوت) کە ئێستاش لەنێو کورددا بەکاردەبرێ پاشماوەیەکە لە وشە ڕەسەنەکە بە کەمترین ئاڵوگۆڕی زمانەوانییەوە.. هەڵبەت لەوەش نزیکتر وشەی (مزگی) و (مزگت)مان هەن، کە بەتایبەتی لە هەورامان و سنە و بەشێکی کرماشانیشدا، ئێستاش بەهەمان شکڵ و شێواز و هەر بەهەمان واتای مێژینەی ئاریایی گۆ دەکرێت و بەکاردەبرێت.

**دووەم: مینبەر**

ئەمیش لە زمانی عەرەبیدا بە (شوێنی وتاردان بەدەنگی بەرز) واتا کراوەتەوە و هەروا ئەمیش هەر لە ڕەگە ئارییەکە وەرگیراوە: دوو وشەی (مان) و (بەر)مان لە زمانی پالەویدا هەن، کە یەکەمیان واتای (شوێن) و دووەمیان واتای (بەرز/ بڵند) دەگەیەنێت و سەرجەم وشەکەش (مان بەر) بە واتای شوێنی بەرزوبڵند دێت، عەرەبەکان ئەمیشیان وەرگرتووەو (ا)ەکەیان بڕیوە و سووکیان کردووە و بەکاری دێنن..

**سێیەم: میحراب**

عەرەب ئەم وشەیە بە (شوێنی جەنگ) لێکدەداتەوە، ئەمەش لە بیروڕایەکی میهریی/ مانەوی و هەرواش عیبریی وەرگیراوە، لە عیبریدا میحراب واتای شوێنی (شەڕ لەگەڵ تاوان)دا دەدات و لە پالەوی و ئارامیشدا واتای شوێنی مەزنی پەرەپێدان و گەشەی ئایینی میهریی. وشەکە لە بنەڕەتدا وشەیەکی تایبەتی میترایییە، کە بە شێوەی (مە)+(راپ) دەنووسرێت، (میهراپە/ میهر+وە)ش هەردووکیان واتای (تایبەت بە میهر و بۆمیهری چاك) دەدەن و لە ئایینی میترایییەوە سەرچاوەیان گرتووە و بە شوێنێکی تایبەت گوتراون، کە کاروباری ستایش و پەرستش و گەشەپێدانی ئەم ئایینەی تێدا بەڕێوەچووە و لە بوارەکانی هزر و بیروبڕواوە خزمەتی ئایینی میهرپەرستیی کراوە. واتە، سێ وشەی زۆر گرنگی بواری دین (مسجد و محراب و منبر)، کە لە عەرەبیدا بوونەتە بەش و چەمکێکی پیرۆزی دینی ئیسلام، لە بنەڕەتدا هیی ئێمەن و لە ئێمەی ئارییەوە وەرگیراون، ئەمە سەرەڕای سەدان یا تەنانەت هەزاران وشەی دیکە کە خاوەنە ڕاستەقینەکەیان ئێمەین و عەرەب لە ئێمەی وەرگرتووە و بەکاریان دەهێنێ...!

## نرخ و بایەخی تەمبوور لە نێو کورددا:...



تەمبــوور، تەنبــوور، تەمــوورە، تەمیــرە، یەکــێکە لە (ســاز)ە دێــرینە عیرفانییەکــانی مێــژووی کــۆنی ئاریــایی، کە بەپێــی لێکــۆڵینەوەو دۆزراوە دێرینەناسییەکان، تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە (٦٠٠٠) ساڵ، ئەو پەیکەرەی لە نزیــك مەزارگەی (دانیــال پێغەمــبەر) لە (شــووش) دۆزراوەتەوە، بەڵگەیەکــی بەهێزە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە. لەم پەیکەرەدا دوو پیاو دەبینرێن خەریکی ژەنینــی ئــامێری مۆســیقایین و یەکێکیــان (تەمبــوور)ی لەدەســتە، مێــژووی دروســتکردنی پەیــکەرەکە دەگەڕێــتەوە بــۆ ســەردەمی ئەشــوو زەردەشــت؛ واتە نزیکەی (٣٠٠٠) ساڵ پێش مەسیح. بەڵگەی دیکەی بڕواپێکراو، ئەو (ساز)انەن لە تەپۆڵکەی (بەنی یونس)ی نزیك شاری مووسڵدا بە دیوارەوە هەڵکۆڵراون و

تەمبووریـان بە ئاشـکرا تێـدا جیـادەکرێتەوە. ڕەنـگە نەتـوانین بەئاسـانی سـاڵی دروستکردنی یەکەمین تەمبوور دەسنیشان بکەین، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ژەنینی تەمبوور لە چەندین سەدەی پێش ئیسلامەوە باو بووە و زۆربەی زۆری سازە ژێدارەکان لەمەوە داهێنـراون. تەمبـوور لە سـەردەمی ئەشـکانیی و ساسـانییەکاندا پێگەیەکـی زۆر بەرزی هەبـووە و ڕێزێکـی زۆری لێگیـراوە و زۆرتـرین بەکارهێنـانی هەبـووە لەگەڵ (عـوود و نـایی و چەنـگ و مزمـار)دا. ئێسـتاش لـەنێو گەل و هۆزەکـانی ڕۆژهەڵاتـی ناویـندا ئەم سـازە بەناوەکـانی (دومبـرا و چونگـوور و تـونبرە و تەنبـورا و تـامبور و تەنبـور) دەناسـرێت و کـاری پێـدەکرێت، لە کوردستانیشـدا بە (تەمـوورە و تەمبـوور و تەنبـوور و تەمیـرە) ناســراوە و بــایەخێکی زۆری پێــدەدرێت، ئەو تەمبــوورەی لە کوردســتاندا بەکاردەبرێــت، (تەمبــووری تیســفونی)یە، کە کاســەیەکی هەرمێ شــێوە و دەســکەیەکی درێــژ و هەرواش (١٢ تــا ١٤) پەردەی هەیە و زۆرتــر لە دەڤەری کرماشان و کرندی ڕۆژئاوا و گاوارە و سەحنە و مایدەشت و دینەوەرو بەشێکی دەڤەری هەمەدان و ئەســەدئاوا و نەهاوەنــددا بــرەوی هەیە و زۆرتــرین کــاری پێدەکرێت، بەتایبەتی لای (ئەهلی هەق) -کاکەییەکان- ئامێرێکی پیرۆزە و بۆ زۆربەی بــۆنە و ئاهەنــگ و ســرووتە ئاینییەکــان بەڕێــزەوە ســوودی لــێ وەردەگیرێــت، بەگشــتی دەبــێ بڵێــین لە کرماشــان و کوردســتاندا ئــامێرێکی سـەرەکییە و ئەو نەبێـت، مۆسـیقای عیرفـانیی ڕۆحنەوازیـی کـوردیی واتـایەکی تەواو ناگرێتەخۆی، هەرئەمەشە وای کردووە ئامێرێکی پیرۆز بێت، بەڕادەیەك لە هەنـدێ شـوێندا بەبـێ دەسـنوێژ هەڵینـاگرن و نـایژەنن و ژەنیارەکـانیش لە بڕواپێکراو و خۆشەویستانی نێو خەڵکین و پێگەیەکی بەرزی مەعنەوییان لەنێو خەڵکیدا هەیە، دەکرێ ئاماژە بە مامۆستای هێژای تەمبوور (*سەید خەلیل عالی نەژاد*) بکەیـن، کە گەیشـتبووە بەرزتـرین ئاسـتی ڕێـز و حـورمەتی مەعنەویـی بەتایبەتی لە دەڤەری کرماشاندا. پەردەکانی ئەم ئامێرە تایبەتمەندیی مۆسیقای ئارییایـان هەیە، کە پێشـاندەری ئەو ڕاسـتییەیە. ئەم ئـامێرە سـازێکی ڕەسـەن و

دێـرین و پیـرۆزی ئاریـاییە. گەر سـەرنجێکی گـرووپە موزیسـیانەکانی تەمبـوور بدەین، بەتایبەتی سـەرنجی کارەکانی (*شەهرام نازریی*) و گرووپەکەی بدەین، بۆمان دەردەکەوێت کە تەمبوور کاراترین ئامێرە بۆ خزمەتی ئاوازی ڕەسەنی کوردیی و سـرووتی عیرفـانیی کـورد.. کەواتە، پێویسـتە زۆرتـر بەرەو ناسـین و ناساندن و کارپێکردنی بگەڕێینەوە و دنیای ئاواز و موزیسیانیی نەتەوەییمانی پێ دەوڵەمەندتر بکەین.

## پەیجۆرێکی بنەڕەتیی لەمەڕ ئاینی زەردەشت لەگەڵ دکتۆر خەزاعی (پەردیس)دا، (بۆ ئاشنایی ئەو نەوە نوێیەی دەیەوێ بگەڕێتەوە سەر بنەما ڕەسەنەکەی ڕابردووی)



ئێستا، کە گەلانی ئاریی لە ڕەوتی دۆزینەوەی شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان، دەستەدەستە دەگەڕێنەوە سەر ئاینی پێشینانیان؛ واتە ئاینی ئەشووزەردەشت.. هەنووکە ناوەندە زەردەشتییەکەمان، لە حەفتەیەکدا زۆرتر لە (١٠٠) ئیمەیلی دەگاتێ، کە تێیاندا هاوبیرانمان دەیانەوێ بگەڕێنەوە سەر ئاینی ڕەسەنی خۆیان، یان بۆ ئاشنابوونی زیاتر لەبارەیەوە پرسیارمان لێدەکەن.. لەم سەردەمەدا، کە تەنانەت لەنێو خۆرئاواییەکانیشدا حەز و خواستێکی بێوێنە سەری هەڵداوە بۆ فێربوون و ئاشنابوون بەم ئاینە مێژینەیە، بەجۆرێك، کە سەرۆکی بەشی سیاسیی یەکێتیی ئەورووپا، بۆتە زەردەشتناسێکی چالاك و کتێبێکی لەسەر زەردەشت ئامادەی چاپە بە ناونیشانی (ئەو پیاوەی یەکتاناسیی داهێنا).

لەم کـاتەدا، کە لە ئەورووپـا بزووتنەوەیەکـی مەسـیحی بەنـاوی (سـەکرا ئورووپـا) لە زانـا و زانکـۆیی و نووسـەر و ڕۆشـنبیرانی ئەورووپیـی دامەزراوە بەمەبەسـتی گەشـەی زۆرتـر و باشـتری ئـایینی مەسـیحییەت، بگەڕێنـنەوە بـۆ سەرچاوە ڕەسەنەکەی، واتە (ئەندێشەی زەردەشت)، دەبێ و پێویستە نەوەی گەنجمان زۆرتر ئاشنا و شارەزای نێوەڕۆکی ئایینی ڕەسەنیی پێشینانیی خۆیان بـن.. هەربەم هۆیەشـەوە، ئەو پرسـیارانەی کە تـا ئێسـتا لەلایەن خەڵکـانی ئەم جیهـانەوە ئاراسـتەمان کـراون و ئەو وەڵامـانەی پێشکەشـمان کـردوون، لێـرەدا کۆیـان دەکەیـنەوەو دەیخەیـنە بەردیـدی هەمـوو گەنجێکـی وشـیار و خوازیـاریی بێداربوونەوە، بەو ئومێدەی سوودی ڕاستەقینەی مەعنەویی لێ ببینن و وەڵامی پرسیارەکانی ناخی ئەوانیش بن:...

**پرسیار:** ئایا زەردەشت پێغەمبەر بوو؟:

**وەڵام:** نـا.. زەردەشـت کە سـەرجەم فەلسـەفەکەی خـۆی لەسـەر بنـاغەی (خیرەد/ئـاوەز)ەوە بنیـات نـا و مەزنتـرین خەبـاتگێڕ بـوو دژی خورافـات و فریوکـاریی، هـەرگیز بانگەشـەی پێغەمبەرایەتیـی بـۆ خـۆی نەکـرد... زەردەشت بیرمەندێك بوو لەپێناو بەختەوەریی و سەربەرزیی مرۆڤایەتیدا بیری دەکردەوە.

**پرسیار:** ئەی زەردەشت چی بوو/کێ بوو؟:

**وەڵام:** سـەرجەم فەیلەسـووفە یۆنـانیی و پاشـان ڕۆمییەکـانیش، کە خۆیـان بە قوتابیی زەردەشـت زانیـوە، یا بۆ سـەرکەوتن و درەوشـانەوەی زۆرتریـان، نووسینەکانی خۆیان لە ئەندێشەکانی ئەو نزیك کردووەتەوە، یەکدەنگ و یەکبـڕوا زەردەشـتیان بـە (مامۆسـتای بیرمەنـدیی جیهـان) زانیـوە.. دوای داگیرکردنـی ئێـران لەلایەن موسـوڵمانە عەرەبەکـانەوە، ئەو ئارییـانەی نەیاندەویسـت تەسـلیمی ئـایینی عەرەبیـی بـبن و هەر بە (زەردەشـتیی) مـانەوە، لەژێـر گوشـار و سـتەمی لە ڕادەبەدەری عەرەبـی داگیرکـار، بەهیـوای ڕزگـارکردنی گیـانی خۆیـان وشـەی (پێغەمبەر)یـان دایە پـاڵ زەردەشت؛ بەم جۆرە بوو، کە ناوی زەردەشت وەك (پێغەمبەر) ناسرا..

ئەمڕۆ، بەم گەشە زۆرەی زانستیی زەردەشتناسییەوە گەر بمانەوێ ناو یا نازناوێك بدەینە پاڵ زەردەشت، بەدڵنیاییەوە تەنیاوتەنیا هەمان (مەزنە بیرمەند) دەبێت و هیچی دی.. مەزنە بیرمەندێك، كە لە جیهان و مێژووی مرۆڤایەتیدا تاقانە و بێوێنەیە.. زەردەشت كەسێكە، كە بەزمانی گاتایی (ئەشەڤەن) و بەزمانی هەخامەنشییەكان (ئەرتەڤەن)ی پێگوتراوە؛ واتە كەسێك، كە خۆی لەگەڵ یاسای (بوون) هەماهەنگ و هاوئاراستە كردووە، كە ئەویش لەسەر بناغەی ڕاستیی و دروستیی گیرساوەتەوە.

**پرسیار:** ئامانجی ئایینی زەردەشت چیە؟:

**وەڵام:** دەكرێ ئامانجی ئایینی زەردەشت لە یەك ڕستەدا چڕ بكەینەوە: بەختەوەریی گۆی زەویی و هەموو ئەوانەی تێیدا دەژین چ مرۆڤ، چ گیا و ڕووەك و چ گیانلەبەرانی دیكە.. ئامانجی زەردەشت تەنیا لەسەر ئەم ئیرادەیە وەستاوە، كە زەویی بكاتە هەسارەیەكی خۆشبەخت تا گیانداران بتوانن تێیدا گەشە بكەن و پێبگەن و بگەنە تەكامڵ و سەرەنجام بە خۆشبەختیی و شادمانییەوە نوقمی نوور و خیرەدی ئەهوورامەزدا ببن و بگەنە ژیانی تاهەتایی.

**پرسیار:** ئایا زەردەشت تاقانەپەرست بوو؟:

**وەڵام:** نا.. بەهیچ شێوەیەك!...، وشەی (تاقانە پەرست) لەلایەن هەندێ نووسەرەوە لەگەڵ وشەكانی (تاقانە ناس) و (تاقانەگەرا) بەهەڵە لێكدراونەتەوە و ئەمەش هەڵەیەكی زۆر گەورەیە.. ئێمە پێش هەموو شتێك دەبێ لەخۆمان بپرسین: ئایا یەكتاپەرستیی هۆكارێكە بۆ ئەو خۆشبەختیی و ژیانە بەختەوەرانەیەی، كە زەردەشت بەتەمایەتی بۆ مرۆڤ و ڕووەك و گیاندارانی دیكەی مسۆگەر بكات؟.. كاتێ كتێبە مێژووییەكان دەخوێنینەوە، دەبینین گەورەترین كوشتوكوشتار و خوێنڕشتنەكانی مێژووی مرۆڤایەتی بەدەست و بەهۆی (یەكتاپەرست)ەكانەوە ئەنجام دراون: شەڕەكانی خاچپەرستیی لە نێوان یەكتاپەرستانی مەسیحیی و یەكتاپەرستانی ئیسلامییدا.. شەڕە ئایینییەكان

لەنێوان یەکتاپەرستانی کاسۆلیك و یەکتاپەرستانی پرۆتستاندا.. جەنگە ئاینییەکانی نێوان یەکتاپەرستانی سوننە و یەکتاپەرستانی شیعەدا.. کوشتاری ترسناکی سەد و بیست هەزار کەس لەلایەن یەکتاپەرستە کاسۆلیکەکان لەسەدەی سێزدەهەم لە باشووری فەرەنسا و بە فەرمانی (پاپا)، کە تاوانباری کردبوون بە (دوالیزم).. جەنگە بێکۆتاییەکانی نێوان یەکتاپەرستانی موسوڵمان و یەکتاپەرستانی یەهوودی.. کوشتاری شەش ملیۆن یەهودیی یەکتاپەرست بەدەستی مەسیحییە یەکتاپەرستەکان.. بەردباران و سووتاندنی خەڵکی بێتاوان لە گۆڕەپانی شارەکاندا بەدەستی یەکتاپەرستانی ئیسلام و مەسیحیی...، ئەم هەموو کوشت وکوشتارەی نێوان هەرهەموو یەکتاپەرستەکان، لە ماوەی (٢٠٠٠) ساڵی ڕابردوودا زۆرتر لە سەد ملیۆن کوژراوی لێکەوتۆتەوە..!{ئەمەیە دەرەنجامی یەکتاپەرستیی!!!}.

بەڵام ئایینی زەردەشت ئاینێکی (تاقانەگەرا)یە.. وشەی تاقانەگەرا بە پاشناوی دینامیکیی (گەرا)وە دانراوە، کە لە ڕیشەی (گەرایش/سۆز/مەیل/حەز) وەرگیراوە بە واتای ڕووتێکردن و بزاوت لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی دیکە.. ئایینی زەردەشت ئاینێکی (دینامیکی/بزوێنەرانە)یە و هەردەم لە نوێگەریی و نوێخوازیی و نوێبوونەوەدایە، هەربۆیەش وشەی (تاقانەگەرا) دەبێتە نوێنەری ڕاستەقینەی.. پەیڕەوانی ئەم ئایینە، بەهەوڵ و کۆششەوە، کە بناغەکەی لەسەر بنەمای بیری چاك و زمانی چاك و کرداری چاك و هەرواش سەرکوتکردنی درۆ و دووڕوویی و خورافات دامەزراوە، بەرەو یەکبوون و تاقانەیی.. بەرەو ئەهوورامەزدا هەنگاو دەنێن، تا لەگەڵیدا یەك بگرن و ببنە یەك، بەم پێیەش، ئایینی زەردەشتیی، بە هەموو واتایەك ئاینێکی تاقانەگەرا و تاقانەناسە.

پرسیار: کەواتە، ئەگەر هیچ پەیوەندییەکی پەرەستن لە نێوان ئەهوورامەزدا و ئەفرێنراوەکانیدا نیە، ئەدی چ پەیوەندییەکی دیکە دەتوانێ هەبێت؟:

**وەڵام:** بۆ ئەوانەی ١٤٠٠ ساڵە لەژێر دەسەڵاتی دینی ئیسلام و عەرەبدا ژیاون، زۆر ئەستەمە بیر لە پەیوەندییەکی جیا لە (ئەرباب و ڕەعیەتیی)، {مەولا و موالیی) لەنێوان خۆیان و خوادا بکەنەوە.. بەڵام لە ئایینی زەردەشتدا ئەم چەشنە پەیوەندییە بەهیچ جۆرێك لەئارادا نیە، بەڵکو تاقە پەیوەندییەك لە نێوان مرۆڤ و بەگشتیش گیانلەبەران و خوا (ئەهوورەمەزدا)دا هەیە، پەیوەندییەکی ئاوەزمەندانەیە، کە بەسەر بنەمای (دۆستایەتی)یەوە دامەزراوە و دروستبووە.. پەیڕەوانی ئەم ئایینە، هەروەك دۆستێك لەگەڵ یەزداندا دەکەونە گفتوگۆ و ڕازونیاز.. هیچکەس لە ئەهورامەزدا ناترسێت و ناکەوێتە لەرزین و دڵەکوتە، چونکە ئەهوورامەزدا تەنها میهرەبانیی و چاکە و بەخشش دەناسێت.. ئەو چاك ئاگادارە، ئەو جیهانەی ئەفراندوویەتی، جیهانێکە هەردەم بەرەو گەشە و لە گەشەکردن و پێشکەوتندایە و ئامانجیشی لە ئەفراندنی زیندەوەران ئەوە بووە، کە لە خۆشبەختیی و ئاوەدانکردنەوە و گەشە و پەرەپێدانی ئەم جیهانەدا هاوکار و یارمەتیدەری بن.. ئەو، بە هۆی ژیریی بێسنووری خۆیەوە ڕاستیی و دروستیی ئافراندوون.. هێزی سەرکەوتنی بەسەر هەڵە و نەزانینی وێرانگەردا ئەفراندووە.. ئارامیی دەوورنیی ئەفراندووە.. فراژوویی و پێگەیشتوویی و سەرەنجام ژیانی جاویدانیی و تاهەتایی ئاوێتەی نوور و ڕووناکیی و بەختەوەریی کردۆتە دیاریی بۆ زیندەوەران و بەتایبەتی بۆ مرۆڤی سەر گۆی زەویی.. خوایەکی لەو شێوەیە، هیچ نیاز و پێویستییەکی بە پەرستن و موالیچێتی و ڕەعیەتی و چۆکپێدادانی ئەفرێنراوە هێژا و پیرۆزەکانی خۆی نیە.

**پرسیار:** کتێبی پیرۆزی ئایینی زەردەشت چیە؟:

**وەڵام:** کتێبی پیرۆزی ئایینی ئارییەکان (گاتا)کانە.. سەرجەم توێژینەوە مێژوویی و زمانەوانییەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە وشە بەوشەی ئەم کتێبە، بەبێ هیچ جۆرە دەسکاریی و ئاڵوگۆڕێك، (٣٧٤٣) ساڵ لەمەوپێش، بەزمانی خودی ئەشوو زەردەشتەوە هۆنراونەتەوە.. (گاتاکان)، کە

بەواتای (هۆنراوە) دێن، (١٧) بەش لە (٧٢) بەشی ئاڤێستا پێکدێنن.. ئەم (١٧) بەشــە، کە بەشــەکانی (٢٨ تــا ٤٥)ی ئاڤێســتا لەخــۆ دەگــرن، تەنهــا دەســنووس و دیکــۆمێنتێکە لە خــودی زەردەشــتەوە بــۆ ئــێمە مــاوەتەوە، بەشـەکانی دیکەی ئاڤێسـتا بـریتییە لەو نووسـین و تەفسـیرانەی، کە پاش زەردەشت نووسراون، ئەویش لە سەردەمانێکدا، کە ئاڤێستای ڕاستەقینە لەنێو چووە و زمانی (گاتاکان) تا ئەندازەیەك فەرامۆش کراوە، هەربۆیە دەبینین هەندێ بابەت هاتوونەتە نێو ئاڤێستای ئێستاوە کە هەڵەیان تێدا هەیە و دەبـێ زۆر وریـا و وردبـین بـین بـۆ جیـاکردنەوەی ڕاسـتی لە هەڵە .. بەڵام (١٧) بەشـی گاتاکان لەلایەن مۆبـدەکانەوە لەبەرکراوە و بە درێژایـی (٣٠٠٠) ساڵ بە لەخۆبوردوویی و فیداکارییەوە سنگ بەسنگ پارێزراون، تا گەیشـتوونەتە دەسـتی ئێمە.. لە گاتاکانـدا باسـی تاکە خواوەنـدێك کـراوە و ئەویــش ئەهــوورامەزدایە، ئەهــوورامەزدا واتە ئــافرێنەر و بەدیهێــنەری جیهـان و بوونێـك لەسـەر ئـاوەز و ژیریـی بنـاغەی داڕێژرابێـت.. سـەرجەم نێـوەرۆك و پەیـام و ئامـانجی گاتاکـانیش هەروەك ئامـانجی خـودی خـاوەنە ڕاســـتەقینەکەیان (زەردەشـــت) هەمـــان ئـــاوەدانیی و گەشـــەپێدان و بەختەوەرکردنــی گــۆی زەویــی و هەمــوو زینــدەوەرانە تێیــدا.. سـەرجەم توێژەرانی بـواری ئـایینی زەردەشـت گەیشـتوونەتە ئەو کۆبڕوایەی ئەگەر کەسـێك ژیـانی خـۆی لەگەڵ یاسـای گاتاکانـدا ڕێکبخـات و هاوئـاهەنگی بکـات، هـیچ شـك و گومـانێکی تێـدا نـیە، کە نەك هەر ژیـانێکی ئاسـوودە و بەختەوەرانە بۆ خۆی مسۆگەر دەکات، بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگیشی دەبێت لە بەختەوەرکردنــی هەمــوو مرۆڤایەتیــدا و لە ئەهــوورامەزداش نزیکتــر دەبێـتەوە، چـونکە هەروەك لە گاتاکانـدا هـاتووە: "تەنیـا بە شـادمانیی و بەخشینی خۆشبەختیی بە مرۆڤایەتی، دەکرێ بگەینە ئەهوورامەزدا".

پرسیار: بۆچی ئەوانەی دەچنە هیندستان و دەیانەوێ ببنە زەردەشتیی، لە لایەن (پارسـییەکان)ی هینـدەوە، کە خۆیـان زەردەشـتین وەرنـاگیرێن و قبـووڵ ناکرێن؟

**وەڵام:** هۆکارێکی مێژوویی هەیە.. پارسییەکانی هیند، ئەو ئێرانییانەن، کە دوای هێرش و داگیرکاریی عەرەب، وڵاتیان بەجێهێشت و هەڵهاتن و لە هیندستاندا گیرسانەوە، تا دینەکەیان بپارێزن، ئەو دینەش ئاوێتەیەك بوو لە (زەروانی)، کە موغەکان دایانهێنابوو و هەروا‌ش ئایینی ڕاستەقینەی زەردەشت کە زەمەنی لاوازیی و نشێویی خۆی لە کۆتایی ساسانییەکاندا تێپەڕ دەکرد.. ئەوان پەنایان بردە بەر وڵاتێك کە سیستمی (کاست) واتە چینایەتییەکی کۆمەڵایەتیی زۆر بەگوڕ تێیدا برەوی هەبوو، دیارە ئەمان نەیاندەتوانی ببنە بەشێك لە هیچکام لەچینە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کاتەی هیندستان، هەربۆیەش بەناچار وەك خۆیان مانەوە و وەك کەمینەیەك لەنێو یەکدا و بۆ یەك ژیان و هەر لەنێو خۆیاندا پرۆسەی پەرەپێدانی خۆیانیان پەیڕەو کرد.. بەڵام دواتر توانییان ببنە سەرکەوتووترین چینی کۆمەڵایەتیی هیند چ لەبواری ئابووریی، چ سیاسیی و چ زانستیی.. ئەم سەرکەوتنەش کاری کردەسەر ڕۆحی (کاست)ە هیندییەکەیان و زۆرتر دەرگای دەرەوەیان بەڕووی خۆیاندا کلۆم دا و بوونە (یانەیەکی داخراوی دەوڵەمەندان).. ملیۆنەها هیندی چاوەڕوان بوون دەرگای ئەم یانە داخراوە بە ڕوویاندا بکرێتەوە و بتوانن بچنە نێویەوەو دڵنیایی و ئاسایشێکی کۆمەڵایەتیی بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن، ئەوانیش (پارسییەکان)، لەوە دەترسان بە تێکەڵبوونی هیندییەکان، ئەو ئایین و شوناسەی، کە پتر لە هەزار ساڵ بوو پاراستبوویان، تێکبشکێت و بەخۆیان و سامان و بیروبڕواکەشیانەوە نوقمی نێو کۆمەڵگەی یەك ملیاریی هیند ببن و بتوێنەوە، هەربۆیەش ڕێیان بە هیچکەسێك نەدا، تەنانەت بۆ بەزەردەشتیبوونیش بچێتە نێو بازنەکەیانەوە.. ئەم نەریتە تا ئێستاش هەر بەو جۆرە ماوەتەوە.

**پرسیار:** ئەی کەواتە، چۆن دەکرێ کەسێك بچێتە سەر دینی زەردەشت؟:

**وەڵام:** ئەمڕۆ، بە سەرنجدان لەوەی، کە ئیرادەی زۆربەی ئارییە ڕەسەنەکان گەڕانەوەیە بەرەو ئاینێك، کە پێشتر سەروەریی پێبەخشیبوون،

هاوكێشـەكە جیـاوازە و ڕێگـاكە ئاسـانتر بـووە.. ئێسـتا تەنهـا مەرجێـك لە ئارادا هەیە بۆ ئەو كەسەی دەیەوێ ببێتە زەردەشتیی، ئەویش ئەوەیە، كە دەبـێ بە ئاگـایی و وشـیاریی و زانـاییەكی تەواو بیـر بكـاتەوە و فەلسـەفەی ئـایینەكە بناسـێت و بەئـازادییەكی تەواوەوە هەڵبیـژێرێـت و بیكـاتە ڕێبـازی ڕاستەقینەی ژیان چ بەبیر و چ بەزمان و چ بەكردەوە و پاشان ڕێوڕەسـمی (سەدرە پۆشی) ئەنجام بدات.

**پرسیار:** ڕێوڕەسمی سەدرەپۆشی چۆنە؟:

**وەڵام:** ڕێوڕەســمێكی زۆر ســادەیە.. داواكــار (خوازیــاری زەردەشــتیگەریی) كراسێكی سپیی لەبەر دەكات و پشتوێنێكی سپیی دەبەستێ، كە لە (٧٢) بەش پێكهـاتووە، (سـیبمۆلی ٧٢ بەشـی ئاڤێسـتا) و پاشـان هەرچی مۆبـد دەیڵێـــت، ئەمـــیش بەدوایـــدا دووبـــارەی دەكـــاتەوە.. لە درێـــژەی ئەم ڕێوڕەسمەدا، كە نیوكاتژمێر دەخایەنێت، خوازیار بە دەنگی بەرز دەڵێت: "من ئەم ئـایینە بەئاگـایی و ئـازادیی تەواوی خـۆمەوە هەڵدەبژێرم، چـونكە باشـترین و چـاكترینە، لەبەر ئەوەی ئەم ئـایینە لەسـەر بنەمـای ژیریـی و ئاوەزی هەردەم گەشەسێنی پەرەخواز دامەزراوە و ئامانجی خۆشبەختیی و ژیـانی بەختـەوەرانەیە بـۆ مـرۆڤ و ڕووەك و زینـدەوەرانی دیـكە لەم گـۆی زەوییـیەدا و دەخوازێـت هەموویـان گەشـە بـكەن و پـێش بـكەون و بـگەنە فراژوویی و سـەرەنجام لە نـوور و ژیریـی مەزداییدا بگەنە جاویـدانیی". لە كۆتـایی ڕێوڕەسـمەكەدا ئامـادەبووان جـامێكی (شـەراب) بـۆ شـادكامیی و بەختەوەریی (نەوزاد) دەنۆشن. (نەوزاد) بە واتای منداڵی تازە لەدایكبوو، بەو كەسـە دەگوترێـت، تـازە هـاتۆتە سـەر ئـایینی زەردەشـت و وەك ئەوە وایە تـازە لەدایك بووبێـت و بە تێـڕوانین و ئاسـۆیەكی نوێـوە ژیـانێكی نـوێ دەسپێدەكات.

### هەوێنەکانی دیینی زەردەشت:...



ئارییەکان، بەدرێژایی مێژووی دەهەزار ساڵەیان، لە سەرەکیترین بناغەدارێژەرانی فەرهەنگ و شارستانییەت بوون و ڕۆڵێکی کارا و بەرچاویان لە بەرەوپێشچوونی جیهان گێڕاوە.. ئەشوو زەردەشتی پێغەمبەری یەکتاناسیی، کە ٣٧٤٨ ساڵ پێش ئێستا (٢٠١٠)، دینی لێکدایەوە و ڕۆشنبیریی دینیی داهێنا، بنەماکانی ئەندێشەی ئاریایی تووشی گۆڕانێکی سەرەکیی کرد و شارستانییەتێکی نوێی دامەزراند، کە هەزاران ساڵە لە دڵ و دەروون و ناخی هەر ئارییەکدا بەزیندوویی ماوەتەوە و کاریگەرییەکی بەرچاویشی کردۆتە سەر فەرهەنگ و شارستانییەتی وڵاتانی دیکە و گەلانی جیهان.. ئەشوو زەردەشت پەیامی ئەهوورامەزدا (زانای مەزنی ژیانبەخش)ی بە پاکیی و ڕۆشنیی و

زوڵاڵیی لە هۆنراوەکانی خۆی (گاتاکان)دا هێنا و گەیاندییە گوێی دڵی مرۆڤایەتیی و پێش هەموویان گەلانی ئاریی.. بەرهەمێک، کە بە یەکەمین شیعری مێژووی مرۆڤایەتیی دەژمێردرێت و پەیامی ژیانی دروست و بەختەوەریمان دەداتێ.. گاتاکان ئەندێشەپەروەر و ئەقڵگەران، بۆ هەموو مرۆڤ بەبێ جیاوازیی ڕەنگ و نەژاد و دەبنە سادەترین و باشترین سیمبۆلی ژیان و هەڵسوکەوت بەشێوەیەکی ئاوەزمەندانە و بەدوور لە هەرچەشنە بیرۆکەیەکی خورافیی و ناڕاست و نادروست.. پەیامی ڕاستەقینەی گاتاکان (مانترە)یە، بە واتای (پەیڤی ئەندێشە ورووژێن).. بە پێی گاتاکان، پێویستە ژیانی ماددیی مرۆڤ هاوئاهەنگ و هاوئاراستە لەگەڵ سروشتدا بێت.. ئینجا لە ڕوانگەی مینوییەوە، بە یارمەتیی (ڤەهوومەنە) دەرگای دڵی خۆی بەرەو ڕووی نهێنییەکانی ژیان و بوون والا بکات، تا ڕووناکیی ڕاستەقینە ببینێت.. دیارە پەیامی گاتاکان بەتایبەتی بۆ زانایانە، چونکە نەزان لەڕووی ئیحساسی زەق و دوور لە بیرکردنەوە و تێڕامان دەجووڵێتەوە و گوێیەکی بۆ بیستنی پەیامی ئاوەزمەند و ئەقڵگەرای ئەهوورایی نیە.. زانا، کاتێ گەیشتە ئەندێشەی ڕاست و دروست، دەبێ زانست و زانیارییەکانی خۆی بگەیەنێتە ئەوانی دی و کەسانیی ناوشیار بەئاگا بهێنێتەوە، تا بەم چەشنە خەیاڵپڵاو و خورافات لە گێتیدا نەمێنێت.. ناسینی یەکتایی یەزدان، پەروەردە و خۆپێگەیاندن، تایبەتمەندیی چاکیی ئەخلاقیی و نزیکبوونەوە لە ئەهوورامەزدا بەهۆی بیرو زمان و کرداری چاکەوە، بەنرخترین و گرنگترین ئامانجی دیاریکراوی ئەشوو زەردەشتە لە ژیانی مرۆڤدا.

**گاتاکان و پەروەردەی ئەخلاقیی:**

یەکتانسیی: گاتاکان یەکەمین نووسراوی پیرۆزن، کە چەندین هەزار ساڵ پێش ئێستا مرۆڤی بەرەو شاڕێگەی یەکتایی یەزدان ڕێنموونیی کرد و ئاییبنی مەزدیەسنا (تاقانەگەرایی)ی خستە جێی دابی چەند خواپەرستیی پێشووی

گەلانی ئارییەوە.. لە سەرتاسەری گاتاکاندا خواوەندی تاقانە بە ئەهوورامەزدا نێو دەبرێت، بەواتای چەسپاوی (زانای مەزنی ژیانبەخش).

ئامانجی ژیان: ڕوانگەی ئایینی زەردەشت بۆ جیهانی (بوون)، نزیکبوونەوە و پەیڕەویکردنە لە یاسای (ئەشا).. لە ڕوانگەی ئەوەوە، خواوەندی گیان و ئاوەز جیهانی لەڕووی بنەمایەکەوە ئەفراندووە، کە بەسەر هەموو (بوون)دا حوکم دەکات.. ئەم بنەما و دیسپلینە ئاوەزمەندانەش ناوی (ئەشا)یە و مرۆڤ دەبێ ژیانی خۆی لەگەڵ ئەم یاسا و بنەمایەدا ڕێك بخات.. لە ڕاهێنانەکانی ئەشووزەردەشتدا، مەبەست لە خیلقەت و ئەنجامی ژیان ئەوەیە، کە هەر تاکێك بۆ ئاوەدانیی و شادیی و بەختەوەریی جیهان تێبکۆشێت و لە ڕێگەی بیرو زمان و کرداری چاکەوە خۆی بگەیەنێتە لووتکەی پێگەیشتوویی و نەمریی.. ئەشووزەردەشت دەڵێت: "ئێمە، دەبێ هێز و توانایی خۆمان بۆ خزمەتکردن و خۆشبەختیی ئەوانی دیکە بخەینەگەڕ و هەوڵی دابینکردنی ئارامیی و ئاسایشی هەموان بدەین، تا بتوانین جیهان و مرۆڤایەتیی بەختەوەر بکەین".

**چەند پەیامێکی فێرکارانەی دیکەی گاتاکان:**

سەرتاسەری گاتاکان پەند و ئامۆژگاریی و ڕێنموونییە بۆ ژیانێکی باشتر، کە هێما بە چەند خاڵێکیان دەکەین:

ئازادیی: ئایینی ئەشووزەردەشت، دینی سەربەستیی و دادوەریی و ئومێدە.. گاتاکان، پێشنیاری هەڵبژاردنی سرشتی پاك و ڕێبەری زانا و دۆستی ئاقڵ و هاوسەریی ڕاستگۆ دەخەنە بەردەم مرۆڤەوە، بەڵام هەرگیز ناچاری ناکەن بە پەیڕەوکردنی ئەو ڕێنماییانە.. دینی زەردەشت ڕێزی هەموو تاکێك دەگرێت.. ئازادیی و سەربەستیی هەڵبژاردن، یەکێکە لە گرنگترین بەخششەکانی ئەهوورامەزدا و هیچکەس، بەهیچ بیانوویەك مافی زەوتکردن یا بەرتەسککردنەوەی ئەم سەربەستییەی نیە: "ئەی خواوەندی ئەقڵ، ئەو کاتەی

(رۆژی ئەزەل) گیـان و جەسـتەت ئەفرانـد و بە سرشـتی چـاکیی خـۆت هێـزی بیرکردنەوە و ئاوەزمەندیت بەخشیی، کاتێ گیانت بەخشییە جەستەی خاکیی مـرۆڤ و هێـزی کـارکردن و پەیڤین و ڕێبەراتیت پێبەخشیی، ویست و ئیرادەت تەنهـا لەسـەر ئەوە بـوو، هەمـوو کەسـێك بە دڵ و بە ئـارەزووی خـۆی ڕێبـاز و ئایین و بیروبڕوای خۆی هەڵبـژێرێت"(هاتی ٣١ بڕگەی ١١).

**یەکسـانیی ژن و پیـاو:** لە ئـایینی زەردەشـتدا، مرۆڤەکـان، بەهەر ڕەنـگ و بیروبـڕوا و دین و ئـایین و نەژاد و ڕەگەزێکەوە، وەکیەك سـەیر دەکرێن و مـافێکی یەکسـانیان هەیە.. جیـاوازیی دینیـی و نەژادیـی و خێڵەکیـی و چینـایەتیی لەم ئـایینەدا نـیە.. تەنیـا شـتێك بە چـاکتر و لە سـەرووی شـتەکانی دیـکەوە سـەیر دەکرێـت، هەمـان پابەنـدییە بە یاسـای ئەشـا و پەیڕەویکـردنە لە بیـرو زمـان و کـرداری چـاك.. لە ڕوانـگەی زەردەشـتەوە، خواوەنـد هەمـوو مرۆڤەکـانی (ئـازاد) ئەفرانـدووە و ژیریی و ئـاوەز و ئەو سەربەستییەشـی پێبەخشـیون، کە بتـوانن بە پەیڕەویکـردن لە ئەندێشـەی چـاك و پـاکی یەزدانیی خۆیـان، ڕوانـگە و پێشـنیار و ڕێبــازە جۆربەجۆرەکــان لێکبــدەنەوە و بە ئــازادیی و سەربەســتیی تەواو، باشـترینیان بـۆ خۆیـان هەڵبـژێـرن.. واتە مرۆڤەکـان، هەروەك چـۆن ئـازادن لە بیرکـردنەوەو بیـروڕادا، هەرواش سەربەسـتن لە هەڵبـژاردنـی ئـازادانەی دیـن و ئایینی خۆیاندا.. ئەم ئازادیی و یەکسانییەش هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە و بـۆ ژن و پیـاویش وەك یەکە و بـێ هـیچ جیـاوازیی و جیاکـارییەك بـۆ هەردوولا پراکتیــزە دەکرێــت: "گەلــۆ، باشــترین پەیڤەکــان بە گــوێی دڵ ببیســتن و بە بیرکردنەوە و تێفکرینێکی وردبینانەوە هەڵیانبسەنگێنن.. با هەموو تاکێك (ژن و پیاو)، ڕێگای چاك و خراپ بە مەیل و ویستی خۆی بۆ خۆی دیاریی بکات"(هاتی ٣٠ بڕگەی ٢).

**بەختەوەریی ئێمە لە بەختەوەریی ئەوانی دیکەدایە:**

ئەهوورامەزدای پەروەردگاری تاقانە وای داناوە: "بەختەوەریی بۆ کەسێکە، ئەوانی دیکە بەختەوەر بکات"(هاتی ٣٤ بڕگەی ١).

**دڵنەرمیی و دلۆڤانیی:**

لە ئایینی زەردەشتدا، جەنگ و ئاژاوە و دوژمنایەتیی، چ بەناوی پاراستن و پەرەپێدانی دەسەڵات و چ بە بیانووی پەرەپێدان و گەشەی دین، ناڕەوا و نادروستە.. زەردەشت جیهانێکی دەوێت، تەژیی لە دۆستایەتیی و میهرەبانیی و دڵاوایی.. هەموو تاکەکان، دەبێ بە پەیڕەویی لە یاسای ئەشا، میهرەبانیی و یەکدڵیی لەنێو خۆیاندا بڵاو بکەنەوە، تا دۆستایەتییەکی جیهانیی بێتە ئاراوە.. هەموو زەردەشتییەك، لە کاتی ڕازونیازی ڕۆژانەیدا، گیان و جەستەی خۆی بە سروودی (مەزدە یەسنو ئەهمی) پڕچەك دەکات، واتە خۆی ڕادێنێ بۆ پەرەپێدانی دڵاوایی و ئاشتەوایی لە دینی مەزدایی زەردەشتدا، چونکە ئەو پەیڕەویی ئاینێکە، کە دژی جەنگ و خوێنڕشتنە و هەردەم پەسنی ئاشتیی و ئاوەدانیی و چاکیی و پاکیی دەکات: " ئەم قسانە بەتایبەتی بۆ تازە بووك و زاواکان دەکەم، هیوادارم ئامۆژگارییەکەم لێ وەربگرن و هەمیشە لەبیریان بێت، کە هەردەم بەسرشتی چاك و دڵنەرمیی و دۆستایەتیی و خۆشەویستیی بژین و لە ڕاستگۆیی و پاکیی و دروستکاریی و میهرەبانیدا پێشی یەکدیی بدەنەوە، چونکە بەم حاڵەوە لە ژیانێکی پڕلە خۆشیی و شادیی و بەختەوەریی سوودمەند دەبن"(هاتی٥٣بڕگەی ٥).

**شادیی و ژیانی شادمانیی:**

دینی زەردەشت، ئایینی شادمانییە، پەیڕەوانی زەردەشت، دڵخۆشیی و ژیانی شادمانەییان هەڵبژاردووە و دوورن لە ترس و شیوەن و خەمباریی و ماتەم.. جەژن و شادیی لەم ئایینەدا ڕێگایەکن بۆ ستایش و پەرستشی باشتری یەزدان و نزیکبوونەوە لێی.. پەیامبەری دێرینی کورد، خوازیاری شادیی و دڵخۆشییە بۆ پەیڕەوانی خۆی، چونکە چاك ئاگادارە، کە لە بەر تیشکی ئەم بەخششەی یەزداندا، جەستەی مرۆڤ بەهێز و ڕۆحی شاد و کامەران دەبێت و لە ئاکامدا شەوق و مەیلی کاروکۆششی لەلا زیاتر دەبێت.. لە ڕوانگەی زەردەشتدا

خۆشبەختیی و ئاسایشی ڕاستەقینە، تەنها لە ڕێگەی هەوڵ و کۆشش، ئەویش لە ڕێگەی ڕاستیی و دروستییەوە مسۆگەر دەبێت و هەرکەس لە ڕێگەی ناشایستەوە بگاتە شتێك و خۆی بە کامەران بزانێت، ئەوە هێشتا پێنەگەیشتووە و ناشگاتە خۆشبەختیی و شامادنیی ڕاستەقینە: "ئەی پەروەردگار، لە بەخششی بێوێنەت بۆ شادمانیی و بەختەوەریی سوودمەندمان بکە.. ئەی ژیانبەخش، ئەو بەخششەم پێببەخشە، کە لە بیر و زمان و کرداری چاکەوە سەرچاوە دەگرێ.. ئەی ئارمەیتی، ئەی سیمبۆلی عەشق و خۆڕاگریی، دڵەکانمان بەهۆی ڕاستییەوە ڕۆشن بکەرەوە، تا بگەینە شادیی و خۆشبەختیی ڕاستەقینە"(هاتی ٣٣ بڕگەکانی ١٠ و ١٣).

**بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە:**

یەك لە کاریگەریترین هۆکارەکانی ئاوەدانیی و پێشکەوتن، کە بەختەوەریی مرۆڤی بەدواوە بێت، کارو کۆششە.. ئەشوو زەردەشت لە هەموان دەخوازێ بەپێی یاسای ئەشا و پەیڕەویی لە سرشتی چاك، بەپێی توانایی خۆیان بۆ بەرەوپێشبردن و دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵگەی مرۆیی تێبکۆشن و هەوڵی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە بدەن.. هونەری کاروچالاکیی داهێنەرانە و هەوڵ بۆ ئەنجامدانی کاری چاك، ڕێگایەکە بۆ ستایش و نزیکبوونەوەی لە پەروەردگار، بەم پێیەش دەروێشایەتیی و خەڵوەتکێشان و تەمبەڵیی و خۆدوورخستنەوە لە کارو چالاکیی، بەکارێکی ناشایستە و خراپ دەژمێردرێت... "ئەی پەروەردگار، دەخوازین وەك ئەوانەی جیهان بەرەو ئاوەدانیی و گەشە دەبەن، لە پێڕی ئەفرێنراوە بەوەفا و شایستەکانی تۆ بین"(هاتی ٣٠ بڕگەی ٩).

**فێرکاریی:**

پێویستە زانا بە زانایی خۆی، نەزان وشیار و ئاگادار بکاتەوە.. نابێ نەزانەکان هەر بەنەزانیی بمێننەوە..(هاتی ٣١ بڕگەی ١٧).

**ڕاستیی:**

ئەی ئافرەتـان و پیـاوان، خۆتـان لە درۆ بە دوور بگـرن.. بەرەنگـاری درۆ ببنەوە و پێش بە گەشە و پەرەسەندنی دووڕوویی و فریوکاریی بگرن.. دڵنیابن ئەو خۆشـیی و دەسـەڵاتەی لە ڕێـگەی نادروسـت و بەهـۆی بەدبەختکـردن و چەوساندنەوەی خەڵکـانی دیکەوە بەدەسـت دێت، جگە لـە ڕەنـج و مەیـنەت و حەسرەت و پەشیمانیی، هیچ بەرهەم و بەرەنجامێکی دیکەی نابێت. (هـاتی ٥٣ بڕگەی ٦).

**ئیمان و بڕوا:**

مرۆڤـی ژیـر و ئاوەزمەنـد، بە ئاگـایی لەوەی کە عەشـق و بـڕوا بە خواوەنـد سـەرچاوەی ڕاسـتیی و دروسـتییە، گـومڕا و خراپەکارەکـان بەرەو پەروەردەی چـاك و سرشـتیی چـاك و چاکەکـاریی ڕێنمـوونیی دەکـات.. سـەرەنجام، ئەی خواوەندی گیان و ئاوەز، سەرجەم خراپەکاران، بە ناسینی ڕاستیی، بەرەولای تۆ دەگەڕێنەوە. (هاتی ٣٤ بڕگەی ١٠).

**یارمەتیی خەڵکانی دیکە:**

ئەو مـرۆڤە دەسڕۆشـتووەی، کە بەپێـی بنەمـا یەزدانییەکـان و لەڕووی بەزەیی و دڵنەرمیی مرۆڤانەوە، دەسگیرۆیی هەژاران و خوازیـارانی یارمەتیی و هاوکـاریی دەکـات، جـا چ پەیڕەوانـی ئەشـا بـن یـان درۆ، ئەوە خـۆی پەیڕەویـی ڕاستەقینەی ئەشایە و ژیـانی پڕ دەبێ لە ڕاستیی و دروسـتیی و بەختەوەریـی.. ئەی ژیانبەخشی دانایی و بەتوانا، ئاوا کەسێك، ئەو مرۆڤە ئاوەزمەندەیە، کە بە هێزی زانایی و ژیریی خۆی گومڕاکان لە نابوودیی و چارەڕەشیی ڕزگار دەکات و هانیان دەدات خۆیان بناسن و لەسەر پێی خۆیان بوەستن. (هاتی ٤٦ بڕگەی ٥).

**دۆستایەتیی و خۆشەویستیی:**

خەوش و ڕق و کینە لەخۆتان دوور بخەنەوە.. مەهێڵن ئەندێشەتان توخنی تووڕەیی و کینە و ستەمکاریی بکەوێت.. ویست و حەزی خۆتان بۆ سرشتی چاك و خۆشەویستیی و دڵسۆزیی دۆستانە دەرببڕن و پەرەی پێبدەن.. جوامێرە پاکسرشتەکان، بۆ گەشەی ڕاستیی و دروستیی، پەیوەندیی هەمیشەیی دروست دەکەن و خوازیارانی ڕاستیی بەرەو بەهەشتی تۆ.. ئەی ئەهوورامەزدا ڕێنموونیی دەکەن، کە شوێنی شایستەی ڕاست و دروست و پاکەکانە. (هاتی ٤٨ بڕگەی ٧).

## فەلسەفەی پیرۆزیی ژمارە (حەوت) لای ئارییەکان:...






لە هەورامانی دوێنێ و ئەمڕۆشماندا، زۆرجارو بۆ گەلێ بۆنە و لە زۆر کات و ساتی جۆربەجۆردا وشەی (حەوت/حۆت)مان بیستووە و لەوانەیە زۆرجاریش دووبارەبوونەوە و ئامادەیی هەمیشەیی ئەم وشەیە تووشی هەڵوەستەی کردبین و بیرمان لێکردبێتەوە و باسمان کردبێت. زۆرمان لە پیرەکانمان بیستووە کە گوتوویانە: (بە حۆت ئاوی پاک مەبۆوە) یا (مدۆ حۆت ئاوی قولێش تەڕێ مەبا) یا (حۆت قورئانێ بەینەنە با) و... تا دوایی.

ئەم (حەوت)ە چییە؟.. لە چی و لە کوێوە هاتووە؟.. بۆچی وشە یا ژمارەیەکی دیکە بەکارنەهاتووە؟.. بۆچی بە تایبەتی ئەم ژمارەیە ئاوا زەق بووەتەوە و لە زمان و بیری جەماوەردا جێی گرتووە؟، ئەمانە ئەو پرسیارانەن، کە لەوانەیە لای زۆربەمان دروست بووبن و ڕەنگە ماوەیەکی زۆریش ناخ و

بيريان به خۆيانەوە خەريک کردبين. بەڵام بۆ من لە کاتێکەوە گرنگيی پەيداکرد کە سەرنجم چووە سەر کێو و ئەشکەوتی (عەودالان) و شيعرەکەی (چون کۆی عەودالان)ی سەيدی..

"يا رجالەلغەيب يا حەفت عەودالان جەکۆی پێرۆسەم هەم جە کۆسالان

تا:

هەر حەفت عەودالان قوتبی ڕوی زەمين چون ئەسحابول کەهف دايم غارنشين"

بيرم لە نزيکايەتيی عەودالان و ئەسحابەکانی کەهف دەکردەوە: بۆچی ئەم دوانە ئەوەندە لەيەک دەچن؟.. بۆ ئەوەندە لێک نزيکن؟.. تۆ بڵێی لە بنەڕەتدا هەر يەک نەبن؟ لەمانەش گرنگتر ژمارەی هەردوولا بوو: (حەوت). هەر ئەمەش بوو سەرنجی بەرەو ڕازو ڕەمزەکانی ژمارەی (٧) ڕاکێشام و کەوتمە بيرکردنەوەو خوێندنەوە لە مەڕ ئەم نهێنييە.

ئێستاش ئەم بابەتەی بەردەستم، ئەنجام و ئاکامی بيرکردنەوە و خوێندنەوە و بەدواداچوونێکی دوور و درێژە لەم پەيوەندييەدا، کە بە کورتکراوەيی پێشکەشتان دەکرێت و هيوادارم سوودبەخش بێت.

❁ ❁ ❁

لەنێو ژمارەکاندا، ژمارەی (٧) لە دێرزەمانەوە لە ڕۆژهەڵات و بەتايبەتی لای ئارييەکان پيرۆز ڕاگيراوە و بە ڕێزەوە سەيری کراوە، گەرچی هەندێ جار دەربارەی کاروبار و هاوکێشە ئەهريمەنيی و چەوت و شەڕانييەکان بەکاربراوە، بەڵام زۆربەی جار و زۆرتر لەچوارچێوەی کاروباری چاکە و خێر و لايەنی مەعنەويی و ڕۆحيی و پيرۆزيدا حيسابی بۆ کراوە و لايەنە پيرۆز و چاکەکانی لەخۆ گرتوون.. ڕێژەی هەسارە دۆزراوەکانی دنيای کۆن و هەرواش ڕەنگە سەرەکييەکان، پێشاندەری نرخ و بايەخ و گرنگيی لايەنە ڕۆحيی و ميتافيزيکييەکەی ئەم ژمارەيەن و بەسەرنجدانيش بە ئايينی دێرينی ميهريی، کە مێژينەيەکی پتر لە (٧٠٠٠) ساڵەی هەيە، دەبێ ئەو ڕاستييە قبووڵ بکرێت، کە ئارييەکان يەکەمين کەس بوون پەييان بە ڕەمزو ڕاز و نهێنيەکانی ئەم ژمارە پيرۆزە بردووە.

وەک دەزانـــین، گەلـــێ شارســـتانییەت لە ڕۆژهەڵات و بەتـــایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین سەریان هەڵدا، کە بە بنچینەو بناغەی شارستانییەتی هەموو مێـــژووی مرۆڤـــایەتیی دەژمێـــردرێن، بەڵام لە نێـــو هەر هەموویانـــدا تەنیـــا شارستانییەتی (ئاریی) مایەوە، بە واتایەکی دیکە، سەرجەم شارستانییەتەکانی دەوروبەر، یـــا لـــەنێو شارســـتانیەتیی ئاریاییـــدا تـــوانەوە، یـــان ســـڕڕانەوە و لـەنێوچوون.. شارسـتانییەتەکانی میسـر و سـومەر و ئەکەد و کلـدان و ئاشـوور و بابـل، نمـوونەیەکی دیـاریی ئەم تـوانەوەی شارسـتانییەتانەن و ئەوەش جێـی سـەرنجە کە ئـایینی میترایـیـزمی وڵاتـی ئـاریی لە هەموویـان کـۆنتر و دێرینتـرە.. ئەمـڕۆش، دەتـوانین سـیمبۆل و داب و نەریـتە میهرییەکـان لـەنێو ژیـانی ئەم سـەردەمەماندا بە ڕۆشـنی ببینیـنەوە.. گەر بمـانەوێ ڕۆشـنتر و وردتـر بـۆ ئەم هاوکێشـەیە بـڕوانین، دەبـێ بڵـێین: شارسـتانییەتەکانی نێـوان دوو ڕووبـار لـەنێو شارسـتانییەتی ئاریـدا تـوانەوە و پـێکەوە شارسـتانییەتێکی گەورە و مەزنتریـان پێکهێنا.

گەلانـی دەوروبەری ئێرانـی دێـرین، بەهـۆی گەلانـی ئـاریی میهرپەرسـت و میهرئەندێشـەوە، پەییـان بە هەسـارەکان و ڕەمزو ڕازو نهێنییە ئاهوورایيەکانیـان بـرد و هەربـۆیەش وەك سـیمبۆلێکی پیرۆز کەوتنە پەرستش و ستایشکردنیان.. ئەوەی ئاشـکرایە، ئەوەیە، کە میترایـیـزمی ئاریـایی کـاریگەرترین ئـایین بـووە بەسەر ئایینەکانی دیکەی جیهان بەتایبەتی ئیسلام و مەسیحییەتەوە:..

ڕۆژی لەدایکبوونی میهر لەنێو ئارییەکاندا بۆتە هەمان ڕۆژی بیست وپێنجی مانگی (دیسەمبەر)، کە مەسیحییەکان دەیکەنە جەژن..

جلوبەرگە سوورەکەی (پاپا) لە ئایینی میهرییەوە وەرگیراوە..

(میهرابە)ی نێو کڵێسەکانیش هەر هەمان میهرابە میهرییەکانن..

دەکـرێ ئامـاژەیەکیش بە کـاریگەریی ئـایینی میهـری لەسـەر گەلانـی ڕۆم و یۆنان بکەین، کە لەنێو پەرستگەکانیاندا بەردەنووس و هەڵکۆڵینی بەرجەستەی میهـری بەدیـدەکرێت، کە لـە نێویانـدا میتـرا خەریکـی سـەربڕین و قوربـانیکردنی (گـا)یە، ئەم ئاسـەوارە هێشـتاش لە هەنـدێ کلێســەی دێرینـی ئەورووپـادا

ماوەتەوە.. ئیسلامیش بەدەرنەبووە لە کاریگەریی میترایی و ئەم کاریگەرییەش زۆر بەرچاوە، کە لە درێژەی باسەکەماندا ئاماژە بەچەند نموونەیەك دەکەین..
بەم چەشنەش ژمارە (٧)ی پیرۆزی لای میهرییەکان لەلایەن و بەهۆی ئارییەکانەوە (چونکە بەناوبانگترین و ڕەسەنترین لانکەی شارستانییەتی میهری لە کوردستان (خورەم ئاوا)دا بوو، گەیشتە نێو ئایین و مێژوو و تەسەوف و داب و نەریتی کۆنی زۆربەی گەلانی جیهان.. لە مێژووی کۆن و شوێنەوارە دێرینەکانی سەرتاسەری ئێرانی گەورەی ئەو سەردەمەدا، سەرنجی ورد و بایەخدانی گەلانی ئاریی بە ژمارەی (٧) دیارو بەرچاوە:

هەرچوار دەوری قەڵای هیگمەتانەی پایتەختی ماد بە (٧) دیوار گیراوە...

داریوش لەگەڵ شەش کەسی دیکە لە نەجیبزادە ئارییەکان گرووپی (٧ کەس)یان پێکهێنا و دەست لە نێودەستی یەکدی (گئۆماتە موغ)ی درۆیینیان شکست پێهێنا، کە پیلانی دژی (کەمبوجیە)ی پاشای هەخامەنشیی دانا و سێ مانگ دەسەڵاتی ئێران و گەلانی ئاریی بەدەستەوە گرت... ئەم گرووپە (٧) کەسییە لە بەردەنووسەکانی (نەقشی ڕۆستەم)دا دیارن و هێشتاش ئاسەواریان ماوەتەوە...

ژمارەی (٧) لای ئارییەکان وەك سیمبۆلێکی هێز و وزەی مەزدایی سەیرکراوە، هەربۆیە دەبینین لە ناوەڕاستی فەرشە دەستییەکاندا (گۆ/خڕۆکە/حەوز)ێك کێشراوە و بە حەوت ڕەنگ و حەوت بەش ڕازاوەتەوە، ئەمەش بەو مەبەستە بووە، کە ئەوەی لەسەر فەرشەکە دادەنیشێت، لە وزەی ئارامیبەخشی ئەهوورایی بەهرەمەند بێت و بحەسێتەوە... دەکرێ حەوت قۆناغی عیرفانیی میترایی بە کۆنترین بەڵگەی مێژوویی پیرۆزبوونی ژمارەی (٧) بزانین لای ئارییەکان.. ئەم حەوت قۆناغە بریتین لە:

١- قالاو: تایبەت بە (عەتارد/ زاوە/ساوە)، سیمبۆلی (با)
٢- هاوسەر: تایبەت بە (زوهرە/ زەهرە)، سیمبۆلی ئاو.
٣- سەرباز: تایبەت بە (مەریخ)، سیمبۆلی خاك.
٤- شێر: تایبەت بە (مشتەری)، سیمبۆلی ئاگر.

٥- پارێزکار: تایبەت بە (مانگ).

٦- هەتاو: تایبەت بە (میهر)، ئەستێرەی بەیان.

٧- پیری مورشید: تایبەت بە (زوحەل).

هەروەها ئەم پیرۆزییە بەجۆرێکی دیکە لە فەرهەنگی ئاریدا ڕەگی داکوتاوە و ڕەنگی داوەتەوە، ئەویش (حەوت) بڕوای ئارییە دێرینەکانە:

١- پەرستنی هورمز (ئەهوورامەزدا)، خوای دانایی و تاقانە

٢- ئەشوویی، پاکیی و پارێزکاریی

٣- سەدرەو کوستیی، نیشانەی پێگەیشتنی گەنجانی ئەهوورایی

٤- بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی تایبەتی ئایین و کۆچکردوان

٥- دەسگیرۆیی هەژار و نەدار

٦- بەڕێوەبردنی جەژنە ئایینی و نەتەوەییەکان

٧- بەجێهێنانی (٥) نوێژی تایبەتیی ئایینی زەردەشت.

هەرواش دەتوانین ئاماژە بە هەندێ بیروبڕوای دیکەی ئارییەکان بکەین، کە لە ژمارەی (٧)دا بەرجەستە دەبنەوە:

حەوت ئیزەدی ئاریی

حەوت قاتی زەویی

حەوت تاقی ئاسمان

حەوت هەسارە: (مانگ، تیر، ناهید، میهر، بەهرام، بەرجیس، کەیوان).

حەوت ڕۆژی هەفتە

حەوت ئەمشاسپەندی دینی زەردەشت: (ئەشا، ڤەهوومەنە، ئەشەڤەهیشتە، خشەترا، ئارمەیتی، هەئورڤەتاتە، ئەمێرەتات)

حەوت هەرێم، حەوت وڵاتی مێژوویی ژێر کۆنترۆڵی ئێرانی کۆن

حەوت دەریا/ حەوت ئاوان

حەوت ئیزەدی ئایینی مانەوی لە سەردەمی ساسانییەکاندا

حەوت پەیکەری نیزامیی گەنجەویی

حەوت (خوان)ی ڕۆستەم: {خوانی یەکەم: (ڕەخش) شێرەکەی کوشت..

خـوانی دووەم: بەهـۆی ڕێنمـوونیی (مـامز)ەکەوە، چـاوگەی ئـاوەکە لە ڕۆستەم ئاشکرا بوو.. خوانی سێیەم: ڕۆستەم ئەژدیهاکەی کوشت.. خوانی چـوارەم: ژنە جادووکـارەکەی کوشـت.. خـوانی پێـنجەم: دوو گـوێی دەشتەوانەکەی بڕی.. خوانی شەشـەم: ئەرژەنگ دێوی کوشت و خوانی حەوتەم: سپی دێوی کوشت و سەرکەوتنی کۆتایی بەدەسهێنا}.

حەوت ئاتەشگەی دێرینی ئێران: ئازەر میهر، ئازەر نووش، ئازەر بەهرام، ئازەر ئایین، ئازەر بەرزین، ئازەر زەردەشت، ئاتەشگە.

حەوت تەپۆڵکەی دەڤەری خوزستان.

حەوت سین / حەوت چینی سەر سفرەی نەورۆز

حەوت نهۆمی ئارامگەی کورش

حەوت مەسنەویی جامی

حەوت بەشـی سـەرەکیی جەسـتەی مـرۆڤ: سـەر، مـل، سـینگ، پشـت، دەست، قاچ، ئەندامی زاوزێ

حەوت ڕۆژی پرسەگێڕیی

حەفتانەی پاش مردن

حەوت ڕۆژی شایی

حەفتانەی پاش زەماوەند

حەوت ئاشان: گوندێکی دەڤەری سەنجابە لە کرماشان

حەوت ئاش و بەتایبەتی حەوت ئاشی کەونارای گوندی (کەیمنە)

حەوت ئاسیاو: گوندێکی دەڤەری (فەریمان)ە لە مەشهەد

حەوت ئاشیان: گوندێکە لە سونقوری کرماشان

حەوت پارە: گوندێکە لە کازرونی پارس

حەوت پا: گوندێکی سەعادەتئاوای بەندەرعەباس

حەوت تاش: گوندێکە لە سەقز

حەوت تەن: مەزارگەیەك لە تاران

حەوت تەنان: گوندێك لە لاریجانی ئامول و کێوێك لە ڕۆژئاوای بەختیاریی

حەوت تومان: گوندێك لە بەشی خۆر بیابانەکەی لای نایین

حەوت جێرد: گوندێك لە (مەرو)

حەوت جۆ/جۆبار: گوندێك لە شەهریاری پارێزگای تاران

حەوت چاه/ چالاو: گوندێکی دەوروبەری (ئەرداك)ی مەشهەد

حەوت چشمە/ چەمە: ناوی چەندین گوند و شوێنە لە: گەرمساری دەماوەند، بێهشەهری ساری، دێهخوارقانی تەورێز، میانە، شەبستەری تەورێز، مشکین شار، ساڵحاوای ئیلام، ئابادانانی ئیلام، سەنجاویی کرماشان، دڵفانی خورەم ئاوا، کاکاوەندی خورەم ئاوا، چگنیی خورەم ئاوا، دێهدزی ئەهواز، زاغەی خورەم ئاوا، ئاخورەی فەرەیدون، چەند باخ و چاوگەیەك لە هەورامان.

حەوت کەشا: کێوستانێکی هەورامانی لهۆن

حەوت چووبە: گوندێك لە وەرامینی تاران

حەوت حەوز: ناوچەیەك لە نارمەکی تاران

حەوت خان: بەشێك لە ئەردەکانی شیراز

حەوت خانە: ناوچەیەك لە خەلیل ئاوای کاشمەر

حەوت خانی: گوندێك لە خەزەلی نەهاوەند

حەوت سار: بەشێك لە دەڤەری ورمێ

حەوت کەدە: بەشێك لە زەڕین ئاوای ئیلام

حەوت جۆش:

حەوت دەرمانە

حەوت گیا

حەوتەوانێ/حەوتەوانان

حەوت پشت

حەوتجار

حەوت دەرگا

حەوت کون

حەوت شار/ هەرێم

حەوت ڕەنگ

حەوت برا

حەوت سوار

حەوت ئاو

حەوت ئاگر

حەوت پیتی نۆتەی مۆسیقا

حەوت ژێی کەمانی هەلاجی

حەوت عەودالان

و...

❀ ❀ ❀

کاریگەریی و بەرچاوکەوتنی گرنگیی ژمارەی (حەوت)ی ئارییایی لای گەلانی دیکەی جیهان:

حەوت سەر سووڕهێنەرەکەی جیهان

حەوت شاری تەلیسماویی نەمرود

حەوت شەوانەڕۆژی کارەساتەکەی هۆزی (عاد)

حەوت فریشتەی پیرۆز لای بەنی ئیسرائیل

حەوت ساڵ فرەیی و حەوت ساڵ وشکەساڵی لە لێکدانەوەی خەونەکەی فیرعەونی میسر

حەوت مانگای لەڕو حەوت مانگای قەڵەوی هەمان خەونی فیرعەون

حەوت ئەسحابەکەی (کەهف)

تەمەنی حەوت ساڵیی بۆ دەسپێکی فێرکاریی منداڵ، ئەم تەمەنە بۆ یەکەمجار لای ئارییە دێرینەکان دیاری کراوە و لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا زۆر داکۆکیی لەسەر کراوە و بۆتە یاسا و ئەمڕۆش بۆتە نەریتێك لە هەموو جیهاندا.

❀ ❀ ❀

کـــاریگەریی و ڕەنگـــدانەوەی ژمـــارەی پیـــرۆزی حەوتـــی ئارییەکـــان لە ئیسلامدا:..

لە مەزهەبـی حەنەفیـدا حەوت بنەمـا بـۆ بـڕوای دینیـی دیـاریی کـراون، کە بریتین لە:

١- قورئان ٢- سوننەت ٣- گێڕانەوەی ئەسحابە ٤- قیاس

٥- استحسان ٦- اجماع ٧- عرف.

ئەمانە و دەیان نموونەی دیکەی وەك:

حەوت بەرد بۆ ڕەجمی شەیتان

حەوت مەحرەم لە دینیی ئیسلامدا

حەوت جار تەوافیی کەعبە لە سەردەمی (جاهیلییەت)دا

حەوت دەرگا و حەوت نهۆمی جەهەننەم

حەوت بەش، کە لە سوجدەدا دەبێ بکەونە سەر زەویی

حەوت جار تارەت لە یاساکانی تارەتدا

حەوت قۆناغە دینییەکەی مەزهەبی شیعەی ئیسماعیلییە

حەوت ئیمامییەکـــان: حەنەفیـــی، شـــافعیی، مـــالیکیی، حەنبەلیـــی، ئەبـــو یوسفیی، محەمەدیی، (زەفر)ی.

حەوت چاوگەی بەهەشـت: کەوسـەر، کافور، (میم)، سەلسـەبیل، (معین)، زەنجەبیل

حەوت دانەی نێو(ئاش)ی عاشوورا

حەوت جەهەننەم: سقر، سعیر، لظی، حطمە، جحیم، جهنم، هاویە.

حەوت فریشـتە: اوربائیـل، جدیائیل، شـمائیل، عنائیـل، جبرائیـل، عزرائیـل، اصرافیل

حەوت شـێوازی خوێنـدنەوەی قورئـان: نـافع مـدنی، عبـدالله ابـن کثیـر، ابـو عمرو بصری، ابن عامز شامی، عاصم کوفی، حمزە کوفی، علی کوفی.

حەوت خەتمی قورئان

حەوت جار خوێندنی (سوورەی تەوحید) بۆ چاوبەست و...
حەوت قورئان (لەبەیندا بن!!)

❁ ❁ ❁

تەختە نەرد (طاولە) یارییەکی ڕەسەنی داهێنراوی ئارییەکانە، گەر سەیری تاس (زار)ەکانی بکەین، بەجۆرێك دروست کراون، کە ژمارەکانی هەر زارێك بەهەر لایەکدا لەگەڵ یەك کۆبکەیتەوە، ئەوا دەبێتە (حەوت).

گوندی کەیمنەی سەر بە هەورامانی لهۆن مەزارگەیەکی تێدایە، پێشینان گوتوویانە حەوت جار (حەوت چوارشەمە) زیارەتی ئەو مەزارگەیە لە جیاتی (حەج)ێك قبووڵ دەکرێت.

حەوت شاری عەشق لای عەتاری نیشابووری.

لە کۆتایی باسەکەمدا دەبێ بڵێم هیچ شاعیر و بیرمەند و عارفێکی ئاریی (کورد و فارس و لوڕ و بەلووچ و ئەهورامانیی و...) نیە لە شیعرەکانیدا باسی ژمارەی (حەوت)ی نەکردبێت و ئەم ژمارە پیرۆزە بەجۆرێك لە شیعرەکانیدا ڕەنگی نەدابێتەوە، ئەمەش هەمان قسەی پێشوومان دەسەلمێنێت، کە: بنەمای پیرۆزیی ژمارەی (حەوت) دەگەڕێتەوە بۆ فکر و هزری ئارییە دێرینەکان و لە ئێمەوە گواستراوەتەوە بۆ گەلانی دیکە، واتە هەموو گەلانی دیکەی ئەم گۆی زەوییە، هەروەك بوار و لایەنە فکریی و زانستیی و فیزیکیی و متافیزیکییەکانی دیکە، لەم بوارەشدا کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی فکر و داهێنانەکانی ئێمەی ئارییەوە.

## خاچی شکاوی ئەڵمانیای نازی یا چەلیپای ئاریایی:...





گەر سەیری ئاڵای ئەڵمانیای نازی بکەین، دەبینین خاچێکی شکاوە کەوتۆتە نێوەڕاستییەوە، کە بۆتە ڕەمز و سیمبۆلی نازییەکان چ وەك ئاڵا و چ وەك مەدالیای سەربازیی بە شان و بەرۆکی ئەفسەرەکانی سوپای هیتلەرەوە. ئەو خاچە شکاوەی، کە بەهۆی ئەڵمانیای نازیی و بەفەرمانی (ئەدۆڵف هیتلەر) وەك دروشم و سیمبۆلی ئەڵمانیا دانرا، لە بنەڕەتدا نیشانە و دروشم و سیمبۆلێکی دێرینیی ئارییە.. دەکرێ بڵێین، هیتلەر بەپێی بیروڕای پتەوی بەرنەژادی -ئاریی/ ژێرمەنیی- خۆی و شانازیی زۆری بەو بیروبڕوایەوە ئەم سیمبۆلەی هەڵبژارد، ئەفسەرە نازییەکان مەدالیایەکیان بەسینگەوە بوو، کە لای سەرەوەی لە فرەوەهرە و لای خوارەوەی لە چەلیپا دەچوو، کە وەك گوتمان ئەمەش ڕێز و حورمەت و شانازیی لەڕادەبەدەری هیتلەری دەگەیاند بەنەژاد و بنەچە ئارییەکەی خۆی..

هەڵـبەت تەنیـا ئەڵمانییەکـان نەبـوون ئەم چەلیپـایە بەکـار بەرن، بەڵکـو (هینــدۆس)ەکانیش لە زۆربەی پەرســتگەکانیاندا ئەم ســیمبۆلەیان دانــاوە و تەنـانەت لەکـاتی مارەبڕینـدا، چەلیپـایەك لە دەوری ئەو ئـاگرەدا دادەنـێن، کە هەردوو بــووك و زاوا حەوت جــار بەدەوریــدا دەســووڕێنەوە.. کەچی ئــارییە ڕەسـەنەکان خۆیـان بەتەواوەتیـی لە بیریـان کـردووە و بەهـیچ جۆرێـك بەکـاری ناهێنن!.. گوایە چەلیپای ڕەسـەنیی ئاریی، بۆ یەکەمجار لە دەوروبەری دەڤەری (خوزستان)دا دۆزرایەوە و دەرکەوت، کە پێشینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٥٠٠٠) ساڵ پێش مەسیح و دواتر (هەرتزفێڵد) ناوی لێنا (گەردوونە/کەژاوەی هەتاو)، بەڵام بە وردبوونەوە لە دەقەکانی ئاڤێستا و بەراوردیی هەردوو بەشی (میهریەشت و هەتاویەشــت)، دەردەکەوێ کە هەتــاو هــەرگیز کەژاوەی نەبــووە، بەڵکــو ئەم کەژاوەیە تــایبەت بــووە بە میهــر، پاشــان بەســەرنجدان بەوەی، کە ئــایینی میهرپەرستیی وەك ئاینێکی مەزنیی جیهانیی و بیرخەرەوەی سەردەمی دێرینیی ئـاریی، بەرەبەرە لـەنێو ئـاینی مەزداییزمـدا تـوایەوە و تووشـی گـۆڕانێکی بەرچـاو هـات، دەتوانین بەرپەرچی ئەو بۆچوونەی سـەرەوە بدەینەوە و بڵێین لە ڕاسـتیدا چەلیپـا کەژاوەی میهــری مەزن بــووە، نەك هەتــاو. پێویســتە ئەوەش بڵــێم کە ناتوانین بەتەواوەتی پشت بە دۆزینەوەی چەلیپا لە خوزستاندا ببەستین، چونکە پێمــوایە ئەگەر لە کوردســتاندا گەڕان و پشــکنینێکی وردمــان هەبووبــا، ئەوا دەگەیشـتینە زۆر نمـوونەی زینـدووتر و مێژینەتریش، وەك دەشـزانین، تـا ئێسـتا ئاسـەواری زۆر لە سـەرتاسـەری ئێـران و کوردسـتانی گەورەدا دۆزراونەتەوە، بـۆ نموونە لە نزیك (تاقەوسان)ی کرماشان و هەرواش چەند شوێنێکی هەورامانـدا چەند نموونەیەك بینراون، کە بەسەر چەندین گۆزەوە هەڵکۆڵراون و مردوویان تێدا نێژراوە و بەشێوەیەکی تایبەت لە داوێنی ئەو تەپۆڵکە و کێوانەدا ژێرخـاك کـراون، کە ڕووبـارێکی پێدا ڕۆیشـتووە و دەرگـای گـۆزەکەش ڕووی بەرەو هەتـاو بووە. ئەم گـۆڕانەش بە ئاشـکرا دیـارن، کە هیـی سـەردەمی (میهر/میتـرا)ن، ئەم نەخشـە هەڵکـۆڵراوانە لە گەڵـێ گـۆزەی دیکـەی سـەردەمی ئەشکانییشـدا لەژێـر خاکــدا دۆزراونەتەوە. ئەم نیشــانەیە لە (یۆنان)یشــدا دۆزراوەتەوە، چــونکە

هونەرو شارستانییەتی ئاریی و یۆنانیی پێکەوە ئاوێتە بوون و کاریگەریی دوولایەنەیان لەسەر یەکدی هەبووە و بەپێی نووسینێکی (گیرشمەن)، بەتایبەتی هونەری (لوڕستان)ی کۆن کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەر هونەری یۆنانیی.

.. مێژینەی نەخشی چەلیپا لە یۆناندا دەگەڕێتەوە بۆ (٥٠٠) ساڵ پێش مەسیح و هەر ئەمەش وامان لێدەکات بڵێین ئەم نیشانەیە لە لایەن ئارییەکانەوە گەیشتۆتە یۆنان و ئەو نرخ و بایەخە سیمبۆلییەی پێدراوە. وەك دەزانین، گرنگی چوار توخمی سەرەکی (ئاو، با، خاك و ئاگر) لە ژیاندا، سەرەتا لەلایەن ئارییەکانەوە ناسرا، ئارییەکان یەکەم کەس بوون پەییان بەوە برد، کە ئەم چوار توخمە سەرەکییە، هۆکاری بنەڕەتیی دروستبوون و بەردەوامیی ژیان و گێتین و هەربۆیەش پێویستە ستایش بکرێن و ڕێزیان لێ بگیرێت و ئەم پەیکەرەی (چەلیپا)یەش، کە بریتییە لە چوار خانە یا ڕیشە، سیمبۆلێك بووە بۆ ناسین و بەرجەستەکردنەوەی بایەخی ئەم چوار توخمە، بەسەرنجدان بەو پەیوەندییە ڕۆشنبیریی و سیاسیی و سەربازییەی، کە لە سەردەمی هەخامەنشییەکان لە نێوان ئێران و یۆنان و میسردا هەبووە، ئەم هزرە گەیشتۆتە نێو ئەوانیش و بۆتە نەریتێك بۆ پەرستن و ستایشیی دینیی تایبەت بەم چوار توخمە و سیمبۆلەکەیان، کە هەمان (چەلیپا)یە. وەك دەزانین هەم ئالأکەی (کاوەی ئاسنگەر/درەفشی کاویانی) و هەم نیشانەی (فرەوەهرە)ش نزیکایەتیی و لێکچوونێکی زۆریان لەگەڵ بیچم و شێوازی چەلیپادا هەیە، هەربۆیەش دەتوانین بڵێین، پاش توانەوەی تەواوەتیی ئایینی میهریی لەنێو دینیی مەزدیەسنادا، چەلیپاش جێگەی خۆی دایە فرەوەهرە و هەموو واتا و پەیامەکەی، هەڵبەت چڕوپڕتر و تەسەلتر لە فرەوەهرەدا بەرجەستە کرایەوە، (لە نووسینەکانی دواترماندا ئاوڕ لە درەفشی کاویانیی دەدەینەوە).

لە خوێندنەوەیەکی دیکەشدا بۆ چەلیپای ئاریی دەبینین کراوەتە سیمبۆلی ڕۆح، چونکە کاتێ مرۆڤ پەیی بەوە برد، کە جەستەی مردوو هیچ هەناسەیەك نادات و ناجووڵێت، ئەو هەناسەیەی بە (ڕۆح) لێکدایەوە، لای مرۆڤی دێرینی

ئاریی، کاتێك کەسێك دەمرێ هیچ ئاڵوگۆڕێکی جەستەیی ڕوو نادات، بەڵکو ئەوە ڕۆحە جەستە جێدێڵێت و بەرەو ئاسمان دەفڕێت، هەرئەمەش بوو، کە ئەو فڕینەیان بە باڵندە وێنا کرد و باڵندەکەشیان وەك چەلیپا نەخشاند و ئیدی دیواری مەزارگەکانیش بە هەمان بیچمی چەلیپا دەڕازێنرانەوە، نموونەمان لەم بوارەدا زۆرن؛ بەڵام ئێمە لێرەدا بەکورتی ئاماژە بەچەند خاڵێك دەکەین:

مەزارگەی (شا نیعمەتوڵڵای وەلی) لە (ماهان)ی (کرمان)دا دوو منارەی هەیە، کە هەردووکیان بە دوو چەلیپای ڕەش و سپیی ڕازێنراونەتەوە.. منارەی باخی (قوشخانە)ی (ئەسفەهان) بە چەلیپا و چەلیپای شکاوە ڕازاوەتەوە.. ئارامگەی (شیخ سەفییەدین) لە (ئەردەبێڵ) بەجۆرێك بە کاشیی سپیی نەخشێنراوە، کە چەلیپای ڕەشی نێو دوو چەلیپا شکاوەکەی دیکە بەجوانی ببینرێت، کە لە هەشت بەشدا نەخشێنراون و لە هەر بەشێکدا چەلیپایەکی ڕەش کەوتۆتە نێو دوو چەلیپای شکاوەوە.

ئەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە چەلیپای شکاوە هەر لە ئاستی چەلیپادایە و هەردووکیان سیمبۆلی ڕۆحن.. سەرەڕای ئەو واتا سیمبۆلییەی ئاماژەمان پێکرد، دەبێ نەخشکردنی چەلیپایەکی ڕەش لەنێو دوو چەلیپای شکاوەدا بە نیشانەیەکی دیکەی نەمریی و گەڕان و سووڕانی ڕۆح و هەروەها (دۆنایدۆن/تناسخ الارواح) بزانین، کە لە دێرزەمانەوە بیری مرۆڤی بەخۆیەوە خەریك کردووە.

## تەختە نەرد (تاوڵە) چیمان فێردەکات؟:...



دەگێـڕنەوە، تەخـتەنەرد بەهـۆی (بزورگمیهـر)ی وەزیـری بە ئەزمـوونی (خەسرەو ئەنەوشیروان)ەوە دروست کراوە، بەلای منەوە، ڕاستیی و دروستیی بنەمـای ئەم گێـڕانەوەیە گرنگیـی لایەنە فکـرییەکە و چـۆنیەتیی داڕشـتنی فەلسـەفیی مۆرەو تاسـەکانی نیە، هەر بۆیە بەسـەریدا تێدەپەڕم و دەچمە سـەر لێکدانەوەی مەبەست و پەیامی نێوەوەی ئەم یارییە ئاوەزمەندانەیە:...

- تەختەنەرد لە (٢٤) خانە پێکهاتووە، کە نیشانەی (٢٤) کاتژمێری زەمەنیی شەوو ڕۆژە.

- ❖ (٣٠) مۆرەکەی بە نیشانەی (٣٠) شەوو ڕۆژی زەمەنیی یەك مانگە.
- ❖ نێوەوەی بریتییە لە (٤) بەش بە نیشانەی چوار وەرزی ساڵ.
- ❖ هەر گێمێك پێنج دەست یاریی پێدەکرێت، بە نیشانەی (٥) کاتی تایبەتیی شەوانەڕۆژ، کە بە کاتی نوێژیش ناو دەبرێن.
- ❖ هەر لایەکی تەختەکە (١٢) خانەی تێدایە، بە نیشانەی (١٢) مانگی زەمەنیی ساڵ.
- ❖ تەختەنەرد لە دوو ڕەنگی ڕەش و سپی پێکهاتووە، کە نیشانەی شەوو ڕۆژە.
- ❖ خودی تەختەکە نیشانەی گۆی زەوییە.
- ❖ تاس (زار)ەکان بە نیشانەی ئەستێرەی بەخت و شانس دروست کراون و سووڕانی زارەکان نیشانەی سووڕانی ڕۆژگارە.
- ❖ مۆرەکان سیمبۆلی مرۆڤن، جووڵانی مۆرەکان؛ واتە جموجووڵی مرۆڤ لە گێتیدا بۆ ژیان.
- ❖ لابردنی هەر مۆرەیەکیش لەکاتی کوشتندا، سیمبۆلی مەرگ و نەمانی مرۆڤە لەسەر گۆی زەویی.

**ژمارەی تاس (زار)ەکان:**

تاس (زار)ی تەختەنەرد لە شەش ژمارە پێکهاتووە: ژمارە (١) تا (٦)، کە هەریەکەیان مەبەستێکی تێدایە:

١- نیشانەی یەکتاپەرستیی.

٢- هەبوونی ئاسمان و زەمین.

٣- سیمبۆلی بیر و زمان و کرداری چاك.

٤- نیشانەی باکوور و باشوور و خۆرهەڵات و خۆرئاوای گۆی زەویی و هەروەها سیمبۆلی چوار (ئاخشیگ) توخمی سەرەکیی (ئاو، با، خاك، ئاگر).

٥- سیمبۆلی هەتاو، مانگ، ئەستێرە، هەورەبرووسکە، باران.

٦- سیمبۆلی شەش ڕۆژە و دوازدە قۆناغی ئەفراندن و هەروەها شەش نەسکەکەی ئاڤێستا.

شــتێکی گرنگتــر لە تەختــەنەرددا هەیە، ئەویــش ژمــاردن و کــۆکردنەوەی ژمارەی زارەکانییەتی: بەهەر لایەکدا ژمارەی زارەکە بژمێریت و کۆی بکەیتەوە، دەکـاتە (حەوت)، ئەم ژمـارەیەش ژمـارەیەکی پیـرۆزە لای گەلانـی ئـاریی و زۆر شــتمان هەیە لەم ژمــارەیەدا بەرجەســتە دەبێــتەوە: حەوت ئەمشاســپەندان.. حەوت شــەو و ڕۆژ.. حەوت هەرێــم (وڵات).. حەوت ئەســتێرە (حەوتەوانــان) و...هتد.

**تێبینـی: لە بـابەتێکی جیـاوازدا باسـی پیرۆزیـی ژمـارەی (حەوت)م کـردووە و لێرەدا زۆرتری لەسەر ناڕۆم.**

یـاریی (تەختـەنەرد) لەبەرانـبەر یـاریی (شـەترەنج)دا دروسـت کـراوە، گەر یــاریی شــەترەنج نیشــانەی مەیــدانی جەنــگ و بزاوتــی هەمیشــەییە، ئەوا تەختەنەردیش سیمبۆلی ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی ژیرانەی جیهانە و دەتوانین بڵێــین: ئەم دوو یــارییە چڕکــراوەی لایەنە جۆراوجۆرەکــانی ژیــان و جیهــانن بە گشـتیی و دوو لایەن و بـواری (سـەربازیی) و (سیاسـیی) بەتـایبەتیی.. پێشـینانی ئێمە، وەك چۆن چەندین یارییان بۆ منداڵەکان داهێناوە، تا بەهۆیانەوە لەسـەر پرەنسیپەکانی ژیـانێکی سەربەسـت و بەختیـار پەروەردەیـان بکەن، ئـاواش ئەم دوو یارییەیـان بـۆ گەورەکـان داهێنـاوە، کە فێـری یاسـای ژیـان و بەڕێـوەبردنی جیهانیان بکەن و گرێکوێرەکانی ژیانیان بۆ بکەنەوە.

## ئامۆژگارییەکانی ئەشوو زەردەشت بۆ کوڕەکەی

## مانیفێستی ژیانی مرۆیی:...



دەڵێن: خێزان، (باوك و دایك) یەکەمین و بنەڕەتیترین مامۆستای مرۆڤە.. کەسێتیی مرۆڤ هەر لە منداڵی و لەنێو خێزاندا فرچك دەگرێت و مرۆڤ لە گەورەییدا هەرچی و هەرچۆنێك بێت، پاشماوەی پرۆسیسێکە، لە منداڵییەوە و لەنێو خێزاندا دەستی پێکردووە.. ڕابردوو، سەردەمی منداڵیی و دەسپێکی ژیان لەنێوماڵدا دەبێتە ئاوێنەیەك و مرۆڤ ئێستا و ئەمڕۆی خۆی تێدا دەبینێتەوە. منداڵ، لاپەڕەیەکی سپی و پاك و ساکارە و ئەوە خێزانە خەتی تێدەخات و شتی تێدادەنووسێت.. مرۆڤ، چ بەخۆی بزانێت و چ نەزانێت، ناڕاستەوخۆ هەمان

ئەو نووسراوانە دەخوێنێتەوە کە پێشتر لەسەر ڕووپەڕی ژیانی نەخش کراون.. بە ڕێکەوەنـدێکی دیکـە، ئەمـڕۆی مـرۆڤ، وەرگێڕانێکـی دەقـاودەقە لە کتێبـی نووسـراوی سـەردەمی منـداڵیی، بەم پێـیەش مـن پێمـوایە نـاتوانین گلەیـی لە کەسـێك بکەیـن، گەر هەڵەیەکـی کـرد، بەڵکـو دەبـێ ڕووی دەمی گلەییەکەمـان بکەینە یەکەمین قوتابخانە و یەکەمین مامۆستای، واتە خێزان و دایك وباوکی. با بزانین، ئەشوو زەردەشتی ڤەخشوەر، کە بۆتە یەکەم مامۆستای هێژای مرۆڤ و بنەماکانی مرۆڤایەتی و سەربلّندیی بۆ داڕشتووە، چۆن ئەرکی باوکێتیی خۆی بەجێهێناوە و بۆ منداڵەکانی چۆن مامۆستایەك بووە؟

لە نووسـینەکانی پێشـووترمدا باسـی (پەئورڤەچیسـتا)ی کـچی بچـووکتری زەردەشتم کردووە و پێشانم داوە چۆن وەك و دۆست و مامۆستایەك (نەك هەر تەنیا وەك و باوکێك) لەگەڵ کچەکەیدا جووڵاوەتەوە و چۆن ڕێنمایی کردووە بۆ هەڵبژاردنـــی سەربەســـتانەی هاوســـەر و پێکهێنـــانی ژیـــانێکی ئاســـوودە و سـەربەرزانە.. چۆن ئەم (بـاوك مامۆسـتا دۆسـت)ە هێـژایە توانیویەتی مرۆڤێك پەروەردە بکـات، هـۆی شـانازیی مرۆڤـایەتی بێـت و چـۆن دایکێـك ڕابهێنێـت دایکایەتیی دۆستانەی مرۆڤ بگرێتە ئەستۆ و مرۆڤی (باوك مامۆستا دۆسـت)ی ڕاستەقینە و پاك دڵ و پاك زمان و پاك و چاك کردار پەروەردە بکات و دواڕۆژی گێتـی و مرۆڤایەتی بسپێرێتە دەسـتی نەوەیەکـی دروسـت و تەندروسـتی ئاقـڵ و پاك و بیرتیژ و چاوکراوە.

بـا ئێسـتاش بـزانین چۆن ڕووی دەمی کـردۆتە کوڕەکەی و چیی پێگوتـووە و چیـی لـێ ویسـتووە.. بـا بـزانین، هەروەهـا کە کـچەکەی ڕاهێنـا، ببێـتە دایکێکـی مـرۆڤ، هەروەهـا کـوڕەکەی هـان دەدات و ڕایـدەهێنێ ببێـتە بـاوکێکی مـرۆڤ و مرۆڤێکـی بـاوك و دۆسـتی مرۆڤـایەتی؟.. ئەشـوو زەردەشـت، لە چەنـد خاڵـدا مانیفێســتێکی مرۆڤــانەی ئاراســتەی کــوڕەکەی کــردووە و ئەوی ڕووبەڕووی ئەرك و بەرپرسـیارێتییەکی مەزنـی بنیـاتنەرانە کـردۆتەوە. چاوخشـاندنێکی زۆر سـادە بەم چەنـد خـاڵەدا ڕاسـتیی ئەم بۆچوونەمـان بـۆ دەسـەلمێنێت و وامـان

لێدەکات درووود و ئافەرین بۆ ئاوەها باوکێك بنێرین و دڵمان بە ئاوەها کوڕێکیش خۆش بکەین، کە لەو قوتابخانە مرۆییەدا پەروەردەکراوە. ئەم چەند خاڵەی خوارەوە کە من (مانیفێستی ژیان)ی پێدەڵێم، زۆر بەسادەیی داڕێژراون و لەم لاپەڕەیەشدا نووسراونەتەوە، بەڵام زۆر پێویستە ئێمە بە دیدێکی وردی ڕەخنەییانە و ڕامانێکی قووڵەوە لێیان بڕوانین و لە ناخەوە لەگەڵیان بژین تا پەی بە واتا و مەبەست و پەیام و فەلسەفەی شاراوەی نێوەوەیان بەرین.

ئەشوو زەردەشتی پەیامبەری ڤەخشوەری کورد و مامۆستای تاقانەی مرۆڤایەتی ڕوو لە کوڕەکەی دەکات و پێیدەڵێت:

- ئەوەی ڕابورد لە بیری بکە و خەمی ئەوەش مەخۆ کە هێشتا نەهاتووە.
- پێش هەر وەڵامدانەوەیەك، بیر بکەرەوە.
- گاڵتە بە هیچ کەس مەکە.
- نە بە ڕاست و نە بە درۆ، سوێند مەخۆ.
- خۆت، هاوسەری ژیانی خۆت هەڵبژێرە.
- ڕازی مەبە بە دژایەتی و شەڕ بۆ هیچ کەس.
- تا بۆت دەکرێ، لە سامانی خۆت ببەخشە.
- هیچ کەس فریو مەدە، تا دەردەدار نەبیت.
- لە خۆڕا متمانە بە هەموو کەس و هەموو شتێك مەکە.
- فەرمان بە چاکەکاریی بکە، تا بەهرەی چاکت بگاتێ.
- بێتاوان بە! تا هیچ ترسێکت نەبێت.
- پێزان بە و چاکەت لەبەرچاو بێت، تا شایانی چاکە بیت.
- لەگەڵ خەڵکدا یەکڕەنگ و یەکدڵ بە! تا ببیتە مەحرەم و ناسراو.
- ڕاستگۆ بە! تا خۆڕاگرتر بیت.
- خاکەسار بە! تا دۆستانت زۆر بن.
- با دۆستانت زۆر بن، تا ناودارتر بیت.
- ناودار بە! تا ژیانت بە چاکە و بە چاکی بەسەر بەریت.

- ❖ دۆستی دین بە! تا پاك و ڕاست و دروست بیت.
- ❖ بە پێی ویژدانی خۆت بجووڵێوە، تا بەهەشتیی بیت.
- ❖ بەخشندە و دڵاوا بە! تا ئاسمانیی بیت.
- ❖ ڕۆحی خۆت ئالوودەی ڕق و کینە مەکە.
- ❖ هیچ کات ڕووگرژ و مۆن مەبە.
- ❖ لە کۆڕوکۆبوونەوەکانـدا، لای مرۆڤـی نەزان دامەنیشـە بـا بە نەزان لێـت تێنەگەن.
- ❖ ئەگەر دەتەوێ لە هیچ کەس جنێو نەبیستی، جنێو بە کەس مەدە.
- ❖ دووڕوو و دوو زمان مەبە.
- ❖ لە هیچ کۆڕێکدا لای مرۆڤی درۆزن دامەنیشە.
- ❖ هـیچ کـات، بە هـیچ شـێوەیەك و بـۆ هـیچ مەبەسـتێك و لە هـیچ هەلـومەرج و بارودۆخێکدا، درۆ مەکە.
- ❖ چالاك بە! تا وشیار بمێنیتەوە.
- ❖ سەحەرخێز (زوو خێز) بە! تا هەموو کارەکانت بەجوانی ئەنجام بدەیت.
- ❖ گەرچی زۆریش شارەزای (ئەفسوون)ی مار بیت، بەڵام هیچ کات دەستی بۆ مەبە تا پێتەوە نەدات.
- ❖ لەگەڵ هـیچ کەس و هـیچ ئایینێکـدا پەیمانشـکێنی مەکە! تـا بـێ زیـان و ئاسوودە بژیت.

وەکو پێشتر گوتم؛ وردبوونەوەیەك لەم چەند خاڵەی سەرەوە، بە مەرجێك زۆر ورد و ژیرانە لەگەڵیاندا بژین و بیانخەینە نێو هزرگای ناخمانەوە و لە ناخەوە لەگەڵیان بین و بیریان لێبکەینەوە، بۆمان دەردەخات کە بەڕاستی مانیفێستێکی تەواوی مرۆیی و کۆمەڵایەتییە و زەردەشتی ڤەخشوەر بەم کارەی ویستوویەتی کوڕەکەی و لەگەڵ ئەویشدا هەموو کوڕانی مرۆڤایەتی و باوکانی ئایندەی مرۆڤ بخـاتە ژێـر لێپرسـراوێتییەکی قورسـی ئینسـانییەوە و پێیـان بڵێـت: ژیـان و شـانازیی و بەختەوەریـی لەخـۆڕا نـایەنە کـایەوە و بەختیـاریی بـۆ هەمـوو کەس

مسۆگەر نابێت، تا خۆی پڕچەك نەكات بە هزرو بیرو ئیرادەی ئینسانیی و ناخی پڕ نەكات لە عەشقی گەل و نیشتمان و كۆمەڵ و كۆمەڵگەی مرۆیی.. كەواتە، با لەبەر ئەم ڕۆشناییەی هزری زەردەشتەوە بڕوانینە ئایندە تا خۆمان و نەوەكانی داهاتووی مرۆڤیش ئاسوودە و بەختەوەر بكەین.. با لەبەر ڕووناكایی تیشكی ئەم هزرە مرۆییە، ببینە (باوك، مامۆستا، دۆست)ێكی ڕاستەقینە بۆ منداڵ و نەوەكانمان و مەشخەڵێكی ئەندێشەوەرانەیان بدەینە دەست، تا ڕێگای سەربڵندیی ئایندەیان ڕۆشنتر بكەنەوە و بگەنە لووتكەی بەرزی (كەماڵ) و بەختیاریی ئینسانیی و یەزدانیی. یەك بە یەكی خاڵەكانی ئەم مانیفێستە مرۆییە گرنگ و شیاوی تێڕامانی قووڵن، بەڵام با ئێمە تەنیا دوانیان بەرجەستە بكەین و بینایەكی مەزن و پتەویان لەسەر بنیات بنێین بۆ دواڕۆژێكی ڕووناك.. با بە بڕوا و ئیرادەیەكی ئینسانییەوە ڕووی زاری دڵمان بكەینە منداڵەكانمان و بۆ ڕووناككردنەوەی شاڕێی سەروەریی دواڕۆژیان، دۆستانە لێیان بخوازین:

١ـ خۆت، هاوسەری ژیانی خۆت هەڵبژێرە:...

واتە بڕوات بە توانایی و شایستەیی مرۆیی خۆت هەبێت، پشت بە ئیرادەی بوێرانەی خۆت ببەستە، پاشەڕۆژی خۆت مەخەرە ژێر پێی حەزێكی سۆزداریی یا نەریتێكی مردووی خێڵەكیی، چۆك بۆ باوكسالاریی و دایكسالاریی و دینسالاریی و گەورەسالاریی و خێڵسالاریی دامەدە و بە چاوی داخراو ملكەچی ئیرادە و خواستی نالۆژیك و داسەپێنراوی دەوروبەرت مەبە و هەر خۆت، بە چاوی كراوە و ئاوەزی گەشەسەندوو و ئیرادەی مرۆڤانەت بەردی بناغەی ژیانی هاوسەریت دابنێ و هاوسەری ژیان و هاوسەنگەری خۆت لە شەڕی بەردەوامیی ژیاندا هەڵبژێرە. ڕازی مەبە خوشكەكەت بە (مێرد) بدەن، بۆ كڕینی (ژن) بۆ تۆ یا (مێرد)ێكت بۆ بدۆزنەوە بۆ ئەوەی (ژن)ێك بۆ براكەت بهێنن.. مل بەو هەڕوگیڤە مەدە، كە دەوروبەرت و بەرامبەرت پێشانتی دەدات.. ئەگەر خۆت هاوسەری خۆتت هەڵبژارد، واتای ئەوەیە خۆتت ناسیوە و توانیوتە بەسەر

تاریكاییەكانی ژیانتدا سەربكەوی و ئاراستەی ژیانی خۆت بگۆڕیت و لەگەڵ ناتەبایی و نابەرابەرییەكاندا بجەنگیت، ئەمەش واتای زیندوویی تۆیە و دەكرێ بەخۆت بڵێیت: مرۆڤێكی پێگەیشتووی تێگەیشتوو. لەم حاڵەتەشدا بەرووبووم و بەرهەمی ژیانت هەمان ئەو شتە پڕبایەخە دەبێت، كە خۆت بڕوات پێی هەیە و دەیخوازیت و ئیرادەت لەسەریەتی، نەك ئەوەی كە ئەوانی دیكە بۆت دادەڕێژن و بە دڵی خۆیان و بە حەزی خۆیان و بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان دایدەتاشن.

مرۆڤێكی ئازاد و سەربەست و پێگەیشتوو بە.. ، تا بتوانی داهێنەر بیت، ببیتە خاوەنی كەرامەتی مرۆییی ڕاستەقینە و ئاوێتە ببی لەگەڵ گەوهەری خیلقەت، واتە یەزدانی پاكدا.

**٢ـ هەرگیز، بە هیچ شێوەیەك و بۆ هیچ مەبەستێك و لە هیچ هەلومەرج و بارودۆخێكدا، درۆ مەكە:...**

دێوی درۆ، كوشندەترین و بێبەزەییترین دوژمنی مرۆڤ و گێتیی و مرۆڤایەتییە. درۆ، گەوهەری (بوون)ی مرۆڤانە دەكوژێت و كەرامەتی مرۆیی لێڵ دەكات.. هەرچی چەرمەسەریی و ناتەبایی و گێرەوكێشە و دەرد و ڕەنج و نەخۆشیی و زوخ و زامی گێتیی هەیە، هەمووی هەر لە (درۆ)وە سەرچاوە دەگرێت.. درۆ، دەسپێك و بنەما و بناغەی دوژمنایەتیی و ناكۆكیی و ناڕاستیی و ناتەندروستییە.. مرۆڤ، تا ژیانی پاوانیی درۆ بێت، ڕووی خۆشبەختیی نابینێت و لەخەونیشدا بۆنی كامەرانیی ناكات.. تا ژیانی مرۆڤ دیلی دێوی درۆ بێت، زیندوێتیی تێدا نابینرێت و گەشەی مرۆڤانەی تێدا ناكرێت.. سەرچاوەی ترس و تۆقاندن و پشێویی و نابەختەوەریی و سەرجەم چەوتیی و خراپییەكان درۆیە و هیچی دیكە نیە.. گەر بڕوات بەبوونی پیرۆزیی خۆت هێنا.. گەر خودی وشیاریی خۆتت دۆزییەوە.. گەر متمانەت بەبڕستیی بیری مرۆڤانەی خۆت كرد، ئەوا پەی بە چەوتییەكانی درۆ دەبەیت و لێی دوور دەكەویتەوە.. گەر لە درۆش دوور

کەوتیتەوە، ئەوا دەگەیتە ئاستی بەرزیی حەوانەوە و حەسانەوەی ناخت و لووتکەی بڵندی سەرفرازیی. دوور بە لە درۆ و.. هەموو دەم پەیڕەوی ڕاستیی و دروستیی بە، بەپێی یاسای (ئەشا) بژی.. ژیانێك بە درۆ بنیات نرابێت، بەسووکە بایەك تێکدەڕوخێت و وێران دەبێت، بەڵام ژیانێك بناغەکەی لەسەر ڕاستیی و دروستیی دامەزرابێت، ئەوا دەبێتە خاوەنی بەختەوەریی سەرمەدیی و چێژ و شادمانییەکی ئەبەدیت پێدەبەخشێت.

کەواتە، ڕاستیی و دروستیی و ئەشا بکەرە چرای ڕووناکیبەخشی شاڕێگەی گەشە و نەشە و پێشکەوتن و پێگەیشتنی خۆت و نەوەکانت و هەموو دەوروبەریشت، هەوڵ بدە (گەرچی سەختیش بێت)، گێتی بە یاسای ئەشا، (کە تاکە یاسای مرۆیی و یەزدانیی ڕاستیی و دروستییە) ئاوەدان بکەیتەوە. هەردەم (ڕاست)بە تا هەمیشە (ڕستگار) بیت.. ئاگادار و دڵنیابە، چونکە ڕستگاری تەنیا و تەنیا لە ڕاستیی و دروستییدایە.

## پەیامی ئەشو زەردەشت بۆ هاوسەرانی گەنج:...



لە چەند بڕگەیەکی گاتاکان، کە هەمان پەیڤە جوان و هەردەم نوێ و نەمر و پڕواتاکانی خودی ئەشو زەردەشتن، هەندێ خاڵ بەرچاو دەکەون، کە بۆ گەنجان و بەتایبەت ئەوانەی پەیمانی هاوسەرێتیی دەبەستن، گەلێ بەسوود و پڕ بایەخن و بیستن و بەکارهێنانیان دەبێتە هۆی شادیی و بەختەوەریی زۆرتر لە ژیاندا. پێش پتر لە (٣٧٠٠) ساڵ لەمەوبەر، پەیامبەری کورد، ئەشوو زەردەشت، لە پەیڤە ئاسمانییەکانی (گاتا)دا ئامۆژگاریی زۆر چاك و بەپێز و بەسوودی ئاراستەی کچان و کوڕانی پێگەیشتووی وڵات و نەتەوەکەی کردووە و پەیامی گرنگی داوەتێ، پەیامێك، دوای (٣٧٠٠) ساڵ و بگرە زۆرتریش، هێشتا نوێ و سەردەمانەیە و هێشتا لە خزمەتی گەشە ونەشەی ژیار و ژیانی مرۆییدایە.

ئەوەی لێرەدا ئاراستەی گەنجانی خۆشەویستی وڵاتەکەمی دەکەم، بەشێکە لەو ئامۆژگارییە بەنرخانەی پەیامبەری دێرینی گەلانی ئاریی، کە لە (هات)ەکانی (٥٣ و ٥٤)ی (گات)ەکاندا بەرجەستە بوونەتەوە: با هەموومان و گەنجەکانمان بەتایبەتی، گوێی دڵ بسپێرینە پەیڤە زێڕینەکان و ئامۆژگارییە مرۆڤانەکانی ئەم پەیامبەرە فەیلەسووف و بیرمەندە مەزنەی مێژووی مێژینەی کورد:...

ڕووی دەمم لە ئێوەیە: تازە بووك و تازە زاواکان: هیوادارم قسەکانم بە گوێی دڵ ببیستن و بە بیری وردەوە لێیان ڕابمێنن و بە یاد و زەینی خۆتانیان بسپێرن:...

❖ هەمیشە بە سرشتی چاك و دڵی پاك و دڵنەرمیی و خۆشەویستیی بژین و هەوڵی ئەوە بدەن بۆ ڕاستیی و دروستیی و پاکیی، پێشی یەکدی بدەنەوە، تەنها لەم ڕێگەیەوەیە دەتوانن ژیانێکی تەژیی لە بەختەوەریی و کامەرانیی بژین و ئاسایش و ئاسوودەیی ئایندەتان مسۆگەر بکەن. ئەی هاوسەرانی گەنج، هەمیشە سەرنجی ورد بدەنە ئەم ڕاستییە: ئەو کەسانەی لە ژیانی هاوسەرێتیدا دەکەونە شوێنی درۆ و فریوکاریی، گەرچی لەوانەیە بە ڕواڵەت چێژی لێ وەربگرن، بەڵام لە ڕاستیدا درۆ بەرەو هەڵدێریان دەبات و نامۆیان دەکات لە خۆیان، ئەوانەی دڵبەستەی فریوکاریی و چەواشەکاریی و چێژە درۆیینەکان دەبن، دەروونیان تاریك دادەگەڕێت و هەقیقەت هەرگیز ڕوو ناکاتە نێو هزر و بیریانەوە، بۆیە هەرگیز ناگەنە پلەی بەرز و ئاستی پێگەیشتن.. بەڵام ئەگەر پابەندی سەرئازایی و پاکیی و یەکڕەنگیی بن و کاتێ عەشق و وەفاداریی پاك لەنێو دڵ و ناختاندا جێگیر بوو، ئەوا هەم لەم جیهانە و هەم لە ژیانی ئەبەدییشدا چاکترین و باشترین سوود و بەهرەتان پێدەگات.. ئاگادار بن، هەرکاتێکیش تووشی ئەندێشەی ئەهریمەنیی و ناپاکیی بوون و لەم پاکیی و یەکڕەنگییە دوور کەوتنەوە، بەرەنجامەکەی جگە ڕەنجخەساریی و ئازار و دەرد و حەسرەت و ژان، هیچی دیکە نابێت.

- هەمـــوو ئەوانەی ژیـــانی هاوســـەریێتیی تێکەڵـــی درۆ دەکەن، ســـەرەنجام دەکەونە بەر گاڵتەو سووکایەتیی خەڵکی دیکە و سەرکۆنەی ناخ و نەستیی خۆیشـیان. مامۆسـتایانی دروسـتکار و ڕاسـتگۆ، ئاوەهـا ئامۆژگـاریی تـازە بووك و تازە زاوایان دەکەن: لە ژیانی هاوسەریێتیی و لەنێو خێزاندا بەئاوەز و ڕاستیی و دروستیی ڕەفتار بکەن تا ئارامیی و ئاسایش و سەفا و یەکڕەنگی بڕژێتە نێو ژیانتانەوە و ڕووناکی بکاتەوە و دووڕوویی و فریوکاریی، کە وەك و زنجیرێـك مرۆڤـی بەسـتۆتەوە و بەرەو فەنـایی ڕادەکێشـێت، لە ژیانتانـدا نەمێنن و لێیان ڕزگار ببن.
- بەدئەندێش و کەچئەندێشان و ئەوانەی بوونەتە بەندەی هەواوهەوەس، لە ڕاستیی و دروستیی بێزارن.. دروستکاران دەدەنە بەر گاڵتە و سووکایەتیی و هەردەم لەگەڵ نەسـت و نـاخی خۆیشـیان لە شـەڕ و دژبەریـی و پێکـدادان و بەربەرەکانێدان.. بەڕاستی، ئەو کەسەی بەو پەڕی ئازادیی و ئازایەتییەوە و بە هەمـوو بیروبـڕوا و ئیـرادەوە بەگـژ هەواوهەوەسـدا بچێـتەوە، هێـزی مەعنەویـی خواوەنـد یـارمەتیی دەدات و پشـتیوانی دەبێـت.. ئـاوا کەسـێك دەبێـتە خـاوەنی شایسـتەترین بەهـرە و پاداشـت.. لە حاڵەتێکیشـدایە، کە عەشق و خۆشەویستیی، کە ئاواتی هەرهەمووومانە، ڕوومان تێدەکات و دڵ و دەروونمان پڕ دەکات لە شادیی و ئارامیی ویژدان و ئاسایشی ئەندێشەمان پێدەبەخشێت.. هەرکەس گوێی دڵ بداتە دەنگی ویژدانیی خۆی و خواستی ئەو بەجێ بهێنـێ، کە هەمـان خواسـتی یەزدانە، پەروەردگـار پاداشـتێکی شایسـتەی دەداتـێ و بەختیـاری دەکـات، پاداشـتێك کە تەنیـا و تەنیـا لەبەر تیشکی ڕووناکیی پاکیی و ڕاستیی و دروستیدا دەکرێ پێی بگەین، پاداشتێك کە خواوەند دریغی لە هیچ کەس ناکات و بۆ هەموانی داناوە و ئێمەش دەبێ خۆمان بەشایستەی ئەو پاداشتە یەزدانییە بزانین.
- دڵنیـا بـن شـادیی و ئاسـوودەیی ڕۆح و بەختەوەریـی ژیـان، لەم چەنـد خـاڵەدا بەرجەستە دەبنەوە:

١ــ هەمیشە بە سرشتی چاك و دڵی پاك بژین و بە بیری ورد و چاك بیروڕای خۆتان ئاڵوگۆڕ بکەن.

٢ــ بۆ پاكیی و ڕاستیی و دروستیی لەگەڵ یەكدا پێشبڕكێ بکەن.

٣ــ لە ژیانی هاوبەشدا خۆتان لە هەرچەشنە درۆ و خراپەیەك بەدوور بگرن.

٤ــ فریوی خۆشییە كەمخایەن و بێئەنجامەكان مەخۆن و دڵ مەسپێرنە ڕواڵەتە چەواشەكارانەكان.

٥ــ پابەندی ئازادیی و سەرئازایی و یەكڕەنگیی و دڵپاكیی بن لە ژیاندا.

٦ــ با عەشقی ڕاستەقینە لە زەمینی ناختاندا ڕەگ دابكوتێت و ببێتە درەختێكی گەورەی پڕ سەمەر لە بەختەوەركردنی ژیانتاندا.

٧ــ لە ژیاندا سوود لە ڕێنمایی مامۆستایان و شارەزایانی ڕاستگۆ و دروستكار وەربگرن.

٨ــ ڕیا و دووڕوویی و فریوكاریی لە ژیانی خۆتاندا بنەبڕ بکەن.

٩ــ بەوپەڕی ئازادیی و ئازایەتیی و لە ناخی دڵەوە بەرەنگاری هەواوهەوەس ببنەوە.

١٠ــ گوێ بسپێرنە دەنگی ویژدانتان و بەپێی داخوازیی ئەو بجووڵێنەوە، داخوازیی ویژدان، هەمان خواستی یەزدانە.

## بەهەشت و دۆزەخ لە دینی زەردەشتدا (ڕووناکایی و تاریکی):...



دینــی زەردەشــت بەســەر ســێ بنەمــاوە دامەزراوە: ئەندێشــەی چــاك (هەئومەتە) و (زمـانی چاك (هەوەختە) و کـرداری چـاك (هەوەرەشـتە). سـێ بنەمای خراپ لە بەرانبەر ئەم سێ بنەما چاکەدا قوت دەبنەوە، کە بریتین لە: ئەندێشــە و زمــان و کــرداری خــراپ. لەم دیــنە مێــژینە و هەردەم نــوێ و سەردەمییانەیەدا پێگە و شوێنی تایبەت دیاریی کراون بۆ پاداشت یا سزادانی پەیڕەوانی بنەمای چاکە یان خراپەکان.

سێ بنەمای ئەندێشەی چاك و زمانی چاك و كرداری چاك، لە هەموو بوارێكەوە نوێ و داهێنەرانە بوون، چونكە تا ئەو كاتە هیچ كەس لە گۆی ئەم زەوییەدا نە گوتبوونی و نە بیریشی لێكردبوونەوە. ئەم سێ بنەما زێڕینە لە ئاڤێستادا گەلێ سەرنجی دراوەتێ و زۆرجار باسیان كراوە و بە چاكیی ستایش كراون. هۆكاری مەزنێتیی و گرنگیی ئەم سێ بنەمایەی ڕاهێنان زۆر ڕوون و ئاشكرایە: ئەم سێ بنەمایە دەبنە خاڵی بنەڕەتیی سەرجەم چاكە و ڕووناكاییەكان.. بیری چاك، زمانی چاك دروست دەكات و تۆوی چاكە لە دڵی مرۆڤدا دەچێنێت، كە بەرهەمەكەی هەمان كردار و كردەوەی چاك دەبێت، كە سوود دەبەخشێتە جیهانی مرۆیی و دەبێتە هۆی ئاسایش و ئاسوودەیی مرۆڤ. ئەم سێ بنەما ئارياييە، هەرگیز بە هیچ زەمەنێكەوە نابەسترێتەوە و تووشی ئاڵوگۆڕ نابێت، كۆن نابێت و هەرگیز پێویستی بە گۆڕین و نوێكردنەوە نیە. چونكە تا دنیا دنیا بێت، وەك خۆی و بەهەمان گرنگیی دەمێننەوە و مرۆڤایەتیش بەردەوام پێویستیی پێیان دەبێت و ژیانی ئاسوودە و بەختەوەریی مرۆڤ تەنها لە پەیڕەویكردنی ئەم سێ بنەمایەدایە. بەپێی ڕاهێنانەكانی دینی زەردەشت، ئەو كەسەی خاوەنی بیر و زمان و كرداری چاك بێت دەكەوێتە بەر ڕەحمەت و بەخششی بێپایانی ئەهووره‌مەزدای دانایی و بەتوانا و شایستەی پاداشتیی بەهەشت دەبێت. بەڵام ئەگەر نیاز و بیری مرۆڤ چاك نەبێت و بكەوێتە ژێر كاریگەریی چەواشەكارانەی ئەهریمەنی هەواوهەوەس، ئەوا زمانیشی سەرتاسەر دەبێتە درۆ و كرداریشی تاوان و خراپەكاری دەبێت و سەرەنجامەكەی تاریكیی و زیان و حەسرەتیی تاهەتاییە، بۆیە پەیامبەری مەزنی ئاریایی، گەلێ پێش مێژوو، (٣٧٠٠) ساڵ و بە گوتەیەكیش (٨٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر ئەم سێ بنەما ئەخلاقییەی پێشكەشی مرۆڤایەتیی كرد و كردنیە سەرچاوەی سەرجەم فێركاریی و ڕێنمایی و ڕێبەرایەتیی و ڕاهێنانە یەزدانییەكانی خۆی بۆ ڕزگاركردنی مرۆڤایەتیی و گێتی لە زیان و حەسرەت و پەشیمانیی و وێرانیی و تێكچوون.

بەپێی نەسکەکانی ئاڤێستا، لە نێو بەهەشتدا بۆ هەرکام لەم سێ بنەمایە پلە و پێگە و شوێنێکی تایبەت دیاریی کراوە، کە لە بڕگەی (١٣)ی بەشی (٥٧)ی کتێبی (مینو خیرەد)دا ناوی ئەو شوێنە تایبەتانە هاتووە و بە جێگەی ئەندێشەی چاك (هوڤەمتەگا) و شوێنی زمانی چاك (هوڤەختەگا) و شوێنی کرداری چاك (هوڤەرەشتەگا) دەگوترێت. لە بەشەکانی حەوت و هەشت و نۆی کتێبی (ئەرداویرافنامە)شدا باسی سێ نهۆمی بەهەشت کراوە و دەڵێت: نهۆمی یەکەم تایبەتە بە ئەندێشەی چاك و لەنێو ئەستێرەکاندایە.. نهۆمی دووەم، کە تایبەتە بە زمانی چاك لەنێو گۆی مانگدایە و نهۆمی سێیەمیش تایبەتە بە کرداری چاك و کەوتۆتە بڵندترین ڕووناکاییەوە. ڕۆحی مرۆڤی چاکەکار، پاش مەرگی دەچێتە ئەو سێ نهۆمەوە و پاشان دەگاتە ڕۆشنایی و تیشکی بێپایان، کە ئاڤێستا (ئەنەغرەرەئوچە)ی پێدەڵێت؛ بە واتای (ڕووناکایی بێسنوور و بێپایان).

وشەی بەهەشت لە بنەڕەتدا (ڤەهیشتە)یە، کە ئاماژەیەکە بە چاکترین چاکەکانی جیهان و ژیانی چاك و پاك و بەختیار. لە ئاڤێستادا بۆ بەهەشت و فیردەوس باشترین و شیاوترین وشە دانراون: (ئەنگەهو ڤەهیشتە) واتە باشترین ژیان و چاکترین گیان. ئەنگەهو واتە شوێن، جیهان و ڤەهیشتەش واتە باشترین.

ئەم باشترین شوێنە (ئەنگەهوڤەهیشتە) نزیکی بارەگای ئەهوورەمەزدا (عەرشی باڵا)یە، کە لە ئاڤێستادا (گەروتمان) و لە فارسییدا (گەرەزمان/گەروزمان)ە، بە واتای خانومانیی ستایش. (لە بەشی یەکەمی کتێبی ژوانی یەسنادا باسی (گەرووتمان)م کردووە و شوێنەکەیشم دیاریی کردووە).

هەر بەپێی دەقەکانی ئاڤێستا، تاوانبار کاتێك دەگاتە پردی (چینڤەت)، کە دواتر لە ئیسلامدا ناوی (صرات)ی لێنراوە، سەرەتا دەبرێتە شوێنە تایبەتەکانی ئەندێشەی خراپ و زمانی خراپ و کرداری خراپ و پاشان دەکەوێتە نێو زوڵمەت و تاریکاییی بێپایان، کە ئاڤێستا (ئەنگەرەتمەنگە)ی پێدەڵێت و هەمان شوێنی ئەهریمەن و خانومانیی (درۆ)یە. پێویستە بڵێم؛ ئەم باسەش بەشێکە لە

ڕاهێنانەکانی دینی مەزدیەسنا.. دەبینین لە تەوراتدا هیچ ئاماژەیەك بەناوی بەهەشت و دوزەخ و بەرزەخ نەکراوە و ئینجیلیش زۆر بەکورتی باسی کردووە، دینەکانی دیکەش هەر بە کەموکورتی ئاماژەیان پێکردووە، جگە لە ئیسلام، کە بەتەواوەتی شتەکەی وەرگرتووە و بە دوورودرێژی باسی کردووە.

دەقەکانی ئاڤێستا پێمان دەڵێن: لە ڕۆژی چوارەمی پاش مەرگ، ڕۆح لە جەستە جیادەبێتەوە و جێی دەهێڵێ. ئەگەر مردووەکە چاکەکار بووبێت، ئەوا بەرهەمی هەست یان ویژدانی بە بیچمی کچێکی زۆر جوان و نازدار دێتە پێش چاوی و بەرەو فیردەوس و ڕووناکایی نەمری دەبات.. ڕۆحی بە گورجوگۆڵی بەسەر پردی چینڤەت (صرات)ەوە دەپەڕێتەوە و پاش تێپەڕکردنی سێ قۆناغی تایبەت بە بیر و زمان و کرداری چاك، دەگاتە فیردەوسی بەرین و بارەگای بەرز و پیرۆزی ئەهوورامەزدا. بەڵام ئەنجامی هەست و ویژدانی مردووی خراپەکار، وەك پیرەژنێکی ناشیرین و ئەهریمەنیی لەبەرانبەری دەردەکەوێت و بەرەو دۆزەخ و تاریکایی دەبات. پردی چینڤەت، کە بۆ چاکەکاران ساف و پان و پۆڕە، بۆ ڕۆحی خراپەکارانیش زۆر باریك و تیژ دەبێت و پەڕینەوە لێی مومکین نابێت.. ڕۆحی خراپەکار هەر بەسەر پردە تیژ و باریکەکەوە هەڵدەدێرێت و دەکەوێتە نێو ڕووبارێکی ئاگرینی ئاسنی تواوە و لەوێشەوە پاش تێپەڕاندنی پڕ زەحمەت و چەرمەسەریی، سێ قۆناغی تایبەتی بیرو زمان و کرداری خراپ، دەگاتە چوارەمین شوێن، کە هەمان شوێنی تاریکیی خراپەکار و درۆبازانە. بەڵام ئەگەر ئاکاری چاك و خراپیی مرۆڤ وەك یەك و بەیەك ئەندازە بێت، ئەوا دەبرێتە شوێنێك، کە پێی دەگوترێت (هەمیستەگان) و ئەمیش هەمان (بەرزەخ)ە، شوێنێك، نە سزا و ئازاری دۆزەخی لێیە و نە پاداشت و خۆشییەکانی فیردەوسی لێیە.

لە (سپەندمەتگات) و بڕگەی (٢)ی هاتی (٥٠)ی یەسنادا، سەبارەت بەو چاکەکارانەی دەچنە بەهەشت، هاتووە: "ئەوانەی بەپێی ئایینی پیرۆزی ئەشا ژیاون و هەتاوی ڕاستیی و هەقیقەت ڕووناکایی پێبەخشیون، کاتێ دەگەنە ڕۆژی لێپرسینەوەی کۆتایی، لە شوێن و بارەگای وشیاران و بیرچاکاندا دایاندەنێم".

هەر لە بڕگەی یەکەمی ئەم هاتەدا زەردەشت دەڵێت: "ئایا ڕۆحم دوای مردن دەتوانێ هیوای بە پەنا و پاڵپشتیی کەسێك بێت؟.. زۆرچاك دەزانم و دڵنیاشم، کە ئەو کەسە جگە لە ڕاستیی و سرشت و بوونی چاك و پاکیی تۆ ئەی ئەهوورەمەزدا کەسێکی دیکە نیە".

لە (ئەهنەوەدگات) و بڕگەی (٣)ی هاتی (٣٣)ی یەسنادا هاتووە: "ئەوەی خوازیاری چاکە و خۆشیی بێت بۆ پەیڕەوانی ڕاستی، چ پێشەوا و چ نەجیبزادە و چ وەرزێر و چ ئاژەڵدار، ئەوا دەچێتە گوڵستانی ئەشا (ڤەهوومەنە). لێرەدا مەبەست لە ڤەهوومەنە هەمان فیردەوسی بەرینە.

لە (ئوشتوڤەدگات)ی یەسنا بڕگەی (١١)ی هاتی (٤٦)دا دەخوێنینەوە: " (کەرەپان)ەکان، واتە ئەوانەی قوربانیی دەکەن، کە کارێکی ناشایستەیە و دژی ئاییینی مەزدیەسنایە و (کاوی)یەکان، کە ئەمانیش گرووپێکی دژی ئاییینی مەزدیەسنا و پەیڕەویی دێوی درۆن، بە هۆی دەسەڵاتی خۆیانەوە، خەڵکیی بۆ خراپەکاریی هان دەدەن، تا ژیانی جاویدانیی دوارۆژیان تێك بدەن. ڕۆح و ڕەوانی ئەمانە، کاتێ دەگاتە سەر پردی چینڤەت نوقمی ترس و پەژارە دەبێت و دەکەوێتە نێو ئاگری دۆزەخ، کە هەمان شوێنگەی هەمیشەیی درۆیە.

پردی چینڤەت لە ئاڤێستادا (چینڤەنتە پەرەتو)یە بەواتای (پردی لێکدانەوە و داوەریی). بەپێی گێڕانەوەی دەقە پالەوییەکان، پردی چینڤەت بۆ چاکەکاران بە ئەندازەی نۆ (نێزە) یا (٢٧) تیری تایبەتی کەوان پان و پۆڕە و بۆ تاوانبارانیش وەك تیغ (مووس)ی تیژ و باریك دەبێت.

لە بڕگەی (١٨)ی بەشی (٢٨)ی کتێبی (بوندەهێش)دا هاتووە: " ئەو چەند شەو و ڕۆژەی، کە ڕۆحی مردوو هێشتا لەسەر زەوییە، گەلێ نیگەران و ترساوی هەیبەتیی دێوی (ویزارەش)ە، دێوێك، کە لە دەرگای دۆزەخدا وەستاوە، بەپێی فەرگەردی (١٩)ی ڤەندیدات، ئەم دێوە یەکێکە لە سەرکردەکانی شەڕ و خراپە.. ئیشوکاری هەمان فریودان و بەلاڕێدا بردن و بەرەو دۆزەخ ڕاکێشانی خەڵکە، هەر بۆیە وا دەبینرێت، کە پاش مەرگ، ڕۆحی

مــردوو بەرەو دۆزەخ ڕادەکێشــێت. ئەو ســێ شــەوو ڕۆژەی، ڕۆح بەو تــرس و نیگەرانیــیەوە بەســەر ســەری مــردووەوە دەمێنێــتەوە و ڕۆژی چوارەم لاشــەکە جێــدێڵێت. ئاڤێستاناســەکان، بە پشتبەســتن بەدەقە پالەوییەکــان ئەو چــوار قۆناغەیان بەم جۆرە پۆلێنبەندیی کردووە:

١ــ هەتاو پایە

٢ــ مانگ پایە

٣ــ ئەستێرەپایە

٤ــ ئەنگەرە ڕەئوچە یا هەمان (ڕووناکایی بێ پایان).

بۆ دۆزەخیش هەر سێ پلە دانراوە، کە بریتین لە:

١ــ شوێنی ئەندێشەی خراپ (دژەمتە)

٢ــ شوێنی زمانی خراپ (دوژەختە)

٣ــ شوێنی کرداری خراپ (دژەختە).

## فەلسەفەی شەترەنج و دەنكە گەنم لای ئەشوو زەردەشت:






پەیامی زەردەشت چ وەك ئایدیۆلۆژی و دین سەیربكرێت و چ وەك فەلسەفە، لە هەردوو حاڵەتەكەیدا پەیامێكی قووڵی ئینسانیی و مەزن و زیندووەو دەكرێ وەك بناغەیەك وەربگیردرێت، كە هەنووكەش و تا دوایین چركەكانی ژیانیش كۆشك و تەلاری بەرزی هۆشمەندیی و هوشیاریی و كامەرانیی و بەختەوەریی مرۆڤانەی لەسەر بنیات دەنرێت و لە ڕابردوو و ئێستا و ئایندەشدا مەشخەڵێكی ڕووناكیبەخش و درەوشاوەیە، كە شاڕێگای گەیشتن بە سەربەستیی و كەرامەتمەندیی بۆ مرۆڤ ڕووناك دەكاتەوە. مەشخەڵێك، كە هەرچی سوچ و كون و قوژبنی نەناسراوە، ڕۆشنی دەكاتەوە و دێوەزمەی تاریكیی دەتارێنێ؛ تاریكاییەك، كە لای ئەو بە سەرچاوەی درۆ و

نادروستیی و کەچەندێشیی و ئاکاری خراپ دەژمێردرێت و بە یەکەمین دوژمنی مرۆڤـــی ڕاســـتگۆ و بەکەرامەت دادەنرێـــت. ئەم پەیـــامە پیـــرۆزە لە قـــاڵبە ئایدیۆلۆژییەکەیدا ئەو توانایانەمـان پێدەبەخشـێت، کە ئەقڵانیـی بیـربکەینەوە و خۆمـان لە تەوتەم و تابۆپەرسـتیی ڕزگـار بکەیـن و یەکەمین کەس بـین، کە دژی سیسـتمی هەرە دۆگـم و ئـاڵۆزی چەنـد خـودایی بوەسـتین و سـەرجەم بتەکـانی جەهـل و نەزانیـی تێکبشـکێنین و بڵێـین: کەون و کاینـات تەنیـا یەك خواوەنـدی هەیە، یەك خواوەنـد بەواتـای خـاوەن، کە ئەویـش نەك (معبـود) و (قـادری موتڵەق) و (منتقم) و (مستکبر) و (جبار)، بەڵکو وەك دۆست و یار و پێشڕەو، کە مـرۆڤ نەك کۆیلـە و زەلیـل و تەسـلیمی دەسـتی بەهێزییەتـی، بەڵکـو دۆسـت و هاوکار و یاریدەدەرییەتی بۆ بەرەو پێشبردن و گەشەپێدانی ژیان و جیهان. ئەم خواوەنـدە، لە دینـی زەردەشـتدا بەنـاوی دۆسـتی زانـا و سـەروەریی بەئاگـا دەناسـرێت و هاوسـەنگەری مـرۆڤە لەشـەڕ و بەربەرەکانێ دژی درۆ و تـاریکیی و نەزانیـــی و هـــاوڕێیەتی لە کـــاروانی ســـەربەرزیی و ڕاســـتییخوازیی و هەوڵ و کۆششی بنیاتنەرانەیدا.

هەروەهـا لە قـاڵبە فەلسەفییەکەشـیدا ئەقڵانییتـر و زانسـتییتر، ژیـان و جیهان و واتاکانی زیندەگیمان پێدەناسێنێت و خۆشەویستتریان دەکات لە لامان، تـا زۆرتـرو دڵگەرمتـر هەوڵبـدەین لەپێنـاو پراکتیزەکردنیـان و بووژانـدنەوە و زیندووکردنەوەی زۆرتری ژیانی مرۆڤانەمان بەشێوەیەکی ڕۆژانەو بێوچان و بێ خەمسـاردیی. دەتـوانین سـەرجەم واتـا و مەبەسـت و پەیـامی ڕاهێنانەکـانی زەردەشت لە هەردوو قاڵبەکەدا (دین و فەلسەفە) لە دوو خاڵدا ببینینەوە، واتە؛ لە (شەترەنج و دەنکە گەنم)ێکدا:

لەوانەیە تـا ئێسـتاش مێـژوو و بەسـەرهاتی شـەترەنج بـۆ زۆر کەس سـاغ نەکرابێتەوە، یاخود هەرکەسەو ڕا و بۆچوونێکی لەسەر دابێت. گەرچی پێشتر و لە ژمـارە (٤٣٦)ی هەفتەنـامەی گـوڵان لە سـتوونی (فەرهەنگـی یەسـنا)دا بە کـورتیی ئەم باسـەم وروژانـدووە و لە بابەتێکـدا بە ناونیشـانی (کـش و مـات) کـــورتە ئـــاوڕێکم لەو بـــوارە؛ واتە لە مێـــژووی شـــەترەنج داوەتەوە، بەڵام بە

پێویستی دەزانم لێرەدا بە تێروتەسەلیی لێی بدوێم و لەگەڵ خاڵی دووەم؛ واتە (دەنکە گەنم)دا باسیان لێوە بکەم، تا نێوەڕۆکی ئەو پەیامە فەلسەفیی و جیهانبینییە قووڵ و بەرفراوانەی زەردەشت لای خوێنەری کورد زۆرتر بناسرێت و ڕۆشنتر ببێتەوە:

زەردەشت لە سێیەمین (٣٠)ساڵی پاشایەتیی (ویشتاسب)ی شای کەیانیدا سەری هەڵدا و بەرەبەرە پەیامەکەی پەرەی سەند و ناوبانگی لە سنووری شاخە سەرکەش و باخە چڕوپڕەکانی هەورامان تێپەڕی و بە سەرتاسەری ئێرانی ئەو سەردەمەدا بڵاو بووەوە. لەو کاتەدا پادشای پیر و کامەران تووشی دڵساردی و نائومێدی و ڕەشبینی دەبێت.. پێی وایە جیهان بۆ ئەو کۆتایی هاتووە و ژیان هیچ واتایەکی نەماوە و ئەویش هیچ بیانوویەکی نیە بۆی بژی و پێی ئومێدەوار و دڵخۆش بێت، چونکە لە وڵات و دەسەڵات و ماڵ و سامان، هەیەتی و سەرکەوتووە بەسەر جیهاندا و گەیشتووە بە سەرجەم ئاوات و خواستەکانی و ئیدی نزیك بۆتەوە لە خاڵی کۆتایی! ئەم خەیاڵە نائومێدانەیە دەبێتە خۆرە و دڵی دەخواتەوە و تووشی نەخۆشیی و پەژارە و ڕەشبینیی کردووە. هەواڵی ئەو ئاڵۆزیی و پەشۆکاوییە دەگەیەننە لای زەردەشت و داوای چارەسەری لێ دەکەن.. زەردەشت پەی بە مەسەلەکە دەبات و تێدەگات، کە نائومێدبوونی پادشا هۆی ئەوەیە، کە بەتەواوەتی لە فەلسەفەی ژیان و جیهان و بوون نەگەیشتووە و تاکە ڕێگەچارەش هەمان هۆشیارکردنەوە و ڕاچڵەکاندن و تێگەیاندنیەتی.. بۆیە سەرجەم فەلسەفەی ژیان لەنێو چەند خانەی ڕەش و سپی و چەند مۆرەی جۆراوجۆری تایبەتیی خانەکاندا پڕ دەکاتەوە و شەترەنج دادەهێنێ.. پاشان هەموو یاساکانی یاریی دەنووسێتەوە و چوارچێوەکەی دیاریی دەکات و دەینێرێتە لای پادشا. زەردەشت لە داهێنان و دیاریکردن و یاسامەندکردنی شەترەنج دەیەوێت نەك بە تیۆریی، بەڵکو بەکردەوە فێرمان بکات و پێمان بڵێت: "ژیان بزاوتێکی ئاڵۆز و پڕجووڵە و پڕ ڕەمزوڕازە، کە تاهەتایە لە جووڵە ناکەوێت و هیچ کۆتاییەکی بۆ نیە، ئەم بزاوتە هەرە زیندووەش لە گۆڕەپانێکدایە، پێی دەڵێن گێتی، کە دەبێ بەپێی

یاساو ڕێسا و دیسیپلینێکی تایبەت و شایستە هەوڵ بدرێت بۆ بەرینکردن و ئاوەدانکردنەوەی زۆرتری ئەو جیهانە و بەرەوپێشتر بردن و بەگوڕترکردنی ژیان تێیدا. ئەو چەند مۆرە جۆراوجۆرە سیمبۆلی مرۆڤ و زیندەوەرە بەسوودەکانە، کە دەژین و دەبێ هەمیشە لە جووڵە و بزاوتدا بن، بەبێ ئەوەی ماندوو ببن و کۆڵ بدەن، ئەو چەند خانەیەش ڕەمزی گۆی زەوییە، کە تێیدا دەژین، زەوییەك، کە بریتییە لە دوو لایەن، دووخاڵ، دوو خواست و دوو واتا، کە ئەوانیش ڕەش و سپییە، ڕووناکیی و تاریکییە، ڕاستیی و درۆیە، دادپەروەریی و بێدادییە، مروەت و دڵڕەقییە، خۆشەویستیی و ڕقوکینەیە، ئاسوودەیی و بێزارییە...! ئەو دوولایەنەش هەرگیز پێکنایەن و هەمیشە و تاهەتایە لە شەڕو ململانێدان، کە ئەو شەڕوململانێ و پێکدادانە هەمیشەییە لەم جیهانە ئاڵۆزەدا، کە بەهۆی مۆرەکان (مرۆڤ)ەکانەوە پراکتیزە دەکرێت و درێژە دەکێشێت. مرۆڤ بۆیە دروست کراوە، کە جیهان ئاوەدان بکاتەوە و گەشە بە ژیان ببەخشێت. ئەم پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانەش شتێك نیە، کە بەئاسانی بگاتە ئەنجام و کۆتایی پێبێت، بەڵکو پرۆسەیەکە لە ئەزەلەوە، تا ئەبەد؛ واتە بۆ تاهەتایە هەر دەبێت و ڕۆژ بە ڕۆژیش نوێ دەبێتەوە و لە سەرەتاوە دەست پێدەکاتەوە.

کەوابوو مرۆڤ نابێ هیوابڕاو بێت و لە ژیان سارد ببێتەوە و دەست لە جیهان بشوات، بەڵکو هەموو بەیانییەك؛ واتە لەگەڵ هەموو دەسپێکێکی نوێی ژیان، دەبێ هەوڵە بێوچانەکانی زۆرتر و هەمەلایەنەتر بکات، بۆ ڕۆژێکی باشتر و ژیانێکی گەشاوەتر و ژیارێکی ئاوەدانتر. واتە دەبێ مرۆڤ بڕوای بەو ڕاستییە هەبێت، کە ژیان ناوەستێت و جیهان تەواو نابێت و مرۆڤی ژیرو زیندووش ئەوەیە، کە هەمیشە و بەبێوچان لە هەوڵ و تێکۆشاندا بێت بۆ نەهێشتنی تاریکایی و درۆو ستەم و ناتەبایی و...، تا بەم چەشنە واتایەکی شایستەتر بە ژیان و جیهان ببەخشێت...". بەڵام ئاشکرایە کە پادشای پیر و هیوابڕاو (ویشتاسب) لە پەیامەکەی زەردەشت نەگەیشتووە و فەلسەفەکەی نەناسیوە؛ بۆیە بەبێ ئەوەی سەری لێ دەربکات، تەنیا بە ئامێرێکی یاری و

سەرگەرمیی دادەنێت و ئەمجارە بەدوای چارەسەرێکی یەکجارەکیدا نزیکەکانی خـۆی لەگەڵ کـاروانێکی زێـڕو گەوهەردا بە دیـاریی بەرەولای زەردەشـت دەنێرێت، تا داوای لێ بکەن بچێت و ببێتە مامۆستا و ڕاهێنەری پادشا، یاخود یەك لە قوتابییەکانی بنێرێت، تاکو دەردی دەروونی پادشا چارەسەر بکات. زەردەشت وێڕای وەرنەگرتن و گەڕاندنەوەی دیارییەکان، دەنکە گەنمێك دەخاتە نێو سندووقێکی زێڕینی بچکۆلانە و پێیان دەڵێت: "بە پادشا بڵێن ئەوا نەك خۆم یـا قوتـابییەکم بەڵکـو مامۆسـتاکەی خـۆم دەنێـرمە لای". شـاندی نـوێنەران دەگەڕێنەوە و لەگەڵ گێڕانەوەی قسەکانی زەردەشت، سندووقە بچکۆلانەکە دەدەنە پادشـا. ئەویـش سـەری دەسـووڕمێت، کە ئەم سـندووقە دەبـێ چیـی تێدابێت و چۆن بۆتە مامۆستای زەردەشت؟.. کاتێکیش کە دەیکاتەوە و تەنیا دەنکە گەنمێك دەبینێت دوو هێندە سەرسام دەبێت، چونکە بە هیچ جۆرێك بۆی لێك نادرێتەوە و پەی بەڕەمزی کارەکەی زەردەشت نابات، ئەوەندە نەبێت، کە بەخۆی دەڵێت: ئەمە حیکمەتێکی تێدایە و ئەم دەنکە گەنمە بۆ خۆی چارەسەری دەردەکانم دەکات، هەر بەو ئومێدەشەوە دەیخاتەوە نێو سندوقە زێڕینەکە و هەڵیـدەگرێت.. بەڵام پـاش مـاوەیەك، کە بە هیـوای پەرجویـەك سـندوقەکە دەکاتەوە، دەبینێ دەنکە گەنم هەمان دەنکە گەنمی جارانە: ورد و وشك و بێ بـایەخ! پاشا تووڕە و پەست دەبێت و پێیوایە زەردەشت گاڵتە و سووکایەتیی پێکـردووە، بـۆیە دەنـکە گەنـمەکە فـڕێ دەدات و ئەمجـارە بـەدوای زانـایەکی ناسراو و بەناوبانگی هیندی[٣]دا دەنێرێت. پاش ماوەیەك زانای هیندیی لەگەڵ نێردراوانی پادشا دەگاتە کۆشکی شاهانە و دەچێتە لای پادشا و پێش هەموو شـتێك پێی دەڵێت: تۆ لێرە زەردەشتت هەیە، چۆن ناردووتە بەدوای مندا.. هـاتنی مـن زۆرتـر بـۆ دۆزیـنەوەی وەڵامی ئەم پرسـیارەم بـووە! ویشتاسـب سەرجەم سەربوردەکەی بۆ دەگێڕێتەوە.. زانای هیندیی سەیرێکی شەترەنجەکە

---

[٣] لەو سەردەمەدا تەنیا دوو کەس لە هەموو جیهاندا ناوبانگی زانایی و حیکمەتیان دەبێت ئەوانیش زەردەشت و ئەو زانا هیندییە دەبن، کە بەداخەوە من ناوەکەیم لەبیر کردووە.

دەکات و بە خوێندنەوەی ئەو یاسایەی، کە زەردەشت بۆی داناوە زیاتر شەیدای زەردەشـت و فەلسـەفە قـووڵەکەی دەبێـت و بە پادشـا دەڵێـت: زەردەشـت مەزنتـرین خزمەتـی بـۆ تـۆ ئەنجامـداوە، کەچی تـۆ هێشـتا کلیلـی خۆشـبەختیی ڕاسـتەقینەت نەدۆزیـوەتەوە.. پاشـان هەواڵـی دەنـکە گەنـمەکە دەپرسـێت و پادشاش دەیباتە ئەو شوێنەی، کە کاتی خۆی لێی فڕێدابوو.. دەبینن دەنکە گەنم ڕواوە و سەوز و جوان و زیندوو و قەدی هەڵبڕیوە و هێشوە گەنمێکیشی گرتووە.. زانای هیندیی لە کاتێکدا سەرسامی توانایی فکری و هۆشمەندیی و بیری ورد و قووڵیی فەیلەسووفانەی زەردەشت بووە، ڕوو لە ویشتاسب شا دەکات و پێی دەڵێـت: لە ڕاسـتیدا زەردەشـت نەك سـووکایەتیی بـە تـۆ نەکـردووە، بەڵکـو بەوپەڕی ڕاسـتگۆیی لەگەڵـت جووڵاوەتەوە.. زەردەشـت کەسێك نیە گاڵتە بە خـەڵکانی دیکـە بکـات، بەڵکو مامۆسـتایەکی مەزنە، کە مـرۆڤ ئاشـنای شـاڕێی کەرامەت و بەختیـاریی دەکـات.. زەردەشـت مامۆسـتای مرۆڤـایەتییە و شـایانی ئەوپەڕی ڕێز و وەفایە.. بەڵـێ زەردەشـت مامۆستایەکەی خۆی ناردۆتە لای تۆ بەڵام ئەوە تۆی کە نەتناسیوەتەوە، چونکە بە دیدەی وردبینی زانایی و تێفکرین سـەیرت نەکـردووە.. زەردەشـت لە ناردنی شـەترەنجەکەدا بـۆ تۆ ویسـتوویەتی پێت بڵێت: "ژیان لەم گۆی زەوییەدا تەواو نابێت و مرۆڤایەتیی کۆتایی نایەت، بەڵکـو هەمیشـە لە گـوڕوتین و هەڵـبەزو دابەزدایە و هەردەم لە گۆڕانکـاریی و نوێبـوونەوەدایە و مرۆڤـی ژیـر و ڕاسـتگۆش ئەو کەسـەیە، کە بەپێـی یاسـا و ڕێسـاکانی مەزدیەسـنا و ئەشـا و ڕاسـتیخوازیی ڕێچـکەی ئەو نوێبـوونەوەیە بەرنەدات و هەمیشـە لەگەڵ تـاریکیی و نەزانیـی و درۆ لەشـەڕدا بێـت و هەوڵ بدات لەپێناو سەرخستنی ڕاستیی و ڕووناکیی و هوشیارییدا.. لەم پرۆسـەیەدا گەر بەشێك یا بەرنامەیەك گەیشتە ئەنجام، ئەوا بەشێك و بەرنامە و ئەرکێکی نوێتر دەسپێدەکات و لە ئاکامدا ژیان و جیهان هیچ ڕاوەستانێکی بۆ نیە و مرۆڤی بەختـەوەریش ئەو مـرۆڤەیە، کە بەسـەر دێـوی درۆ و نائومێـدیی و هیوابڕاویـدا سـەربکەوێ.. کەواتە تـۆ بەهەڵەدا چوویـت، گەر واتزانییـێ گـوایە جیهـان بـۆ تـۆ تەواو بـووە و گەیشـتووی بە سـەرجەم خواسـتەکانت و ئیـدی بیـانوویەك نیـە تـا

بۆی بژیت..." دواتریش بە ناردنی دەنکە گەنمەکە ویستوویەتی بە شێوەیەکی کرداریتر پێت بڵێت: "ژیان و بەردەوامبوونی ژیان پێویستیی بە هەوڵ و کۆششی بەردەوام و هەرواش بە هەست و هەناسە و زیندوێتی هەیە، دەنا ڕادەوەستێت و ڕاوەستانیش لە ڕەوتی ژیان؛ واتە مەرگ و نەمان، کە ئەویش هەمان چۆکدادانە لە بەرانبەر خواستی چەپەڵی ئەهریمەندا.. گەر وردتر بڕوانین دەبینین هەموو واتا و فەلسەفەی ژیان لەو دەنکە گەنمەدا شاردراوەتەوە.. ئەو دەنکە گەنمە بچکۆلانەیە لە ڕاستیدا هەڵگری وانە و پەیامێکی هەرە مەزنە لەمەڕ گەردوون، خیلقەت، ژیان و زیندوومانەوە و گەشەکردن و پێشکەوتن.. ئێمە دەتوانین بە خۆبەدەستەوەدانێك لە بەرانبەر ئەهریمەندا، واتە بە ڕاوەستان و نائومێدبوونمان، ژیان بمرێنین و یاساکانی خیلقەت پێشێل بکەین و جیهان بەرەو نەمان و وێرانیی بەرین، لە هەمان حاڵدا دەتوانین بە پەیڕەویی لە فەلسەفەی ئاهوورا و ئەشا؛ واتە بە هەوڵ و کۆشش و بزاوتێکی هەمیشەیی، ژیان ببووژێنینەوە و بنەماکانی خیلقەت بەرجەستەتر بکەینەوە و جیهان ئاوەدانتر و پڕگەشەتر و ژیانیش پڕجووڵەتر و زیندووتر ڕابگرین و بەرەوپێشی بەرین. ئەو دەنکە گەنمە ورد و بێ گیانە، ئەو هەموو ماوەیە، کە لەنێو سندوقێکی جوانی بە زێڕ نەخشێنراودا بوو، هیچ نەبوو، جگە لە هەمان دەنکە گەنمی ورد و وشك و بێ گیان، کە بە دڵنیاییەوە پاش ماوەیەکی دیکە دەپووکایەوە و بۆ هەمیشە دەمرد.. چونکە لەو سندوقەدا هیچ ئامراز و هۆکار و پێداویستییەکی ژیانی لەپاڵدا نەبوو، بەڵکو دیلی وێرانە و چۆڵەوانییەکی مەرگاویی ببوو. بەڵام دیتمان پاش ئەوەی، کە تۆ فڕێت دایە سووچێکی ئەو زەوییە، گیانی وەبەردا هاتەوە و زیندوو بوویەوە و بووە هۆکارێك بۆ زیندوومانەوە و گەشە سەندن. دەنکە گەنمەکە کاتێك بووژایەوە و گیانی وەبەرهاتەوە و بوو بە گوڵەگەنم، کە لە جێی شیاوی خۆیدا دانرا. ڕواندن و سەوزبوونی ئەو دەنکە گەنمە پێمان دەڵێت: هەموو کەرەستە و پێداویستییەکانی ژیان دەبێ بکەونە گەڕ تا ژیان زیندوو بمێنێ. دەنکە گەنمەکە چووە نێو خاك و ئەو گەردیلە هەرە ورد و نەبینراوانەی تێیدابوون، تێکەڵی

خاك و هەوا و ئاو و ئۆكسجين و تيشكی هەتاو بوون و هەموو ئەمانەش پێكەوە ژيانيان دامەزراند و گيانيان خستە دەنكە گەنمێكی وشك، دەشبينين ئەو دەنكە گەنمە بۆتە گوڵە گەنمێك و ئەو هێشووە گەنمەش دەبنە چەندان گوڵ و هێشووی ديكە و بەم چەشنە بەردەوامی بە سووڕی ژيان و زيندوێتی و گەشە دەدەن. كەواتە بۆمان دەردەكەوێت، كە ئێمەی مرۆڤ بەتەنيا خۆمان هيچ نين و هيچمان پێناكرێت، بەڵكو دەبێ لە وزە و توانايی و ئامادەباشيی هەمەلايەنەی هەموو لايەكمان كەڵك وەربگرين و بەهەرەوەزيی بژين بۆ ئەوەی زيندوو بين و هەردەم گەشە بكەين و سەربكەوين. لەم حاڵەتەشدا دەبينين، ژيان هەرگيز كۆتايی بۆ نيە و خواستەكانی ئێمەش تەواو نابن، بەڵكو پێويستە و دەبێ هەردەم لە بزاوت و جووڵەدا بين بۆ بەرەوپێشبردنی ژيان و پەرەپێدانی جيهان و گەيشتن بە لووتكەی كامەرانيی و هەست و هەناسەی مرۆڤايەتيی." پادشا شەرمەزار بوو لە نەزانيی و بێئاگايی خۆيی و لە ناخەوە ورە و هيوای هەست پێكرد و منەتباريی خۆی بۆ زەردەشت و زانای هينديی دەربڕی و پاشان لەگەڵ زانای هينديی و خێزانی دەربار و دەسەڵاتدا كەوتنە ڕێ بەرەو لای زەردەشت. كە گەيشتنە نێو باخەكانی هەورامان دەبينن زەردەشت لە نێوەڕاستی قوتابييەكانی لەژێر سێبەری درەختێكدا دانيشتووە و خەريكی ڕاهێنانيانە. دواتر ويشتاسب خۆی و زانای هينديی پێ ناساند و سوپاسی ئەو خزمەتە مەزنەی كرد و زانای هينديیش بوو بە يەكێك لە قوتابييە بەهرەمەندەكانی زەردەشت.

پادشا ڕووی لە زەردەشت كرد و گوتی: من پادشايەكی بەدەسەڵاتم.. داوای شتێكم لێ بكە، تا بۆت دابين بكەم. زەردەشت تێگەيشت، كە هێشتا پادشا بەخۆيدا نەچووەتەوە و هێشتا بێئاگا و لاسارە بۆيە ئەمجارەش بە ڕێگەيەكی ديكە ناخی هەژاند و گوتی: من پڕ بە خانەكانی شەترەنج دەنكە گەنمم دەوێت، خانەی يەكەم يەك دانە و هی دووەم دوو دانە و تا دواهەمين خانە بەو جۆرە بە دوو بەرامبەريی، ئايا پادشا دەتوانێ بۆم دابين بكات؟! پادشا پێكەنی و داواكارييەكەی بە شتێكی هەرە سادە و لاوەكيی و تەنانەت ساويلكانەش هاتە بەرچاو، بەڵام لەخۆی ڕانەبينی بيدركێنێ. ئەمری كرد بەزووترين كات

داواکارییەکەی زەردەشت جێبەجێ بکرێت. نزیکەی مانگێکی پێچوو، تا کلیلداری خەزێنە هاتە لای پاشا و پێی ڕاگەیاند، کە: ناتوانین ئەو هەموو گەنمە بۆ زەردەشت دابین بکەین.. سەرجەم هەمبارخانەکان بەشی ئەو بڕە گەنمە ناکەن کە زەردەشت داوای کردووە ! ئەمجارەیان ویشتاسب تێگەیشت کە هێشتا هەڵە بووە و خۆی بە گەورە و دەسەڵاتدار زانیوە... هێندەی دیکە شەرمەزاریی ئەو بێئاگاییەی خۆی بوو و سەرلەنوێ پەنای بردەوە بەر زەردەشت و ئەمجارەیان بە پاڕانەوە داوای بەخشین و لێبووردنی لێکرد. لە ئەنجامی تێڕامانێکی زۆر و بەخۆدا هاتنەوەی ناخیدا بڕوای بە زەردەشت هێنا و بوو بە یەکێک لە موریدو پەیڕەوەکانی و یەکێك لە شوێنکەوتوانی ڕاستیی ئەشا و.. ئایینی زەردەشتیش هەر لە ڕێگەی ئەوەوە لە سەرتاسەری ئێرانی بەرینیی ئەو سەردەمەدا پەرەی سەند و وەك دینی ڕەسمیی وڵات و بناغەی سەرەکیی ژیان پێناسە کرا و جێی خۆی گرت. بەم چەشنە ئەشو زەردەشتی بیرمەند و پێغەمبەر نەك تەنیا پادشایەك بەڵکو جیهانێکی لە نائومێدیی و ڕەشبینیی ڕزگار کرد و خستیە سەر شاڕێی بەختەوەریی ڕاستەقینە و لەسەر بیری چاك و زمانی چاك و کرداری چاك ڕایهێنا و پەروەردەی کرد.

## ئاریوبەرزەن:..






" ئەسکەندەر، مەگەر لە پاش مەرگی من
دوای هەڵوەرینی دوا بەرگی من
بتوانی دەرگەی وڵات لێ بدەی
تاجی پادشایەتیمان لەسەر بکەی
لە خاکی جەم و کۆشکی پادشایان
کە پێت دانا، بەخۆت و هاوڕایان
لەخۆت بایی نەبیت و چاك بزانە
زۆری وەك من هەیە لەم (ئایران)ە"

ئەمە دەقی دوایین پەیڤە هەڕەشەئامێزەکانی (ئاریوبەرزەن)ە لەبەرانبەر (ئەسکەندەری مەکدۆنی)دا.

ئاریوبەرزەن، یەکێکە لە (سەردار)ە مەزنەکانی گەلی کورد لە مێژووی ئێرانی کۆندا، کە لەبەرانبەر هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ سەر ئێران، بەرەنگارییەکی دلێرانەی کرد و گیانی خۆی هەر لەم ڕێگەیەدا کردە قوربانیی خاکی وڵات و گەلەکەی و داستانی قارەمانانەی (دەربەنی پارس) و بە تەعبیرێکیش (دەربەن دزڵی)ی لەپاش خۆی بە یادگار بۆ بەجێ هێشتین.

ئەسکەندەری مەکدۆنی، ساڵی (٣٣١)ی پێش زایین و پاش سەرکەوتنی لە سێیەم شەڕی لەگەڵ ئێراندا، کە بەشەڕی (ئاربڵ) ناسراوە (کە هەمان هەولێری ئێستایە) و ئێران تێیدا شکستی هێنا، دەستی بەسەر (بابل و شووش و ئەستەخر)دا گرت و بۆ داگیرکردنی (پارسە)ی پایتەخت بە خۆی و لەشکرەوە، بۆ گرتنی پارسە ڕووی لەو شارە کرد، لەشکرەکەی کردە دوو بەشەوە: بەشێکی بە فەرماندەیی (پارمەن یۆنیوس) لە ڕێگەی (گوایە) دەشتی (رامهورمز و بەهبەهان)ەوە بەرەو پارسە و بەشەکەی دیکەش بە فەرماندەیی خودی ئەسکەندەر ڕێگای (کێوی (کۆهگیلۆیە)ی گرتەبەر و لە (تەنگە)ی (دەربەنی ئاری)دا بەرەو ڕووی بەرەنگاریی لەشکری ئێرانییەکان بوویەوە، کە هەمان سوپای چەندکەسیی ئاریوبەرزەن بوو، کە لەبەارنبەر ئەو لەشکرە زۆر و پڕچەکەی ئەسکەندەردا قارەمانانە وەستان و پاشەکشەیان پێکردن. ئەسکەندەر زانیی لە بەرانبەر سەربازەکانی ئاریوبەرزەندا هیچی پێناکرێ بۆیە نەخشە و تاکتیکی خودی ئێرانییەکانی لەشەڕی (ترۆمۆپیل)دا بەکارهێنا و بەهۆی دیلێکی یۆنانییەوە لە ڕێگە سەختەکانی کێوستانەکەوە دزەی کردە لای پشتەوەی سوپای ئاریوبەرزەن و گەمارۆی دان. ئاریوبەرزەن بە (٤٠) سوار و پێنج سەد پیادەوە، ڕووبەڕووی دوژمن بوویەوە و پاش وەشاندنی گورزێکی کوشندە لێیان، گەمارۆکەی تێکشاند و بۆ پاراستنی پایتەخت بەرەو پارسە بەڕێکەوت، بەڵام ئەو سوپایەی پێشتر ئەسکەندەر لە ڕێگەی بیابانەوە ڕەوانەی کردبوو، پێش گەیشتنی ئەم، گەیشتبوویە پایتەخت و دەستی بەسەردا گرتبوو. ئاریوبەرزەن، سەرەڕای لەدەسچوونی پایتەختیش، خۆی بەدەستەوە نەدا و

ئەوەندە بەرەنگاریی کرد، تا سەرەنجام خۆی و هەموو سەربازەکانی کوژران و شەڕ کۆتایی پێهات. (یوتاب) بەواتای درەوشاوە و بێ هاوتا، کە خوشکی ئاریوبەرزەن بوو، فەرماندەی بەشێك لە سوپای براکەی بوو، ئەویش شانبەشانی براکەی درێژەی بە جەنگ دا و لەبەرانبەر لەشکری ئەسکەندەردا بەربەرەکانێیەکی بێوێنەی نواند و سەرەنجام لەگەڵ براکەیدا پێکەوە گیانیان فیدای وڵاتەکەیان کرد و پاش خۆیان ناوێکی نەمریان بەجێهێشت. ئەسکەندەر، پاش سەرکەوتنی تەواو بەسەر پارسەدا و شکاندنی سوپای ئاریوبەرزەن، دیلە یۆنانییەکەشی بە تاوانی خیانەت کوشت. ئاریوبەرزەن و یوتابی خوشکی، نموونەی دوو جەنگاوەری قارەمانی کوردن، کە تا دوا دڵۆپی خوێنیان وڵات و گەلی خۆیان پاراست و بە سەربڵندیی گیانیان لە پێناویدا بەخت کرد.. گەرچی ئێمە و (زۆر لەوانەیە ئەوانیش) دڵێکی خۆشیان لە (داریوش) نەبوویێت و لێی ڕازی نەبووبن، بەڵام سەرزەمینەکەیان بە هی خۆیان زانیوە و نەك بۆ داریوش، بەڵکوو بۆ وڵات و نەتەوەی ئاریا جەنگاون و لەپێناو وڵات و خاکی ئارییادا گیانی خۆیان فیدا کرد.

وەک پێشتر لە کەوانەیەکدا ئاماژەم پێکرد، هەندێ گێڕانەوە دەڵێن ئەو دەربەندی (ئاری)یە هەمان دەربەن دزڵی بووە، ئەمەش گەر بە ڕاست دەربچێت، (کە دڵنیام دەردەچێت)، ئەوا کوردبوونی ئاریوبەرزەن و هەرواش شوێنی جەنگەکەمان بۆ دەردەخات، کە هەمان هەورامان بووە، لە بیرمان نەچێت، کتێبی (ئەسکەندەرنامە) و (جەنگنامەی ئەسکەندەر)، کە بە زمانی هەورامی دانراوە، باسی هەمان شەڕ و لەشکرکێشیی ئەسکەندەری (گەجستەک /مەکدۆنی) دەکات، هەرواش (زیندانی ئەسکەندەر) لە هەوراماندا هەر نیشانەیەکە بۆ سەلماندنی ڕاستیی بۆچوونەکەمان، لەم حاڵەتەدا دەبێ بڵێین، کە سەرجەم ئەو کتێب و نەسکخانە نایابەی کە ئەسکەندەر تاڵانی کرد و بەشێکی زۆری لێ برد و ختیبە دەستی مامۆستاکەی (ئەرەستۆ) و ئەوانی دیکەیشی سووتاند، هەر لە ئاهوورامانی دێریندا بوونە و خاوەنی ئەسڵییان ئێمە

بووین، بۆیە مافی خۆمانە گەر بڵێین: فەلسەفەی یۆنان لە ڕاستیدا هیچ نییە جگە لە بیر و هزرێک، کە لە ئێمە دزراوە و ئەو شانازییە مەزنەی لەسەر بنیات نراوە... زۆر حەیف و مخابن، کە ئێمەی خاوەن ئەو سامانە مەزن و پیرۆزە، ئەمڕۆ لە خەوی غەفڵەتداین و چاو لە دەستی دوژمن و نەیار و ناحەزەکانی خۆمانین، ئاخۆ کەی بێ ئێمەش ڕاچەنین و ڕێنیسانسێکی ڕاستەقینەی فکریی بەرپا بکەین بۆ دۆزینەوەی خۆمان؟!!!.. ئاخۆ کەی بێ، کە ناوی منداڵ و نەوەکانمان بکەینە (یوتاب) و (ئاریوبەرزەن)ەکان و ئیدی لەوەشدا خۆمان تەعریب نەکەین؟!!... با بیربکەینەوە: ئایا ئەوپەڕی شەرم و ڕسوایی نییە، کە ناوی ئەسپ و وشتر و لمستانێکمان هەر لە مێشکدا بێت کەچی ناوی ڕێبەرە قارەمانە دێرینەکانی خۆمان فەرامۆش بکەین؟!!!....

## ئاڤێستا بەڵگەی شارستانییەتی دێرینی کوردە




بەو هیـوایەی ئەم هەنگـاوەم بـۆ دەرخسـتنی بەشـە شـاراوەکانی مێـژووی کۆنی وڵاتەکەمان هەنگاوێکی ئەرێنی بووبێت و توانیبێتی مەشخەڵێك لەبەردەم نەوەی نوێدا هەڵبکات، بۆ ڕووناککردنەوەی ڕێگای خۆ دۆزینەوەیان، ئێستاش گوشـــراوەیەك لە ســـەرجەم بابەتەکـــانی ئەم بەرهەمە و هەروەاش لە پەیـــام و مەبەسـتەکەی، بە کـورتی دەهێـنمەوە، تـا لە خاڵبەنـدییەکی کورتـدا بگەیـنە ئەو هەقیقەتەی کە لە مێژە ونمـان کـردووە: هەقیقەتـی ئاسـتی بەرز و پێشکەوتووی فەرهەنـگ و شارسـتانییەتی مێـژینە و هـزری داهێـنەرانەی پێشـینانمان، کە بـۆتە

چرای ڕووناککەرەوەی ڕێگای پێگەیشتنی زۆربەی زۆری گەلانی سەر زەویی و تەنیا خۆمانین لێی بێبەش و نامۆ و دابڕاوین، با هۆی ئەم دابڕانەش ببێتە پرسیارێکی هەژێنەر و ناخمان بهەژێنی، تا بەدوای وەڵامەکەیدا بگەڕێین و لەبەر تیشکی هەمان ئەو وەڵامەشدا خودی ونبوومان بدۆزینەوە و بگەڕێینەوە سەر ڕێبازی بەختەوەریی ڕاستەقینە:...

ئاهوورا مەزدا: سەروەری ئاگا، دۆستی زانا، پێکهاتووە لە ئەهووره بە واتای: سەروەر، دۆست + مەزده بە واتای: زانا، ئاگا.

زەردەشت (زەرەت ئاستره): ئەستێرەی ڕووناك. زەرەت واتە: زەرد، ڕووناك + ئاستره واتە: ئەستێرە. هەندێ کەس بە هەڵە (ئاستره)یان کردۆتە (ئوشتره) و دەڵێن زەردەشت واتە خاوەنی وشتری زەرد/ وشتری زۆر و...تاد، کە ئەمەش لێکدانەوەیەکی تەواو هەڵە و چەواشەکارانەیە.

**مێژووی زەردەشت:**

بۆ لە دایکبوونی زەردەشت بیروڕای زۆر و جیاجیا هەیە، بەکورتی دەبێ بڵێم لە ٨٠٠ تا وەك ٨٥٠٠ی پ.ز. بۆ لە دایکبوونی دانراوە، بەڵام جێ بڕواترینیان ئەوەی مامۆستا (زەبیح)ی بەهروزە، کە پسپۆڕی ماتماتیك و ئەستێرەناسییە و هەرواش ئاڤێستاناسێکی بە توانایە، ناوبراو بە هەندێ بەڵگەو فاکتەری زانستیی و بڕواپێکراو سەلماندوویەتی، کە زەردەشت ١٧٦٨ ساڵ پێش زایین سەری هەڵداوە، هەر ئەو ساڵەش کراوەتە بنەمای ساڵی زەردەشتیی.

**شوێنی زەردەشت:**

گەرچی هەندێ کەس دەیبەنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێران، بەڵام زۆرکەس و لەوانەش خودی من سەلماندوومانە، کە زەردەشت لە ڕۆژئاوای ئێران؛ واتە لە کوردستانەوە سەری هەڵداوە، من دەڵێم لە هەورامان سەری هەڵداوە و لە پێشەکیی بەرگی یەکەمی ئاڤێستاشدا ڕوونم کردۆتەوە، کە ورمێ دەقی

شێوێنراوی (ئورمۆن/ ئورۆمۆن)ەو کێوی گوساله هەمان (کۆسالان)ە و بەڵخ هەمان (بەڵخە)ی ئێستای هەورامانە. ئەمە سەرەڕای ناوی ئەمڕۆی هەورامان (ئاهوورامان) و هەبوونی پیرشالیاری زەردەشتیی و دەیان شوێنەواری مێژوویی و داب و دەستووری مێژینە و لە هەمووی گرنگتر سیاچەمانە و هۆرە و قەتار و...تاد

**ئاڤێستا:**

واتە بنەما، بنەڕەت، بناغە، ئەساس. ئەم کتێبە پیرۆزەی کورد پێشتر ٢١ نەسەك (کتێب) بووە، کە لە سەردەمی گشتاسپی شای ئەشکانیدا بەسەر پێستی ١٢ هەزار گاوە نووسراوەتەوە بەڵام ئەمڕۆ تەنیا شەش بەشی لێ ماوەتەوە، کە بریتین لە:

١ـ گاتا: گاز، گاس، گاسە، بەواتای بانگکردن، ڕازونیاز دێت، کە شیعری خودی زەردەشتە.

٢ـ یەسنا: واتە ستایش و پاڕانەوە.

٣ـ یەشت: کە بە هەمان واتایە و هەر لە یەسناش وەرگیراوە.

٤ـ ویسپێرەد: واتە سەرجەم پیاوچاکان، (ویسپە) واتە هەموو، سەرجەم و (رەد/ ڕەتو)یش واتە مرۆڤە چاکەکان. ئەم بەشە دەکرێ بە مێژوو و فەرهەنگی مرۆڤە چاکەکان نێو ببرێت.

٥ـ ڤەندیداد: یاسای دژی دێو، (ڤی دەئو دات) ڤی واتە دژ، دەئو واتە دێو، دات/ داد واتە یاسا. ئەم بەشەش دەبێتە یاسا و ڕێسایەکی گشتیی بۆ ئایینی زەردەشت و هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت.

٦ـ خوردە ئەڤێستا: واتە ئاڤێستای بچووك، کە بریتییە لە گوڵبژێرێکی بەشەکانی دیکەی ئاڤێستا بەتایبەتی یەسنا، کە تایبەتە بە هەندێ بۆنەو جەژنە گشتییەکانەوە.

### نمادی فرەوەهرە:

فرەوەهرە واتە ڕەوان، ڕۆحی زیندەوەران، کە پاش خۆیان هەر دەمێنێتەوە.

*نماد* یا نیگارەی فرەوەهرە بە شێوەی پیرەمێردێکی نوورانییە، کە دوو باڵی هەیە و ئەڵقەیەك لە کەمەریدایە و ئەڵقەیەکی بچووکتری بە دەستەوەیە، بەشێکی باڵەکان و دوو ئەڵقەکەش لە خوارەوەیدایە، کە سەرجەم ئەم واتایە دەگەیەنێ: سەری نوورانیی پیرەمێرد واتە: مرۆڤی بە ئەزموون و پاکداوێن، ئەڵقەی دەستی واتە: پەیمانبەستن بۆ کار و کردەوەی چاك، دوو باڵەکەی نیشانەی هێزی پێشکەوتن و پێگەیشتنن لە ڕێگای بیری چاك و کردەوەی چاك و زمانی چاکەوە، ئەڵقەی کەمەری واتە: بەرینبوونی جیهان و ژیان بە پاکیی و سەربڵندیی تێیدا، دوو ئەڵقەی ژێرەوە نیشانەی سپەنتامینۆ و ئەنگەرە مینۆ (دوو سیمبۆلی چاکە و خراپە) و بەشی ژێرەوەی باڵەکانیش واتە: ئەندێشە و کردار و زمانی خراپ، کە هەمیشە ژێر دەکەوێت و ناگاتە ئەنجام.

### فەلسەفەی زەردەشت:

نابێ وەك دین و ئایدیۆلۆژیی بڕوانینە زەردەشت و ئاڤێستا، بەڵکو دەبێ وەك فەلسەفەیەك لێی ورد بینەوە، فەلسەفەیەك، کە خۆی لە فرەوەهرەدا دەبینێتەوە کە ئەویش هەمان ئەندێشەی چاك و کردەوەی چاك و زمانی چاکە. ئەم فەلسەفەیە لە ئاسۆیەکی ڕووناك و فراوانەوە دەڕوانێتە جیهان و خیلقەت و مرۆڤ، بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی بەختەوەرانە پشت بە تاقیکاریی و ئەزموون و ناسین و هزرو ئەندێشەی ڕووناك و ئینسانیی و کردەوەو ئیرادەی ڕاستیخوازیی دەبەستێت، ئازادیی تەواو بۆ مرۆڤ قایلە و هیچ نیشانەیەك لە داسەپاندن لە ئارادا نیە، مرۆڤ زەبوونی قەدەر نیە و لە هەمان حاڵدا دۆست و هاوکاری یەزدانە بۆ ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانی ژیان و جیهانێکی بەختەوەر و نوێ و دڵخواز، واتە؛ کۆمەڵگەیەکی ئارمانیی.

**کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی:**

ئەم دوو لایەنە وەك سەرەتایی و سەرەکیترین بنەما و خاڵی دەسپێکی سیستەی ئابووریی دەناسرێن، دەبینین، بۆ یەکەمجار زەردەشت لە سروودەکانیدا دەیانهێنێتە ئاراوە و هانی خەڵکی دەدات بۆ ناسین و بەکاربردنی هەردوو لایەنەکە و دەڵێ: هەرکەس پارچە زەوییەك ئاوەدان بکاتەوە و درەختێك بچێنێ ئەوە پەیڕەویی ڕاستەقینەی ئەشاو ڕاستیی و ئاهوورایيە، هانمان دەدات، کە ئاژەڵ نەکوژین بەڵکو بەخێوی بکەین و کەڵکی ئابووریی زۆرتری لێ وەربگرین و بیکەینە بنەمایەك بۆ هەڵسووڕاندنی باشتری ژیانمان.

**نیشتەجێبوون و گوندنشینیی:**

زەردەشت یەکەمین کەسە کە بیری لە دامەزراندنی کۆمەڵگە کردۆتەوە و کۆتایی بە قۆناغی کۆچەری و ناسەقامگیری هێنابێت، دەڵێ هەوڵ بدەن بۆ بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی جیهان، خانوو بکەنەوەو بە کۆمەڵ بژین و پێکەوە بن، هاوکار و یاریدەدەری یەکدی بن بۆ کاری چاك و بەرەوپێشبردنی جیهان و باشترکردنی باری ژیانی کۆمەڵایەتیی. لای زەردەشت ئەوەی گوندێك بنیات بنێت و ئاوەدانی بکاتەوە و گەشە بە کشتوکاڵ و باخداریی و ئاژەڵداریی بدات، دۆستی خۆشەویستی یەزدانەو ناوی هەر بە زیندوویی دەمێنێ!

**قۆناغی سەقامگیریی:**

زەردەشت دوای هاندانمان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی مرۆیی و دەسپێکردنی سیستەی ئابووریی، ڕامانەدێنێ لەسەر پرەنسیپەکانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو، یاسا و دەستوورمان پێ دەناسێنێ، باسی مافی مرۆڤمان بۆ دەکات، ڕێگاو شێوازی پێشکەوتن و گەشەی شارستانیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، دەڵێ:

ئەنجومەنی برایەتی دابنێن و ڕێزی لێبگرن و پرەنسیپەکانی ڕەچاو بکەن، ئەم ئەنجومەنی برایەتییەش هەمان ئەنجومەنی (موغان)ە، کە بە لێکدانەوەی سیاسیی ئەمڕۆ دەبێتە هەمان پارلەمان، ئەمەش بۆ ڕاوێژکردن و بیروڕا گۆڕینەوەیە بە مەبەستی باشترکردنی باری ژیان و بەرەوپێشبردنی جیهان، زەردەشت بایەخ بەڕای گشتیی دەدات و دەڵێ هەمووان پێکەوە سەرکەوتووتر دەبن، تا یەك کەسیی و ئەقڵی گشتیی کارسازتر و بنیاتنەرانەترە. بۆیە پێویستە بیروڕاکانمان ئاڵوگۆڕ بکەین و ئەنجامی دڵخوازیان لێ بەدەست بهێنین.

**یاسا و دەستوور:**

لەوەو دوا ئەم فەیلەسووفە مەزنە ئاشنای هەندێ یاسا و داب و دەستوور و دیسیپلینی کۆمەڵایەتیمان دەکات، لەم قۆناغەدا بەیاساکردنی وڵات و کۆمەڵ دێتە پێشەوە، لای زەردەشت خەڵکیی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی گەشەسەندووی بەختیار، دەبێ فێری ڕاوێژ و ڕا گۆڕینەوە ببێ، دەبێ ڕێز لە بەرانبەرەکەی بگرێت و دیالۆگی لەگەڵدا هەبێ، گەر سەیرێکی ڤەندیداد بکەین، کە بە یاسای دژی دێو ناوزەد کراوە. دەبینین، کە دێو هەمان ئەو شتە میتافیزیکی و دۆگمایە نیە کە خەڵکیان پێ ترساندووە، بەڵکو دێو سیمبۆلی درۆ و کاری خراپ و دوژمنایەتیی و ڕق و نەفرەت و بێزاریی و وێرانکاریی و شەڕوشۆڕە، هۆکارێکە بۆ کزبوونی هەستی خۆشەویستیی و ئەشق و ڕاستگۆیی و ئاوەدانکردنەوە. بەم پێیە یاسای دژی دێو، یا هەمان ڤەندیداد دەبێتە دەستوور و یاسایەکی سەرەکیی بۆ بنبڕکردنی هەرچی ناحەزیی و چەوتییە و هەرواش بۆ بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە و گەشەی مرۆڤایەتیی و دەستەبەرکردنی ژیانێکی سەربەست لە کۆمەڵگەیەکی ئارمانییدا. سەرجەم بوار و لایەنەکانی ژیان لە ئاڤێستادا یاسا و ڕێسا و دیسیپلینی تایبەتیی خۆیان هەیە.

**مافی مرۆڤ:**

مافی پێکەوەژیانی برایانە، ژیانی سەقامگیر، ئەرکی بەرپرسیاریەتیی لە بەرانبەر ژیان و کۆمەڵگەدا، بەرگەگرتنی ڕای جیاوازو ڕێزگرتن لە بیروڕای جۆربەجۆر، مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن لەو مافە و پاراستنی کەرامەتیی ئینسانیی، هەستی ئەرکۆمەندیی و هەوڵ بۆ بەرەو پێشبردنی هەمە لایەنەی کۆمەڵگە و دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ هەموان بەبێ جیاوازیی، دابەشکردنی کار و ئەرك و بەرپرسیایەتی بەپێی شایستەسالاریی و لێوەشاوەیی، ئەمانە هەموو لە ئاڤێستای پیرۆزدا بەرجەستە کراونەتەوە و گرنگییان پێدراوە. لە فەلسەفەی زەردەشتدا مرۆڤ بوونەوەرێکی هۆشمەندە، بناغەی ژیان و بوونە و دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت و ئازادیەکانی بپارێزرێن، بەڵام ئەم ئازادییە تا کاتێ ڕەوایە، کە زیان بە کەسانی دیکە نەگەیەنێ، نەبێتە هۆی بەربەست لەڕێی ئازادیی خەڵك، مرۆڤ سەربەستە چ بیرو بڕوایەکی هەبێ، چۆن بجووڵێتەوە و چی بکات و چ کار و شوێن و ئیمکانیاتێك بۆ خۆی هەڵبژێرێت و کەسانی دیکەش دەبێ بە ڕێزەوە سەیری ئەو هەڵبژاردنە بکەن و بیپارێزن تەنیا بەو مەرجەی، کە زیانی بۆ بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی نەبێت.

**مافی ئافرەت:**

لەم فەلسەفە قووڵ و ئینسانییەی زەردەشتدا ئافرەت نەك نیوەی مرۆڤ، بەڵکو مرۆڤێکە بە هەموو مافەکانییەوە، ئافرەت نەك بە چاوی زەعیفە و بۆ بەزەیی، بەڵکو وەك مرۆڤ ڕێزی لێدەگیرێت و لە هەڵبژاردنی شێوازی ژیان و کار و هەڵسوکەوت و بیروبڕوای خۆیدا سەربەستیی تەوای هەیە، نموونەیەکی بەرجەستەی ئەم لایەنە زۆرتر ڕوون دەکاتەوە: زەردەشت هەڵسوکەوت و کەسێتیی (جاماسپ)ی هەڵسەنگاندووە و بەدڵیەتی، بۆیە حەز دەکات ببێتە زاوای، دەچێتە لای (چیستا)ی کچە بچووکەکەی و پێی دەڵێ (کچم، من

جاماسبم بۆ هاوسەریی تۆ بەلاوە زۆر باش و پەسەندە، چونکە مرۆڤێکی جوامێر و ڕاستگۆ و شەرەفمەندە، ئەمە پێشنیاری منە و تۆش بڕۆ بیری لێ بکەرەوە و لەگەڵ ئاوەزی خۆتدا هەڵیبسەنگێنەو ئەگەر بەدڵت بوو و پەسەندت کرد ڕای خۆت دەرببڕە). ئەمەش ئاشکراترین نموونەی ئینسانییەت و ئازادیی و دیموکراسییەت و ڕێزگرتنە لە ئافرەت. دیارە ئەو کچەش کە بە خواستی خۆی و بە چاوکراوەیی هاوسەری خۆی هەڵبژارد، ژیانێکی شیرین و بەختیاریی دەبێت و سەرکەوتووشە لە ژیانی هاوسەریی و هاوبەشییدا. لە مێژووی دێرینی زەردەشتدا دەبینین زۆر ئافرەت گەیشتوونەتە پلەی سەرکردایەتی و قۆناغی زۆر بەرزی سیاسیی و کۆمەڵایەتییان بڕیوە بەبێ ئەوەی هیچ کۆسپ و ئاستەنگێك لە لایەن خەڵکیی یاخود ئەو نیوەکەی کۆمەڵ؛ واتە پیاوەوە بێتە ڕێیان.

**زانست و مەعریفە:**

فەلسەفەی زەردەشت لەسەر ئەندێشەو مەعریفە دامەزراوە، زەردەشت بەپێچەوانەی هەموو دینەکانی دیکەوە دەڵێ ( ئەی مەزدا / یەزدان، من زۆرم بیر کردەوە، خوێندمەوە، پشتم بە زانست و زانیاریی بەست، ئەندێشەو هزری خۆمم خستە گەڕ و هەر بەو جۆرەش بوو تۆم ناسی!

جگە لەو کاروبارە کۆمەڵایەتییانەی، کە ئاماژەمان پێکردن، دەبینین زۆر بایەخ بە زانست دراوە و تەنانەت بوارەکانیشی جیا کراونەتەوە. بۆ وێنە زانستی پزیشکیی، کە برەوێکی زۆری هەبووە و ڕۆڵی کاریگەری لە کۆمەڵگەدا گێڕاوە. لە ئاڤێستادا جگە لە جیاکردنەوەی بەشە پسپۆڕییەکانی پزیشکیی، نرخی کارەکەش بەیاسایی کراوە و بۆتە سیستمێکی پراکتیکیی بۆ خزمەتکردن لە پێناوی تەندروستیی هاوولاتیاندا.

**تەکنەلۆژیا:**

ئەگەر بە وردی سەرنجی شوێنەوارە بەجێماوەکانی سەردەمی زەردەشت بدەین بەتایبەتی لە هەوراماندا، دەبینین پێشینانی ئێمە زۆر بەجوانی بیریان لە پێشکەوتن کردۆتەوە و بەپێی هەلومەرجی ئەو سەردەمە خاوەنی تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتووی گەشەسەندوو بوون، بۆ وێنە من لە چەند شوێنی هەوراماندا پاشماوەی کوورەی ئاسن و بەرهەمهێنانی و تواندنەوەی و گۆڕینی بۆ شتەکانی دیکەم دۆزیوەتەوە، هەروەها سیستەمی ئاودێری و ڕاکێشانی ئاوی خواردنەوە بۆ گوندەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان و لە هەمووی گرنگتر چارەسەری نەخۆشییەکان بە شێوەیەکی پێشکەوتووانە، وەك چارەسەری شێرپەنجە بە مێشکی سەگ و دروستکردنی تاقمی ددان بە داری (کەکەو) واتە کێکف، و...، ئەمانە پێشاندەری ئەوپەڕی پێشکەوتن و گەشەی هەمەلایەنەی هەموو بوارەکانی شارستانییەت بوون.

**وێژەو ئەدەب:**

لە بواری هونەرو ئەدەب و زمانیشدا کۆمەڵگەی سەردەمی زەردەشت بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە، وەك نموونەیەکی هەرە زیندوو دەتوانین ئاماژە بە ـگاتاـکان بدەین، کە بە شیعر و لە لایەن خودی زەردەشتەوە هۆنراونەتەوە، پاشان ئەو دێڕە شیعرەی کە دەڵێ:

" لحن اورامان و بیت پهلوی        نغمه عود و سماع خسروی"

دەربڕو پێشاندەری ئاستی بەرزی وێژە و ئەدەب و هونەری مۆسیقا و جوانیناسیی بووە لەو سەردەمەدا. ئەوەش بڵێم کە زمانی گاتاکان هەمان زمانی کوردییە (هەورامیی کۆن) کە ئەمەش مێژینەیی ئەم زمانەمان بۆ دەردەخات. ئاوازە هەرە سەرکەشەکانی هۆرە و سیاچەمانە و قەتاری ئەمرۆشمان شایەتی ئەو ڕاستییەن.

**ئەنجام:**

بە سەرنجدان لەو چەند نموونەیەی کە ئاماژەمان پێکردن، دەردەکەوێ، کە کورد لە مێژەوە و پێش گەلانی دیکەی جیهان بناغەی ژیانی شارستانیی و کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی دامەزراندووە، هەستی بە پێویستبوونی ئازادیی کردووە، بیروبڕوای بەلاوە بەڕێز بووە و خاوەنی سیاسەتێکی فرە لایەنیی و فرە حزبیی بووە، مافی مرۆڤی لە مێشکدا هەبووە و ڕێزی لێ گرتووە، جیاوازیی لە نێوان نێرو مێدا نەکردووە و زەمینەی بۆ پێشکەوتنی هەموو تاکێکی کۆمەڵ ڕەخساندووە، بنەمای ژیانی ئاشتیخوازانە و بەختەوەرانە و بەکۆمەڵیی بۆ مرۆڤ داناوە و مرۆڤ و کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەی لەسەر دیسیپلین و بەیاساکردنیی و هەستی کۆمەڵایەتیی ڕاهێناوە، مرۆڤی کورد لەو سەردەمە دوورەدا خۆی ناسیوە و هەوڵی داوە بۆ پێشکەوتن و زانست و شارستانییەت، بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئارمانیی بەدوور لە هەر چەشنە ناکۆکیی و ناتەبابییەك و بەکورتی، پێشەنگی هاوجۆرەکانی دیکەی بووە، لە ڕێگای پێشکەوتن و گەشە و نەشەی ئینسانیدا. ئەمانەش ئەو پرسیارە لە مێشکماندا زەق دەکاتەوە، کە: ئەگەر ئەو کاتە پێشینانی ئێمەی کورد ئەوەندە پێشکەوتوو و ڕۆشنبیر بوون و لە چەمکی ژیانی مەدەنیی تێگەیشتوون، ئەی بۆچی ئەمڕۆ ڕۆڵەکانیان واتە ئێمە، دوا کەوتووین و لەو هەموو گەشەو پێشکەوتنە دابڕاوین؟ ئەگەر بنەماکانی پێشکەوتن و ژیانی شارستانیی و کۆمەڵگەی مەدەنیی لای ئێمەوە سەریان هەڵداوە، بۆچی ئەمڕۆ ئێمەی کورد بزرمان کردوون و سەرلەنوێ لە خەڵکانی دیکەی وەردەگرینەوە ؟ ئەم پرسیارانەش دەخوازێ، کە هەست و نەستی هەموومان بهەژێنێ و بمانخاتە تێڕامان و وردبوونەوە لە ڕابردوو و ئێستای خۆمان، بۆ ئەوەی بتوانین لەو بەراوردەدا بگەینە ئەنجامێك، کە هانمان بدات بۆ دۆزینەوە و ناسینەوەی خودی ونبوومان و بنیاتنانی ئایندەی تەندروستمان.

# سەرچاوەکان

**بۆ نووسینی ئەم بەرهەمە سوود لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراوە:**


- چەند نووسراوێکی ئەرشامی پارسیی و... لە (پایگا)ی ئاریامەن و کاوەسەرا و ڤەهوومەن.
- تاریخ ادیان و مذاهب در ایران باستان/ عباس قدیانی/ تهران ١٣٧٤
- زرتشت پیامبری که از نو باید شناخت/ ارباب کیخسرو شاهرخ/ تهران ١٣٨٠
- گۆڤارەکانی (چیستا) و (فرەوهر) و (امرداد).
- زۆربەی زۆری نووسینەکانی گیانشاد مۆبدان مۆبد ڕوستەم شەهزادیی.
- مشرق زمین گاهواره تمدن، ص٥٤٩ / ویلدۆرانت.
- فلسفه شرق، ص ٢٠١ / مهرداد مهرین.


خوێندنەوەو بەدواداچوون و ئەزموونەکانی دیکەی خۆم و ڕاوێژەکانی پێشووترم لەگەڵ ئەنجومەنی زەردەشتیان و ئەنجومەنی مۆبدانی تاران و بونیادی نیشابوور و کتێبخانەی یەگانەگی و ڕێکخراوی لاوانی زەردەشتیی و... لەم بوارەدا.